# فەلسەفە

# ڕۆشنگەری، فێندەمێنتالیزم

# فەلسەفە

# ڕۆشنگەری، فێندەمێنتالیزم

وەرگێڕانی:

شوان ئەحمەد

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

فەلسەفە، ڕۆشنگەری، فێندەمێنتالیزم
وەرگێڕانی: شوان ئەحمەد
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٢٨٦
چاپی دووەم ٢٠١٢
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٦٥٨ – ٢٠١٢
نەخشاندنی ناوەوە و ڕازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل

ژێنک:
ژمارەی پێوانەییی ناودەوڵەتیی کتێب
ISBN: 978-9966-487-54-6

پێڕست

**پێشەکی** ........ 7
**بەشی یەکەم:** فەلسەفە و فیکری سیاسی ........ 11
– فەلسەفەی خۆرئاوا لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا ........ 13
– فەلسەفەی هیومانیزم ........ 32
– فەلسەفەی سیاسیی هاوچەرخ ........ 40
– فرەنسا لە سەردەمی ڕێنیسانسدا ........ 51
– ئازادیی فیکری لە خۆرهەڵات و خۆرئاوا ........ 56
– یابان و شارستانییەتی خۆرئاوا ........ 61
**بەشی دووەم:** مۆدێرنە و ڕۆشنگەری ........ 67
– چەند سەرنجێک لەبارەی مۆدێرنەوە ........ 69
– ئارکیۆلۆجیای مۆدێرنە ........ 77
– باسوخواسی ڕۆشنگەری ........ 86
– کاروانی ڕۆشنگەری فرەنسی لە تۆرگۆوە بۆ ڤۆڵتێر ........ 101
– ڤۆڵتێر سەرمەشقی ڕۆشنگەریی ئەوروپایی ........ 108
– فیکری ڕۆشنگەری و ئەقڵانی نوێ ........ 116
– سەرەتایەک لەبارەی ڕۆشنگەریی ئەڵمانییەوە ........ 133
– هیگڵ و ڕۆشنگەری ........ 139
– ڕەخنەگرتن لە ڕۆشنگەری ........ 145
**بەشی سێیەم:** دیاردەی فێندەمێنتالیزم ........ 151
– پەتای فێندەمێنتالیزم ........ 153
– فێندەمێنتالیزم و پێکدادانی شارستانییەتەکان ........ 162
– کۆتایی فێندەمێنتالیزمی ئیسلامی ........ 173
– فێندەمێنتالیزم لە خۆرهەڵات و خۆرئاوا ........ 181

– فێندەمێنتالیزمی مەسیحی لە خۆرئاوا ........ 186
– سەدەکانی ناوەڕاست و دادگاکانی پشکنین ........ 188
– فێندەمێنتالیزمی مەسیحی و سەردەمە نوێکان ........ 193
– سپینۆرا و فێندەمێنتالیزم ........ 198
– کڵێسا و زانست ........ 205
– دادگاکانی پشکنین تا ئێستاش لە پێش دەمماندایە ........ 212

# پێشەکی

لە بیست ساڵی ڕابردوودا یەکێک لە ڕۆشنبیرە چالاک و پڕ بەرهەمەکانی ناو کایەی ڕۆشنبیری عەرەبی "هاشم ساڵح"ە. ئەم پیاوە سەرەتا بەوەرگێڕانی بەرهەمە فیکرییەکانی "محەمەد ئەرکۆن" دەستی پێ کرد و دوای ئەوەیش دەستی دایە ئەنجامدانی زنجیرەیەک گفتوگۆی فیکری و فەلسەفی و ئەدەبی، لەگەڵ ژمارەیەک بیریاری ناودار و ناسراوی خۆرئاوای وەک: "پییر بۆردیۆ، جاک دێریدا، جاک لاکان، جۆرج بالاندییە، جاک لینهارت و... هتد" لە پاڵ ئەم کارانەدا و لە نەوەدەکانیش بەدواوە، لە ڕێی زۆرێک ڕۆژنامە و کۆواری عەرەبییەوە کەوتە نووسینی چەندین وتار و لێکۆڵینەوە لەبارەی بابەتگەلێکی وەک: (فەلسەفە و فیکری سیاسی و ڕۆشنگەری و دیاردەی ئسوولیەت و یەجیهانیبوون). ئەمەو سەرەڕای ئەو گۆشە بەردەوامەی لە ڕۆژنامەکانی وەک (الشرق الاوسط)و (الریاض)دا هەیەتی، بۆ ڕانان و خستنەڕووی ئەو کتێبە ناوازانەی لە فەرەنسا و بەزمانی فەرەنسی بڵاو دەکرێنەوە.

لە پاش کتێبی (ئارکیۆلۆجیای زانستە مرۆڤایەتییەکان). ئەمە دووەمین کتێبی "هاشم ساڵح"ە کە وەرگێڕمە سەر زمانی کوردی، ئەڵبەتە لێرەدا جێی خۆیەتی باس لەو هۆکارە بکەم کە هاندەرم بووە تا بەشێکی نووسینەکانی ئەم ڕۆشنبیرە بکەمە کوردی و سەرقاڵی بەرهەمەکانی ئەم بم زیاد لە کەسێکی تر "هاشم ساڵح" لە نووسینی وتار و لێکۆڵینەوەکانیدا زیاتر خەریکی گواستنەوە و تاوتوێکردنی فیکری نوێی ئەوروپاییە، بێگومان ئەمە بۆ ڕۆشنبیری عەرەبی شتێکی نوێ نییە و بەر لەم زیاد لە ڕۆشنبیرێک

خـەریكی ئەم مـەسـەلەیە بوون و لە ئێـسـتـاشـدا ژمـارەیەكی بەرچاوی ڕۆشنبیران پێوە سەرقاڵن، هەر لە: "مطاع صفدي و سالم يفوت و عبدالرزاق الدواي و محمد سبيلا و عبدالسلام بنعبد العالي و ياسر الطائرري و محمد الشـيخ"، تا دەگـاتە "إبراهيم مـحـمـود و مـحـمـد حـافض دياب و إبراهيم الحيدري"، بەڵام ئەوەی نووسینەكانی "هاشم ساڵح" لە كۆی هەوڵەكانی ئەو نووسـەرانە جـیـا دەكـاتەوە و تایبـەتمەندیی خـۆی هەیە، ئەوەیە كـە ئەو بەزمـانێكی جیـاواز و سادە و شـەفـاف دەنووسێت و بەدووره لەو ئاڵۆزی و قورسی و گرانییەی ئەوانی تر پێی دەنووسن.

ڕوونتـر بڵـێین ئەو دەیەوێت فـیكری نوێی خـۆرئاوا ورد بكاتەوە و لە بابـەتێكەوە كـە لە ئاست تێگەیشـتنی دەسـتـەبژێرێكی دیاریكراودایە و بگۆڕێتە سەر بابەتگەلێكی وا كە لە توانای كەسانی تریشدا هەبێت پەی بە نهێنییەكانی بەرن و لە ناوەڕۆكی ئەو باسوخواسانەش بەهرەمەند بن. واتە ئەركی "هاشم سـاڵح" ئەوەیە زمـانی فـیكری بگۆڕێتـەوە سـەر زمـانێكی ڕۆژنامـەوانی سـادە، بەڵام بەبێ ئەوەی سـەنگ و قـورسـایی خـۆی لەدەست بدات و مـانا قـووڵەكـانی خـۆی بدۆڕێنێت. بێگومـان لە نێـوەندە ڕۆشنبیرییەكانی تری جیهانیشدا بەسەر هەوڵی لەمجۆرەدا دەكەوین، هەر لە هەوڵ و تەقەلاكانی "جـۆرج بالاندییـە"وە لە فـرەنسـا تا كـار و بەرهەمـە بەرچاوەكانی ڕۆشنبـیری ئێرانی "رامـین جـەهانبگلو". لێرەوە وەرگێـڕانی نووسـینەكـانی هەم "هاشـم سـاڵح"و هـەم" جـەهانبگلو" لە زمـانی عـەرەبی و فـارسـییـەوە بۆ سـەر زمـانی كـوردی، بەو مـەبـەسـتـەیە تاخـوێنەرانی ئێمـە بەزمـانێكی بێگرێ و گـواڵ و سـادە لەو بابەت و مـەسـەلانە ئاگـادار بن كـە تەوەری فیكری نوێی ئەوروپایی پێك دێنن.

لەم كتێبـەشدا (فـەلسـەفـە، ڕۆشنگەری، فێندەمێنتـالیزم) كە برێتییـە لە كۆمەڵێ وتار و لێكۆڵینەوە، نووسەر دەیەوێت بەو زمانە ڕۆژنامەوانییەی، خۆ لە قەرەی هەندێ بابـەتی گرینگ و هەنووكەیی وەك: (مـۆدێرنە و ڕۆشنگەری،

دیاردەی ئسوولیەت، فەلسەفە و فیکری سیاسی و چەند مەسەلەیەکی تر بدات).

خوێندنەوە و خستنەڕووی ئەو بابەتانەش تەنیا بەشێوەیەکی تیۆری و ئەبستراکت نییە، بگرە لە هەر نووسینێکدا (کە خوێنەر بەئاسانی پەی پێ دەبات)، هەوڵێک هەیە بۆ بەستنەوە و ئاوێتەکردنی ئەو مەسەلانە بەواقعی جیهانی ئیسلامی و دنیای خۆرهەڵات و خوێندنەوەی کێشە و قەیرانەکانی ئەو ژینگانە، بەو چەمک و تێزە و تیۆرانەی کە هەم بەرهەمی فیکری نوێی ئەوروپین و هەم بەرهەمی فیکری تەواوی مرۆڤایەتیشن.

بەکوردیکردنی ئەم بەرهەمە تەقەلایەکی بچووکە بۆ ئاشنابوون بەهەندێ مەسەلەی فیکریی گرینگ کە جێی بایەخی هەموو رۆشنبیرییە زیندووەکانی دنیان، بەشداریکردنی ئێمەش لەو مشتومڕە فەلسەفی و فیکرییانەدا پێداویستییەکی هەنووکەیی ژیاری و کەینونیشە.. بەتایبەتی گەر دەمانەوێت بەزمان و بە کەرەستەیەکی نوێوە داخڵ بەجیهانی تازەبین.

وەرگێڕ ٢٠٠٧/١٢/٢٠

بەشی یەکەم

# فەلسەفە و فیکری سیاسی

## فەلسەفەی خۆرئاوا لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا

### کەسایەتی و ڕێبازە فەلسەفییەکان

پڕکێشیکردنی ئەوەی دەتوانم تەواوی ئاقارە فەلسەفییەکانی خۆرئاوا لە یەک وتاردا بخەمەڕوو، لە خۆباییبوون و بێ چاوڕوویییە.. لەبەرئەوەی کارێکی لەوجۆرە پێویستی بە چەندین کتێب و بەشداریکردنی چەندین پسپۆڕ و لێکۆڵیار هەیە، بەڵام من لێرەدا تەنیا چەند کەسایەتی و ڕێبازێکی فیکری بەرچاو دەخەم کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا، گرینگییان پێدراوە و جێگەی باس و خواس بوون.. لە میانەی تەنیا کێشەیەکی سەرەکیشەوە بایەخیان پێ دەدەم کە ئەوان پێیەوە سەرقاڵ بوون، ئەویش بریتییە لە کێشە و قەیرانی ئەقڵ لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا.

بێگومان قەیرانی ئەقڵ دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیست، نەک تەنیا بۆ کۆتاییەکانی ئەو سەدەیە. ئەقڵی خۆرئاوا تا شەڕی یەکەمی جیهانی ئەقڵێکی بالادەست و لە خۆی دڵنیا بوو، بەڵام لەوە بەدواوە گورزێکی کوشندەی بەرکەوت و لە جێی خۆی ترازا، ئەمەش وای لێ کرد خۆیی و دەسکەوتەکانی بخرێنە ژێر پرسیارەوە. تا ئەو کاتە و بە درێژاییی سەدەی نۆزدە، ئەقڵی خۆرئاوا پێی وابوو بەردەوام بەرەو پێشەوە دەچێت و سەردەمی شەڕ و برسییەتی و بەربەرییەت ڕۆیشت و بڕایەوە، بەڵام لە ناکاو ئەو قەسابخانە ترسناکە قەوما کە ملیۆنەها مرۆڤ لە فەرەنسا و ئەڵمانیا و تەواوی ئەورووپادا بوونە قوربانی.

هاوکات ئەو شەڕە بووە مایەی شۆکێکی دەروونیی قووڵ بۆ هەموو ئەوانەی لە ژیاندا مابوون، بەجۆرێک ئەوانە هیچ متمانەیەکیان بە ژیان و

پێشکەوتن و شارستانیەت نەما. وەک دەزانرێت بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا بۆردومانی فڕۆکە لە ماوەی شەڕی یەکەمی جیهانیدا بەکار هێنرا، هەروەها بۆ یەکەمین جار چەکی کیمیایی تاقی کرایەوە و ماڵوێرانییەکی گەورەی وای لێ کەوتەوە، ئەستەمە هەروا زوو لە بیرەوەریدا بسڕێتەوە.

ئەم مەرگەساتانە خەڵکیان خستە سەر کەڵکەڵەی ئەوەی بپرسن و بڵێن: جاران لەوە تێدەگەیشتین بۆچی خەڵکی لەناو خۆیاندا بە شەڕ دەهاتن و یەکتریان دەکوشت، چونکە ئەوکات هێشتا دواکەوتوو بوون و گیرۆدەی دەمارگیریی ئاینی بوون و ڕووناکی ئەقڵ بەرچاوی ڕۆشن نەکردبوون، بەڵام ئێستا نازانین بۆچی بەشێوەیەکی دزێوتر ئەو کارە دەکەن؟ بەتایبەت دوای ئەوەی ئەوروپا پێشکەوت و توانی بەهۆی زانست و تەکنۆلۆجیاوە کۆنترۆڵی سروشت بکات.. لە ڕۆژگار و سەردەمی دەمارگیری ئاینی و دادگاکانی پشکنین هاتینە دەرێ و پێمان وابوو، ئیتر بە یەکجارەکی لە دەست قەتڵ و عام و خۆپەرستی و شەڕ و شۆڕ قوتار بووین..

"پۆل ڤالێری" شاعیر دوای تەواوبوونی شەڕی جیهانی یەکەم و لە ساڵی ١٩١٩، بە تووڕەییەکەوە تەعبیری لەم هەستە کردووە، ئەوەتا لە جێگەیەکدا دەنووسێت و دەڵێت: (شتەکان ڕوون و ئاشکران، نە بەزەیی تێدایە و نە هاوسۆزی، لەم شەڕەدا هەزارەها گەنجی نووسەر و هونەرمەند تێداچوون و وەهمی کولتووری ئەوروپاییش نەما. هاوکات بۆشمان دەرکەوت کولتوور دەستەوستانە لە ڕزگارکردنی بچووکترین شت. شکۆمەندیی زانستیش لە ڕووی ئەخلاقییەوە خراپ تێک شکا، لەبەرئەوەی پراکتیزەکردنە تەکنۆلۆجییەکانی زۆر بە ئاسانی بوونە مایەی کوژرانی ملیۆنەها کەس. بۆیە ئێستا زانست لەبری ئەوەی وەکی شەرەف و شکۆمەندی شارستانی ئەوروپایی سەیری بکرێت، بووەتە پەڵەیەکی شەرمەزاری بە ناوچەوانییەوە[1]).

---

1. Vaiete: Paris Gallimar, Paul Valery, 1924.

ئەستەمە ڕۆشنگەرەکانی ئێمە لە هۆکارەکانی ئەم قەیرانە (مەبەستم قەیرانی ئەقڵ و ئەقلانییەتە) حاڵی بن، چونکە ئێمە لەبەرئەوەی لە وڵاتانی خۆماندا لە پێناو سەرکەوتنی ئەقڵ و دەربازبوون لە کۆت و بەندی ئەقڵی تیۆلۆجیی تەقلیدی کار دەکەین، مەزەندەی ئەوە ناکەین دوای سەرکەوتنی زانست و ئەقڵ ڕووبەڕووی قەیرانێکی نوێ ببینەوە!.. بگرە پێشبینی دەکەین دوای سەرکەوتنی ڕۆشنگەری تێکڕای کێشەکانمان بە یەکجار چارەسەر بکرێت، بەڵام بێ ئاگاین لەوەی کە مێژوو تراجیدییە و ڕەنگە بە یەک جووڵەی سەیر و چاوەڕوان نەکراو هەڵگەڕێتەوە و بە ئاراستەی پێچەوانە بگەڕێت. هەروەها ئەوەش نازانین کە مرۆڤایەتی لە ناخی خۆیدا، ڤایرۆسی خۆکوژی یان وێرانکردنی خۆی هەڵگرتووە.. گەر وا نەبێت ئەی چۆن بزانین بۆچی مرۆڤی ئەوروپایی لە ترۆپکی شکۆمەندی و شارستانییەتدا، ساڵی ١٩١٤ و لەناکاو دووچاری شەڕێکی بێ ئامان بوو؟

ئەمانەی لای خوارەوە ئەو پرسیارانەیە کە لەو کاتەدا ڕۆشنبیرانی ئەوروپا لە خۆیانیان دەکرد.. داخۆ ئەقلانییەت لە بەرەکانی شەڕدا مرد، چون مردنی ملیۆنەها ئەفسەر و سەربازی ئەوروپایی؟ یاخۆ پرۆژەی ڕۆشنگەری لە شەڕی بەناوبانگی (فەردان)دا کە لە نێوان ئەڵمانیا و فرەنسادا ڕووی دا، هەرەسی هێنا؟ یان بۆچی لێرەو لەوێ ئەو نەتەوە خاوەن شارستانییانە، لەپێناو پارچە زەوییەکدا کەوتنە وێزەی یەکتری؟ ئەی کەواتە سوود و قازانجی ئەقڵ و ئەقلانییەت چییە، گەر ڕێگە لە کاری سەرەڕۆیی و ڕەفتاری بەربەرییانە نەگرێت؟ ئایا ئەقڵ دەکەوێتە قەیرانەوە و وەردەگۆڕێت بۆ ڕووە دژەکەی خۆی، واتە بۆ دێوانەیی؟

کاتێک فەیلەسووفەکان ئەم پرسیارانەیان ئاراستەی ئەقلانییەتی خۆرئاوا دەکرد (ئەو ئەقلانییەتەی بووە مایەی کارەسات و ماڵوێرانی) بە تەنیا نەبوون، بگرە هونەرمەندانیش لای خۆیانەوە چوونەوە بەگژ ئەقڵ و ئەقلانییەتدا. لەم سەروبەندەدا ساڵی ١٩١٦ و لە شاری (زیورخ)، لەسەر

دەستی "ماکس ئارنست" و "تریستان تزارا" و "مارسێل شام" و چەند کەسێکی تر، بزووتنەوەی دادائیزم هاتە ئارا. ئەم بزووتنەوەیە هەر تەنیا بەگژ کۆت و بەندی هونەری ئەکادیمی و کلاسیکیدا نەچووەوە، بگرە هاوکات لە دژی درۆزنە بەهاکانی شارستانییەتی خۆرائاواش راپەڕی.. چونکە ئەم شارستانییەتە سەرەڕای شکۆبەخشینی زۆری بە ڕۆشنگەری، کەچی ڕێگاشی بەوە دا جگەرگۆشەکانی خۆی ڕەوانەی شەڕگە و قەسابخانەکان بکات.

ئەو فانتازیا وێرانکەرەی دادائیزم کاریگەری لەسەر ئەدەب و بەشێوەیەکی گشتیش لەسەر هونەر بەجێ هێشت و بزووتنەوەیەکی گەورەتر و گرینگتری لێ کەوتەوە، ئەویش بزووتنەوەی سوریالیزم بوو. سوریالیزم گرینگی بەو هێزە شاردراوە و شەڕانگێزانە دەدا کە کۆنترۆڵی ناخود ئاگایان دەکرد. لەو کاتەشدا "سیگمۆند فرۆید" دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمە ڕەشبینەکانی، سەبارەت بە ئایندەی شارستانییەتی خۆرئاوا.

هاوکات باسی لە (تاناتۆس)یش دەکرد و پێی وابوو ئەم غەریزەیە لە ناخی مرۆڤدا هەیە (ئیتر تاکە کەسی بێت یان گرووپ)، هانمان دەدات بۆ ئەوەی حەز بە خۆکوشتن و وێرانکردنی خۆمان بکەین. "فرۆید" لە دوا ساڵەکانی ژیانیدا هەردوو کتێبە سەرەکییەکەی خۆی (ئایندەی وەهم ١٩٢٧) و (نیگەرانی ژیار- ١٩٣٠)[٢]ی بڵاو کردەوە.

بەڵام سەرەڕای وەحشیگەریتی شەڕی یەکەمی جیهانی و تراجیدیاکانی، هەندێک فەیلەسووف هەر دەستبەرداری پرۆژەی ڕۆشنگەری نەبوون، بەتایبەتی (فەلسەفەی کانتیزم) کە ترۆپکی ڕۆشنگەری بوو.. دەتوانین قوتابخانەی (ماربۆرگ) کە "ئەرنست کاسیرەر" ڕێبەرایەتی دەکرد، بە

(٢) چاپی فرەنسی ئەم دوو کتێبەی "فرۆید" ئەمانەن:
Freud: L`Avenir d`ine illusion. P.U.F.1991-P.U.F.Frueud: Malaese dans la civilization- 1992.

نموونەی ئەوە بهێنینەوە. "کاسیرەر" ناچار بوو لەگەڵ "مارتن" هایدگەر"دا کە دژ بە فەلسـەفەی ئەقڵانییەت بوو ڕووبەڕوو بێتەوە، ئەم ڕووبەڕوو بوونەوە فەلسـەفییەشیان لە شاری دافۆسی سـویسرا بەڕێوەچوو. جەماوەرێکی زۆر لە فەیلەسووف و ڕۆشنبیران ئامادەی بوون. ئەم سیمینارە گەورەیەی نێوان "کاسیرە" و "هایدگەر" لە ١٧ مارتەوە بۆ ٦ نیسانی ١٩٢٩ بەردەوام بوو[٣].

"هایدگەر" لەوێدا کەوتە پەلامارданی کەلەپووری ڕۆشنگەری کە قوتابخانەی نیوکانتیزم و لە ڕیزی پێشەوەشیاندا "کاسیرەر" نوێنەرایەتییان دەکرد و ڕاست و ڕەوان وتی: (پێویستە هەموو ئەوانە تێکوپێک بدەین کە تا ئەمڕۆ بنەماکانی میتافیزیکای خۆرئاوایان پێکهێناوە)، واتە ڕۆح و لۆجیک و ئەقڵ!.. لە بەرامبەردا "کاسیرەر" زۆر خاکییانە کەوتە قسە و ئەوەی بەلاوە پەسەندتر بوو کە بەشێوەیەکی ڕەخنەگرانە چاو بە فەلسەفەی (کانتیزم)دا بخشێنرێتەوە. ئەویش بە مەبەستی ڕزگارکردنی ئەقڵ و درێژەدان بە دیالۆگ و گفتوگۆ، بەڵام "مارتن هایدگەر" بە ڕق و توندیەکەوە کەوتە وەڵامدانەوەو وتی: «تەنیا چارەسەر ئەوەیە دەستبەرداری ئەو ترادسیۆنە ئەقڵانییە بین کە لە سەدەی هەژدەوە – واتە لە ساتەوەختی کانتەوە – باڵادەستە بەسەرمانەوە». ئەوانەی ئامادەی دیدارەکە بوون پێیان وابوو "هایدگەر" براوە بووە و ئیتر لەو کاتەشەوە بووە بەقارەمانی نوێی فەلسەفەی ئەڵمانی.

بەمجۆرە و لە کایەی فەلسەفیدا ئاقاری نا ئەقڵانی بەسەر ئاقاری ئەقڵانیدا سەرکەوت.. ئەمەش لە واقیعدا و بەشێوەیەکی عەمەلی، لە ڕێی هاتنە سەر کاری نازیزم و فاشیزم و سەرلەنوێ وێرانبوونی ئەورووپا لە ماوەی دووەم شەڕی جیهانیدا بەرجەستە بوو. لە پای ئەمەدا شەڕێکی نوێ لە دژی ئەقڵانییەتی خۆرئاوا بەرپا بوو، بەڵام ئەمجارەیان بە سەرکردایەتی قوتابخانەی فرانکفۆرت بوو. ئەم قوتابخانەیە دەستی کرد بە گەورەترین

3. Martin Heidgger: D`ebat Sur, Ernist Cassirer 1929, mars, to Kantisme at la Philo Sphie (Davos paris 1972).

دادگاییکردنی ئەقڵی خۆرئاوا و هەموو ئەو تاوانانەی بۆ دووەم جار لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ئەنجام دران. سەردەستەی ئەم قوتابخانە فەلسەفییە تازەیەش "هۆرکهایمەر و ئەدۆرنۆ" بوون. ئەم دوو بیریارە لە ماوەی دووەم شەڕی جیهانی و لە ترسی جەور و ستەمی نازییەکان، ناچار بوون ئەڵمانیا جێ هێڵن و ڕوو بکەنە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

ساڵی ١٩٤٧ کتێبێکی گرینگیان بەناوی (دیالەکتیکی ڕۆشنگەری یان دیالەکتیکی ئەقڵ)[٤] بڵاو کردەوە. ئەوان لەو کتێبەدا مەبەستیان لە ڕۆشنگەری، تەنیا ئەو بزاوتە نەبوو کە لە سەدەی هەژدەمدا سەری هەڵداو برێتی بوو لە هێرشێکی گەورەی ئەقڵ بۆ سەر ترادسیۆنی تەقلیدی مەسیحی، بگرە مەبەستیان بەشێوەیەکی گشتی ئەو بزاوتە بوو کە هەر لە سەردەمی یۆنانی کۆنەوە هاتبووە ئارا و بووبووە مایەی ئەوەی ئەقڵ کۆنترۆڵی سەرجەم ژیانی کۆمەڵایەتی و کولتووری خۆرئاوا بکات. بەمجۆرە قوتابخانەی فرانکفۆرت دەستی کرد بە تاوتوێکردنی مێژووی ئەقڵ، هەر لە "ئەفلاتوون"ەوە تا شەڕی دووەمی جیهانی!

"هۆرکهایمەر" و "ئادۆرنۆ" دەیانپرسی: بۆچی شارستانییەتی ئەورووپایی بای دایەوە بەلای بەربەرییەتدا، لە کاتێکدا کە بە ئەوجی پێشکەوتنی مادی گەیشتبوو؟ بۆچی لە شەڕێکی وا خوێناوییەوە گلا، لە کاتێکدا هەموو ئەو ئامراز و توانستانەی لەبەردەستدا بوو، بۆ بەدیهێنانی کامەرانی و خۆشگوزەرانی؟ چۆن چۆنی پێشکەوتن هەڵگەڕایەوە و بوو بە دواکەوتن و ئەقڵ هەڵگەڕایەوە بۆ دژەکەی خۆی؟ وەڵامیشیان بۆ ئەم پرسیارە ئەوە بوو کە ئەقڵ و دژەکەی (واتە ئەفسانە) وەکی ئێمە پێمان وایە بەو ڕادەیە لێک جیا نین، بگرە گرێدراوی یەکن. ئەویش لە میانەی ئەو پێوەندییە

٤. ناونیشانی کتێبەکەی "ئادۆرنۆ" بە فرەنسی (دیالەکتیکی ئەقڵە)، بەڵام ناونیشانی ئەڵمانیەکەی (دیالەکتیکی ڕۆشنگەریە).
Horkheimer ast Adorno: La dialactiq ue de la - raisn, Paris, Gallimard, 1983.

دیالەکتیکییەی نێوانیان کە بەدرێژاییی مێژوو بەردەوام بووە. ڕاستە ئەقڵ ئەوکاتە لەدایک بوو کە لە میتۆلۆجیا قوتاری بوو، بەڵام دواتر ناچار بوو وەرگۆڕێ و خۆشی ببێتە ئەفسانەیەک، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی باش دژایەتی ئەفسانە بکات. بەڵام چۆن چۆنی ئەقڵ خۆیشی بوو بە ئەفسانە؟

دەرهەق بەم پرسیارە هەریەک لە "هۆرکهایمەر" و "ئادۆرنۆ" بەمجۆرە وەڵام دەدەنەوە و دەڵێن: (ئەفسانە ئەقڵانییەکان ئاڵۆزی و نادیارییەکی ترسناک و تۆقێنەریان هەیە، یەکێک لەوانە ئەو باوەڕە تازەیە بەهێز و توانای بێ سنووری زانست و تەکنۆلۆجیا و هەروەها بڕوابوون بە خەسڵەتی ناکۆتایی و ڕەهای پێشکەوتن کە بەرهەمی دەستی زانست و تەکنۆلۆجیایە.. ئەفسانەی مۆدێرنەش کتومت لێرەدایە. واتە ئەفسانەیەکە بە ئەقڵ پەردەپۆش کراوە. ئەم قەناعەتە خۆرئاواییە هاوشانی ئەو هەوڵ و تەقەللایانەیە کە مرۆڤ لە ڕۆژگاری ڕێنیسانسەوە بە خەرجیان دەدا بۆ ئەوەی دەست بەسەر سروشتدا بگرێت و ببێتە ئاغای سروشت. وەکی ئەوەی "دیکارت"ی ڕابەری ئەقڵانییەتی خۆرئاوا باسی لێ دەکرد.

بەڵام ئەم سەرکەوتنەی مۆدێرنەی ئەورووپی بەدەستی هێنا، لە بەرامبەردا باجێکی گەورە و گرانی بە مرۆڤ دا. ئەو باجەی تێئاوەربوون بوو. بە واتای تێ ئاوارەبوونی مرۆڤ لە دنیای پیشەسازی و تەکنۆلۆجیادا.. بۆ نموونە زانستی بابەتی ساردوسڕ، هەر بەتەنیا بەسەر ئەو پێوەندییانەدا پراکتیزە ناکرێت کە لە نێوان مرۆڤ و سروشت یاخود مرۆڤ و جیهاندا هەیە، بگرە هاوکات ئەو پێوەندییانەش دەگرێتەوە کە لە نێوان خودی مرۆڤەکانیشدا هەیە. هەژموونی تەکنۆلۆجیا لە دەوڵەتی مۆدێرندا بەرجەستە دەبێت و بە شتبوونی کەینونەی کۆمەڵایەتی لێ دەکەوێتەوە. هەروەها ژیانی ڕۆژانەش لەلایەن ئیدارەیەکی تۆتالیتارییەوە (کە نە سیمای دیارە و نە ناوی هەیە)، کۆنترۆڵ دەکرێت. واتە هەموو شتێک لە پشتی پەردەوە یاخو لە ڕێی دەستنان بە دوگمەیەکدا دەخرێتە گەڕ. ئەمەش فۆرمی تازەی سیستەمی

سەرمایەداری و تەکنۆلۆجی پێشکەوتووە.

"هۆرکهایمەر" و "ئادۆرنۆ" پێیان وایە جیاوازی نێوان دیموکراسی ئەمەریکایی و فاشیزمی "هیتلەر" لە ڕووی چەندایەتییەوەیە نەک چۆنایەتی، چونکە لە سیستەمی سەرمایەداریدا یەک مەبەست و ئامانج هەیە، ئەویش تێکشکاندنی فیکر و کۆنترۆڵکردنی ئینسانە بۆ ئەوەی وەکی مێگەل مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. بۆیە بە بڕوای ئەوان ئەوەی بەرپرسیارە لە بەلاڕێدا بردنی جیهانی خۆرئاوا لە سەدەی بیستەمدا "پۆزەتیڤیزم"ە، واتە هەژموونی زانستی بابەتی ساردوسڕ بەسەر مرۆڤ و شتەکانەوە لەو لادانە بەرپرسیارە. چونکە زانستی تەکنۆلۆجی بێ دڵ و بێ گیانەو مەبەستیشی تەنیا قازانج و کەڵەکەکردنی سەرمایەیە. ئەم ڕەخنەگرتنە لە ئەقلانییەتی خۆرئاوا تەواوی مێژووی فەلسەفەی خۆرئاوا دەگرێتەوە، هەر لە (دیکارتەوە تا دەگاتە کانت و هیگڵ و برتراند ڕاسل و.. هتد). بەرپرسیاری یەکەمیش لە فۆرمەلەبوونی ئەم ئەقڵە تەکنۆلۆجی و زانستییە ساردوسڕە "دیکارت"[٥]ە.

بەڵام ئایا ئەمە مانای وایە، دەبێت دەستبەرداری ئەقڵ و ئەقلانییەت بین؟ ئەڵبەتە بیریارانی قوتابخانەی فرانکفۆرت بە نەخێر وەڵام دەدەنەوە و پێیان وایە، سەرەڕای هەموو ئەوانەی ڕووی دا پێویستە ئەقڵ لە چنگی پۆزەتیڤیزمی سەرمایەداری قوتار بکەین، لەبەرئەوەی ئەمە فۆرمێکی شێواو و گەندەڵی ئەقڵی ئەورووپاییە. هەر لەبەر ئەمەشە قوتابخانەی فرانکفۆرت داوای ئەوە دەکات، ڕەگەزە مەعریفییە پاک و بێگەردەکانی ئەقڵ لە پاشماوە و ڕەگەزە ئەفسانییەکان جیا بکرێتەوە. بە کورتییەکەی ئەقڵی خۆرئاوا

---

٥. بۆ زیاتر ئاگاداربون لە تیۆریای قوتابخانەی فرانکفۆرت بڕوانە کتێبەکەی کریستیان دولا کامبانیە: مێژووی فەلسەفە لە سەدەی بیستدا – پاریس، سوی، ١٩٩٥. ل٢٢٣ – ٢٢٤.

Christian Dalcampagne: Histire de la _ 1995. PP., Paris, Philosophie au xxe Siecle. Seuil 223-224

پێویستی بە هەڵسەنگاندن و ڕەخنە لێگرتن هەیە، لە پێناو تازەکردنەوەی یاخۆ ڕاستکردنەوەی ئەو لادان و بەلاڕێداچوونەی بووە مایەی کارەسات و تراجیدیای هەردوو شەڕی جیهانی لێ کەوتەوە.

هەموو ئەوەی باسم لێ کرد و بەرلەوەی بچمە سەر بەشی سێیەم و کۆتایی ئەم وتارەم، هەوڵ دەدەم لێرەدا لە چەند ڕستەیەکدا کورتی بکەمەوە. بەر لە ساڵی ١٩٢٠ یان بڵێین بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی، کەس بە بیریدا نەدەهات ڕەخنە لە ئەقڵی خۆرئاوا بگیرێت. لەبەرئەوەی ئەم ئەقڵە سیفەتی ئەوەی بەخۆی بەخشیبوو کە هەرگیز هەڵە ناکات، بەتایبەت دوای ئەو هەموو سەرکەوتنە زانستی و تەکنۆلۆجییە سەرسوڕهێنەرەی بەدەستی هێنا.

ئەقڵی ڕۆشنگەری لە ڕووی گرینگی و مەشرووعیەتەوە، جێگای ئاینی مەسیحی گرتەوە. یان با بڵێین ئەقڵی زانستی نوێ شوێنی ئەقڵی تیۆلۆجی کۆنی گرتەوە و بەڵێنی ئەوەی دا بە ئینسانی ئەوروپایی کە هیواو ئومێدەکانی لە پێشکەوتن و کامەرانی و خۆشگوزەرانی مادی، لەسەر ئەم زەوییە بۆ بەدی بهێنێت. بێگومان لە ماوەی سەدەی نۆزدەمدا زۆر لەم شتانەی بۆ فەراهەم کرد. هەر بۆیە مرۆڤی ئەوروپایی بڕواو متمانەی پێ هێناو لە بەرامبەریشدا، دەستبەرداری ئەقڵی ئاینی مەسیحی بوو کە بەدرێژاییی چەندین سەدە کۆنترۆڵی کردبوو.

کەواتە ڕەخنەگرتن لە ئەقڵ یاخۆ گومانکردن و پرسیارکردن لە ئەقڵ یەکێکە لەو خەسڵەتانەی تایبەتە بە سەدەی بیستەم. ئەگەر تراجیدیای هەردوو شەڕی جیهانی و شەڕە کۆلۆنیاڵییە قێزەونەکان و هێرۆشیماو.. و.. و نەبوایە، ئەوا کەس نەیدەوێرا ڕەخنە ئاراستەی ئەقڵ بکات. هەر کەسێکیش ئەوەی بکردایە، بە شێت و سەرگەردانیان دەدایە قەڵەم. بۆیە پێویستە قەیرانی ئەقڵ و ئەقڵانیەتی خۆرئاوا، لەم چوارچێوە گشتی و

فراوانەدا سەیر بکەین.

لێرە بەدواوە دێمە سەر سێیەم قۆناغی ڕەخنەگرتن لە ئەقڵی خۆرئاوا کە بە بڕوای من، گرینگترین و ترسناکترین قۆناغە. کەسایەتییە فەلسەفییە دیار و ناسراوەکانی ئەم قۆناغە، بریتین لە "فۆکۆ و دێریدا و دۆلۆز" لەلایەک و "هاپرماس" و گرووپەکەی لەلایەکی ترەوە. بێگومان ئەم کێشەی نێوان لایەنگرانی "فۆکۆ" و لایەنگرانی "هاپرماس" تائێستاش لە ڕێی فەیلەسووفە گەنجەکانەوە بەردەوامە، بەتایبەتی "لۆک ڤێری" کە تازە لە فەرەنسادا ئەستێرەی بەختی لە درەوشانەوەدایە و خەریکە ناو دەردەکات.

"میشیل فۆکۆ" گەورەترین هەوڵی خستە گەڕ، بۆ ڕەخنەگرتن لە ئەقڵی خۆرئاواو ئاشکراکردنی پێوەندییەکانی نێوان مەعریفە و دەسەڵات.. "فۆکۆ" سەلماندی ئەم ئەقڵە بەو ئەندازەیە پاک و بێگەرد نییە کە خۆیمان پێ نیشان دەدات و سەرلەبەریشی مەعریفە نییە وەک باسی دەکات، بگرە دەستی لەگەڵ مومارەسەکردنی هێز و هەیمەنە و چەوساندنەوە و خۆسەپاندندا تێکەڵ کردووە و شان بەشانی ئەوان دەڕوات. واتە ئەقڵی مۆدێرن لە ساتەوەختێکدا لە ئەقڵێکی ڕۆشنگەرەوە کە سەرقاڵی پەیبردن بە نهێنییەکان بووە، هەڵگەڕاوەتەوە و بووەتە ئەقڵێکی دیسپۆتیزمی و تەماحی ئەوەی هەبووە تەواوی ئاستەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی لە قاڵب دات و کۆنترۆڵیان بکات.

لێرەدا "میشێل فۆکۆ" لەگەڵ قوتابخانەی فرانکفۆرتدا (ئەمان بەر لە فۆکۆ کەوتنە ڕەخنەکردنی لادان و هەڵپەرستییەکانی ئەقڵی خۆرئاوا) یەک دەگرێتەوە.. دواتر "فۆکۆ" لە جێگەیەکدا باس لەوە دەکات کە گەر بهاتبایە و پێشتر ئاگاداری تیۆریاکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت بوایە، ئەوا پێویستی بەوە نەدەبوو هەموو ئەو شتانە بنووسێت کە نووسیونی. "فۆکۆ" لە یەک کاتدا بەداخە و بەداخیش نییە لەوەی درەنگ وەختێ بە تیۆریاکانی

قوتابخانەی فرانکفۆرت ئاشنا بووە، لەبەرئەوەی بێئاگایی لەو تیۆریا ڕەخنەییانەی قوتابخانەی فرانکفۆرت، وای لێ کردووە بە شێوازی تایبەتی خۆی بگاتە هەمان سەرەنجام، ئەمەش بۆ خۆی شتێکی ئیجابییە و فەرامۆش ناکرێت. بەڵام بابزانین ئەو شتە چییە کە "فۆکۆ" لە تیۆریا ڕەخنەییەکەی قوتابخانەی فرانکفۆرتدا سوودی لێ بینیوە؟ ئەوەی "فۆکۆ" سوودی لێ بینیوە، ئەم بیرۆکە سەرەکییەی لای خوارەوەیە:

ئاشکراکردنی ئەو کاریگەرییانەی دەسەڵات کە پێوەندیدارن بە پراکتیزەکردنی ئەقڵانییەتێک کە لە سەدەی شازدە بەدواوە هاتە ئارا. ئێمە پێمان وابوو ئەقڵ تەواو پاک و بێگەردە و پێوەندی بە دەسەڵاتەوە نییە، کەچی بۆمان دەرکەوت ئەویش لای خۆیەوە دەسەڵات بەرهەم دێنێت و هەندێ جاریش دەسەڵاتی دیسپۆتیزمی دروست دەکات. فەیلەسووفی گەورەی فرەنسا پێیوایە چارەنووسی ئابووری و کۆمەڵایەتی و مێژوویی و کولتووری و زانستیی گەلانی خۆرئاوا، بەشێوەیەکی توند پەیوەست بووە بە فۆرمەلەبوونی ئەم شێوەیە لە شێوەکانی ئەقڵانییەت.

"فۆکۆ" لەم بارەیەوە بە ئاشکرا دەنووسێت و دەڵێت: (چۆن دەتوانین ئەم ئەقڵانییەتە، لە میکانیزم و ئاراستە و تەکنیک و کاریگەرییەکانی دەسەڵات جیا بکەینەوە؟ مەبەستم ئەو دەسەڵاتەیە کە هاوشانی ئەقڵی خۆرئاوا بووە و زۆر بە زەحمەت نەبێت ناتوانین بچینە ژێر بارییەوە، چونکە پێکهاتەیەکی دیسپۆتیزمە و وابەستەی کۆمەڵگە خۆرئاواییە سەرمایەدارییەکان و ڕەنگە خۆرهەڵاتییە سۆسیالیستییەکانیش بێت.

لێرەوە دەتوانین بگەینە ئەوەی بڵێین، پەیمان و بەڵێنەکانی ڕۆشنگەری بۆ گەیشتن بە ئازادی لە ڕێی پشتبەستن بەئەقڵ پێچەوانە کەوتەوە. واتە لە ئێستادا بەکاربردنی ئەقڵ لە خۆرئاوادا، وەکی ڕابردوو مژدە و بەڵێنی ئازادی پێ نییە. ئەمەش ئەو کێشە سەرەکییەیە کە ئەمڕۆ ڕووبەڕوومان

دەبێتەوە و هەمووشمان لە ئاستیدا دەستەوستانین. لەم ڕووەوە دەمەوێت بڵێم ئەو کێشانەی هەنووکە ڕووبەڕوویان دەبینەوە، پێشتر و لەلایەن قوتابخانەی فرانکفۆرتەوە بەشێوەیەکی جوان و سەرسوڕهێنەر خراوەتە ڕوو)[6]. دواجار "فۆکۆ" دەگاتە ئەوەی بڵێت: (ئەقڵ لەیەک کاتدا ستەمکاری و ڕۆشنگەریشە. ئەقڵی ڕۆشنگەری وەک چۆن ئازادییەکانی خوڵقاند، ئاوەهاش کۆت و زنجیریشی دروست کرد).

دواتر دەبینین چۆن چۆنی "یۆرگن هاپرماس" و خوێندکارە فرەنساییەکانی وەک "لۆک ڤێری"، لەسەر ئەم مەسەلەیە هێرش دەکەنە سەر "فۆکۆ" و بە نائەقڵانی و ئاشوبگەرایی تاوانباری دەکەن و تەنانەت ئەم کارەی، بە هەوڵێک بۆ تێکوپێکدانی مۆدێرنە و دەستکەوتەکانی حساب دەکەن. بەڵام "فۆکۆ" ڕێ بەم ڕەخنانە دەگرێت و ئامادەباشی تەواو وەردەگرێت، ئەوەتا دەڵێت: (ئایا دەبێت ئەقڵ دادگایی بکەین؟ بە ڕای من ئەمە شتێکی پووچ و بێمانایە. یەکەم/ لەبەرئەوەی مەسەلەکە تەنیا مەسەلەی ئیدانەکردن و بێگوناهی نیشاندانی ئەقڵ نییە، مێژوو مێژووە و ئەوەی ڕووی داوە تێیدا، دەبێت هەوڵی تێگەیشتنی بدەین نەک بڕیاری بەسەردا بدەین.. دووەم/ شتێکی بێمانایە ئەقڵ وەکی جەمسەرێکی دژ بە نائەقڵ سەیر بکەین. سێیەم/ کارێکی لەم جۆرە ناچارمان دەکات بەوەی ڕۆڵیکی هەڕەمەکی و بێتاقەتکەر ببینین کە برێتییە لە جیاکردنەوەی خەڵک بۆ دوو دەستە، دەستەیەکیان لەگەڵ ئەقڵانییەت و دەستەیەکیشیان دژ بە ئەقڵانییەت. من پێموایە ئەوەی گرینگە ئەوەیە دەست بکەین بە شرۆڤەکردنی ئەم جۆرە لە ئەقڵانییەت کە تەنیا تایبەتە بە کولتووری تازەی ئێمە و پێشتر لە ئارەدا نەبووە، مەبەستم لەو ئەقڵانییەتەیە کە لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا هاتە ئارا.. ئەمەش ئەو کارەیە هەندێک لە ئەندامانی قوتابخانەی فرانکفۆرت

6. Didier Eribon: Michel Foucault et Ses 1994, PP. 300 - 301, Paris, fayard, Coutem Porains.

پێی هەستــــان، بەڵام مــەبەســتی من تاوتوێکردنی بەرهەمــە گــرینگ و بەهادارەکانی ئەوان نییــە، بگرە دەمەوێت جۆرێک لە ڕاڤەکردنی جیاواز پێشکێش بکەم، ســەبارەت بەو پێوەندییــانەی لە نێــوان ئەقــڵانییــەت و دەسەڵاتدا هەیە)[7].

لە شــوێنێکی تردا "فــۆکــۆ" بەرپەرچی ڕەخنەکــانی "هــاپرمــاس" دەداتەوە دەڵێت: (هاپرماس ئەمەکدار نییە بەرامبەر بە قوتابخانەی فرانکفۆرت، ئەگەرچی دواین نوێنەری ڕەسمی ئەوانە. بۆیە دەتوانین بڵێین هاپرماس لە ئاڕاستەی فیکریی ئەوان لایداوە و بۆچوونەکانی لەگەڵ ئەواندا ناتەبایە. ئەو دەیەوێت ڕووگــیــرم کــات و ناچارم کــات بەوەی دەبێت یان ئەقــڵانییــەت هەڵبــژێرم، یان ئەوەتا تاوانبارم دەکات بە نائەقــڵانییــەت! واتە مــەبەستی ئەوەیە ڕێگیــریم لێ بکات کــە هیچ ڕەخنەیەک ئاراســتــەی ئەقڵ یان هیچ پرسیــارێکی ڕەخنەگرانە لە مێژووی ئەقــڵانییــەت بکەم. ئەمە وەک ئەوە وایە بڵێین مەحاڵە بتوانین بەشێوەیەکی ئەقڵانی ڕەخنە لە ئەقڵانییەت بگرین!).

با ئێســتــا بزانین هەڵوێستی "هــاپرمــاس" چییە؟ زۆر بەکــورتی دەڵێم ئەو هاوڕایە لەگــەڵ ئەو بۆچوونەی "فــۆکــۆ"دا کــە باس لە داڕمــانی دیدگــای کلاسیکی بۆ ئەقڵی خۆرئاوا دەکات، چونکە هیچ کەسێک بڕوای بە بوونی ئەقڵێکی مەزن نەماوە کە هەڵە نەکات و لەسەروو هەموو ڕەخنە گرتنێکەوە بێت، بۆ نموونە وەکی ئەوەی "هیگڵ" یاخــۆ "کــانت" پێیــان وابوو.. نەخــێــر دوای هەمــوو ئەو مــاجــەرایەی ڕووی دا ئەفســانەی ئەقــڵی ڕۆشنگەری تێک شکا و کاڵ بووەوە، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانەش هێشتا "هاپرماس" پێی وایە دەکرێت ئایدیای ئەقڵ و ئەقــڵانییــەت ڕزگــار بکــەین.. بــەڵام ئەمــە چۆن چۆنی دەکرێت؟

ئەو پێیوایە، کارێکی وا لە ڕێی خستنەڕووی تێڕوانینێکی خاکییانە، بەڵام

7. Michel: Hubert Dreytus et Paul Rabinow, Gallimard, un Parcours Philoso Phique, Foucault 1984. P.300.

چالاک و کـــارا بۆ ئـەقڵ دەکــرێت، چونکە بە بۆچوونـی "هـاپـرمـــاس" ئـەقڵ شـتـێکی جـەوهـەرگـەرا نییـە کـە لەناو شـتـەکـان و لەناو جیـهـانـدا ئـامـادەیی هـەبێت، بگرە بووەتە سـیـفـەتێک گـوزارشـت لە کـەسـەکـان و ئەو وتـەزایانە دەکـات کـە خـواسـت و توانـایەکی دیاریکراویـان هـەیە، جـا ئیـتـر ئەو توانایە تایبـەت بێت بە هـەقـیـقـەت یان ڕێکی و ڕاسـتـی یاخـۆ ڕاسـتگـۆیی. بۆ نموونە دەڵێین ڕەفـتـار و هـەڵسوکەوتی ئەو کـەسـە ئەقڵانییـە یان دەڵێین ناوەڕۆکی ئـەم کتێبە ئەقڵانییە یاخۆ نا ئەقڵانییە. کەواتە ئەقڵ گۆڕاوە بۆ ئەقڵانییـەت، واتە بووەتە راناوێک و بەو کەسانەوە دەلکێت کە ئەو خەسڵەتەیان تێدایە.

بەمـجـۆرە ئەقڵ لە کـەشکـەڵانی فـەلەک و مـیـسـالییـەتە یۆتۆبییـەکـەی خـۆی هێنرایە خـوارێ، بۆ ئـەوەی تەنیـا ببـێـتـە پرۆسـەیەکی ئیـجـرائی کـە ئـامـانـجی گەیشـتن بێت بە مـەبەسـتێکی تایبـەت و دیاریکراو لە کایەیەک لە کایەکاندا[8]. واتە "هـاپـرمـاس" ئەقڵ دێنێتـە ناو کـۆمـەڵگە یاخـۆ دەیخـاتە ناو چوارچێوەی ئەو پرۆسـەی کۆمنیکا شـێـونـخـوازییـەی لە هـەمـوو کـۆمـەڵگەکاندا هـەیە. هـەر لەبەر ئـەمـەشـە باس لـە پرۆسـەی ئاڵوگـۆڕکـردن یان ئەقـڵـییـەتی کـۆمـنیکا شێوەخوازی دەکات.

لەسـەر هـەمـوو ئاسـتـەکـانی کـۆمـەڵ، پێوەندی و دیالۆگ لە نێوان ئەنـدامـانی کـۆمــەڵگـەدا هـەیە و لەم ڕێگـەیەشـەوە دەتوانن، بگـەنە ڕێکەوتـن و دۆزینەوەی خاڵی هـاوبەش کـە پێکەوە کۆیان دەکـاتەوە و گیـروگرفتـەکانیـان بۆ چارەسـەر دەکـات. بۆ نموونە بڕوانـە (دانووسـتـانـدنی نـێـوان کـرێکار و خـاوەن کـار لە کۆمەڵگە سـەرمایەدارییە پێشکەوتووەکاندا، یان دانووستـانی نێوان مامۆسـتا و خوێندکار و تەنانەت لە نێوان باوک و کوڕ یاخۆ لە نێوان کڕیار و فرۆشیار و.. هتد).

8. Les E`tudes philosophiques: October _ December 1986 Bernard Walden tells: Division ou dispersion de le raison" Unde: bat enter Habernas Ult Fouca et.

"هاپرماس" پێیوایە لە زمانی دیالۆگ و دانووستاندا بڕێک ئەقلانییەتی شاردراوە هەیە، هەر ئەمەشە دەبێتە مایەی لێک نزیکخستنەوەی هەڵوێستەکان و دۆزینەوەی ڕێگاچارە بۆ کێشە و ناکۆکییەکان.. بەڵام نەیارەکانی "هاپرماس" وەک "دولۆز و دێریدا و جان فرانسوا لیوتار"، گومان لەم هیومانیزمە گەشبینە دەکەن کە لە تیۆریا فەلسەفییەکەی ئەودا هەیە. ئەوانە دەپرسن: (ئایا بە ڕاست ئینسانەکان دەیانەوێت لەناو خۆیاندا ڕێک بکەون و کۆک و تەبابن؟).

"دێریدا" ئەم ئاڕاستەیە کارکردنەی "هاپرماس"، بەجۆرێک لە بەخوداوەندکردنی زانست یاخۆ گەڕانەوە بۆ میتافیزیکای زانست دەداتە قەڵەم.. ئەم گەڕانەوەیەش بە ناچاری لەژێر کاریگەری پۆزەتڤیزمدایە، ئەو پۆزەتڤیزمەی پێویستە خۆمانی لێ بەدوور بگرین. "هاپرماس" لە وەڵامی ئەوانەدا دەڵێت: (من زیاتر گرینگی بە کۆدەنگی دەدەم، نەک بەو جیاوازییەی ئەوان باسی دەکەن). هەروەها ئەو دەیەوێت لەوان زیاتر متمانە بە سروشتی مرۆڤایەتی و ئەقڵی ڕۆشنگەری بکات.

تەنانەت "هاپرماس" فەیلەسووفانی فرەنسایی وەک "میشێل فۆکۆ و جاک دێریدا و جان فرانسوا لیوتار و جیل دیلۆز، بەوە تاوانبار دەکات کە ئانارشیزمن و دەیانەوێت مۆدێرنە لەناوبەرن و دەستبەجێ داخل بە قۆناغی پۆست. مۆدێرنە ببن، بەڵام ئەو بۆ خۆی دەیەوێت داکۆکی لە پرۆژەی مۆدێرنە یاخۆ پرۆژەی ڕۆشنگەری بکات، پاش دەست پێداهێنانی و چاکردنەوەی کەموکوڕی و لادانەکانی. بە کورتییەکەی "هاپرماس" ئەو فەیلەسووفە فرەنسایییانەی لە سەرەوە ناومان هێنان، بەوە تاوانبار دەکات کە لە شوێنکەوتووانی "فردریک نیچە"ن و نائەقڵانین، لە بەرامبەردا خۆی لایەنگری "ئەمانوێل کانت" و ئەقڵانییەتە.

"کانت" ئەو فەیلەسووفەیە بۆ یەکەمین جار و لە ڕێی بڵاوکردنەوەی کتێبە

سـەرەکـییـەکـانـیـیـەوە، بـنـەمـاکـانـی پـڕۆژەی مـۆدێرنـەی داڕشت و لـەم ڕووەوە دەکرێت تێکسـتـە بەناوبانگەکەی (ڕۆشنگەری چییە؟)، بە یەکەمین گوتاری فەلسەفەی مۆدێرنە بدرێتە قەڵەم بەر لە "هیگڵ"[٩].

بەمـجـۆرە کێشـەیەک لە نێوان فـەیلەسـووفە ئەڵمـانییـەکان و فەیلەسـووفـە فـرەنسـاییـیـەکـانـدا دروست بوو لەسـەر مـەسـەلەیەکی جـەوهـەری، ئەویش هـەڵسـەنگاندنی ئەزمـوونی مـۆدێرنەی ئەوروپایی بـوو لە سـەردەمـی ڕۆشنگەرییەوە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان، بۆ ئەوەی بزانن سـەرەنجامی پڕۆژەی مۆدێرنە سلبی بووە یان ئیجابی؟ "هاپرماس" لای خـۆیەوە پێیوایە بەگشتی سـەرەنجـامـی پڕۆژەی مـۆدێرنە (سـەرەڕای هـەمـوو ئەو کـارەسـات و تراجـیـدییـانەشـی ڕوویان دا)، ئیـجـابی و بەرهـەمـداربووە، بەڵام هـەرچی فـەیلەسـووفـە فرەنسـاییـیـەکانە ڕەشبـیـنن و زۆرتر لایەنی سلبی تێدا دەبینن وەک لایەنی ئیجابی..

هەرچەندە "فـۆکۆ" لـە دوارۆژەکانی ژیانـیدا و بە ئیـعتـرافی "هاپرمـاس" خـۆی، دوای هەروا ئاژاوەیـەکی زۆر گـەڕایەوە لای مـۆدێرنەو ڕۆشـنگەری[١٠]، بەڵام دەبێت بزانین ئەو لە سـەرەتاکانیـدا کەسـێکی تەواو "نیـچـەویی" بوو. واتە دەیویست هـەموو ئەو شـتانەی مۆدێرنە بنیـاتی ناون تێکوپێکیـان بدات. هەرچی "دێریدا"شـە ئەوا هـەمـوو تەمـەنی لە لێکشـیتـاڵکردنی مـیتـافـیزیکای خـۆرئاوا (واتە ئەقـڵانییـەتی خـۆرئاوا)دا بەسـەر برد و "جـێل دولۆز"یش بە هـەمان شێوە.

بەمـجـۆرە دەبینین مـەسـەلەی ڕەخنـەگرتـن لە مـۆدێرنە و هـەڵسـەنگاندنی ئەزموونی مێژوویی مۆدێرنە، گرینگترین کێشـەی فەلسـەفی خۆرئاوا بووە لە

---

9. Jurgen Haber mas: Le discours Phios 1988. Galle mard. Paris, ophique dela moder Uite.

10. Jurgen Haber mas: Unetleche daus le Colus, august- September. 1986. Critique, dutemps Present. PP. 794-799.

سی ساڵی ڕابردوودا.. هەرچەندە لە ساڵی ١٩٤٥ تا ساتەوەختی لە دنیا دەرچوونی "میشێل فۆکۆ" لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا تێڕوانینی سلبییانە بۆ مۆدێرنە باڵادەست بوو، بەڵام لەوە بەدواوە تێڕوانینی ئیجابی هاتە ئاراو شوێنی تێڕوانینی پێشووی گرتەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت دواجار "هابرماس" بەسەر "فۆکۆ"دا سەرکەوت، سەرکەوتنیشی هاوکاتی هەرەسی کۆمۆنیزم (١٩٨٩) و سەرکەوتنی لیبرالیزمی دیموکراسی خۆرئاوا بوو. وەک دەشزانرێت "فوکۆیاما" زۆر بەم سەرکەوتنە دڵخۆش بوو، تا ئەو ڕادەیەی پێی وابوو ئەمە کۆتایی مێژووە. بەڵام "ژاک دێریدا" لە کتێبەکەیدا (تارماییەکانی مارکس)، زۆر بە توندی کەوتە بەرپەرچدانەوەی تێزەی کۆتایی مێژوو[١١].

"دێریدا" پێیوایە (تارمایی مارکس) بەسەر سەری خۆرئاوای سەرمایەدارییەوەیە و سەرەڕای سەرکەوتنی خۆرئاوا بەسەر کۆمۆنیزمدا، هێشتا ئەو تارماییە نەڕەویوەتەوە. هاوکات پێیوایە دیموکراسییەتی لیبرالی ئێستاش وەکی سیستەمێکی سیاسی، لە بەشێکی گەورەی جیهاندا نەچەسپیوە و کاری پێ ناکرێت. جگە لەوەی ئەم سیستەمە بە تەنیا ناتوانێت کێشەکانی هەژاری و بێکاری نەک هەر لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا، بگرە لەناو خۆرئاوا خۆشیدا چارەسەر بکات.

مۆدێرنە توێژێکی گەورە و بەرفراوانی لە پەراوێزکەوتووان و بێکاران دروست کرد، بۆیە جێی خۆیەتی گەر بگەڕێینەوە لای "مارکس" و ئەو ئاسۆیانەی ئەو کردینەوە و، پاشان لەڕێی "مارکس"یشەوە بگەڕێینەوە لای ڕووە ئیجابییەکەی کەلەپووری ڕۆشنگەری. بەمجۆرە دەبینین "دێریدا"ش ناچار بوو بگەڕێتەوە لای ڕۆشنگەری، پاش ئەوەی تەمەنی خۆی لە

---

١١. بڕوانە کتێبەکەی "ژاک دێریدا" تارماییەکانی مارکس.

Jacques Derreda: Spectres de Marx.Galilee- 1993.

هەڵوەشاندنەوەی ئەقڵی خۆرئاوادا سەرف کرد..

لەم چەند ساڵەی دواییدا هێرشێکی توند کرایە سەر "ژاک دێریدا و میشێل فۆکۆ و جیل دۆلۆز"، ئەم هێرشانەش لەلایەن فەیلەسووفە لاوە تازە پێگەیشتووەکانەوە بوو، بەتایبەتی "لۆک ڤێری". "ڤێری" ساڵی ١٩٨٤ کتێبێکی بڵاو کردەوە و تێیدا بە توندی هێرشی کردبووە سەر فەلسەفەی "فۆکۆ و دێریدا و دۆلۆز و بۆردیۆ و لاکان". واتە شاڵاوی کردبووە سەر هەموو ئەوانەی لە ماوەی سەردەمی بنیاتگەریدا (١٩٦٠ - ١٩٨٠)، گۆڕەپانی ڕۆشنبیری فەرەنسایان کۆنترۆڵ کردبوو. "ڤێری" ئەو فەیلەسووفانەی بەوە تاوانبار کرد کە دژایەتی هەموو بەهاکانی شارستانیەتی نوێی خۆرئاوا دەکەن، وەک: (هیومانیزم و مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی و ئەقڵانییەت..)..

هاوکات بۆ ئەوەی دەستیان توندتر لەسەر دابگرێت، پەنا بۆ "هاپرماس" دەبات و ڕەخنەی ئەوەیان لێ دەگرێت کە ئەوان ڕقیان لە هەموو مشتومڕێکی ئازاد و دیموکراسییانەیە کە ببێتە مایەی ڕێکەوتن و کۆدەنگی هاووڵاتییان یاخۆ بیانگەیەنێتە ئەوەی بڕیاری ڕاست و دروست بدەن.

لەلایەکی ترەوە "ڤێری" سەرکۆنەی زۆری "فۆکۆ" و هاوڕێکانی دەکات، بەوەی تەئکید لەسەر جیاوازی دەکەنەوە و ئیعترافیش بە هیچ بەهایەکی گەردوونی ناکەن کە بۆ تەواوی مرۆڤایەتی بشێت. لێرەوە نائەقڵانییەتە نیچەوییەکەیان و ڕقی زۆریان لە بەها گەردوونییەکانی فەلسەفەی ڕۆشنگەری دەخاتەڕوو[١٢].

بەهۆی ئەو ڕەخنە توندانەی ئاڕاستەی "فۆکۆ" و هاوڕێکانی کرا، ئیتر خەڵکی بەرەبەرە لە فەلسەفە ڕادیکالییەکەیان کشانەوە، چونکە ڕەخنەکانی

---

12. Lue Ferry et Alain Renaut: Lapen See 680 Essai Sur L'anti- humanis u Cpitem Porian .Gallemar, PP .162 –194. 1985.

ئەوان بە ڕادەیەک بوو، هێندەی نەمابوو دەسکەوتە زۆر ئیجابییەکانی مۆدێرنە و لە ڕیزی پێشەوەشیاندا دەوڵەتی ماف و یاسا لەناوبەرێت. بەمجۆرە لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا جارێکی تر "هاپرماس" بەسەر "فۆکۆ" دا و "کانت" بەسەر "نیچە"دا سەرکەوت، بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کە کێشەکە یەکلایی بووەتەوە.. چونکە مێژوو لە ناخیدا ئەقڵانییەت و نائەقڵانییەتی حەشارداوە و هەندێک جار بێدەنگ و خامۆش دەبێت و هەندێ جاریش هەڵدەچێ و دەتەقێتەوە.. دواجار دەبێت ئەوەش بڵێین کە ئەو تاوانانەی بەناوی مۆدێرنەی خۆرئاواوە لە قۆناغی کۆلۆنیالیزمدا ئەنجام دران، بۆچوونەکانی "فۆکۆ" زیاتر دەسەلمێنن نەک تێزەکانی "هاپرماس" و "لۆک ڤێری" و.. هتد.

## فەلسەفەی هیومانیزم

### ڕەخنەی لۆک ڤێری و ئالان رینۆ لە میشێل فۆکۆ

دەتوانین بڵێین شەڕە ڕۆشنبیرییەکان، وەکی شەڕە سیاسییەکان توندوتیژ و بێ ئامانن. ڕاستە هەندێ جار نەرم و نیانتر و ژیرانەتر دێنە بەرچاو، بەڵام دواجار هەمان مەبەستی شەڕە سیاسییەکانیان هەیە کە نابووتکردن خستنەڕووی کەم و کوڕییەکانی ئەوی دییە، بەمەبەستی شکاندن و ناوبانگ زڕاندنی. هەر ئەمەش بوو لە نێوان فەیلەسووفی فرەنسایی "میشێل فۆکۆ" و "یۆرگن هاپرماس"ی هاوتا ئەڵمانیاییەکەیدا ڕووی دا و "هاپرماس" ویستی وەهابوو، تیۆریاکانی "فۆکۆ" لەبەر یەک هەڵوەشێنێ.. وا لێرەدا باس لەم مەسەلەیە دەکەین.

**لە نێوان فەلسەفەی ئەڵمانی و فەلسەفەی فرەنساییدا:**

ئەقڵانییەتی کۆمنیکاشێونخوازی لە دواجاردا بریتییە لە نوێکردنەوەی ئەقڵانییەتی کانتیزم، بەڵام بەرەچاوکردنی هەموو ئەو شتانەی لە ماوەی دوو سەد ساڵی ڕابردوودا ڕوویان داوە. واتە لەو کاتەوەی "کانت" چەمکی ڕەخنەی ئەقڵی پەتی و ڕەخنەی ئەقڵی عەمەلی هێنایە ئاراوە. "کانت" کە گەورە فەیلەسووفی ڕۆشنگەرییە، دامەزرێنەری ئەقڵی نوێی خۆرئاواشە. بەمجۆرە دەبینین فەلسەفەی ئەڵمانایی بەدرێژایی سەدەو نیوێک و تا ئەمڕۆ بەسەر فەلسەفەی فرەنساییدا باڵادەستە، "کانت، هیگڵ، نیچە، مارکس، فرۆید، قوتابخانەی فرانکفۆرت و ئەمڕۆکەش هاپرماس". وەک ئەوەی لە چارەی فرەنساییەکان نووسرابێت کە دەبێت تائەبەد لەژێر دەسەڵاتی

فەلسەفەی ئەڵمانیاییدا بن، بەڵام بەم دیویشدا دەتوانین بڵێین "میشێل فۆکۆ" لە حەفتاکاندا کاریگەری لەسەر ئەڵمانەکان دروست کرد، بەهەمان شێوەی کاریگەری لەسەر ئەمەریکایی و ئیتاڵیاییەکان.

کاردانەوەی توندی "هاپرماس"یش، هەوڵێکە بۆ کەمکردنەوەی ئەو کاریگەرێتییە و سنووردانانێکە لەبەردەم ئەو ئاقارە فەلسەفییەی "میشێل فۆکۆ" نوێنەرایەتی دەکات. لە وتارێکی سەربەخۆدا بەدوور و درێژی دێینە سەر باسکردنی ئەم مەسەلەیە. هەر چۆنێک بێت "لۆک ڤێری" بەپشتبەستن بە مەرجەعیەتێکی هاپرماسی، هێرشێکی توند دەکاتە سەر "میشێل فۆکۆ"، وەک ئەوەی بیەوێت ڕەواجی کەم کاتەوە یاخۆ وێنەی ئەفسانەیی ئەو لە کایەی فەلسەفەی فرەنسایی و جیهانیدا تێک و پێک بدات. ئەم هەوڵەی "لۆک ڤێری" بەوە دەچێت کوڕ هەوڵی کوشتنی باوکی بدات، بۆ ئەوەی بوونی خۆی بسەلمێنێ بەچەمکە فرۆیدییەکەی..

وەک دەزانرێت "لۆک ڤێری" قوتابی "میشێل فۆکۆ" و "لوی ئاڵتوسێر" بووەو لەم کتێبە بەناوبانگەیدا تەنیا ڕەخنە ئاڕاستەی "فۆکۆ" ناکات، بگرە لەگەڵ ئەویشدا مەبەستی "جێڵ دیلۆز و جان فرانسوا لیوتارد و جاک دێریدا و جاک لاکان" و.. جەخار دواجار مەبەستی "بۆردیۆ"شە. دەرهەق بە "بۆردیۆ" بۆیە وا دەڵێم، چونکە جیاوازە لەو پێڕە فەیلەسووفە، ئەو فەسڵەی لەم کتێبەدا تایبەتە بەو، لاوازترین فەسڵێکە لە کتێبەکەیاندا.

بەو پێیەی "میشێل فۆکۆ" ئەستێرەی درەوشاوەی ئاسمانی فەلسەفەی فرەنساییە، ئەوا "لۆک ڤێری" و "ئالان رینۆ" هێرشێکی توندیان کردووەتە سەری و بۆ ئەمەش پشتیان بە "هاپرماس" بەستووە تابتوانن زەفەری پێ بەرن، چونکە پەلاماردانی پیاوێکی بلیمەتی وەک "فۆکۆ" هەر وا ئاسان نییە.

هەرکەسێک لە نزیکەوە "فۆکۆ" بناسێت، زیرەکیی بێ وێنەی ئەویی بۆ دەردەکەوێت. بیرمە بەر لە چەند ساڵ لە ئێستا کاتێک چاوم بە "پیربۆردیۆ"

کەوت لە نووسینگەکەی خۆی لەناو کۆلێجی فرانسدا، لەبارەی ''فۆکۆ'' پێی وتم: (بێ ئەندازە زیرەکە). ئەمە لە کاتێکدا شتێکی وای دەرهەق بە ''دێریدا'' یان ''دۆلۆز'' یان کەسێکی تر نەوتووە. هەرچۆنێک بێت هێرشی ''لۆک ڤێری'' و ''ئالان رینۆ'' بۆ سەر ''فۆکۆ'' و هاورێکانی، خەسڵەتی شەرێکی گەورە و بەرفراوانی وەرگرتووە.

ئەو پرسیارەی لە کایەی فەلسەفی فرەنسایی و ئەوروپایی و ئەمەریکاییدا لە ئارادایە، ئەوەیە: (ئایا دەبێت پارێزگاری لەو بەهایانە بکەین کە لە شارستانیەتی خۆرئاوادا و بەر لە دووسەد ساڵ لە ئێستا لەسەر بنەماکانی سەردەمی رۆشنگەری دروست بوون، یاخۆ دەبێت تەواوی ئەو بەهایانە لە ناوەوە هەڵبووەشێنین و لە رێی ئارکیۆلۆجیاوە دایان بماڵین، تا ئەو رادەیەی لەناویان بەرین و وێرانیان بکەین؟). شەڕی فیکریی مەزن لە سەرتاسەری خۆرئاوادا، لەسەر ئەم مەسەلەیەیە و ''لۆک ڤێری''ش لای خۆیەوە پێیوایە، ئەمە گرینگترین مەسەلەیە کە بۆ قسەکردن. ''لۆک ڤێری'' و ''ئالان رینۆ'' دژایەتیکردنی Humanisme لەلایەن فەیلەسووفانی وەک ''فۆکۆ'' و هاورێکانییەوە، بە گەورەترین دەستدرێژی بۆ سەر شارستانییەتی خۆرئاوا لە قەڵەم دەدەن.

بۆیە دەبێت لەو مەسەلەیەدا تەواو جدی بین. یان ئەوەیە لەگەڵ ئەقڵانییەتدا بیت یان لە دژی بیت، یاخۆ دەبێت لەگەڵ Humanisme دا بیت یان لەگەڵی نەبیت. هەر کەسەش بۆخۆی سەرپشکە لە هەڵبژاردنی یەکێکیاندا. ئەمە مانای وایە ئەو کێشە فەلسەفییەی هەنووکە لە ئارادایە، کاریگەری راستەوخۆی سیاسی بەسەرەوەیە، چونکە ئەمە بۆخۆی درێژکراوەی ئەو شەڕەیە کە لەنێوان چەپی توندڕۆ و ئانارشیستەکان و نیهلیستییەکاندا لەلایەک و لەگەڵ سۆسیال دیموکراتەکان یاخۆ لیبرالیزمە رۆشنگەرەکاندا لەلایەکی ترەوە بەرێوە دەچێت.

له سەروبەندی ئەم شەڕ و ململانێیەدا، یەکێک دای بەگوێمدا کە گوایە سیاسەتمەدارە لیبرالییەکان لە پشت "لۆک ڤێری"یەوەن. نازانم ئەم قسەیە وایە یان نا. ڕەنگە کەسانێکی تریشی لە لیبرالییە ڕاستڕەوەکان یان لە سۆسیال دیموکراتەکان لە پشت بێت، چونکە هەروا ئاسان نییە فەیلەسووفێکی لاو بێ ئەوەی کەس بیناسێت (ڤێری تا ئەو کاتە هیچ ناوبانگێکی نەبوو)، بچێتە ناو شەڕێکی گەورەی لەو جۆرە دژ بە بیرمەندە ناودارەکانی فیکری فرەنسایی.. بەڵام نابێت کەس وا لەم قسانە تێ بگات کە فیکر بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پاشکۆ و پاشبەندی سیاسەتە.

**بەسیاسیکردنی فیکری فەلسەفی:**

لە ئەوروپا فیکر بەشێوەیەکی گشتی و بەتایبەتیش فیکری فەلسەفی، سەربەخۆیی خۆی هەیە. ئەمەش دوای خەباتێکی مێژوویی درێژخایەن بەدەست هاتووە. بەڵام هەموو فیکرێکی فەلسەفی کە مانایەکی هەبێت، کەم تا زۆر دەبێت (ئیتر بەشێوەیەکی ئاڵۆز و ناڕاستەوخۆش بێت) گوزارشت لەو شەڕ و ململانێ سیاسییە بکات کە لە کۆمەڵگەدا بەڕێوە دەچێت، چونکە فیکری ڕاستەقینە پێوەستە بە خواستی کۆمەڵگە و ئەو کێشە سەرەکییانەی بەدەستیانەوە گیرۆدەیە.

هەرچۆنێک بێت "لۆک ڤێری" و "ئالان رینۆ" پێیانوایە فەلسەفەی هیومانیزم، سەرەکیترین مەسەلەی فیکری هاوچەرخە و هەر بیرمەندێک شوێن دەستی دیار بێت، دەبێت هەڵوێستی خۆی لە بەهاکانی فەلسەفەی هیومانیزم دیاری بکات. ئەو بەهایانەی سەردەمی ڕۆشنگەری لەگەڵ خۆیدا هێنانی و جێگەی فێندەمێنتالیزمی مەسیحییان پێ گرتەوە کە لە سەرەتاوە و تا سەدەی هەژدە بەسەر خۆرئاوادا بالادەست بوو.

ئەم دوو فەیلەسووفە پێیانوایە کاتی ئەوە هاتووە، ئەم فەلسەفەیە سەرلەنوێ پێناسە بکرێتەوە و خوێنی تازەی بەبەردا بکرێت. گەر وانەکەین

ئەوا بێگومــان دوژمـنانـی لەناوی دەبەن (مــەبەست لە دوژمنانی، ئاقــارە نائەقڵانی و ئانارشیست و نیهلیستییەکانن). "لۆک ڤێری" بە پشتبەستن بەم بۆچوونانەی لای خوارەوە، بەرگری لە فەلسەفەی هیومانیزم دەکات (واتە ئەو فەلسەفەیەی لە جیاتیی تیۆلۆجیا، مرۆڤ دەکاتە چەقی گەردوون):

١- نابێت فەلسەفەی هیومانیزم و میتافیزیک تێکەڵ بەیەک بکەین، وەک ئەوەی "هایدگــەر" و "دێریدا"ی قــوتابی کــردیان. هەروەها نابێت لەگــەڵ ئایدۆلۆجیای وردە بۆرجوازیدا تێکەڵیان بکەین، وەک ئاقاری مارکسیزم کردی، لە پێش هەمووشیانەوە "لوی ئاڵتۆسێر". ڕاستە ئەو فیکرەی تەئکید لەسەر خود و بەرز ڕاگرتنی ئینسان دەکات، ڕەنگە هەندێ جار ببێتە مایەی لەخۆباییبوون و چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤ خۆیەوە، بەڵام ئەمە مەسەلەیەکی حەتمی نییە، وەک ئەوەی "فۆکۆ" و هاوڕێکانی باسیان دەکرد.

گومانی تێدا نییە فەلسەفەی هیومانیزم لەپێناو خزمەتکردن بە بەرژەوەندی توێژ و چینێکی دیاریکراو لە ڕاستە ڕێی خۆی لایدا و بەلاڕێدا برا، بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی دەستبەرداری پرەنسیپەکانی ئەم فەلسەفەیە بین. ئەم تێکەڵکردنە لە نێوان فەلسەفەی هیومانیزم و چەوساندنەوە و حەزی خۆسەپاندن و دەسەڵاتخوازیدا، دەرەنجامی زۆر خراپی دەبێت و ئایدیای پێشکەوتن و دیموکراسییەت و مافەکانی مرۆڤ نابووت دەکات.

فەیلەسووفانی شەستەکان هەڵەی زۆر گەورەیان کرد، بۆ نموونەش "ئاڵتۆسێر" دێنینەوە. ئەم پیاوە دەیوت: (ئەو ملیۆنەها مرۆڤەی بوونە قوربانی دەستی ستالین، لە پای ئەوەبوو کە هەندێک ڕەگەزی فەلسەفەی بۆرجوازی هێشتا لە مارکسیزمدا مابووەوە)!!. واتە گەر مارکسیزم بەتەواوەتی لە فەلسەفەی هیومانیزم پاک بکرایەتەوە، ئەوا ئەو تاوانەی "ستالین" ڕووی نەدەدا! کەسی ژیر باوەڕ بەقسەی وا دەکات؟ ئایا ئەمە پاساو هێنانەوە نییە بۆ تاوانەکانی "ستالین"؟

یاخۆ ئەم هێرشکردنە بۆ سەر ئەو سیستەمە دیموکراسییانەی باوەڕیان بە فەلسەفەی هیومانیزمی لیبرالی هەیە، لە بەرژەوەندی کێدایە؟ کارێکی وا بە بەرژەوەندی سیستەمە تۆتالیتارییە ستەمکارەکان ناشکێتەوە؟ پاشان "لۆک ڤێری" دەڵێت: (ئەڵبەتە لەسەر ئەم قسانەمان تاوانبار دەکرێین بەوەی ئێمە، داکۆکی لە سەرمایەداری دڕندە دەکەین!.. وەک ئەوەی خاڵی جیاکەرەوە لەنێوان سەرمایەداریی دڕندە و ئەنتی هیومانیزم، لەگەڵ فەلسەفەی هیومانیزمی لیبرالیدا نەبێت!).. پێویستە بڵێین ئەم بەشە وارەکەوتنە ئایدیۆلۆجییە، فەیلەسووفەکانی فرەنسای وەک: "سارتەر و فۆکۆ و ئاڵتوسێر" و... دووچاری بوون.

٢- ڕاستە ئێمە ئەمڕۆ ناتوانین هەروا بەئاسانی بگەڕێینەوە بۆ بەهاکانی سەردەمی ڕۆشنگەری، چونکە دووسەد ساڵێک نێوانمانە. دووسەد ساڵی پڕ لە ئەزموون و دەسکەوت و قوربانیدان، بەڵام هاوکات پڕ لە ماڵوێرانی و تراجیدیا و سەرەڕۆییش. سەرەڕای ئەوەش ناتوانین کەلەپووری سەردەمی ڕۆشنگەریی سەرلەبەر بسڕینەوە یاخۆ لەناوی بەرین، وەک ئەوەی "فۆکۆ" و هاوڕێکانی کردیان. چونکە کەلەپووری ڕۆشنگەریی کەلەپووری خۆمانە و جێی شانازییە و سەرچاوەی نوێبوونەوە و پێشکەوتنمانە.. هاوکات لە دواجاردا فەیلەسووفانی تەفکیک بۆ خۆیان ناچاربوون دان بە هەڵەکانی خۆیاندا بنێن. ئەوەبوو "میشیل فۆکۆ" لە کاتێکدا ڕەخنەی لە ئەزموونی مافەکانی مرۆڤ دەگرت لە خۆرئاوادا، لە پۆڵۆنیا داکۆکی لە سەندیکای هاوکاری دەکرد دژ بە ڕێژیمی کۆمۆنستی.

واتە لەسەر ئاستی تیۆری ڕەخنەی مافەکانی مرۆڤی دەکرد و بەعەمەلیش بەرگری لە مرۆڤی چەوساوە و ماف خوراو دەکرد، ئەمەش بۆ خۆی دووفاقییەتێکی ڕوون و ئاشکرایە. "ژاک دێریدا"ی فەیلەسووفیش دوای ئەوەی لە سەرەتای هەشتاکاندا (واتە لە سەردەمی دەسەڵاتی کۆمۆنیستەکاندا)، لەگەڵ پۆلیسی چیکۆسلۆڤاکیدا ڕووداوێکی ناخۆشی

بەسەردا هات بەخۆیدا چووەوە. کاتێک فەیلەسووفانی ئەو وڵاتە "دێریدا" یان داوەت کرد بۆ ئەوەی لە براگ لێکچەرێک پێشکێش بکات، لە فڕۆکەخانە پۆلیس بڕێک مادەی بێهۆشکەریان کردە جانتاکەیەوە و تاوانباریان کرد بەوەی ئەو مادەیەیان پێ گرتووە. پۆلیسی چیکۆسلۆفاکی بۆ ماوەی دوو ڕۆژ دەسگیریان کرد و حکوومەتی فەرەنسایش لەپێناو ئازادکردنیدا هەوڵی بێشوماری دا. کە گەڕایەوە پاریس ئەو ڕووداوەی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا باس کرد و وتی: (من هەموو تەمەنی خۆم لەپێناو لەبەر یەک هەڵوەشانی میتافیزیکای خۆرئاوا و ئیتنۆ سەنتەریزمی ئەوروپاییدا بە خەرج دا، کەچی وا ئێستا سیستەمە سۆسیالیستییەکان تاوانبارم دەکەن بەوەی بازرگانی بە مادە بێهۆشکەرەکانەوە دەکەم!..).

دوای ئەم ڕووداوە "دێریدا" هەستی بە پەشیمانی کرد، لە بەرامبەر ئەو شاڵاوە توندانەی لە ڕابردوودا کردبوویە سەر فەلسەفەی هیومانیزم و ئیعترافی کرد کە هەر ئەو دەتوانێت ئازادییە فەردییەکان بپارێزێت. ڕاستە هیومانیزمی ئەوروپایی بێ کەم و کوڕی نییە، بەڵام زۆر لەوانی تر چاکتر و باشترە. ئەوکات تێگەیشت کە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە دیموکراسییەکان پڕوپووچ و بێمانانین، وەکی مارکسیستەکان باسی دەکەن.

٣- لە هەلومەرجێکی وەهادا "لۆک ڤێری" و "ئالان رینۆ"، دەیانەوێت فەلسەفەیەکی مرۆگەریی ڕاستەقینە (نەک میتافیزیکی و ئەپستراکت) بهێننە ئاراوە. لەم ڕووەوە ئەوان باس لە ئیجابیاتێکی گرینگی "فۆکۆ" و هاوڕێکانی دەکەن، ئەویش ئەوەیە هەستاون بە ڕەخنەکردنێکی توندی فەلسەفەی هیومانیزمی میتافیزیکی. ئەمەش مانای ئەوەیە هەرچییەک "فۆکۆ" کردوویەتی هەڵە نەبووە، چونکە گەر وابوایە ئەوا ئەو هەموو گرینگییەی پێ نەدەدراو ئەو ناوبانگە زۆرەشی پەیدا نەدەکرد، بەڵام دەبێت بڵێین زۆر پێی لێی هەڵبڕی و ڕەخنەکانیشی هەموو سنوورێکیان بەزاند. ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە شتەکان بخەینەوە جێگای خۆیان، "لۆک ڤێری و

ئالان رینۆ‌'ش له ئێستادا ئەمه دەکەن. ئەڵبەته کارێکی باشیش دەکەن.

ڕاسته لێره بەدواوه ناتوانین بەشێوەیەکی زۆر گەشبین و خۆشباوەڕانه و ئەبستراکتانه، وەکو فەیلەسووفەکانی ڕۆشنگەریی سەدەی هەژدەم بڕوا به مرۆڤ بهێنین یاخۆ متمانه به مرۆڤ و بەهاکانی فەلسەفەی هیومانیزم بکەین، چونکه لەنێوان ئێمه و ئەواندا ئەزموونی فاشیزم و نازیزم و وەحشیگەری ستالینیزم ڕوویان دا واته ئێمه ئێستا له جاران زیاتر واقیعترین و کەمتر گەشبینین. هەروەها کەمتر خۆشباوەڕین، لەبەرئەوەی باجێکی گەورەمان دا، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانه دەستبەرداری بڕواکانمان نابین به فەلسەفەی هیومانیزم. واته پابەندی بەهای پێشکەوتن و ئەقڵانییەت و ئازادی دەبین بۆ تەواوی گەلانی سەرزەوی، نەک تەنیا بۆ گەلانی ئەوروپایی و خۆرئاوایی.

## فەلسەفەی سیاسیی هاوچەرخ

فەلسەفەی سیاسیی هاوچەرخ کتێبێکی گرینگ و بێگرێ و گواڵە و بەم دوایانە، بیریاری فرەنسایی "کرسیتیان دولاکمبانییە" بە چاپی گەیاندووە. نووسەری ئەم کتێبە مامۆستایە لە یەکێک لە زانکۆکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و پێشتریش لە بۆستن هەڵسووڕاوی ڕۆشنبیریی فرەنسا بووە. بەمجۆرە دەتوانین تایبەتمەندیی ئەو لەوەدا ببینین کە وەکو یەک ئاگاداری ئەو گفتوگۆ و مشتومڕانەی ناو ئەمەریکا و ئەورووپایە. "دولا کمبانییە" سەرەتای کتێبەکەی بەم پرسیارە دەست پێ دەکات: (فەلسەفەی سیاسی چییە؟). لە وەڵامدا دەڵێت: (ئەو فەلسەفەیەیە کە گرینگی بەم مەسەلە سەرەکییانەی لای خوارەوە دەدات.

– مەسەلەی ئازادی.

– مەسەلەی دادپەروەری.

– مەسەلەی دیموکراسی.

– هەروەها مەسەلەی سیستەمی نوێی جیهانی).

ئەو پێیوایە بەرواری ٩ نۆڤەمبەری ١٩٨٩، بەدەسپێکی قۆناغێکی نوێ لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دادەنرێت. تایبەتمەندی ئەم قۆناغە نوێیەش، بریتییە لە سەرکەوتن و بە جیهانیبوونی سیستەمێکی ئابووری دیاریکراو ئەویش سەرمایەدارییە. کە دەڵێن (بەجیهانیبوون) مەبەستمان تەعمیمکردنیەتی بەسەر تەواوی جیهاندا. تایبەتمەندییەکی تری ئەم قۆناغە بریتییە لە سەرکەوتنی سیستەمی دیموکراسی خۆرئاوا، بەو پێیەی چاکترین سیستەمێکە کە مومکین بێت یاخۆ خراپی لە چاو سیستەمەکانی تردا

کەمترە، وەکو "چەرچل" دەڵێت.

پرۆفیسۆر "کریستیان دولا کمبانییە" پێیوایە مەسەلەی (باشترین سیستەمی سیاسی کامەیە؟)، کۆنترین مەسەلەیەکە ڕووبەڕووی فەلسەفەی سیاسی بووبێتەوە. وەک دەزانرێت دامەزرێنەری ئەم فەلسەفەیە، بەر لە دوو هەزار و پێنجسەد ساڵ لە ئێستا "ئەفلاتوون" بووە. بۆ ئەم مەبەستەش کتێبێکی گەورەی بەناوی (کۆمار)ەوە تەرخان کرد و تەواوی فەیلەسووفەکانیش کە بەدرێژایی مێژوو لە دوای "ئەفلاتۆن"ەوە هاتوون، لە هەوڵی ئەوەدا بوون دەستنیشانی ماهییەتی چاکترین سیستەمی سیاسی بۆ حوکمکردن بکەن.

بەڵام ئایا دوای بیست و پێنج سەدە، گەیشتینە ئەوەی دەستنیشانی ئەدگار و خەسڵەتەکانی ئەم سیستەمە بکەین؟ ئایا دوای تێ ئاوارەبوون و سەرگەردانییەکی زۆر، دەستمان بەو سیستەمە گەیشت و دۆزیمانەوە؟ ئایا گەیشتینە ئەو یۆتۆپیایەی "فارابی"و کەسانی وەک ئەو خەونیان پێوە دەبینی؟! "فرانسیس فۆکۆیاما" ئەو پیاوەی دە ساڵ بەر لە ئێستا بە بڵاوکردنەوەی کتێبە بەناوبانگەکەی (کۆتایی و مێژوو و دواین مرۆڤ) هەڵڵایەکی گەورەی نایەوە، پێیوایە ئێمە بەو جێگایە گەیشتووین؟

سێ ساڵ دوای ڕووخانی دیواری بەرلین "فۆکۆیاما" وتی: (ئەم ڕووداوە تەنیا مانای کۆتایی هاتنی شەڕی سارد ناگەیەنێت، بگرە هاوکات مانای وایە کە مۆدێلی دیموکراسی لیبرالی بەیەکجار بەسەر سیستەمی تۆتالیتاری کۆمۆنستیدا سەرکەوتنی بەدەست هێنا). پاشان پشتی بە فەلسەفەی "هیگل" بەست، تاڕایبگەیەنێت کە مرۆڤایەتی بە ئەوجی پێشکەوتنی خۆی گەیشتووە. دوای ئەوەی تەواوی میللەتانی سەر گۆی زەوی (وەکی سیستەمی حوکمکردن)، دانیان بەوەدانا کە دیموکراسی لیبرالی بۆڕی تەواوی سیستەمەکانی تری داوەتەوە و لە پێش

هەموویانەوەیە، ئەوا دەتوانین قسە لەوە بکەین کە مێژووی مرۆڤایەتی بە ئامانج و کۆتایی خۆی گەیشتووە، واتە مێژوو کۆتایی هات و گەیشتە دوا مەنزڵی خۆی. "فۆکۆیاما" لە تێزە بەناوبانگەکەیدا باس لەمە دەکات.

بەڵام هێندەی نەبرد فەیلەسووف و بیریارانی زانستە سیاسییەکان، وەڵامیان دایەوە و کەوتنە ڕەخنەکردنی تێزەکەی. بۆ نموونە "جان ماری بینوا" ساڵی ١٩٩٣ کتێبێکی گرینگی بەناوی (پایانی دیموکراسی) بڵاو کردەوە. لێکۆڵیاری ئەمەریکاییش "بنیامین باربێر" ساڵی ١٩٩٥ کتێبێکی گرینگی لەژێر سەردێری (جیهاد لە بەرامبەر مەکجیهان)دا بە زمانی ئینگلیزی بڵاو کردەوە و دەستبەجێش وەرگێڕدرایە سەر زمانی فرەنسی.

"سامۆئیل هانتنگتۆن"یش وەکی "فۆکۆیاما" هەڵلایەکی زۆر زیاتری نایەوە، کاتێک ساڵی ١٩٩٦ کتێبە بەناوبانگەکەی (پێکدادانی شارستانییەتەکانی) بڵاو کردەوە. هەرچی "جاک دێریدا"ی فەیلەسووفیشە، بەرپەرچی تێزەکانی "فۆکۆیاما"ی دایەوەو نووسی: (مارکس نەمردووە و هێشتا دوا قسەی خۆی نەکردووە. ئەم سەرکەوتنە بێ وێنەیەی سەرمایەداری بەسەر کۆمۆنیزمدا، یەکجاری نییە و تائێستاش سەرمایەداری بەدەست کێشەگەلێکی بێشومارەوە دەناڵێنێت. بۆیە دەبێ زۆر بەو سەرکەوتنەوە خۆمان بانەدەین).

"دێریدا" هەموو ئەوانەی بە دوور و درێژی لە کتێبەکەیدا (تارماییەکانی مارکس) باس کردووە. لای خۆیەوە "جان ماری بینوا" پێیوایە، ئەو پێوەندییەی لە سایەی سیستەمە دیموکراسییە کلاسیکییەکاندا هاووڵاتی بەگرووپ یاخۆ بە سیستەمی حوکمەوە دەبەستەوە، هەنووکە بەرەو لەبەر یەک هەڵوەشان و داڕمان دەچێت. ئەوەتا هەنووکە بڕیارە سەرەکییەکانی دەوڵەت لەلایەن گرووپەکانی پاڵەپەستۆ دەردەچن، ئەو گرووپانەی لەپشتی پەردەوە کار دەکەن و کەس نایانبینێت، هەر ئەمەشە دیموکراسی لە هەموو

مانایەک بەتاڵ دەکاتەوە.

لێکۆڵیارە ئەمەریکاییەکانی تری وەک "برزنسکی و هانتنگتۆن و بابێر و هۆڤمان"، بۆچوونیان بەپێچەوانەی بۆچوونی "فۆکۆیاما"وەیە و پێیانوایە لە دوای کۆتایی شەڕی ساردەوە ڕووبەڕووی شەڕ لە جیهاندا تا دێت فراوانتر دەبێت. ئەوەی لە بەڵکان و یوگسلافیای پێشوو و ئەفریقیا و چەند ناوچەیەکی تری جیهاندا ڕوویان دا، بەڵگەی حاشا هەڵنەگرن. سەرەڕای ئەوەش جیهان بووەتە دنیایەکی فرە جەمسەر. ئەگەرچی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا خۆی وەک تاکە زلهێزی دنیا نیشان دەدات، بەڵام کەس ناتوانێت ڕۆڵی ئەوروپای خۆرئاوا و ڕووسیا و چین و یابان و هندستان ( کە ڕەنگە بەم زووانە بێتە ڕیزەوە)، بەهێز وەرنەگرێت و نکۆڵییان لێ بکات.

ئەو لێکۆڵیارانە وای بۆ دەچن تەشەنە سەندنی شەڕ لە ناوچە جیاجیاکانی جیهاندا، دەبێتە مایەی پشێوی و نائارامی و گەورەترین هەڕەشە بۆ سەر دیموکراسی. هاوکات ڕووداوەکانی دە ساڵی ڕابردووی جیهان، ڕاستیی تێزەکانی "فۆکۆیاما" بە درۆ دەخەنەوە، چونکە دیموکراسی وەکی سیستەمێکی سیاسی تائێستا لەلایەن زۆر وڵاتانی جیهانەوە کاری پێ ناکرێت و دژایەتی دەکرێت. کەواتە سەبارەت بەم مەسەلەیە پێشبینییەکەی "فۆکۆیاما" ڕاست دەرنەچوو.

دیموکراسی بەشێوەیەکی فیعلی تەنیا لە ئەوروپا و وڵاتە یەکگرتووەکان و کەنەدا و یاباندا کاری پێ دەکرێت، لەو وڵاتانەشدا بێ خەوش و بێ کەموکوڕی نییە. هەرچەندە وڵاتانێک هەن خاوەن پەرلەمانن و هەڵبژاردن ئەنجام دەدەن، بەڵام ئەندامەکان بەشێوەیەکی دروستی هەڵنابژێردرێن. بۆ نموونە ڕووسیا بە بەردەوامی پەرلەمانی هەبووە، هەر لە "نیکۆڵای دووەم"ەوە تا "ستالین" و "یەڵتسن"، بەڵام ڕۆژێک لە ڕۆژان دیموکراسی نەبووە.

ڕووسیا لە هەوڵی ئەوەدایە ببێتە وڵاتێکی دیموکراسی، کەچی تائێستا نەبووە.

با دواجار بپرسین: (کامەیە سیستەمی دیموکراسی؟). لە وەڵامدا نووسەری ئەم کتێبە دەڵێت: (ئەو سیستەمەیە کە بەشێوەیەکی عەمەلی ڕێز لە سێ پرەنسیپی سەرەکی دەگرێت)، ئەو پرەنسیپانەش تەنیا لە سایەی سیستەمێکی پەرلەمانیدا ئەگەری مانەوەیان هەیە. ئەو سێ پرەنسیپەش وەکی هەندێک پێیانوایە ناگەڕێتەوە بۆ یۆنان، بگرە بەرهەمی دەستی سێ لە فەیلەسووفانی سەردەمی نوێیە:

- پرەنسیپی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ "جۆن لوک".
- دووەم بۆ "جۆن لوک و مۆنتسکیۆ".
- سێیەمیش بۆ "جان جاک ڕۆسۆ".

هەر سێ ئەو فەیلەسووفەش سەر بە ڕۆژگاری فەردانییەتی لیبرالیزمن.

یەکەمین پرەنسیپ (لێکبووردن)ە. بۆ ئەمە پێویستە دەوڵەت لە چوارچێوەی سنووری دەسەڵاتی خۆیدا، ئازادی ڕادەربڕین (سیاسی، ئاینی، فەلسەفی) دەستەبەر بکات. بەمەرجێک هیچ یەک لەو بیروڕایانە نەبنە مایەی ئاشووب و نائارامی لەناو کۆمەڵگەدا. پرەنسیپی دووەم باس لە پێویستیی لێک-جیاکردنەوەی هەر سێ دەسەڵاتەکان دەکات: (یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەری). دەسەڵاتی یاسادانانیش سزای ئەو کەسانە دەدات کە سەرپێچی ئەو یاسایانە دەکەن، تەنانەت گەر بێتو خودی دەسەڵاتداران خۆشیان بن! ئەم پرەنسیپە مەبەستی دامەزراندنی دەوڵەتی (ماف و یاسا)یەو جیاوازە لە دەوڵەتی بەر لە خۆی کە تەنیا لەسەر زەبر و زۆر و ستەمکاری دروست بوو بوو. سێیەمین پرەنسیپ کە مەرجی هەموو دیموکراسیەتێکە و بەبێ ئەو دیموکراسی بەر قەرار نابێت، پرەنسیپی دادپەروەرییە.

دیموکراسی ڕاستەقینە نابێت ڕووکەش بێت و لە یەکسانی و دادپەروەری خاڵی بێت. مرۆڤ چی لە ئازادی بکات گەر نانی نەبێت بیخوات؟! کەواتە دیموکراسی هەر بەتەنیا لایەنی یاسایی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی ناگرێتەوە کە ناوەڕۆک و جەوهەری سیستەمی دیموکراسییە، بگرە لایەنی مادی و ئابووریش دەگرێتەوە. بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کە دیموکراسی دەتوانێت جیاوازی چینایەتی بسڕێتەوە و هەموو هاووڵاتیان وەک یەک لێ بکات. ئاشکرایە ئەم جیاوازییە هەر دەمێنێت، بەڵام نابێت جیاوازییەکی زەق و گەورە بێت. ئێستا پرسیارێکی تر دەکەین: (مەبەستمان لە ئازادی چییە؟ ئایا دەبێت پرەنسیپی لێکبووردن، دوژمنانی، لێکبووردن-یش بگرێتەوە؟).

بەواتایەکی تر ئایا هێزە توندڕۆکان ( لە ناسیۆنال و فێندە مێنتالستەکان)، مافی ئەوەیان هەیە کەشوهەوای دیموکراسی بقۆزنەوە و بکەونە پڕوپاگەندەکردن بۆ ڕق و تەفرەقە و هەندێ جاریش بۆ ڕەواجدان بەکاری تیرۆرستی؟ بێگومان نەخێر، دیموکراسی بۆ دوژمنانی دیموکراسی نییە. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەم مەسەلەیە "دولاکمبانییە" دەنووسێت: (لە کاتێکدا کە بە نووسینی ئەم بابەتەوە خەریکم، لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت زیاد لە چوارسەد ماڵپەڕ پڕوپاگەندە بۆ نازیزمە نوێیەکان دەکەن. کەواتە دەبێت چی لە بەرامبەر ئەو بزاوتە ڕاستە توندڕەوانەدا بکەین کە ئێستا لە ئەوروپادا برەویانە و داوا دەکەن، تەنگ بەبیانییەکان هەڵبچنرێت و سووکایەتییان پێ بکرێت؟ دەکرێت هەمان شت لەبارەی فێندە مێنتالستە توندڕۆکانیشەوە بڵێین. ئەوانەی توندوتیژییەکی ڕەمزی و جەستەیی، بەرامبەر هەریەکێک کە سەر بە ئاین و ئاینزای خۆیان نەبێت بەگەڕ دەخەن).

لە واقیعدا هەردوو ئەم بزاوتە، هەڕەشەن بۆ سەر پرۆسەی دیموکراسی و بەرپەرچدانەوە و بەگژاچوونەوەشیان ئەرکی سەرشانی دیموکراسیخوازانە، چونکە ئازادی بۆ دوژمنانی ئازادی نییە. هەروەها مەسەلەیەکی تریش

هەیە، تایبەتە بە پێوەندی نێوان دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری.

هەندێک جار دەسەڵاتی جێبەجێکردن (واتە حکوومەت)، هەوڵ دەدات خۆی لە چاودێری دەسەڵاتی "یاسادانان" یاخۆ "پەرلەمان" بدزێتەوە، ئەمەش دەبێتە مایەی دروستکردنی جۆرە پشێوییەک لە مومارەسەکردنی دیموکراسیدا، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە دیموکراسیی نوێنەرایەتیکردن هەر لە بنەڕەتەوە بێ کەڵک و خراپە، یاخۆ لە سیستەمی دیموکراسی ڕاستەوخۆ کەمتر دیموکراسی ترە وەک هەندێک لە چەپی توندڕۆ پێیان وایە، (ئیتر ئانارشتیتی بن یان مارکسی)، بگرە بەو مانایە دێت کە مومارەسەکردنی دیموکراسی و پراکتیزەکردنی بەشێوەیەکی فعلی، پرۆسەیەکی قورس و دژوارە. بۆیە پێویستە هەموو کات هاووڵاتیان وریا و چاوکراوە بن، چونکە ئەوە ئەوانن نوێنەرانی گەل دەستنیشان دەکەن و هەر ئەوانیش دەتوانن (ئەگەر بیانەوێت)، دووچاری شکستیان بکەن و لەو جێگەیەدا نەیانهێڵن. هەروەها لە دەستی ئەواندایە، سەرکۆمار هەڵبژێرن و متمانەشی لێ بسەننەوە و کۆتایی بەدەسەڵاتی بهێنن.

هاوکات کێشەیەکی تریش هەیە، پەیوەستە بەو ململانێیەوە کە ڕەنگە لەنێوان دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دادوەریدا دروست بێت. بەو پێیەی زۆربەی کات دادوەران لەلایەن حکوومەتەوە دەستنیشان دەکرێن، ئەوا کارێکی قورسە بەلایانەوە وەزیر و فەرمانڕەوایان قەناعەت پێ بکەن بەوەی هیچ کەس لە سەروو یاساوە نییە.

بەم دواییانە لە چەند وڵاتێکی دیموکراسی وەک فەرەنسا و ئەڵمانیا... هتد، هەڵلایەکی گەورە لەسەر چەند مەسەلەیەکی گەندەڵی دروست بوو، بەڵام کەس نەیتوانی ئەو لێپرسراوانە ڕاکێشێتە بەردەمی دادگا، تەنیا ئەوکاتە نەبێت کە لە دەسەڵاتدا نەمان! ئەمەش یەکێکە لە خاڵە لاوازەکانی

سیستەمی دیموکراسی.. پێویستە بزانین سیستەمی دیموکراسی هەندێک کەموکوڕی تێدایە، هەر لەبەرئەوەشە بەچاکترین خراپ ناونووسمان کرد و نەمانوت دیموکراسی باشترین سیستەمی سیاسییە، چونکە ڕەنگە مرۆڤایەتی لە سەدەکانی داهاتوودا دەستی بە سیستەمێکی چاکتر لەو بگات، یان ڕەنگە دەسکاری بکات و چاکسازی تێدا بکات تا کەموکوڕی کەمتر بێت.

بەم دواییە گەورەترین هێرشێک کرابێتە سەر سیستەمی دیموکراسی لەلایەن چەپی ڕادیکاڵی توندڕۆوە بوو، لە پێش هەمووشیانەوە "میشێل فۆکۆ"ی فەیلەسووف. "فۆکۆ" دیموکراسی خۆرئاوایی بەوە تاوانبار کرد کە جگە لە گەمەیەکی بێ تام هیچی تر نییە. تەنیا مەبەستیشی ئەوەیە ئەو شەڕ و ململانێیەمان لەبیر بەرێتەوە کە لەنێوان سەردەستە و ژێردەستەکاندا لە ئارادایە. سیاسەتیش درێژەدانە بەم شەڕە کۆمەڵایەتییە، بەڵام بەشێوازێکی جیاوازتر لە کوشت و بڕین. ئەم حەقیقەتەش "ماکیاڤیللی" بەر لە "مۆنتسکیۆو مارکس" پەی پێ برد.

وەک ئاشکرایە مارکسیزم بە بەردەوامی هێرشی دەکردە سەر دیموکراسی لیبرالی، بەبیانووی ئەوەی دیموکراسییەتێکی ڕووکەش و بەتاڵە.. کوا مافی کرێکاران و کوا یەکسانی و دادپەروەری؟ گەر بێتو ملیاردێرێک خۆی بۆ هەڵبژاردن کاندید بکات، ئایا فەرمانبەرێکی ئاسایی یان کرێکارێک یاخۆ تەنانەت مامۆستایەکی زانکۆش دەتوانن ببنە کێبەری؟ ئایا پارەو سەرمایە نەبووەتە هەموو شتێک لەم کۆمەڵگە دیموکراسییانەدا، جڵەوی هەموو شتەکانیان لەدەستدا نییە؟

هەنووکە و دوای هەرەسی کۆمۆنیزم، تیۆریای "فۆکۆ" و بەشێوەیەکی گشتیش تیۆریای "مارکسیزم" پاشەکشەیان کردووە و پەراوێز کەوتوون. هیچ کەسیش وەک یەک تەماشاکردنی کۆمۆنیزم و لیبرالیزمی قبووڵ نییە،

وەکی ئەوەی ''فۆکۆ'' لە حەفتاکاندا دەیکرد. ئەگەرچی دەشزانین دیموکراسی خۆرئاوا خەوش و کەموکوڕی خۆی هەیە..

ئازادی یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی سیستەمی دیموکراسی و کەم تا زۆریش دەتوانین بە بەهایەکی تازە ناودێری بکەین، لەبەرئەوەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەردەمی ڕێنیسانس و لە هەمان کاتیشدا پەیوەستە بە ڕێبازی فەردانییەتی نوێوە. بەڵام بۆ ئەوەی سیستەمێک بەفیعلی دیموکراسی بێت هەر بەتەنیا ئازادی بەس نییە، بگرە پێویستە بەهایەکی تری سەر بار بخەین کە لە ڕووی گرینگییەوە هیچی لە ئازادی کەمتر نییە، ئەویش عەدالەتی کۆمەڵایەتییە. کەواتە با بپرسین دادوەری چییە؟ ئەگەر سۆراخکردنی چاکترین سیستەمی سیاسی، کۆنترین مەسەلەیەک بێت فەلسەفەی سیاسی پێیەوە سەرقاڵ بووبێت، ئەوا تێرمی دادپەروەری کۆنترین تێرمێکە ئەم زانستە بەخۆیەوە بینیبێت. بۆ نموونە ''ئەفلاتۆن'' باسی لەوە دەکرد کە چاکترین سیستەمی سیاسی ئەو سیستەمەیە، دادپەروەری لە کۆمەڵگەدا بەرقەرار کات.

لێرە بەدواوە پێویستە کەم تا کورتێک باس لە سیستەمی نوێی جیهانی بکەین. پرۆفیسۆر ''کریستیان دولاکمبانییە'' پێی وایە بیرۆکەی سیستەمی نوێی جیهانی، سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ خواست و ویستی کۆمەڵێک سیاسەتمەدار و ڕۆشنبیر کە زۆر لە زووەوە بیریان لەم مەسەلەیە کردووەتەوە. ئەویش بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشە نێودەوڵەتییەکان، بەڕێگەچارەی ئاشتی و یاسایی لەبری چارەسەری سەربازی. بەواتایەکی تری ئەو فەیلەسووف و سیاسەتمەدارانە مەبەستیان ئەوەبوو پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان ڕاست بکەنەوە یاخۆ زیاتر ئەخلاقییانەتر بێت، بەڵام گەر بمانەوێت ئەم خواستە بێنینە دی ئەوا دەبێت ئەو هەلومەرجەی ئێستا لە ئارادایە بیگۆڕین.

پێویستە ڕەخنە لەو بۆچوونە باوە بگرین کە لە سەدەی شازدەوە لە ئارادایە و پێی وایە دەسەڵاتێک نییە لەسەر زەوی، سەروو دەسەڵات و سەروەریی دەوڵەتی نەتەوەیی بکەوێت. دەوڵەتی نەتەوە بەدرێژاییی چوار سەدەی ڕابردوو لە ئەورووپادا باڵادەست بوو، لەو ماوەیەشدا پێشکەوتن و دەسکەوتی مەزن بەدی هاتووە، نموونەکانی وەک: (پێشکەوتن لە بواری زانست و تەکنۆلۆجیا و بەرهەمی ئابووریدا)، بەڵام ڕەنگە دەوڵەتی نەتەوە بگۆڕدرێت بە دەمارگیری نەتەوەیی یاخۆ ببێت بە خۆپەرستییەکی ئەتنیکی، ئەمەش دەبێتە مایەی هەڵایسانی شەڕ لەنێوان نەتەوەکاندا.

لەماوەی دوو شەڕی کاولکاری جیهانیدا ئەمە ڕووی دا، لەبەر ئەوە زۆر کەس بەم دواییانە کەوتنە ڕەخنەکردنی دەوڵەتی نەتەوە و داوای ئەوە دەکەن، ئەو فۆڕمە جێ بهێڵن و قەوارەیەکی بەرفراوانتر و گەورەتر دروست بکەن. بۆ نموونە وەکی یەکەتی ئەورووپا یان تەنانەت بەجیهانیبوونێکی سەرانسەری و دامەزراندنی سیستەمێکی نوێی جیهانی کە سنووری دەوڵەتی نەتەوەیی ببەزێنێت، بێتە ئارا.

''ئیمانوێل کانت''ی فەیلەسووف یەکەمین کەسێک بوو کە بەر لە دووسەد ساڵ لە ئێستا بۆچوونێکی لەم جۆرەی پێشنیاز کرد، ئەم پێشنیازەشی لە ڕێگەی دوو کتێبەوە کرد: (عەقیدەی یاسا و لە پێناو ئاشتییەکی هەمیشەی لەنێوان نەتەوەکان)دا. بە نووسینی ئەم دوو کتێبە، توانی ماوەیەکی زۆر پێش سەردەم و زەمانی خۆی بکەوێت. ''کانت'' پیاوێک بوو زۆر دوور دەیڕوانی. لە ڕۆژگاری ئەودا هەروا ئاسان نەبوو کەسێک بێت و خەون بەهێنانە ئارای یاسایەکی نێودەوڵەتی یان کۆسمۆپۆلێتییەوە ببینێ، بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە و گرفتانەی لەنێوان نەتەوەکاندا دروست دەبێت. ئەوەی ''کانت'' وەک ئەوە وایە ئەو دووسەد ساڵ بەر لە هاتنە ئارای (بەجیهانیبوون)، خەونی بەو دیاردەیەوە بینیبێت.

گۆی زەوی بووەتە یەک جیهان. ئەمە لە کاتێکدا بەدرێژاییی چەندین سەدە هەر ناوچەیە و بەسەر خۆیدا داخراو بوو، بێباک بوو لەوەی لە ناوچەکانی تر چی ڕوو دەدات. هەنووکە شتی وا ئەستەمە و ناکرێت.. بەڵام تائێستا کۆ دەنگییەک لەسەر سیستەمی نوێی جیهانی نییە، هەندێک گومانی لە تواناکانی هەیە و هەندێکی کەش تەنانەت گومان لە بنەماکانی و ڕەوایەتیشی دەکەن. ئەوانە باس لەوە دەکەن کە مافی دەسوەردانە کاروباری وڵاتان لەلایەن سیستەمی نوێی جیهانییەوە، بنەمایەکی یاسایی دیاریکراوی نییە و جیهانیش بەشێوەیەکی یاسایی بەسەر خێرخواز و شەڕخوازدا دابەش ناکرێت و.. هتد. هەرچەندە سیستەمی نوێی جیهانی توانا و لێهاتوویی خۆی لە چارەسەرکردنی کێشەی یوگسلافیا و ڕزگارکردنی کوەیتدا سەلماند، بەڵام تائێستاش لە چارەسەرکردنی هەندێک کێشەی گەورەتردا دەستەوستانە و سەرکەوتوو نەبووە.

## فرەنسا لە سەردەمی ڕێنیسانسدا

بریا ئێمەیش سەرچاوەگەلێکی ئەکادیمیی باوەڕپێکراومان لەبارەی سوریا و عێراق و میسر و عەرەبستانی سعوودیە و یەمەنەوە و.. هتد، دەبوو. بۆ نموونە لە سەدەی شازدەدا یان هەر سەدەیەکی تردا. بریا ئێمەیش فەرهەنگێکی وەک ئەم فەرهەنگە فرەنسییەمان دەبوو کە باس لە هەموو لایەنەکانی مەعریفە دەکات، لە ساتەوەختێکی دیاریکراودا. مێژوونووسان کۆکن لەسەر ئەوەی سەردەمی ڕێنیسانس لە ئیتاڵیا دەستی پێ کرد و پاشان گەیشتە فرەنسا و ئەڵمانیا و ئینگلستان، تا لە دواجاردا بوو بە دیاردەیەکی گشتی ئەوروپاییانە. لەو ساتەوە ئیتر ئەوروپا قەڵەمبازێکی شارستانی دا و توانی بۆڕی جیهانی ئیسلامی بداتەوە کە لەژێر سایەی حوکمڕانیی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا بوو. بەڵام بابزانین ڕێنیسانسی ئەوروپایی چۆن چۆنی دەستی پێ کرد و هۆکارەکانی چین؟

ئەم کتێبە کە کۆمەڵێک نووسەر نووسیویانە و بریتین لە تیمێکی توێژەرەوانی فرەنسا، هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەدەن. دەکرێت لێرەدا ناوی هەندێک لەو توێژەرانە بەرین کە لە نووسینەوەی ئەم فەرهەنگەدا بەشدار بوون، لەوانە: "ئارلیت جوانا" مامۆستای زانکۆی "پۆل ڤالێری" لە شاری مۆنتبلیێ. ئەم خانمە لێکۆڵینەوەیەکی دوور و درێژی لە دەستپێکی ئەم فەرهەنگەدا نووسیوە بە ناونیشانی: (سەردەمی ڕێنیسانس لە فرەنسا لەنێوان سالانی ١٤٧٠ - ١٥٥٩)دا. هەروەها هەریەک لە "دۆمینیک بیلۆگی و گی لۆتییک" کە مامۆستای هەمان زانکۆن، بەشداریی پرۆژەکەیان کردووە و لێکۆڵینەوەیەکی گرینگیان لەبارەی دراوسێکانی فرەنسا و وڵاتە رکابەرەکانی فرەنسا لەو سەردەمەدا نووسیوە کە بریتی

بوون له: (پورتوگال و ئیسپانیا و ئینگلستان و هۆڵەندا و نەمسا و ئیتاڵیا و ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی).

دوای ئەم دوو لێکۆڵینەوەیە کە ژمارەی لاپەڕەکانیان دەگاتە زیاد لە (٥٠٠) لاپەڕە، بە فەرهەنگێکی تەواو دەست پێ دەکات لەبارەی ئەو بابەت و تێرمە سەرەکییانەی پێوەندییان بە سەردەمی ڕێنیسانسەوە هەیە. بێگومان ئەمە فەرهەنگێکی زۆر بەسوودە بۆ ئەوانەی دەیانەوێت لە باس و خواسی ئەو ڕۆژگارە مەزنەدا قووڵ ببنەوە، بۆ نموونە لەو فەرهەنگەدا دەتوانیت باسێکی تەواوت لەبارەی "ئەفلاتۆن و ئەرستۆ"و.. کەسانی وەک ئەوان دەست بکەوێت. پرسیارێک لێرەدا خۆی بەیان بکات ئەوەیە ئایا "ئەرستۆ" بەلای ڕۆشنبیرانی فرەنسای سەردەمی ڕێنیسانسەوە چی دەگەیاند؟ چۆن تێی دەگەیشتن و چۆن چۆنی فیکری ئەویان لەپێناو هەستانەوەدا بەکارهێناوە؟ یاخۆ چۆن لە "ئەفلاتوون" گەیشتوون؟

هەر لەم فەرهەنگەدا لێکۆڵینەوەیەکی تێدایە، لەبارەی "ئیراسموس" کە بەناوبانگترین بیریاری سەردەمی ڕێنیسانسە. ئەم پیاوە فرەنسی نەبوو، بگرە بەڕەچەڵەک هۆڵەندی بوو، بەڵام هەر ڕۆژەو لە وڵاتێکی ئەوروپاییدا ژیاوە. لەو سەردەمەدا کاریگەرییەکی زۆری هەبووە، لەبەرئەوە بە (میری ڕابوونخوازەکان) نێوبانگی دەرکرد و ئەو نازناوەیان دایە. ئەم فەرهەنگە بۆ خوێندکارانی خوێندنی باڵا و لێکۆڵیاران بەسوودە، چونکە لە ڕووی (کولتووری و هونەری تەلارسازی و ئابووری و سیاسی و ژیانی ئاینی و.. هتد)، زانیاریی پێویست بەردەست دەخات.

بەکورتییەکەی ئەم فەرهەنگە ڕووپێوکردنێکی هەمەلایەنەی ژیانی گەلانی فرەنسایە لە سەدەی شازدەدا و پڕییەتی لە زانیاری ورد و پێدراوی باوەڕپێکراو و شیکردنەوەی قووڵ. بریا ئێمەش فەرهەنگێکی لەم جۆرەمان دەبوو. مرۆڤ خەم دای دەگرێت کە ئەو هەموو پێشکەوتنە گەورەیە لە بواری لێکۆڵینەوەی ئەوروپاییدا دەبینێت و خۆزگە دەخوازێت، ڕۆژێک بێت و لە

جیهانی عەرەبیشدا ئەو پێشکەوتنە ڕوو بدات.

"ئارلیت جوانا" لە سەرەتاوە دەنووسێت: (لە سەردەمی ڕۆشنگەری کە سەردەمی خەڵکانی سەدەی شازدەم بوو، ئەوان پێیان وابوو سەردەمی ڕابردوو ڕۆژگاری تاریکی و نەزانی بووە، بۆیە هەلومەرجی مێژوویی خۆیان بە سەرکەوتنی ڕووناکی بەسەر تاریکیدا ناونووس کرد). ساڵی ١٥٣٢ "رابیلا" نامەیەک دەنێرێت بۆ یەکێک لە هاوڕێکانی و تێیدا باسی ئەوە دەکات چەند بەختەوەر و کامەرانە، لەبەرئەوەی لە ڕۆژگارێکدا هاتووەتە دنیاوە پڕیەتی لە نوور و ڕووناکی.

زۆربەی بیریارانی تری سەردەمی "رابیلا" پێیان وابوو سەردەمی ژیانەوە و نوێبوونەوە و ڕێنیسانس دەژین.. پێیان وابوو سەرکەوتوون بەسەر بەربەرییەتی سەدەکانی ناوەڕاست و دەمارگیریی تیۆلۆجییان لە گۆڕ ناوە، بەڵام وەها بڕوا و قەناعەتێک تەنیا تایبەت بوو بە دەستەبژێرێکی ڕۆشنبیر، یاخۆ چەند کەسانێکی کەمی خوێندەوار و هەموو خەڵکی نەدەگرتەوە. بەڵام ئاخۆ هۆکارەکانی ئەم بووژاندنەوە و نوێبوونەوەیە چی بوون؟

لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا، خاتوو "ئارلیت جوانا" دەڵێت: (فەرەنسا لە نیوەی دووەمی سەدەی پازدەمدا هەماهەنگیی چەند هۆکارێکی ئیجابیی بەخۆیەوە بینی. یەکەمیان زیادبوونی ڕێژەی دانیشتوان، پاشان ئەو گەشە ئابوورییەی شارەکان بەخۆیانەوە بینییان و هەروەها دروستبوونی ئاڵوێری بازرگانی و ڕۆشنبیری لەگەڵ ناوچە جیاجیاکانی جیهاندا، لەوانەش وڵاتانی جیهانی ئیسلامی بەخۆرهەڵات و خۆرئاوایەوە). ئاشکرایە کە گەشەی ئابووری دەبێتە مایەی گەشەی کولتووری و فیکری.

لەو سەردەمەدا ئەوروپا چەندین دۆزینەوەی جوگرافیی کردبوو، لە هەریەک لە کیشوەرەکانی ئەمەریکا و ئاسیا و ئەفریقیا. هەموو ئەمانەش بوونە مایەی زیادکردنی سەروەت و سامانی و دەوڵەمەندبوونی زیاتری. سەرەڕای ئەمانەش هۆکارێکی تر هەیە کە زۆرجار باس ناکرێت و بەهەند

وەرناگیرێت، ئەویش ئەوەیە کاتێک لە ساڵی ١٤٥٣ دا قوستەنتینییە کەوتە دەست تورکەکان، ژمارەیەک زانای بیزەنتی کۆچیان کرد بۆ ئەوروپا و لەگەڵ خۆشیاندا، دەستنووسی کتێبەکانی فەلسەفەی یۆنانییان برد و توانییان بەشداری لە بڵاوکردنەوەی فیکری پیاوێکی وەک "ئەرستۆ"دا بکەن ئەوانە زۆر زیاتر لە زاناکانی ئەوروپا، شارەزای "ئەرستۆ" بوون و دەیانناسی.

هەروەها دەبێت هۆکارێکی گرینگی تریش لە یاد نەکەین، ئەویش دۆزینەوەی ئامێری چاپە لەلایەن "گۆتەنبێرگ"ی ئەڵمانی لە ساڵی ١٤٥٠ دۆزینەوەی چاپخانە ڕووداوێکی ترسناک بوو کە مرۆڤایەتیی لە سەردەم و ڕۆژگارێکەوە گواستەوە سەردەم و زەمانێکی تر، واتە مرۆڤی لە ڕۆژگاری بە دەست نووسینەوە گەیاندە سەردەمی چاپکردن بە ئامێر و بڵاوکردنەوەی هەزاران کتێب بەشێوەیەکی بەرفراوان و لە سەرتاسەری ئەوروپادا.. کەواتە ئەگەر چاپخانە نەبووایە ڕێنیسانس نەدەبوو.

لەم سەروبەندەدا چینە کۆمەڵایەتییەکان لەناو شارەکاندا دەستیان بە دروستبوون کرد، ئەمانە چینێکی خوێندەوار بوون و سەریان لە نووسین و خوێندنەوە دەردەکرد و بەهۆی بازرگانیکردن لە داوودەزگاکانی دەوڵەتدا دەوڵەمەند بوون، بەڵام دەیانویست خواستە مەعریفی و ڕۆشنبیرییەکانیان تێر بکەن و دەشیانتوانی کتێب بکڕن و پەیدای بکەن.

ڕاستە ژمارەی ئەندامانی ئەم چینە لە هەموو ئەوروپادا لە دە هەزار کەسێک زیاتر نەبوو، بەڵام بەس بوو بۆ ئەوەی نووسەران و ڕۆشنبیرانی ئەوروپا هان بدەن، تا بە زمانی لاتینی بنووسن کە لەو سەردەمەدا زمانی زانست و ئاین و فەلسەفە بوو. ئێمە کە باس لەمەش دەکەین دەزانین ئەوە دەستەبژێرە ڕۆشنبیرەکانن ڕێبەرایەتیی گەلان دەکەن، هاوکات ئەم توێژە ڕۆشنبیر و خوێندەوارە چەندێک ئەوروپا گەشەی بکردایە و بەرەو پێش بچووایە، ئەوەندە ئەگەری گەشە و فراوانبوونی لە زیادبووندا دەبوو.

ئەفسانەیەکی باو لەبارەی سەردەمی ڕێنیسانس هەیە، دەڵێت: (ئەو

سـەردەمـە سـەردەمـێکی بـێ باوەڕیی بووە). لـە ڕاسـتـیـدا زۆربـەی نووسـەرە ڕابوونـخـوازەکـانی ئـەو ڕۆژگـارە کـەسـانی مـەسـیـحـیی ئیـمـاندار بوون، ئیمـانیشیـان هـاوشـان بوو بە کرانەوە بەسـەر شارسـتـانییەتی یۆنانی ڕۆمـانیدا کە شارستانییەتێکی بێ بڕوا بوو. نووسەرانی سەردەمی ڕێنیسانس سەرقاڵی لێکۆڵینـەوەی "ئەفلاتون و ئەرستـۆ و هۆمیـرۆس و ڤیـرجیل و شیـشـرۆن و..."، دەیان بیـریاری وەک ئەوان بوون. خـوێندنەوەی ئـەوان دەرەتانێک بـوو بۆ خـۆ دەربازکـردن لـەو کـەشـە خنکێنەرەی کـولتـووری سـەدەکـانی نـاوەڕاست و تیـۆلۆجیـای کۆنی کڵێسا. بیـریارانی سـەردەمی ڕێنیسـانس بازیان بەسـەر سـەدەکـانی نـاوەڕاسـتـدا دا، واتە بازیـان بەسـەر هـەزار سـاڵدا دا بـۆ ئەوەی ئاوێتـەی کـولتووری یۆنانی و ڕۆمـانی بن کە سـەدان سـاڵ بەر لە هـاتنی ئاینی مـەسـیـحی لە ئارادا بوون. لە پێوەندیکردنیـاندا بەو شـارسـتـانییـەتـەوە کـە لە سـایەیدا فەلسـەفـەی عەقڵانی و ئەدەب و هونەر گەشەیان سـەند، هەسـتیـان بە ئازادی و ئارامییەکی زۆر دەکرد. بەڵام چۆن دەبێت مەسیحییـەت کە بڕوای بە بوونـی خـوا و ئینجـیل هـەبێت، دانایی لە فـەیلەسـووفـانی بێ باوەڕی وەک فەیلەسووفە یۆنانی و ڕۆمانییەکانەوە فێر بێت؟

لە وەڵامـی ئـەم پرسـیـارەدا بیـریارانی سـەردەمـی ڕێنیـسـانس دەڵێن: (فـەیلەسـووفـانی ئەو سـەردەمـە وەکـی ئەفـلاتوون و ئەرسـتـۆ، بـێ ئەوەی بە خـۆیان بزانن لەلایەن یەزدانـەوە ڕێنومـایـی کـرابوون! ڕاسـتـە ئـەوان بەر لە هـاتنی مـەسـیح ژیاون و لـە دنیـا دەرچوون، بەڵام قسـەکـانیـان لەگەڵ وەحـیی یەزداندا دەگـونجـێت و ناکـۆک نـیـن پێی، لەبـەر ئەوە شت وەرگـرتن لێـیـان حەڵاڵە و ڕەوایە). بەمجۆرە بیریارانی ڕێنیسانس شـەرعییەتی ئاینییان کرد بە بەری تێکستگەلێکدا، کە لانی کەم پێنج سەدە بەر لە هاتنی مەسیحییەت نووسرابـوون. بەڵام سەرباری ئەوەش پیـاوانی کڵێسا و جەماوەر بە گشتی، گومـانیـان لێ کردن و ئیـمـانداریی ئـەوانیـان خسـتـە ژێر پرسـیـارەوە. هەر ئەمەش وای کرد بە کوفر و هەڵگەڕانەوە لە ئاین تاوانباریان بکەن.

## ئازادیی فیکر لە خۆرهەڵات و خۆرئاوا

کۆواری مانگانەی (مێژوو) کە لە فرەنسا دەردەچێت، لە دوا ژمارەیدا دۆسێیەکی تایبەت کردووە بە ئازادیی فیکری لە هەر یەکە لە جیهانی ئیسلامی و خۆرئاوادا. باسەکانی ئەم دۆسێیە ئەوەمان پێ دەڵێت کە ئەو ئازادییەی هەنووکە لە خۆرئاوادا ڕێ پێدراوە، لە سەدەکانی پێشووتردا یاساغ بووە. تەواو وەکی ئەوەی ئێستا لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامی هاوچەرخدا دەیبینین.

لە یەکێک لە وتارەکانی ئەم دۆسێیەدا "پاتریک بۆ شرۆن"ی لێکۆڵیار کە مامۆستایە لە زانکۆی سۆربۆن، پێمان دەڵێت: (ئازادیی فیکر لە سەدەکانی ناوەڕاستدا هەبووە، بەڵام زۆر بەرتەسک و سنووردار بووە. لەو قۆناغەدا کڵێسای مەسیحی هێڵی سووری بۆ بیریاران کێشابوو کە بۆیان نەبوو بیبەزێنن. یەکەمین شتیش نەدەبوو قەرەی بیروباوەڕی مەسیحی بکەون، یاخۆ بەشێوەیەکی ئەقڵانی ڕەخنەیی، تاوتوێی بکەن.. هەر کەسێک کارێکی لەو جۆرەی بکردایە، دەستبەجێ لێپێچینەوەیان لەگەڵ دەکرد و سزایەکی توندیان دەدا. چاکترین بەڵگەیەکیش بۆ ئەمە، ئەوەیە کە لە پاریس بەسەر یەکێک لە شوێنکەوتووانی ئیبن روشددا هات بەناوی سیجیر دو برابان.. دوای ئەوەی قەشەی پاریس فتوای حەرامکردنی بیر و بۆچوونی ئیبن روشد و ئەرستۆی دەرکرد، دو برابان ناچار بوو بەرەو ئیتاڵیا هەڵبێت و لەوێش لە هەلومەرجێکی نادیاردا بە کوژراوی لە ژوورەکەی خۆیدا دۆزییانەوە).

بابزانین ئەو تاوانە چی بووە کە روشدیزمەکان، لەو کاتەدا لە زانکۆی پاریس ئەنجامیان دا؟ ئەوانە تەنیا لە هەوڵی ئەوەدا بوون کەمەکێک لە ئاین

دوورکەونەوە و گرینگی بە فەلسەفە بدەن. ئەمەش لە سەدەکانی ناوەڕاست و لە ناوەندەکانی زانکۆدا (بێگومان لەناو زانکۆی سۆربۆنیشدا)، شتێک بوو دژ بە بیر و بۆچوونی باو بوو. خەڵکانی ئەو سەردەمە وەها لە فەلسەفەیان دەڕوانی کە بەتەنیا ئامرازێکە بۆ خزمەتکردنی تیۆلۆجیای مەسیحی. ئامرازێکە بۆ بەهێزکردنی باوەڕهێنان بە بیرو باوەڕی مەسیحی، ئەویش لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەقڵ بۆ سەلماندنی ڕاستی و دروستیی ئەو بیر و باوەڕە.

لە دەرەوەی ئەمەدا هەرکەسێک داوای جیاکردنەوەی فەلسەفەی لە تیۆلۆجیا بکردایە یاخۆ "ئەرستۆ"و "ئیبن روشد"ی لە پاپا و پیاوانی ئاین پێ باشتر بووایە، ئەوا بەر نەفرەتی یەزدان دەکەوت!.. ساڵی ١٢٧٧ قەشەی پاریس "ئیتیان تامبیێ"، فەرمانی قەدەغەکردنی ٢١٩ تێزەی فەلسەفی دا کە لە زانکۆی پاریسدا دەخوێندرا، چونکە پێی وابوو ئەوانە لە ئاینی مەسیحی لایانداوە و بە کوفر و گومڕایی دەزانین. بەمجۆرە ئەوروپا پێی نایە ناو قۆناغێکی تولانی لە ململانێی نێوان ئەقڵ و نەقڵ یاخۆ نێوان ئاین و فەلسەفە.

ساڵی ١٤٨٧ پاپا فتوایەکی دا بۆ قەدەغەکردنی کتێبی فەیلەسووفانی سەردەمی ڕێنیسانس، بەتایبەتیش کتێبەکانی "بیک میراندۆلی". پاپا خوێندنەوەی ئەو کتێبانەی لە خەڵک قەدەغە کرد و تەنانەت ڕێگری ئەوەشی لێ کردن چاپی بکەنەوە یاخۆ ببنە خاوەنی. لە ساڵی ١٦٣٣ تاوانبارکردنە تیۆلۆجییە بە ناوبانگەکەی "گالیلۆ" ڕووی دا، لەبەرئەوەی پێی وابوو زەوی بەدەوری خۆردا دەسووڕێتەوە نەک بەپێچەوانەوە. ئەم تاوانبارکردنەی "گالیلۆ"، ترسێکی گەورەی خستە دڵی "دیکارت"ەوە، بۆیە لە دواساتدا بڕیاری دا کە کتێبەکانی خۆی بڵاو نەکاتەوە.

"دیکارت" بەجۆرێک کەوتە خۆسانسۆرکردن کە هەندێک بە ترسنۆکی

تاوانبارىيان دەكرد. بەڵام ئەوانە بە هەڵەدا چووبوون، لەبەرئەوەی ئەو پیاوەی کە "هیگڵ" بە سەرمەشقی فیکر ناودێری کردبوو ترسنۆک نەبوو، بەڵام زۆر چاک دەیزانی کە هاوکێشەی هێز تێک چووە و هیچ لە بەرژەوەندی ئەو نییە، واتە لە بەرژەوەندی فەلسەفە و ئەقڵدا نییە بۆیە سیاسەتی خۆپاراستن یان خۆسانسۆرکردنی بەکارهێنا، وەک چەکێکی فەلسەفی کارا بۆ بەشەوارە خستنی کڵێسای مەسیحی و پیاوانی ئاینی. لەم بارەیەوە "دیکارت" قسەیەکی بەناوبانگی هەیە دەڵێت: (فەیلەسووف بە ماسکەوە دێتە سەر شانۆی مێژوو). واتە بە یەکجار هەموو شتەکانی خۆی ئاشکرا ناکات. شپرزەیی و پرکێشیکردن گرینگ نییە و ڕەنگە ئاکامی پێچەوانەی هەبێت، هەر بۆیە کتێبەکانی هەندێ جار بەناوی خوازراوە یان بەبێ ناو بڵاو دەکردەوە. بەمجۆرە توانی لەسەر پرۆژە فەلسەفییەکەی بەردەوام بێت و وەکی دیارییەک، بیگەیەنێتە دەست نەوەکانی داهاتوو. "دیکارت" ئەگەر شپرزە و سەرەڕۆ بووایە، لە هەرەتی داهێنانیدا دەیانکوشت. ئێمەش ئەوکات لە فەلسەفەی دیکارتیزم یاخۆ لە بەشێکی زۆری ئەو فەلسەفەیە بێبەش دەبووین. دەتوانین هەمان شت لەبارەی "سپینۆزا و ڤۆلتێر و دیدرۆ" و چەندانی تری وەک ئەوان بڵێین. کەواتە پێویستە بیریاری مەزن ئاگای لە خۆی بێت و خۆی بپارێزێت، نەک تەنیا لەبەر خۆی، بگرە لەبەر خاتری ئەوانی تریش، تابتوانێت ئەقڵی ئینسانەکان ڕووناک بکاتەوە و ڕاستەڕێگەیان پیشان بدات.

سەبارەت بەجیهانی ئیسلامیش کە هەنووکە لە هەمان ئەو دۆخە تاریکەدا دەژی کە ئەوروپا لە سەدەکانی تێیدا دەژیا، لە بەردەم هەمان هەڕەشەدایە و ڕووبەڕووی هەمان ئەو کێشانە دەبێتەوە. بیریاری تونسی "عەبدولوەهاب موئەدەب"، پێیوایە هەموو ئەو داهێنانە مەزنانەی لە بواری شیعر و ئەدەب و فیکردا کراوە، کەسانێک ئەنجامیان داوە کە نەیاری پیاوانی ئاینی بوون و دژی ئەو دۆگماتیستە داخراوەی ئەوان بوون. لەم بارەیەوە نموونە بە:

''بەشار بن بورد و ئەبو نەواس و عومەر خەیام و ئەبو عەلای مەعەڕی و ئیبن عەرەبی و ئیبن روشد و ئیبن سینا''، دێنێتەوە.

هەندێک لەوانە تەکفیر کران و لە بەرامبەر کارەکانیاندا باجێکی گرانیان دا، بەڵام هەندێکی تریان توانییان خۆیان قوتار بکەن.. ''بەشار بن بورد'' و ''ئیبن موقەفەع'' کوژران، لە کاتێکدا ''ئیبن راوندی'' هیچی لێ نەهات. ئەگەرچی زۆر لەوان ترسناکتر بوو. شایەنی باسە لە جیهانی ئیسلامیدا خەلیفەکەی بیویستایە، دەیتوانی ژیانی شاعیران و فەیلەسووفان بخاتە مەترسییەوە. ئەگەر یەکێک لە پیاوانی ئاینی و فەقێ و دادوەران، قسەیان بۆ بکردایە و بەدگومانیی خۆیانیان لەو کەسانە پێ ڕابگەیاندایە. هاوکات خەلیفە دەسەڵاتی ئەوەشی هەبوو، سنوور بۆ ئازادی بیرکردنەوە بکێشێت و کەسیش بۆی نەبێت بیبەزێنێت.

بەڵام تەنیا ئەو داهێنەرانەی لە سەرەوە ناومان هێنان، توانییان ئەو سنوورانە بشکێنن و بەمەش ناویان بە نەمری لەسەر لاپەڕەکانی مێژوو مایەوە. هەرچۆنێک بێت ''عەبدولوەهاب موئەدەب'' پێیوایە لە سەردەمی شارستانیەتی ئیسلامیدا، پەڕاوێزێک بۆ ئازادی بیرکردنەوە هەبووە و لە قۆناغەکانی دواتردا، داخرانی فیکری دەست پێ کردووە. لەگەڵ دەسپێکردنی داخرانی فیکریشدا، جیهانی ئیسلامی پێی نایە ناو قۆناغێکی تاریکەوە و تائێستاش لێی دەرباز نەبووین. بگرە لە ئێستادا تاریکترین چرکەساتەکانی دەگوزەرێنین.

بەبۆچوونی ئەو یەکەمین داخران لە کۆتایی سەدەی یازدەمدا ڕووی دا، واتە لە سەردەمی سەلجووقییەکاندا بوو. تیۆرسینی گەورەی ئەو سەردەمە ''ئەبو حامدی غەزالی''یە کە لە ساڵی ١١١١ کۆچی دوایی کردووە. موسڵمانان لەو سەردەمەدا پێیان وابوو، گەشتوونەتە مەعریفەی ڕەها و دەستیان بە ترۆپکی زانست گەیوە. بێگومان کارەکتەری سەرەکی و قارەمانی ئەم قۆناغە ''غەزالی''یە. ئەوەتا تا هەنووکەش ناوی کتێبە

سەرنجڕاکێشەکانی ئەو، زرنگەی دێت لە گوێماندا: (الاقتصاد في الاعتقاد، فيصل التفرقة بين الاسلام والزندقة، مقاصد الفلاسفة، تهافت الفلاسفة، مشكاة الأنوار، القسطاس المستقيم، المنقذ من الظلال و....) هتد. هەروەها نابێت کتێبی (احياء علوم الدين)یشمان لەبیر بچێت.

لەو سەردەم و ڕۆژگارەدا، "غەزالی" توانی سیستەمێکی فیکری کۆنکرێتی فۆرمەلە بکات کە تێپەڕاندنی زەحمەت بێت. هەربۆیە بەدرێژاییی هەزار ساڵ، بوو بەڕێبەری موسڵمانان. "غەزالی" بەهۆی ڕۆچوونی بەناو عیرفان و غەیبانییەتدا، چەمکی ئەقڵانییەت و تەواوی دەسکەوتی موعتەزیلە و فەیلەسووفەکانی پایەماڵ کرد. تەنانەت "ئیبن روشد"یش نەیتوانی ئەو کاریگەرییە زۆرەی لەسەر جیهانی ئیسلامی کەم بکاتەوە، کاتێک لە کتێبە مەزنەکەیدا (تهافت التهافت) بەرەنگاری بووەوە.

بەمجۆرە هێدی هێدی جیهانی ئیسلامی داخڵ بە تاریکی و نەزانی بوو، لەگەڵیشیدا لە بزاوتی زانست و زانین دابڕا. ئەوەش وای کرد جیهانی ئیسلامی دوابکەوێت و گەلانی تریش پێش بکەون و بۆڕیان بدەنەوە. دووەمین داخرانی فیکری کە ئازادی فیکریی لە جیهانی ئیسلامدا لەبار برد، لەو ماوە مێژووییەدا ڕووی دا کە دەکەوێتە نێوان سەدەی سیازدە و سەدەی چواردەوە.

هەر لە درێژەی قسەکانیدا "عەبدولوەهاب موئەدەب" دەڵێت: (داخرانی سێیەمیش لە سەردەمی ئەمڕۆماندا ڕوویدا و ئەویش بە هاتنی حەسەن بەنناو دروستبوونی ڕێکخراوی ئیخوان موسلمین دەستی پێ کرد و ئەمانیش وەکی خەواریجەکان، کەوتنە تەکفیرکردنی خەڵکانی دەرەوەی خۆیان.. حەسەن بەننا بەهاتنی توانی ئەو پرۆژە چاکسازییە ئەقڵانییە کراوەیەی، محەمەد عەبدە و جەمالەدینی ئەفغانی لەبار بەرێت و کۆتایی پێ بێنێت). ئێمە لە ئێستادا باجی ئەوە دەدەین کە چۆن ئەو بزاوتە چاکسازی و ڕابوونخوازە خەفە کرا.

## یابان و شارستانێتی خۆرئاوا

رۆشنبیرانی یابان کۆکن لەسەر ئەوەی کرانەوەی وڵاتەکەیان بەسەر شارستانیەت و مۆدێرنێتی خۆرئاوادا، دەسپێشخەرییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بنەماڵەی (میچی)، ئەو بنەماڵەیەی لە سەرەتاکانی ساڵی ١٨٦٨ حوکمڕانیکردنی یابانیان گرتە دەست. تێرمی (میچی) لە زمانی یابانیدا بە مانای سیاسەتی رۆشنگەرانە دێت. ئیمپراتۆری تازەی یابان تەبەنی ئەم ناوەی کرد و بەسەر سەردەمەکەی خۆیدا دایبڕی، بەڵام لە ڕاستیدا کرانەوەی یابان بەڕووی خۆرئاوادا بەر لەو مێژووە و بە شێوەیەکی توندوتیژانەتر ڕووی داوە، چونکە یابان لەژێر هەڕەشەیەکی سەربازی راستەوخۆدا ناچار کرا هەنگاوێکی لەو جۆرە بنێت. کەواتە با لێرەدا هەوڵ بدەین باس لەو مەسەلەیە بکەین. ساڵی ١٨٥٣ کەشتیگەلی ئەمەریکایی گەیشتە کەنارەکانی یابان و ئەم پەیامەی ئاراستەی ئیمپراتۆر کرد: گەر بێت و یابان بەڕووی بازرگانیی خۆرئاوادا نەکرێتەوە، ئەوا ئێمە لای خۆمانەوە دەکەوینە بۆمبارانکردنی و پەلاماری وڵات دەدەین! بەڵام دەستبەجێ ئەم هەڕەشەیە جێبەجێ نەکرا، بگرە دەرفەتی ساڵێک درایە یابانییەکان، تا بیر لە مەسەلەکە بکەنەوە و خۆیان یەکلایی بکەنەوە. ئەوەبوو لە ساڵی ١٨٥٤ جارێکی تر کەشتیگەلی ئەمەریکی، گەڕایەوە و بە گەڕانەوەشیان رێکەوتننامەیەکی بازرگانی لە نێوان وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و یاباندا مۆر کرا، ئەمەش سەرەتای کرانەوەی یابان بوو بەسەر خۆرئاوادا.

بەمجۆرە بیانییەکان مافی ئەوەیان هەبوو لە بەندەرەکانی یاباندا دابەزن، تەنانەت بۆشیان هەبوو بچنە ناو هەردوو شاری ئۆساکا و تۆکیۆ و تیایاندا بمێننەوە. بەڵام ریفۆرمی راستەقینەی کولتووری و ئابووری و سیاسی،

تەنیا بە هاتنی بنەماڵەی (میجی) دەستی پێ کرد. سیستەمی فیودالیزم کە لە وڵاتدا باڵادەست بوو، لە ڕێی چینی خانەدانەکانەوە (کە بە سامۆرای) ناسرابوون بنەبڕ کرا. لێرەوە ئیتر سەرجەمی هاووڵاتییان مافی ئەوەیان هەبوو، بگەنە ئەو پلەو پایانەی پێشتر تایبەت بوو بە چینی دەرەبەگەکان. هەروەها بواری خوێندنی گشتیش لە بەردەم هەمووواندا کرایەوە.

هەندێک وای بۆ دەچن هۆکاری سەرکەوتنی یابان لە بواری پیشەسازی و پەیرەوکردنی مۆدێرنەی سەرمایەداریدا، دەگەڕێتەوە بۆ نەهێشتنی چینی خانەدانەکان. زۆربەی خانەدانەکان دوای ئەوەی بایەخ و گرینگیی پێشوویان لە دەست دا، ناچار بوون لەگەڵ بازرگانی و پیشەسازی و ڕۆشنبیریی نوێدا تێکەڵ بن.. ئیتر لەو ساتەوە توێژی ئەنتلجنسیای یابانی بەدەرکەوت، واتە لە ساتەوەختی بەریەککەوتن لەگەڵ خۆرئاواو کرانەوە بەسەر شارستانییەتی خۆرئاوادا سەری هەڵدا. ئەوەبووە ساڵی ١٨٦٨ زانکۆی تۆکیۆ دروست کرا..

یابانییەکان تا ئەوکاتە پێیان وابوو لە پەراوێزی جیهانی مەرکەزیدا بوون و ئەو جیهانە مەرکەزییەش برێتی بووە لە وڵاتی چین. واتە لەو باوەڕەدا بوون چین سەنتەری جیهانە و گرینگترین شتێکە لە جیهاندا، بەڵام دواتر بۆیان دەرکەوت کە چینیش بۆخۆی بە بەراورد بە خۆرئاوا، لە پەراوێزدایە. واتە یابانییەکان کەوتبوونە پەراوێزی پەراوێزەوە. ئەمەش هەلومەرجێک بوو بەلای مرۆڤی یابانییەوە، قابیلی قبووڵکردن نەبوو. لەم سەروبەندەدا یابانییەکان بڕیاریان دا، بەسەر جیهانی خۆرئاوادا بکرێنەوە و بەهەر نرخێک بووە بتوانن لەو شارستانییەتە بەهرەمەندبن.

بۆ نموونە بەر لە سەردەمی حوکمڕانیی بنەماڵەی (میجی)، ژمارەی ئەو یابانییانەی چووبوونە دەرەوەی وڵات لە سێسەد کەسێک تێپەڕیان نەکردبوو، بەڵام دوای ئەوان ژمارەیان بووە هەزاران کەس. ساڵی ١٨٩٠ یەکێک لە ئیمپراتۆرەکانی بنەماڵەی (میجی) بە خەڵکی یابان دەڵێت: (دەمەوێت بچنە ئنگلستان و فرەنسا و ئەڵمانیا و ئەمەریکا و تەواوی زانستی خۆرئاوام بۆ

بهێننەوە.. لەمڕۆ بەدواوە نامەوێت یابان بە بەراورد بە جیهانی شارستانی دواکەوتوو بێت. بۆیە لەم ڕووەوە گەر بکرێت ئەوا دەرەنجامی خێرا و بە پەلەم دەوێت). بەمجۆرە کرانەوە بەسەر خۆرئاوادا بووە شتێک کە بە خواست و ویست بوو، نەک کارێکی زۆرەملێیانە و بە ناچاری بێت وەکی پێشتر لە ئارادا بوو.

دەتوانین بڵێین رۆشنبیری یابانی "فۆکۆزاوا یۆکیشی" (١٨٣٥-١٩٠١)، یەکەمین کەسێک بووە بانگەشەی بە خۆرئاواییبوونی تەواوی یابانی کردووە. ئەو پێی وابووە وڵاتەکەی پێویستی بە گۆڕانکاری و چاکسازی ریشەیی هەیە، گەرنا ئەوا هەموویان تێدا دەچن و دەمرن. "فۆکۆزاوا" دوای ئەوەی ساڵی ١٨٦٩ لە ئەورووپا گەڕایەوە، کتێبێکی سەبارەت بەوەی لە ئەورووپادا بینیبووی بڵاو کردەوە. ئەم کتێبەش یەکەمین کتێبک بوو بە زمانی یابانی، لەبارەی ژیاری خۆرئاواوە بڵاو بکرێتەوە. پاش ئەمە پرۆسەی وەرگێڕان دەستی پێ کرد، وەک وەرگێڕانی کتێبەکانی "رۆسۆ" و "مۆنتسکیۆ" و زۆربەی زۆری فەیلەسووفانی رۆشنگەری.. هەرچی چیرۆکی "رۆبنسۆن کرۆزۆ"شە، دووجار بۆ سەر زمانی یابانی وەرگێڕرا! لەبەرئەوەی یابانییەکان خۆیان لەو چیرۆکەدا دەبینییەوە. چیرۆکەکەی "رۆبنسن کرۆزۆ" باس لە سەربوردەی کەسێک دەکات لەسەر دوورگەیەک گۆشەگیر و دابڕاو، ناچار دەبێت بەوەی تەکان بداتە خۆی و تەنیاباڵ دەست بە دروستکردنی شارستانییەت بکات، تەواو وەک ئەوەی یابانییەکان دەیکەن.. بەڵام وەکی لە وڵاتانی عەرەبی و چین و هندستاندا ڕووی دا، ئاوەهاش لە یاباندا کتێب نەبووە تەنیا ئامرازی مۆدێرنە یاخۆ تاکە دەسوێژێک بۆ چوونە ناو جیهانی مۆدێرنەوە، بگرە رۆژنامەش لەم مەسەلەیەدا رۆڵی خۆی هەبوو. ئەوەبوو لە سەرەتای سەردەمی حوکمڕانی بنەماڵەی (میجی)یەوە، رۆشنبیرانی یابان گرینگییان بە رۆژنامە دا. بەمجۆرە کۆوار و رۆژنامەیەکی زۆر لە پایتەخت و شارە گەورەکانی تر دەستیان بەدەرچوواندن کرد.

له کۆتایی سەدەی نۆزدەمدا، یابان هەمان ئەو ململانێیەی نێوان خۆرئاواخوازان له لایەک و شوێنکەوتووانی ترادسیۆن و شوناس و رەسەنایەتی لەلایەکی ترەوە بە خۆیەوە دەبینێ کە لە وڵاتانی عەرەبی و چین و هندستانیش رووی دا. دوای گەڕانەوەی خوێندکاران له دەرەوە، ئاستی سەرسامبوون بە خۆرئاوا و شارستانییەتەکەی له یاباندا زۆر زیادی کرد. ئەمەش بووە مایەی نیگەرانکردنی تەقلیدییەکانی یابان و ترسی خۆیان نەشاردەوە لەوەی، ئەوە ببێتە مایەی ئەوەی یابان رۆح و کارەکتەری خۆی لە دەست بدات و لە کارەکتەری خۆرئاواییدا بتوێتەوە. لەم سەروبەندەدا هاووڵاتیانی یابان بوون بە دوو بەشەوە: بەشێکیان داوای کرانەوەی بێ قەید و مەرجیان دەکرد و بەشێکی تریان داوایان دەکرد، بەربەرییەکان لە وڵات دەربکرێن! مەبەستیش لە بەربەرییەکان بیانی و ئەوروپاییەکان بوون، بەڵام لە نێوان ئەم دوو ئاقارەدا لایەنی سێیەم هەبوو کە داوای نوێکردنەوەیەکی گونجاو و میانڕەوانەیان دەکرد.

بێگومان رێنومایی ئیمپراتۆرەکانی (میجي)، سەبارەت بە مۆدێرنەکردنی یابان روون و ئاشکرا بوو. ئەوان لەگەڵ گۆڕینی بارودۆخ و نوێکردنەوەی وڵاتدا بوون، بەڵام بە مەرجی پاراستنی کەلەپوور و ترادسیۆنی یابانی. چونکە لای ئەوان ناوەڕۆکی نەتەوەیی یاخۆ کولتووری یابانی، شتێکی پیرۆز بوو کە قابیلی دەسکاریکردن نەبوو. لەبەر ئەوە هەندێک رۆشنبیر لەو سەرسامبوونە زۆرەیان بە خۆرئاوا کشانەوە و بوونە کەسانێکی تەقلیدی و کەلەپوورخواز، نموونەکانیان وەکی "سۆزێکی" کە یەکەمین کەسێک بوو زمانی ئینگلیزی لە یاباندا وتەوە. بەڵام لە بەرامبەریشدا رۆشنبیرانی تریش هەبوون هەڵوێستیان پێچەوانە بوو، لەوانە "مۆری ئۆگای" (١٨٦٢-١٩٢٢) کە لە ئەڵمانیا خوێندبووی، لەگەڵ "ناتسۆم سوزیکی" (١٨٦٧-١٩١٦) لە ئینگلستان خوێندبووی، لەگەڵ "ئۆشیمۆرا کانزۆ" (١٨٦١-١٩٣٠) کە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا خوێندبووی.

هەموو ئەمانە پێیان وابوو ناکرێت کولتووری خۆرئاوا لە مێژووی خۆرئاوا جیا بکرێتەوە، بەو جۆرەش لە پرۆسەی مۆدێرنە تێگەیشتبوون کە نابێت لە بواری تەکنۆلۆجیادا قەتیس بدرێت، بگرە دەبێت تەواوی بوارەکانی ژیان بگرێتەوە. هەریەک لەم رۆشنبیرانەی یابان لە خاڵێکی دیاریکراوەوە سەیری خۆرئاوایان دەکرد، یەکەمیان لە رێگای زانست و تەکنۆلۆجیاوە و دووەمیان لە میانە ئازادی و فەردگەراییەوە، سێیەم لە رێگەی کولتووری مێژوویی و چوارەمیشیان لە رێگەی ئاینی مەسیحییەوە.

دەکرێت بڵێین زۆربەی زۆری رۆشنبیرانی یابان لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بووبوونە کەسانی خۆرئاواخواز، بەڵام پەرچەکردار لە بەرامبەر خۆرئاواخوازیدا دواتر و لەسەر دەستی "تاشیبانا کۆسابۆرۆ" دەستی پێ کرد. "کۆسابۆرۆ" پێی وابوو ئاینە گەورەکان هەر هەموویان لە ئاسیاوە سەریان هەڵداوە، نەک لە ئەوروپا و خۆرئاواوە. نموونەشی بە ئیسلام و مەسیحییەت و بوودییەت و کۆنفۆشییەت و هندۆسی و.. هتد، دەهێنایەوە. ئەمەش بۆ خۆی تێپەڕاندنێکی دیالەکتیکی پرۆژەی خۆرئاوایە کە لە سەردەمی یۆنانیی کۆنەوە بەردەوامە و تا سەردەمی نوێی ئەوروپا دەخایەنێت. پرۆژەی خۆرئاواش بریتییە لە کۆنترۆڵکردنی سروشت لە رێگەی زانست و تەکنەلۆجیاوە، ئەمەش پرۆژەیەکە لە ئەورووپای خۆرئاواوە دەستی پێ کرد (سەرەتاکەشی لە سەردەمی رێنیسانسەوە بوو). ئەورووپاش بە هۆیەوە توانی دەست بەسەر تەواوی جیهاندا بگرێت. "ئۆکاوا شۆمی" یەکێک لە پسپۆڕە مەزنەکانی بواری لێکۆڵینەوەی ئیسلامی و خاوەنی پرۆژەی وەرگێڕانی قورئان بۆ سەر زمانی یابانی، پێی وایە ئاسیا سەرچاوەی بەشداریکردنە مەزنەکانە لە شارستانیەتی مرۆڤایەتیدا، بۆیە نابێت هەست بە هیچ دۆنییەتێک و گرێیەکی خۆ بە کەمزانین بکەین لە بەردەم خۆرئاوادا.

گەر بێت و خۆرئاوا لە رووی زانست و تەکنەلۆجییەوە سەرکەوتوو بێت، ئەوا ئێمە لە ڕووی ئاکار و رۆحانییەت و ئاینەوە بالادەست بووین.. هەرچی

بیریارێکی وەکو "نیشیدا کیتارۆ"شە (١٨٦٠-١٩٤٥)، ئەوا هەندێک بە گرینگترین فەیلەسووفی یابانی دەزانن لە سەدەی بیستەمدا و سەرەتا یەکێک بووە لەوانەی بە گەرمی داکۆکی لە ئاقاری خۆرئاواخوازەکان کردووە، واتە یەکێک بووە لەوانەی شارەزاییەکی زۆری لە فەلسەفەی خۆرئاوا و بەتایبەتیش لە فەلسەفەی ئەڵمانیدا هەبووە، بەڵام هیچ یەک لەمانە تینوویێتی تەواوی ئەویان نەشکاند، چونکە پێی وابوو فەلسەفەی خۆرئاوا لە شتێکی کەمە، شتێکی رۆحانی ترنسندنتالی کە لە خۆرهەڵاتدا نەبێت لە جێگەیەکی تردا نییە.

لە پای ئەمەدا "کیتارۆ" هەوڵی دا، خۆرئاواییەکان بە بیروباوەڕی بوودییەت ئاشنا بکات. ئەو پێی وابوو مەسەلەی سەرەکی لەوەدایە، هاوسەنگییەک لە نێوان ئاین و زانست و فەلسەفەدا دروست بکرێت. لەبەر ئەم هۆیە "کیتارۆ" دەستی بە خوێندنەوەی "هیگڵ و لایبنتز و هۆسێرل و بیرکسۆن و کارل بارت و هەروەها ئەفلاتوون و ئەرستۆ" کرد. لەم هەوڵەیدا دەیویست بگاتە ئەوەی فۆرمێکی گونجاوی وەها بدۆزێتەوە کە هەریەک لە زانست و ئیمان، دنیا و قیامەت، مادییەت و رۆحانییەت، پێکەوە کۆ بکاتەوە. "نیشیدا کیتارۆ" پرسیارگەلێکی لەم جۆرەی دەکرد: بۆچی خۆرهەڵات تەنیا بە رۆحانی و خۆرئاواش بە مادی دەمێننەوە؟ دەکرێت بە چ شێوەیەک لەم بارودۆخە ناتەواوە دەرچین؟ بۆچی مرۆڤایەتی ناتوانێت بگاتە شارستانییەتێکی پڕاوپڕ و بێ کەموکوڕی کە لە یەک کاتدا هەم مادی و هەم رۆحانیش بێت؟

ئەو پێی وابوو یابان دەتوانێت ئەرکێکی وا لە ئەستۆ بگرێت و خۆرئاوا و خۆرهەڵات یەک بخات، ئەویش لە رێی ئاوێتەکردنی عەقیدەی رۆحانی و مەنهەجییەتی زانستی کە لە خۆرئاوادا گەیشتە دوا ترۆپکی خۆی.. من بۆ خۆم لەو باوەڕەدام ئەم قسانەی "نیشیدا کیتارۆ"، جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ بیر و بۆچوونی نووسەرە گەورەکانی عەرەبی وەک "تۆفیق حەکیم، عەباس مەحموود عەقاد، میکائیل نەعیمە، تەها حسێن".

بەشی دووەم

# مۆدێرنە و ڕۆشنگەری

## چەند سەرنجێک لەبارەی مۆدێرنەوە

هیچ زاراوەیەک لە جیهاندا هێندەی (مۆدێرنە) نێوبانگی پەیدا نەکردووە و تەشەنەی نەسەندووە. ڕاستە لە ئێستادا زاراوەی (بەجیهانیبوون) ناوبانگێکی زۆری پەیدا کردووە، بەڵام زاراوەیەکی زۆر تازەیە و تەمەنی لە چەند ساڵێک زیاتر نییە. سەرەڕای ئەوەی (بەجیهانیبوون) بۆ خۆی هاوتای "مۆدێرنە"یە یان دەکرێت بڵێین درێژەپێدەری ئەوە.

چەمکی (مۆدێرنە) بەهۆی زۆر بەکارهێنانییەوە کۆن بووە و لە هەمان کاتدا چەمکێکی دێرینیشە. دەتوانین بڵێین Modernite دەگەڕێتەوە بۆ "بۆدلێر" و ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە ١٨٤٩، ڕەنگە ئەم چەمکە بەر لەو کاتە لە زمانی ئینگلیزیدا لەژێر ناوی Modernityدا هەبووبێت، بەڵام بە فیعلی تەنیا لەسەر دەستی "بۆدلێر" و گرووپەکەی بڵاو بووەوە و ڕەواجی پەیدا کرد. (مۆدێرنە) بەرلەوەی بگاتە بواری فەلسەفە و فیکر، لەکایەی شیعر و هونەردا بڵاو بووەوە.

هەرچۆنێک بێت لە دواییدا ئەم چەمکە بووە بەناوبانگترین چەمک لە جیهاندا، ئەگەرچی لە سەرەتادا "بۆدلێر" ترسی ئەوەی هەبوو هەستی خەڵک بریندار کات و هێندەشی نەمابوو، دەست لە هێنانە ئارای هەڵگرێت. فەیلەسووفەکان (مێژووی فیکر) بەسەر سێ قۆناغی گەورەدا دابەش دەکەن:

- سەردەمی یۆنانیی ڕۆمانی.
- سەدەکانی ناوەڕاست.
- سەردەمی مۆدێرنە.

بێگومان ئەم دابەشکردنە تەنیا فیکری ئەورووپی دەگرێتەوە، هەرچی

فـیکری عـەرەبی ئیـسـلامی و فـیکری هـیندی یاخـۆ چینی و.. هتـد، ئەوا دابەشکردنی تـایبـەتی خـۆیانیـان هـەیە. چەمکی (مـۆدێرنە) تەنیـا ئەو حـەوت دەوڵەتە پیشەسازییە گەورەیە دەگرێتەوە کە حوکمی جیهان دەکەن، ئەوانیش برێتـین لە: (ولاتە یەکگرتووەکـانی ئەمــەریکا، ئینگلاند، فـرەنسـا، کـەنەدا، ئیـتـاڵیـا، ئەڵمـانیـا، یابان). هـەرچی ولاتانـی تری دنیـایە هـەوڵی زۆر دەدەن، بەرەو (مۆدێرنە)، واتە بۆ چوونە ناو بەهەشتی (مۆدێرنە).

گرینگترین ئەو ولاتانەشی لە ئێستـادا هـەوڵی ئەوە دەدەن برێتین لە چین و هندسـتـان و ڕووسـیـا و جیـهـانی عـەرەبی و ئەفـریقـیـا و ئـەمـەریکای لاتین و تـەواوی ولاتانـی ســـەر گـــۆی زەوی. هـەمــــووان دەیانـەوێت لە بـەرهـەم و بەروبوومی "مـۆدێرنە" بەهرەمەندبن، بەڵام (مـۆدێرنە) هەروا بەئاسانی خۆی بەدەسـتەوە نادات.. ڕەنگە ولاتێک هەموو ئامێر و ئامرازەکانی "مـۆدێرنە"ی هەبێت لە ئامـێرە تەکنەلۆجییـەکان و ئەقڵـە ئەلکترۆنییـەکان و ئۆتۆمـۆبێل، بەڵام بێ ئەوەی مۆدێرن بێت، چونکە (مۆدێرنە) دەبێت بە دوو بەشەوە:

– مۆدێرنەی مادی.

– مۆدێرنەی ئەقڵی یان فیکری.

گـەر دەوڵەمــەند بیت دەتوانیت یەکـەمیـان وەکی خـۆی و بەئامـادەکـراوی وەرگریت، بەڵام دووەمیـان نـاکرێدرێت تەنانەت گـەر بەزێڕیش بێت. هـاوکات مـۆدێرنـەی فـیکری یان هونەری یاخـۆ فـەلسـەفی لە دەسـتی هـیچ کـەس و ولاتێکدا نییـە و دروسـتبـوونی مـاوەیەکی زۆری دەوێت، وەک چۆن پێویسـتی بەشـەڕێکی ڕاستـەقینە هـەیە لەگەڵ ترادسیۆندا. ئەڵبەتە هەمـوو کەسێکیش ئەوەی لەدەست نایەت، بەڵگەش بۆ ئەم قـسـانەمــان ئەوەیە کـە ئێـسـتــا لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا ڕوو دەدات.

"جـان بۆدریـار"ی فـەیلەسـووفی فـرەنسی پێـیـوایە، (مـۆدێرنە) تـەرزێکی شارسـتانییە و دژ بەو تەرزە تـەقلیدییـەیە کە بەدرێژاییی چەندین سـەدە، بار

بوو بەسەر مرۆڤایەتییەوە و تەنانەت تائێستاش دەسەڵاتی بەسەر زۆر لە وڵاتاندا هەیە.

سەرەتا (مۆدێرنە) لە ئەوروپاوە سەری هەڵداو دوای ئەوە بەجیهان گەیشت. (مۆدێرنە) لە یەک کاتدا ئەفسانەیە و حەقیقەتێکی بەرچاویشە. ئەم دیاردەیە سیحرێکی گەورەی هەیە و کەم کەس دەتوانێت خۆی لە بەرامبەر ئەفسوونەکانیدا ڕابگرێت. بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە ڕەنگە هەموو گەنجانی دنیا ڕوو بکەنە ئەوروپا و خۆرئاوا، گەر بتوانن و هەلی ئەوەیان بۆ بڕەخسێ. ئەو گەنجانە لە ڕێی شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە شێوە ژیانی بەرخۆری ئەوروپاییەکان و فیلمە سینەماییەکان و ئازادیی سێکسی و ئازادییەکانی تر دەبینن و خەون بەوەوە دەبینن، ئەوانیش ڕۆژێک بێت وەکی گەنجانی ئەوروپی و ئەمەریکی ژیان بگوزەرێنن.

بەمجۆرە (مۆدێرنە) بووەتە ئەفسانەیەک و ملیۆنەها خەڵکی برسی و سەرکوتکراو، لە ئاسیا و ئەفریقیا و ڕووسیا و تەواوی جیهاندا خەونی پێوە دەبینن و ئاواتی پێ دەخوازن. بەڵام لە پشت ئەم ئەفسانەیەوە حەقیقەتێکیش هەیە، واتە حەقیقەتی (مۆدێرنە)و واقیعی ڕۆژانەی. (مۆدێرنە) وەک ئەوەی خەڵکی جیهانی سێیەم پێیان وایە و دووربەدوور لە ڕێی شاشەی تەلەفزیۆن و فیلمە سینەماییەکانەوە دەیبینن، هەمووی شیرینی و ئاسوودەیی نییە، بگرە هاوکات کێشە و گرفت و دەرچوون و لە ڕێ لادانی خۆی هەیە، بەڵام هەر ئیجابیاتی لە سلبیاتی زیاترە. گەر وا نەبوایە جیهانی کۆمۆنستی هەرەسی نەدەهێنا و کار نەدەگەیشتە ئەوەی، تەنانەت ڕووسیا یان چین لە هەوڵی ئەوەدا بن لاسایی بکەنەوە یاخۆ پێی ڕابگەن.

(مۆدێرنە) لە ئاکامی ئەو گۆڕانکارییە قووڵانەدا هاتە ئارا کە بەسەر پێکهاتەی ئابووری و کۆمەڵایەتی وڵاتانی ئەوروپاییدا هات. ئەم وڵاتانە وەکی ئێمە و بگرە زیاتریش کشتوکاڵی و هەژار و ئسووڵی و دواکەوتوو بوون، بەڵام هەر لە سەدەی شازدەمەوە هەندێک گۆڕانکاریی مەزنیان بەسەردا

هات و ئەم گۆڕانکارییانەش لە سەدەی حەڤدە و هەژدە و نۆزدە و بیستدا بەردەوام بوو، تا ئەوروپا گەیشتە ئەو ئاستی گەشەو پێشکەوتنەی ئەمڕۆ تێیدایە.

پرۆژەی (مۆدێرنە) بەیەک ئاست و لە چەند بوارێکدا بەڕێوە چوو:

- بواری زانستیی تەکنۆلۆجی.
- بواری ئاینیی تیۆلۆجی.
- بواری فەلسەفی.
- بواری پیشەسازیی ئابووری.
- بواری سیاسی یاسایی و.. هتد.

کەواتە (مۆدێرنە) بریتییە لە حەقیقەتێکی هەمەلایەنەی تەواو. ئێستا گرەوەکە ئەوەیە، یان دەبێت مۆدێرن بیت یان نەبیت. وەکو باسمان کرد ئەوەندە بەس نییە خاوەنی هەندێک دیاردەی (مۆدێرن) بین یاخۆ چەند ئامرازێکی بگوازینەوە، بۆ ئەوەی ببینە (مۆدێرن). جێی باسە "مۆدێرنە" وەک دیاردەیەکی یۆنیڤێرسالی، تەنیا لە سەدەی شازدەدا لە ئەوروپا بەدەرکەوت و لە سەدەی نۆزدەشدا گەیشتە بەرزترین ئاستی خۆی. چەند ڕووداوێک هەندێ مێژوونووسان وەک بەڵگەیەک دەیهێننەوە بۆ دەستپێکردنی سەردەمی مۆدێرن، لەوانە:

- دۆزینەوەی ئەمەریکا لەلایەن "کریستۆف کۆڵۆمبۆس" وە لە ساڵی ١٤٩٢.
- دۆزینەوەی ئامێری چاپ لەلایەن "گۆتنبرگ"ەوە لە ساڵی ١٤٥٣.
- دۆزینەوەکانی "کۆپەرنیکۆس" لە بواری گەردووناسیدا، ساڵی ١٥٤٣ (سووڕانەوەی زەوی بەدەوری خۆردا، نەک بەپێچەوانەوە).

لەو ڕووداوە سەرەکییانەی دەکرێتە خاڵی دەستپێکی سەدە نوێکان، سەرهەڵدانی ئەو بزاوتە ریفۆرمە ئاینیە بەناوبانگەیە کە ساڵی ١٥١٧ لەسەر دەستی "مارتن لۆثەر" لە ئەڵمانیا سەری هەڵدا. ئەم ڕووداوە ئەوروپای

هەژاند و دۆگماتیستی تیۆلۆجی و بەستەڵەکی مەسیحی و کڵێسای تێک شکاند و داوای ئەوەی دەکرد، پشت بە ئەقڵ ببەسترێت و مەسیحییەکانیش بەوردی بکەونە پشکنینی ئەو شتانەی پێوەندییان بە مەسەلەی ئاین و کاروباری عەقیدەوە هەیە.

دواتر نابێت ئەو ڕووداوە مەزنەشمان لەبیر بچێت کە بریتییە لە سەردەمی ڕێنیسانس و برەوسەندنی هیومانیزم. ئەم بزاوتە سەرەتا لە ئیتاڵیا دەستی پێ کرد و پاشان وڵاتانی تری ئەوروپاشی گرتەوە و لە سەدەکانی دواییدا بزاوتی "مۆدێرنە" بەردەوام بوو، دواتر بەدوور و درێژی دێینە سەر باسکردنی ئەم مەسەلەیە. بەڵام بائێستا بزانین پێناسەی "مۆدێرنە" چییە؟ ئایا زانایان لەسەر پێناسەکردنی هاوڕا و تەبان؟

سۆسیۆلۆجستی فرەنسی "ئالان تۆرین" پێیوایە، (مۆدێرنە) تەنیا بریتی نییە لە بەدوایەکدا هاتنی چرکە ساتەکانی زەمەن یاخۆ گۆڕانێکی ڕووتی پەتی بێت، بگرە لە جەوهەردا بریتییە لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمی چالاکی ئەقڵانی مرۆڤ و بەرهەمی چالاکییەکانی تری کایەی زانستی و تەکنۆلۆجی و بەڕێوەبردن.

(مۆدێرنە) زانست دەکاتە سەنتەری ژیانی کۆمەڵایەتی، لە جێگەی ئەقڵیەتی غەیبانی یاخۆ میتافیزیکی. هەرچی عەقیدەی ئاینیشە ئەوا لە چوارچێوەی ژیانی تایبەتیی تاکەکەسدا سنوورداری دەکات.

ئەوەندە بەس نییە بەرهەمە تەکنۆلۆجییەکانی زانست لە کۆمەڵگەیەک لە کۆمەڵگەکاندا ببینین بۆ ئەوەی بەمۆدێرن لە قەڵەمیان بدەین، بگرە دەبێت چالاکی (فیکری ئازادی) تێدا بێت کە بەدوور بێت لە پڕوپاگەندەی سیاسی و ئەو ئایدیۆلۆجیا تەقلیدییانەی بێ هیچ پرس و ڕایەک خۆیان بەسەر خەڵکدا فەرز دەکەن..

هەروەها کۆمەڵگەی مۆدێرن خاوەنی یاساگەلێکی گشتییە کە بەبێ

جیاوازی بەسەر تەواوی هاووڵاتییاندا جێبەجێ دەکرێت. لەو کۆمەڵگەیانەدا دامەزراندنی خزم و کەسوکار لە پۆستە ئیدارییەکان و فەزڵدانیان بەسەر خەڵکانی تردا قەدەغەیە، بەپێچەوانەی ئەوەی لە کۆمەڵگەی بەر لە مۆدێرنەکاندا لە ئارادایە و خزم خواهی و بەرتیل و گەندەڵی لەوپەڕیدایە. لە کۆمەڵگە "مۆدێرن"ەکاندا یاسا بەسەر تەواوی خەڵکدا دەچەسپێت، لە کوڕی سەرکۆمارەوە تا بچووکترین هاووڵاتی ئەو وڵاتە و هیچ کەس لە سەروو یاساوە نییە. هەر بۆیە زۆرجار لە کۆمەڵگە ئەوروپاییە پێشکەوتووەکاندا گوێبیستی هەواڵی دادگاییکردنی وەزیر و کوڕی سەرۆک و بنەماڵە گەورەکان دەبین و کارێکی لەم جۆرەش لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا مەحاڵە.

بێگومان ئایدیای (مۆدێرنە) بەتوندی پەیوەستە بەئایدیای ئەقڵانییەتەوە و ئەو پرۆسەیە بەبێ دیسپلینێکی ئەقڵانییانەی کۆمەڵگە لەسەر هەموو ئاستەکان بە (مۆدێرنە) حساب ناکرێت. ئەم پرۆسەیە لە کورتترین پێناسەیدا برێتییە لەو سەرکێشییە قەشەنگەی ئەوروپا، لە سەرەتای سەدەی شازدەوە دەستی پێ کرد و بووە مایەی هاتنە ئارای ئەقڵانییەت و کامەرانی و ئازادی لە کۆمەڵگەکانی خۆرئاوادا. هەروەها بووە مایەی تێکوپێکدانی ئەو بیروباوەڕە تەقلیدییانەی لە ڕابردوودا باڵادەست بوون.

ئەقڵ لە کۆمەڵگەی (مۆدێرنە)کاندا هەر بەتەنیا جڵەوی چالاکییە زانستی و تەکنۆلۆجییەکان ناکات، بگرە هاوکات ئاراستەی چارەنووسی مرۆڤ و چۆنیەتی بەڕێوەچونی کاروبارەکانیان و بەڕێوەبردنی هەموو شتەکان لە کۆمەڵگەدا دیاری دەکات. ئەمەش مانای وایە (مۆدێرنە) حوکمی ئەقڵە نەوەک گواستنەوە و کۆپیکردن بێت.

هەندێک جار (مۆدێرنە) ئەقڵ دەکاتە ئامرازێک لەپێناو خۆشخوانی و خزمەتکردن بە مرۆڤ. هەندێ جاریش ئەقڵ وەک چەکێکی ڕەخنەیی دەخاتە گەڕ دژ بەهەموو دەسەڵاتە ترسندنتالییەکان، ئەویش لەپێناو ئازادکردنی مرۆڤ لە چنگی دەسەڵاتی تیۆلۆجی. بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا ئەقڵانییەت

دەکاتە تاکە پرەنسیپێک بۆ ڕێکخستنی ژیانی فەردی و کۆمەڵایەتی، ئەویش لە ڕێگەی بەستنەوەی بەپرەنسیپێکی ترەوە کە پرەنسیپی عەلمانییەتە.

(مۆدێرنە) بەبێ عەلمانییەت (مۆدێرنە) نییە، بەڵام بەو مەرجەی وا لە عەلمانییەت تێ نەگەین کفر بێت، وەک زۆر کەس لە جیهانی ئیسلامی یان عەرەبیدا پێیان وایە. عەلمانییەت مانای کفر ناگەیەنێت یاخۆ سەپاندنی (ئیلحاد) بێت بەزەبری هێز بەسەر خەڵکدا وەکو ئەوەی کۆمۆنیزم کردی، بگرە مەبەست لێی ڕێزگرتنی ئازادی ئاینی و پلورالیزمی بیروباوەڕە لە کۆمەڵگەدا. پاشان جیاوازیکردنە لە نێوان هاووڵاتی و ئینتیمای مەزهەبی و تایفیدا. هەروەها مامەڵەکردنە لەگەڵ سەرجەم هاووڵاتییاندا بەبێ جیاوازی لە بەرامبەر دامەزراوەکانی دەوڵەت و یاسا و ئیدارەی گشتی و.. هتد.

دەوڵەتی عەلمانی ئازادی بۆ تەواوی ئاینەکان و جێبەجێکردنی سرووت و ڕێوڕەسمەکانیان دەستەبەر دەکات، بێ ئەوەی جیاوازی لە نێوان هیچ ئاین و مەزهەبێکدا بکات. لە دەوڵەتی عەلمانیدا هەموو بیرو باوەڕە ئاینییەکان بەڕێزن و دەبێت ڕێزیان لێ بگیرێت.

فەیلەسووفی ئەڵمانی "یۆرگن هابرماس" پێیوایە (مۆدێرنە) بەمانای حوکمی ئەقڵ یاخۆ باڵادەستی ئەقڵ دێت لە سەرجەم بوارەکانی کۆمەڵگەدا. ئەو کۆمەڵگەیەی بەشێوەیەکی ئەقڵانی ڕێک نەخراوە کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن نییە، بگرە کۆمەڵگەیەکی تەقلیدییە. لە پێشەکی کتێبە بەناوبانگەکەیدا (گوتاری فەلسەفی مۆدێرنە)، "هابرماس" ئاوەها دەڵێت: (بۆچی پەرەسەندنی زانستی و هونەری و سیاسی و ئابووری لە ئەوروپا بە ئاراستەی ئەقڵانییەت ڕێگەی گرت و ئەم حاڵەتە لە جێگەیەکی تری دنیادا ڕووی نەدا؟ بەواتایەکی تر بۆچی مۆدێرنە تەنیا ئەوروپای گرتەوە و ئەم پرۆسەیە بەشێوەیەکی کەم وێنە لەم هەرێمەدا گەشەی کرد و بەرەوپێش چوو؟).

ڕاستە شارستانییەتەکانی تری وەک شارستانییەتی عەرەبی و چینی و

هندی.. هتـد، بێـبـەش نەبوون لە ئەقـڵانیـیـەت، بەڵام بەتەنیـا ئـەوروپا سـەرکـەوتنی ئەقڵ و ئەقـڵانیـیـەتی بەشـێوەیەکی پڕاوپڕ بـەخـۆیـەوە بینی. ئایا دەبێت نهـێنی ئەمـە لە چیـدا بێت؟ ڕاسـتـیـیـەکـەی هێندە بەسـە لـە هەر کۆمەڵگەیەکی ئەوروپاییەوە کە بەشێوەیەکی ئەقڵانی ڕێکخرابێت (بۆ نموونە وەک کـۆمـەڵگەی ئینگلیـزی یان ئەڵمـانی)، بچـینـە ناو هـەر کـۆمـەڵگەیەکی عـەرەبی تەقلیدی و بێسەروبەرەوە، تا بـەڕوونی ئەو جیـاوازییە زۆرە ببینین و لە ماناو ناوەڕۆکی (مۆدێرنە) تێبگەین.

ئەڵبەتە ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە مرۆڤی ئەوروپی ڕەگەزێکە بەشێوەیەکی ئەزەلی لە سـەروو مـرۆڤی عـەرەبی یان هـندی یاخۆ ئەفریقیـاییـیـەوەیە، بگرە هـەلومـەرجـێکی مـێژوویی تایبـەت وای کـردووە (مـۆدێرنـە) لە ئەوروپادا سـەر دەربێنێت. ڕەنگە وڵاتانی ئێمەش ڕۆژێک بێت بگەنە (مۆدێرنە) و ئەقڵانییەت، بە حـەتمیش ئـەم وڵاتانەی ئێـمـە بەرەو ئەوە دەچن، سـەرەڕای هەمـوو ئەو کارەسات و نەهامەتییانەی هەنووکە دێتە ڕێیان.

## ئارکیۆلۆجیای مۆدێرنە

پێویستە ئەوە بزانین ئێمە و خۆرئاوا، تا کۆتاییەکانی سەدەی شازدە و سەرەتاکانی سەدەی حەڤدە (واتا تا ساتەوەختی دیکارت)، دەچووینەوە سەر هەمان چوارچێوەی عەقڵی. هەردووک لە هەمان کەشوهەوای فکریدا دەخولاینەوە، هەمان ئاسمانی سیمۆلۆجی یاخۆ ڕەمزی تەفرەی دەداین و چەواشەی دەکردین. پاش ئەوە خۆرئاوا گاف گاف لەو سیستەمە فکرییەی پێشوو دوورکەوتەوە و هەنگاوە ژیارییەکانیشی بەگوڕتر بوون، تا وای لێ هات دوورایی نێوانمان گەورەتر بوو. بەمجۆرە خۆرئاوا چووە نێو پانتاییەکی عەقڵیی ترەوە، پانتاییەک کە لە دووری دوورەوە نەبێت هیچ چەشنە پێوەندییەکی بە فەزایی عەقڵی پێشووترەوە نەما. ئێمەشی لە چوارچێوەی ئەو سیستەمە فکرییە کۆنەدا لە دوای خۆیەوە بەجێ هێشت، تا وای لێ هات هەر پێگەیشتنەوەیەکی جدی لەگەڵیدا، بێتە کارێکی نەشیاو و مەحاڵ. لێرەوە پێکدادان و پشت لە یەک کردن یان پێکەوە نەگونجان و ڕک و کین، بووە تاکە زمانێکی شیاو لە هەردوولاوە. سەرەنجام جیاوازیی زۆر، ڕقی زۆر دروست دەکات.

ئەمەش بە تەنیا وەک هەندێک مەزەندەی دەکەن، دەرەنجامی پێکدادانە سیاسییەکان نییە، بگرە بۆ شتێکی بنەڕەتی تر دەگەڕێتەوە کە پێوەندی بە فیکرەوە هەیە لە قووڵاییە ئارکیۆلۆجییەکەیدا. دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەریەک لە ئێمە سەر بە دوو کایەی عەقڵیی تەواو لێک جیاوازین، دوو پانتایی کە ناشێت بە یەکتری بگەن، لەبەرئەوەی بە دوو ئاراستەی تەریب بەیەک دێن و دەچن. بگرە پانتایی دووەم لەسەر دار و پەردووی یەکەم

دروست بووە، دوای ئەوەی شـــەڕێکی بێ پەروای لە دژ بەرپا کـــرد تا لێی جیابێتەوە٤.

بەو پێیـەی ئێمـە ئامانجمـان لەم باسـە، دەسـتنیشـانکردنی ڕەگ و ڕیشـە سـەرەتاییەکانی گۆڕانی زانستە مرۆییەکان یان پێکهاتنی نوێگەرییە، ئەوا بە باشـی دەزانین هەڵوێسـتـەیەک لەبەردەم قـۆناغی بەر لە عـەقـڵانیـیـەتی خـۆرئـاوادا بکەیـن، واتە لەو قــۆناغـەدا بوەسـتین کـە بـە فـەزای عـەقـڵی سـەدەکانی ناوەڕاست دەناسرێت. لێرەدا دەمـەوێت کـەمێک لای ئەو پرۆسـە دژوار و ترسناکە بوەسـتم، کە خۆرئاوا توانی بە هۆیەوە لە خودی خۆی جیا بێتەوە و لە خودە تەقلیدی و قەیمییەکەی دابڕێ...

خـەسـڵـەتە سـەرەکـییـەکـانی ئەم کایە عـەقـڵیـەیی سـەدەکـانی ناوەڕاست کامەیە؟ ئەو تایبـەتمەندییە مەزنانە کامانەن کە خـەڵکانی ئەوروپا بەر لە پێ خستنە ناو قۆناغی نوێگەری و عـەقڵانییەتـەوە هەڵگری بوون؟ چۆن و کەی ئەم دابڕانە ڕووی دا؟ ئـەمـانە هـەنـدێکن لەو پرسـیـارانەی لێرەدا دەمـانەوێت بیـــانکەین، بۆ ئەوەی بڕێک لەو خــەیاڵ پڵاوە یان ئـەو بـەدحـــاڵیــبـــوونـە ناهەموارانەی هەیە بڕەوێنێتەوە.

لەبەرئەوەی خـۆرئاوا لە سەرەتاوە تا دوایی هـەر هـەمـووی عەقڵانی نەبووە، بۆیە پێـویسـتـە ئەو هێزەی ئێـسـتـاکێ یان ئەو نوێگەرییـە زەقـەی کـە هـەیە، بەهەڵەمـانـدا نـەبات و چەواشـەمـان نەکـات، بەوەی خـۆرئاوا لە نـەژادێکە و گـەلانی تری سـەرزەمـین لە نەژادێکی ترن. خـۆرئاوا لەبەر ئـەوە باڵادەست و سـەرکـەوتوو نیـیـە، چونکە خـۆرئاوایە یان لەبەرئەوەی سـپـی پێـست و زەرد پێستـە، وەک هـەندێک لـە باڵی ڕەگـەزپەرستی لە خۆبایی دەیانـویست بەوانە تەفـرەمـان بدەن، بگـرە هـەمـوو ئـەمـانە دەگـەڕێنەوە بۆ چـەند هۆکـارێکی مێژوویی و دەکرێت لە ڕێی پەیرەوکـردنی میـتـۆدێکی مێژوویـیـەوە دەست بخـەینە سـەری و ئاشکرای بکەین. وتم میـتـۆدێکی مـێژوویی و دەمـتـوانی چەمکگەلێکی تریش بەکـار بهـێنم (بەتـایبـەت ئـەو چەمکانـەی تازەن)، وەک

چەمکی هەڵکۆڵینی ئارکیـۆلۆجی لە قـووڵاییـیـەکـاندا، یان وەک مـیـتـۆدی ژینالۆجیا لەسـەر ڕێبازی "نیچە"، یاخۆ میتۆدی شیکردنەوەی خود لە ڕێی خـودەوە بەشـێـوەی "فـرۆید" و شـیکردنەوەی دەروونی٥، چـونکە سـەرەڕای جـیـاوازی بـەڕواڵەتی نێـوان سـەرجـەم ئـەم ئاقـار و زاراوانە، بەڵام لەگـەڵ ئەوەشدا هەموویان لە سیفەتێکی سەرەکیدا تەبان، ئەویش ئەوەیە گەیشتن بە حەقیقەت ئەوەمان لێ دەخوازێت، تا بە قووڵایی زەمەن یان خـوادا (تاک یان کۆمەڵ) شۆڕ بینەوە.

ئـەم ڕۆچوونـە بە نـاخـی زەمـــەندا، ئـەم هەڵکۆڵینـە لـەبارەی چینـەکـــانـی ژێرەوەی هۆشیاری (تاکەکەس یاخۆ کۆمەڵ)، ئەم کەلێنکردنە ناو ئەو چینە جیـۆلۆجییانـەی بە درێژایی ڕۆژگار لەسـەر یەک کەڵەکە بوون، تەنیا ڕێگە چارەیەکە – تەنیا ئاقار و میتۆدێکە –، ڕێگای ئەوەمان پێ بدات تا شتەکان لە تەڕو برِی سـەرەتاییياندا ببینین، یاخۆ لە ڕووە بێگەرد و ئەسڵییەکەیاندا کەشف بکەین. ئەمەش ئەو کارە بوو کە "میشێل فۆکۆ" پێی هەستا، کاتێک ویستی ئارکیۆلۆجییانە بە ڕەگ و ڕیشەی خۆرئاوادا بچێتە خوار، بۆئەوەی ســـەرەڕای شکۆداری و جـــەبەرووتی زۆری، ڕێژەیی بوونی ئەو ژیوارە بسەلمێنێ. ئەم کارەشی لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (وشەکان و شتەکان) و لە ڕێی خـەمـڵاندنی تێرمێکی سـەرەکییـەوە کـە (ئەبستیم)ەو دواتر دێینە سـەر پێناسەکردن و ناساندنی، بە ئەنجام گەیاند.

کارێکی وا بەر لە "فۆکۆ"، سۆسیۆلۆجستی مەزنی ئەڵمانی "ماکس ڤیبەر" هەوڵی بۆ دا و دەســتی بۆ برد، کـاتێک ویسـتی هۆکـاری سـەرکـەوتنی عەقڵانییەت لە خۆرئاوا لێک بداتەوە. ئەو پرسیارە سێنتراڵەشی "ڤیبەر" وروژاندی، بەمـجـۆرە بوو: (بـۆچی تەنیـا لە ئەورووپادا نەبێت، گـەشـەی زانستی و هونەری و سیاسی و ئابووری بە شێوەیەکی عەقڵانییانە بەڕێوە نەچوو؟). "مـاکس ڤـیـبـەر" ڕاشکاوانە و بێ هیچ چاو و ڕاوێک، نوێگەری و عەقـڵانییـەتی خۆرئـاوا پێکەوە گرێ دەدات٦، ئـەمـەش وای کرد هـەندێک لە

بیریارانی جیهانی سێیەم تۆمەتی نەژادپەرستی و لایەنگیریی ناوەندچێتی خۆرئاوای بدەنە پاڵ. هەمان تۆمەت کە درابووە پاڵ "مارکس"ی نەیارە گەورەی "ماکس ڤیبەر".

پاشان "ڤیبەر" عەقڵانییەتی دنیایی بە چەمکێکی بەناوبانگی دییەوە بەستەوە کە لە "شیللەر"ی شاعیری ئەڵمانی خواستبوو، ئەو چەمکەش برێتیی بوو لە: (نائومێدیی جیهان)... چەندە پرۆسەی عەقڵانییەت لە جیهاندا بەرەو پێش بچێت، هێندە شالاو دەکاتە سەر بوارەکانی تری ژیان و کۆنترۆڵیان دەکات، لە بەرامبەر پرۆسەیەکی واشدا چەمکی ئەفسووناوی – یان شیعری – لەسەر رووی جیهاندا دەست بە پاشەکشێکردن دەکات، چونکە عەقڵانییەت یان نوێگەری یاخۆ تەکنەلۆجیا، جیهان لە جەوهەر و ناوەڕۆک بەتاڵ دەکاتەوە و تەڕ و پاراوی شیعر و فانتازیا و خەون و خەیاڵ لەناو دەبات. ئەمەش وا دەکات دنیا پەست و سارد و سڕ و زبر بێت. بەمجۆرە دەکرێت لە دوو گۆشەنیگاوە سەیری هەمان دیاردە بکەین، دیدگای مێژووناسی فیکر یاخۆ ئارکیۆلۆجستی مەعریفە بەشێوەی "فۆکۆ"، یان لە ڕوانگەی سۆسیۆلۆجییەوە کە بایەخ بە بوونگۆڕینە بەرچاو و هەست پێکراوەکان دەدات، وەکو "ماکس ڤیبەر". ڕەنگە لە دواییشدا ڕۆشنایی بخەینە سەر ئاقارەکانی تریش وەک: (ئاقاری مێژووی تازە) کە "فێرنان برۆدێل" پەیڕەوی دەکات، بۆ وەسفکردنی بالادەستی و سەرکەوتنی ژیواری خۆرئاوا لە ماوەی چوار سەدەی ڕابردوودا. ئەوەش لە دوو توێی کتێبە گەورەکەیدایە (ژیواری مادی، ئابووری و سەرمایەداری)دا باس دەکات کە لە سێ بەرگدا بە چاپی گەیاندووە٧.

کەواتە با هەوڵ بدەین بە شێوەیەکی بابەتی لە بەرەی هزری ئەوروپاییدا هاوشانی "میشیل فۆکۆ" بین، لەو سەفەری پشکنین و کەشفکردنە کەم وێنەیەیدا، لەمەڕ چینە بە ژێروەبووەکانی سەردەمە جیاجیاکان. لە ڕاستیشدا من وەک – توێژەرێکی عەرەبی – هیچ گرفتێک لەمەدا نابینم و

چوونە ناوەوەی ئەم جیهانەش بەو سووک و سانییەوە لێهاتوویی خۆم نییە، چونکە من بۆ خۆم بەرلەوەی بچمە دنیای مۆدێرنەوە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ژیاوم. واتە ئاراستەی من تەواو پێچەوانەی هەر توێژەرێکی فرەنسی یان ئەوروپاییە لە هاوتەمەنانی خۆم، لە کاتێکدا ئەو (واتا توێژەرێکی فرەنسی یان ئەوروپی)، بۆ ئەوەی بە ناخی زەمەندا ڕۆبچێ و بەو کەشوهەوا سەرسڕهێنەر و دڵڕفێنەی سەدەکانی ناوەڕاست بگات، ناچارە لە خۆی جوێ بێتەوە – واتە لەو نوێگەرییە داببڕێت کە تێیدا چاوی هەڵهێناوە و لە باوەشیدا گەورە بووە، بەڵام من پێویستم بە هیچ جۆرە جیابوونەوەیەک نییە تا دەستم بەو سەردەمانە بگات، لەبەرئەوەی ئەو ڕۆژگارانەم لە ناخی خۆمدا هەڵگرتووە، پاشان کۆمەڵگاکەشم بە ڕادەیەکی زۆر لە کەش و هەوای ئەو سەردەمانەدا نقووم بووە. کەواتە با بەرەو دوا بگەڕێینەوە و بچینە ناو فەزای عەقڵی و دەروونیی خەڵکانی سەدەکانی ناوەڕاست.

با گەر بۆ چەند ساتێکی کەمیش بووە چاوبەست لە خۆمان بکەین، وەک ئەوەی لە ساڵی ١٣٢٠ یان ١٥٧٠ تەنانەت ١٦١٩دا بژین (بەرواری گۆشەگیریی رینیە دیکارت لە ژوورێکی گەرم و گوڕ و لە ئەوجی زستانی ئەڵمانیادا). لەو ماوەیەدا "دیکارت" سێ خەونی تۆقێنەری بینی کە خەریک بوو عەقڵی لە دەست بدات، ئەو کاتەی خۆی بۆ دامەزراندنی عەقڵانییەتی خۆرئاوا لە ئایندەدا تەیار کردبوو. لەوێدا نیگای بۆ هات و گرێیەکی لە دەروونیدا بۆ کردەوە و کەوتە سەر ڕاستە ڕێگە، (لەو شەوی یەڵدایەدا هێندەی نەمابوو باجێکی قورسی ئەو کەشفکردنەی بدات). خەڵکانی ئەو سەردەمانە چۆن لە دنیایان دەڕوانی؟ چۆن مەزەندەیان دەکرد؟ مانای چییە کە وێنەیەکی ئەفسانەیی بۆ جیهان باڵادەستی بەسەر عەقڵی ئادەمیزادا هەبێت؟ ئەم دیدگا ئەفسانەییە سەرسڕهێنەرە چییە و جیاوازی لەگەڵ دیدی عەقڵانیدا بۆ جیهان چۆنە؟ لێرەدا دەگەینە جەوهەری بابەت و کرۆکی

خـواست و مـەبەست. ئێسـتـا بە ناچاری لە بەردەم ئەوەداین تا بـچینە نێـو گێرمە و کێشـەی درێژەدان بە باسـەکەمان.

پێویستە لەوە بە ئاگا بین کە سەرجەم کولتوورەکانی دنیا تا بەرایییەکانی ســەردەمی نوێگـەری، بەپێی لۆجـیـکی بیـری ڕەمـزی (یـان ســەرەتایـی، یان ئەفسانەیی، یاخۆ ئەفسووناوی یان – بەربەری – بە چەمکە شتراوسییەکەی بیریان دەکردەوە یاخۆ درکیان بە شـتەکان دەکرد). بیری ڕەمـزی کە وێنەی خـواســتــەیی بەکــار دێنێت، پێـچــەوانەی فــیـکرە بەهـۆی بەکــارهێنانی نیشــانەســازی یان ئەو ئامــاژە وردانەوەی لە ســەردەمی نوێگـەریدا بووە باو. ئەوەشی بە شـێوەیـەکی ڕیشـەیی سـیستـەمی ڕەمزی/ لە ئاماژەی ورد جـوێ دەکـاتـەوە، ئەوەیە کــە ڕەمـز فـرە ڕەهـەندە، واتا ئامــاژە بە مــانـا و دەلالەتی جیاجیا دەکات، لە کاتێکدا هێما تاک ڕەهەندە.

هـەروەها بیـرکردنەوەی ڕەمزی (ئەو بیـرکردنەوەی بەر لە فیـکری زانسـتی مـۆدێرن دەکـەوێت)، بڕوای بە بوونی لێکچـوونی جـەوهـەری نێـوان ڕەمـز و واقــیـع یـان نێــوان وشــە و شت هـەبوو، بـەڵام ئەم پـرۆســەیە لـە بنەڕەتدا هەڕەمەکییە و هیـچ جۆرە پێوەندییـەکی لەیەکچوو یـان سـروشـتی لەنێوان خـۆی و ئەوەی ئاماژەی بۆ دەکات نییە، (بەپێی تێگەیشتنی نوێگەری، زمـان زاراوەیە، واتە لە ڕێی کۆ دەنگییـەکەوە مـانا دەبەخـشـرێتە وشـەکـان، نەک – وقف – بێت، بەو مـانایەی هێزێکی خـواوەندی یان خـواوەند خـۆی بۆ هـەمـوو شــتـێک وشـەیـەکی دانابێت). بۆ نمـوونە درەخت بەپێـی جۆرەوجـۆری زمـانە مـرۆڤـایەتیـیـە جیـاجیـاکـان، چەنـدین ناوی هـەیە. گـەر بهـاتـایە وشـەکـان لەو شتـانە بچووایە کە ئاماژەیان بۆ دەکات، ئیـتر ئەمـە بەشێوەیەکی زۆرەملێیی یان سـروشـتی بووایە، ئەوا درەخت لەناو سـەرجـەم زمـانە جـیـهـانیـیـەکاندا تەنها ناوێکی دەبوو. واتە زمـان (یان هێمـا، یاخۆ وشـە) هـەڕەمـەکییە، وەک چۆن زمانەوانی نوێ بێ چەندوچوون بڕیاری لێ دەدات.

فـیکری "ئەرسـتـۆ" کـە تا کـۆتایی سـەردەمی ڕێنیسـانس بەسـەر ئەوروپادا

بالادەست بوو، فـیـزیایەکی ڕەمـزی بوو، لەبەرئەوەی لەسـەر تیـۆریای لێکچـوونی نێـوان شـتـەکـان دامـەزرابـوو، بەهۆی بەشـدارییـان لە چوار ڕەگەزەکەدا: (ئاو، هەوا، ئاگر، خۆڵ). ئێمە ئەوە دەزانین کە زانستی مۆدێرن لە "دیکارت"ەوە، تەنیا دژ بە "ئەرستۆ" و ئاقاری سکولائی نەهاتووەتە ئارا، بگرە لە بنەمادا و بە پلەی یەکەم هەوڵدانێک بوو بۆ قوتاربوون لە مەعریفەی ڕەمزی، واتە لە مەعریفەی میتۆلۆجی، ئەو مەعریفەیەی لەسـەر کەشفکردنی لێکچوونە ناکۆتاییەکانی نێوان ڕەگەزەکانی سروشت دامەزرابوو. بەمجۆرە لە بری مـەعریفـەی چۆنایەتی، مـەعـریفـەی چەندایەتی پێـوانەکاری لەسـەر دەستی "دیکارت" هاتە ئارا.

ئیتر ئەو فیکرە ڕەمزییە یان میتۆلۆجییە کە بەر لە چاخی زانست جڵەوی خـەڵکانی ئەوروپایی بەدەست بوو، گـاف گـاف بەرەو پاشـەکـشـە و بەرتەسکبوونەوە دەچوو. ئەمـە بوو "میشـێل فۆکۆ" لە پێشـەکـی کـتـێبی (وشـەکان و شـتـەکان)داو لە یەکێک لە نەسکە هەرە جوانەکانیدا، بە ناوی پەخشـانی جیـهان٨ (واتە جیـهان وەک پەخشـان و وەک کـتێبـێکی کراوە دەخوێنرێتەوە)، وەک چۆن هەر کتێبێکی ئاسیایی تر دەخوێنرێتەوە، باسی کردبوو.

"فۆکۆ" دەڵێت: (لە سـەرەتای سـەدەی حـەڤدەدا، سـەردەمی پێچـوواندنی نێوان شـتـەکان دوایی هـات، لە ڕێگەی کەشـفکردنی ئەو ئاماژانـەی کۆیان دەکـاتـەوە. لێـرەوە ئـەو بیـرە ڕەمـزییـە بە کـۆتایی گـەیشت کـە لەسـەر بەدواداچوونی لێکچوونە ناکۆتاییەکانی نێوان شتەکان ڕاوەستابوو. فیکری ئەوروپاییش بـۆ یەکـەم جـار پێی نایە قـۆناغی پێـوانـەیی و جـیـاکـاری و ژمـێریارییەوە، واتە چووە قـۆناغی عـەقڵانیـیـەتی زانسـتی. ئەو ئاسـمـانە ڕەمـزییـەی پڕی بوو لە تارمـایی و ڕۆح، بۆ خـەڵکانی ئەوروپایی ئاشکرا بوو. لە بەرامـبـەردا ئاسـمـانێکی بێگەرد و بێـلایەن، ئاسـمـانێکی سـروشـتی یان فیزیـایی جێگـەی گرتەوە. بەهـەمان شـێوەش پەردە لەسـەر ڕەمزەکانی سـەر

ڕووی سـروشـتـی زەمین هەڵمـاڵراو، دڕندەکـان و ئەفـسـوون و خـەیاڵ و فانتازیاکان، سەرزەمینیان بەجێ هێشت).

بەکورتییـەکەی سروشت گەڕایەوە سـەر ئەسڵی خۆی، واتە گەڕێندرایەوە سـەر ژمـارە و ڕەگەزە مـادی و ڕواڵەتە هەست پێکراوەکـانی، ئەو ڕواڵەتانەی لە هەمـوو ڕوویەکـەوە تاوتوێ دەکرێن و دەپێورێن. تەنانـەت دارسـتـانە چڕ و ئەشکەوتە تاریک و چۆم و ڕووبارە قووڵ و شـاخ و داخـەکانیش، بوونە چەند دیاردەیـەکی سـروشـتی کـە وەک خـۆیان تاوتوێ دەکـرێن و لێکۆڵینـەوەیان لەبارەوە دەکرێت، لەپێناو بەدیارخستنی بنیاتە بنەڕەتییەکانیان. پاش ئەوەی تارمـاییـیـەکانیان لێ دەرکراو لە فانتـازیا و خەیاڵ بەتاڵ کرانەوە، ئەو وەهم و خەیاڵانەی مـرۆڤی سـەدەکانی ناوەڕاستی خستـبووە ژێر باری خۆیەوە. ئیتر لێـرەوە زانسـتـی ئەوروپایی یان عـەقـڵـیـیـەتی "دیکارت"ی، دەسـتـی بە کەویکردنی کـایە جیاجیاکـان کرد و تەنانەت دارسـتانە گەورەکـانی لە وێنەی دارسـتـانـی (فـۆنتنبلۆ)ش، لـەم پرۆسـەیە قـوتاری نـەبوو. بـەمـجـۆرە درەخـتـەکـانیش وایان لێ هـات کـۆد و شـوناسـی تایبـەتیی خـۆیان هـەبێت. ڕێگـای گـەورە و بـچـووک بەنـاو ئـەو دارسـتـانـانەدا لێ دران، نەک تـەنیـا بۆ ئەوەی گەشتیاران فێر بکات چۆن چۆنی کاتێکی خۆش لەناو دارستانەکاندا بەسـەر بەرن و بزر نەبن، بگرە بۆ ئەوەشـی دارسـتـانـەکـان کـەوی بـکرێن و هەمـوو ڕێکەوتە ترسناکـەکان و ئـەو تارمـاییـیـانەشـی لێوان ڕێژە لە بۆن و بەرامـەی خـەیاڵات لە ناخـیـانـدا دەربکرێن، چونکە ڕوونی و ڕەوانـی دیکارتی لە تاریکی و شەوەزەنگ سڵ دەکات. نینۆکی سروشت کرا، بەمـەش دیسپلین هاتە ئارا و لە بەرامبەریشدا پاکی و بەرائەت لەدەست چوو.

لێرەوە کۆنترۆڵکردن وەک یەکێک لە خاسییەتەکانی نوێگەری بەدیارکەوت، کـۆنـتـرۆڵکردنی سـروشـت و مـرۆڤ و تەنـانەت بەردیش... بە شـێـوەیەک زیادەڕۆیی لـەم پرۆسـەیەشـدا کـرا، تا بەنـسکۆ گـەیشت. ئەمـەش نـوێگەری ڕووبەڕووی ڕەخنەگرتن کردەوە. بۆیە دەبینین گەشتیارە ئەوروپاییـیەکان بۆ

سەفەر ڕوو لە دوورگە دوورەکان یان دارستانە پاکیزەکانی ئەفریقیا و بگرە تەنانەت ڕوو لە ولاتانی عەرەبیش دەکەن، بە مەبەستی گەڕان لە دیمەنێکی سروشتیی ڕاستەقینە یان خۆرێکی پاک و بێگەرد، یاخۆ هەوایەکی ساف کە هێشتا پیس نەبووە.

ئەمە ئەو شتە بوو کە "ماکس ڤیبەر" ئاماژەی پێدا، کاتێک باسی لە (نائومێدیی جیهان)٩ کرد، دوای بەگشتگیری کردنی عەقلانییەت و تەکنەلۆجیا. ئەم پرۆسەیە پێوەندی بە شیعری ڕۆمانتیکیشەوە هەیە لە سەدەی نۆزدەدا کە بۆخۆی وەک کاردانەوەیەک وەها بوو، دژ بە هەژموونی بەرفراوانی ئامێر و ئەتککردن و پێشێلکردنی پاکییەتی سادە و ساکاریی سروشت. دەکرێت پارتە سەوزەکان ئەوانەی داکۆکی لە ژینگە دەکەن، وەک درێژکراوەیەکی ئەم ئاقارە بناسین. مەترسی گەورەی ئەمانەش لەوەدایە، تەکنەلۆجیا هەموو ڕووبەرە سەوزەکان لە ولاتە ئەوروپاییە پیشەسازی و پێشکەوتووەکاندا پاکتاو بکات و لەناویان بەرێت...

## باسوخواسی ڕۆشنگەری

کتێبخانەی نیشتمانی لە پاریس و لەسەر لێوارەکانی ڕووباری سین بۆ ماوەی سێ مانگ (مانگی سێ و چوار و پێنجی ٢٠٠٦)، پێشەنگایەکی گەورە دەکاتەوە لەبارەی بابەتێکی گرینگ کە ئەویش ڕۆشنگەری فیکرییە و لە ماوەی سەدەی هەژدەمدا لە ئەوروپادا سەری هەڵدا. ڕێکخەرانی پێشەنگاکە و لە ریزی پێشەوەشیاندا "تزڤیتان تۆدۆرۆف"، لەو باوەڕەدانین پرۆژەی ڕۆشنگەری بەسەر چووبێت و کۆتایی هاتبێت. بە پێچەوانەوە تا ئێستاش ئامادەگی هەیەو زیاد لەهەر کاتێکی تریش بۆ دنیای ئەمرۆمان پێویستە. ئەوانەی سەرپەرشتی ئەم پێشەنگایە دەکەن دەڵێن: (بیرۆکەی ئەم پرۆژەیە چوارساڵ دوای هێرشەکانی ١١ی سێپتەمبەر گەڵاڵە بوو، ئەو ڕووداوە بیری جیهانی خستەوە کە گەر بێت و ڕۆشنگەری لە جیهانی شارستانیدا سەرکەوتنی بەدەست هێنابێت، ئەوا لە خۆرهەڵات و بە تایبەتیش لە جیهانی ئیسلامیدا هێشتا دەستی پێ نەکردووە).

لە ڕاستیدا ڕۆشنگەری تا ئێستا تەنیا لە ئەوروپای خۆرئاوا و ئەمەریکای باکوردا سەرکەوتوو بووە، بەڵام لە ناوچەکانی تری جیهاندا هەندێ کاریگەری بەجێ هێشتووە.. تەنانەت لە دنیای شارستانیشدا کە دەمارگیری ئاینی تێدا کاڵ بووەتەوە، ڕۆشنگەری هەر پێویستە و بایەخی خۆی هەیە، بەڵام بۆ مەبەستێکی تر. چونکە بەرخۆریکردن و گۆڕینی تەواوی دنیا بۆ کاڵایەکی بازرگانی لەلایەن بە جیهانیبوونی سەرمایەدارییەوە، هەڕەشەیە بۆ سەر بەهاکانی ڕۆشنگەری، ئەو بەهایانەی لە پێناویدا مەزنە فەیلەسووفانی وەک "جان جاک ڕۆسۆ و ڤۆلتێر و دیدرۆ و کۆندۆرسێ و لیسینگ و کانت و

هیگڵ و هۆڵدەرلین و..." هتد، خەباتیان کرد و هەوڵێکی زۆریان بە خەرج دا. لە دنیای ئەمڕۆدا و لەو کۆمەڵگە بەر خۆرییانەدا، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە بەردەم هەڕەشە و مەترسیدایە، چونکە خودی مرۆڤ بووەتە کاڵایەکی بازرگانی و کڕین و فرۆشی پێوە دەکرێت. ئەمەش تەواو پێچەوانەی ئەو یاسا ئەخلاقییەیە کە گەورە فەیلەسووفی رۆشنگەری "ئیما نوێل کانت" تەئکیدی لێ کردووەتەوە و دەڵێت: (نابێت مرۆڤ بکرێتە ئامرازێک بۆ بەدیهێنانی هیچ مەبەستێک، بگرە پێویستە هەمیشە خۆی وەکی ئامانجێک سەیر بکرێت و رێزی لێ بگیرێت، واتە نابێت بازرگانی پێوە بکرێت و بە هیچ شێوەیەک سووکایەتی پێ بکرێت). لێرەوە بۆمان ئاشکرا دەبێت کە پوختەی بۆچوونەکانی "کانت" ئەوەیە: (ئابووری لە پێناو مرۆڤدا دروست بووە، نەک مرۆڤ بۆ ئەوە دروست بووبێت کە ببێتە خزمەتکاری ئابووری و کەڵەکەکردنی سەرمایە. نەخێر، زانست و تەکنۆلۆجیا و هەموو ئەو پێشکەوتنە مادی و پیشەسازییەی دوای سەردەمی رۆشنگەری ڕوویان دا، لە پێناو مرۆڤدا بوون، لەبەرئەوەی مرۆڤ گەورەترین و بەرزترین ئامانجە).

بەڵام دواتر سەرمایەداریی هاوچەرخ لە پرەنسیپەکانی فەلسەفەی رۆشنگەری لایداو، گەیاندینیە دنیایەک کە بەهۆی دەوڵەمەندبوونی زۆر لەلایەک و هەژاری و قاتوقڕیش لەلایەکی ترەوە، هاوسەنگیی خۆی لە دەست دا. ئەمەش پێچەوانەی بیرو بۆچوونی گەورە فەیلەسووفێکی تری رۆشنگەرییە کە "جان جاک رۆسۆ"یە. "رۆسۆ" ساڵی ١٧٥٤ وتارێکی لەبارەی بنەچەی ستەم و نایەکسانی لە نێوان مرۆڤدا پێشکێش کرد و دەنگدانەوەیەکی گەورەی دروست کرد. لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە ئەم پێشەنگایەی پاریس، هەر بە تەنیا لە دژی فێندە مێنتالیزمی ئیسلامی نییە (ئەگەرچی بەپلەی یەکەم مەبەستی ئەوە)، بگرە لە دژی تەواوی ئەو ڕووبەرە تاریکانەی ترە کە لێرە و لەوێی جیهاندا هەن. پڕۆژەی رۆشنگەری کە ئازادیی مۆدێرنی هێنایە ئارا، سەرلەنوێ داوای لێ دەکرێت

ئەو تاریکییە رابماڵێت کە بە درێژایی چەندین سەدە لە جیهانی ئیسلامیدا کەڵەکە بووە. هەروەها دەبێت ئەوەش بەبیر شارستانیەتی خۆرئاوا بهێنێتەوە کە لە پرەنسیپەکانی سەردەمی رۆشنگەری لایداوە، ئەو سەردەمەی تەواوی شارستانییەتی مۆدێرنی لەسەر دروست بوو.

بەبۆنەی سازدانی ئەم پێشەنگا گەورەیەوە لەبارەی رۆشنگەری (لە رابردوو ئێستا و داهاتوودا)، رۆژنامە و کۆوارەکانی فرەنسا لێکۆڵینەوە و پاشکۆی تایبەتییان بۆ چاکتر ناساندنی رۆشنگەری بڵاو کردەوە. لەوانە کۆواری (ئەدەب) و کۆواری (مێژوو) و کۆواری (تیلیراما). کۆواری (مێژوو) بەپیتی درشت و لەسەر بەرگی دەرەوەی دەنووسێت: (ڤۆلتێر، دیدرۆ، رۆسۆ: بانگەشەکەرانی ئازادی!). ئەوەی بۆ من مایەی سەرسڕمان بوو، ئەوە بوو کە لە رۆژنامە عەرەبییەکاندا هیچ دەنگدانەوەیەکی ئەم پێشەنگایەم نەبینی، ئەگەرچی رۆشنبیرێکی زۆری عەرەب لە پاریسن، بەڵام پێ دەچێت ئەوان بە شتگەلێکی ترەوە مژووڵ بن.

با لێرە بەدواوە چاوێک بە بابەتەکانی ناو ئەو کۆوار و پاشکۆیانەدا بخشێنین و بزانین چییان نووسیوە: (ماگەزین لیتیریر) لە پێشەکییەکەیدا دەڵێت: (ساڵی ١٧٨٤ یەکێک لە رۆژنامەکانی بەرلین ئەم پرسیارەی ئاراستەی رۆشنبیران کردبوو: رۆشنگەری چییە؟ زۆرێک لە رۆشنبیرانی ئەو سەردەمەی ئەڵمانیا وەڵامی پرسیارەکەیان دابووەوە؛ لە ناویاندا دوو فەیلەسووفی گرینگی تێدا بوو: یەکەمیان حوسا مندیلسۆن و دووەمیشیان ئیمانوێل کانت.. مندیلسۆن باسی لە پرۆسەی رۆشنگەری خۆی کردبوو، لەم سەروبەندەشدا پرسیارەکەی بەمجۆرە فۆرمەلە کردبووەوە: رۆشنکردنەوەی ئەقڵ و ئینسانەکان بەچ مانایەک دێت؟ لە وەڵامیشدا دەڵێت: بە مانای بڵاوکردنەوەی ئەوپەڕی مەعریفەی زانستی و ئەقڵانی دێت لە سیاقی کۆمەڵایەتیدا. بەڵام کانت وەکی لێی چاوەڕێ دەکرا، زۆر رادیکاڵانەتر وەڵامی دابووەوە. بە بۆچوونی ئەو رۆشنگەری واتە مرۆڤ بە شێوەیەکی ئازادانە

ئەقڵی بە گەڕ بخات، هەروەها بە مانای دروستکردنی ڕا و بۆچوونێکی گشتیی ڕۆشنگەرانە دێت لە کۆمەڵگەدا. هاوکات ڕۆشنگەری مەبەست لێی ئەوەیە مرۆڤ لە قۆناغی کاڵفامییەوە بەرەو قۆناغی کامڵی بچێت، گەرنا ئەوا ناتوانێت بە شێوەیەکی ئازاد ئەقڵی بەکار بهێنێت. ئەمانە ڕاستن، بەڵام قسە شتێکە و کار و کردەوەش شتێکی ترە... مرۆڤ بوونەوەرێکە بە زۆر شت کۆت و بەند کراوە، کۆت و بەندی خێڵ و کەلەپووری ئاینی، لەبەر ئەوە ناتوانێت بە شێوەیەکی ئازاد و سەربەخۆ ئەقڵی بەگەڕ بخات.. لەبەر ئەوە کانت وتارەکەی بەو دەستەواژە بە ناوبانگە کۆتایی پێ دێنێت کە دەڵێت: ئەی مرۆڤ بوێر بە و ئەقڵی خۆت بخەرە کار! واتە ئازا بە و پڕکێشی بکە تا کۆت و بەندەکان بشکێنی و خۆت لە هەموو ئەو بڕیارە پێشوەختانە قوتار بکەیت کە خەسڵەتێکی خێڵەکی یان مەزهەبی یاخۆ میتافیزیکییان هەیە. ئازا بە و خۆت لە دەست مورید و مامۆستا و تەنانەت ئەو شتانەش ڕزگارکە کە دایک و باوکت تۆیان لەسەر پەروەردە کردووە. بۆ یەک جار لە ژیانتدا توانای ئەوەت هەبێت بەبێ ڕێنوێنی ئەم و ئەو، بیر لە خۆت بکەیتەوە).

بەمجۆرە دەبینین ڕۆشنگەری پرۆسەیەکی زۆر قورس و گرانە و ناتوانین بە ئاسانی پێی بگەین. ڕۆشنگەری پێویستی بە دوو جووڵە هەیە، یەکەمیان نێگەتیڤ و ڕووخێنەرە و دووەمیشیان پۆزەتیڤ و بنیاتنەرە. لە قۆناغی یەکەمدا پێویستە دەستبەرداری تەواوی ئەو شتانە بیت کە لە منداڵییەوە لە سەریان ڕاهاتوویت، بەڵام لە دووەم قۆناغدا دەبێت جێگەی ئەوانە بە شتێکی نوێ پڕ بکەیتەوە کە تەنیا لەسەر ئەقڵ و لۆجیک دامەزراون. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ڕۆشنگەری بریتییە لە مردن و سەرلەنوێ زیندووبوونەوە! هەرچۆنێک بێت ئێمە لێرەدا دەتوانین بڵێین ئەو قسە و باس و مشتومڕانەی لە سەدەی هەژدەمدا فەیلەسووفانی ڕۆشنگەری بە خۆیەوە سەرقاڵ کردبوو، تا ئێستاش جێی باسن، بەتایبەتی لەو وڵاتانەدا کە دەکەونە دەرەوەی ئەورووپا و تا هەنووکەش ڕۆشنگەرییان بە خۆیانەوە نەبینیوە. ئەو

مـشـتـومـڕانەش لەســەر ئەم تەوەرانە بووە: (ئەقڵ و ئیمـان، دەمـارگـیـری و تۆلێـرانس، تایبـەتمەندێتی و گـەردوونگەرایی، سـتـەمکاریی سـیـاسـی و دیموکراسی، شـەریعەتی ئاینی و مافـەکانی مرۆڤ، عەلمانییەت و سیستەمی تیۆکراتی و.. هتد).

هـەر لـەبارەی باسـوخـواسـەکـانی تری نـاو ئەو کـۆوار و بـڵاوکـراوانەوە لەبارەی ڕۆشنگەری، پرۆفیسۆر "دانییل ڕۆش"، یەکێک لەو فرەنسـاییـانەی پسپۆڕە لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا دەڵێت: (ڕۆشنگەری ئەو شـۆڕشە فیکرییە سـەرتاسەرییەیە کە پێشتر لە مێـژوودا ڕووی نەداوە. ئەم بزاوتە لە ئەوروپا بەرلە سەدەی هـەژدە و بە دیاریکراویش دوای ساڵی ١٦٥٠ دەسـتی پێ کرد، واتە دوای ناوەڕاسـتی سـەدەی حـەڤـدە، کاتێک فـەیلەسـووفـانی ئەوروپا بۆ یەکـەم جـار توانـیـان ڕەخنە لە ئاین بگرن، بـە تایبـەت لە دۆگـمـاتیـزمی کاتۆلیکی. سـەرمـەشقی ئەوانەش تۆماس هۆبس و سپینۆزا و لایبنتز و جۆن لۆک و بایل بوون، ڕابەری هەموو ئەمانەش: رینییە دیکارت بوو. ڕۆشنگەری برێتـیی بوو لە بزاوتێکی دوور و درێژی لە سـەرەخـۆ، کـە بووە مـایەی کەنارخستنی سەرجەم بیروباوەڕە تەقلیدییەکان و وێرانکردنیان، پاشانیش بنیـاتنانی پایەکانی شـارسـتـانییـەتی مۆدێرن لە سـەردار و پەردووی ئەوانە). ڕۆشنگەری لە ناوەڕۆکدا ئەوە بوو: (بزاوتێکی لێک شیـتاڵکردنی بەرفرەوان کە ئازایەتی و بوێرییەکی زۆری تێدابوو). هـەنووکە مرۆڤێکی ئەوروپایی شک نابەین ئاشنایەتی پێی هەبێت، لەبەرئەوەی لە بەرهـەمـەکەی خـواردووە و لێی بە هرەمـەند بووە. ئەم مـرۆڤـە بێ ئاگایە لەوەی باوانـی کاتێک ئەم بزاوتەیان ئـەنجـام داوە ڕسکیـان بـەسـەر و ژیانی خـۆیانەوە کـردووە. هـەروەهـا ڕۆشنگەری بـەمـانای قـوتاربوون لە دنیـابینیی کـۆن دێت، ئەو دنیـابینیـیـەی لەسـەر تەفسیـرکردنی گەردوون بە شێوەیەکی ئاینی و غەیبـانی دامەزرابوو. پاشان دنیابینی زانستی و فەلسەفی شوێنیان گرتەوە. بەڵام کێشەکە ئەوەیە کـە جیـهـانبـینیی کـۆن، لەبەرئەوەی سـەدان سـاڵە لە ئـەقڵ و بیرکـردنەوەی

مرۆڤەکاندا چەسپیوە، هەروا بە ئاسانی دەستبەرداری نابن و وازی لێ ناهێنن. داخۆ چۆن دەکرێت ئەم شتە لە مێشکی خەڵکیدا بسڕێتەوە و کێ زاتی ئەوە دەکات کارێکی وا بکات؟ شێت و دێوانە ئەوەیە کە بیر لە شتێکی وا بکاتەوە. بەڵام فەیلەسووفانی ئەوروپا ئەم کارەیان کرد و گەورەترین سەرکێشییان لە مێژووی فیکری مرۆڤایەتیدا ئەنجام دا، ئاکامی ئەم سەرکێشییەش: شارستانییەتی مۆدێرن بوو. لەبەر هەموو ئەمانەیە دەڵێین: (رۆشنگەری بەر لە دروستکردن و بنیاتنان، رووخاندن و لێک شیتاڵکردنە).

رۆشنگەری لە سەرەتای دەسپێکردنیەوە، شەڕی گەورەی لە دژی پیاوانی ئاینی بەرپا کرد و فەیلەسووفانی رۆشنگەریش بەبێ جیاوازی رەخنەیان ئاراستەی تەواوی ئاینزاکان کرد، هەروەها پیرۆزییان لە بەردامالین و مێژوویبوونی ئەو ئاینزایانەیان ئاشکرا کرد و خەڵک و خوایان لە دەسەڵاتی ئەوان رزگار کرد. لێرەوە دەتوانین بڵێین یەکێک لە ماناکانی رۆشنگەری برێتییە لە: (داماڵینی پیرۆزی لە شتەکان، تا وەک خۆیان ئاشکرا بن و حەقیقەتیان دەربکەوێت). بۆ نموونە پاش رۆشنگەری کارەکتەری پاپا ئەو موقەدەسییەی جارانی نەما و کەسێک نەما کە لە سەروو رەخنەوە بێت. هاوکات پاش رۆشنگەری باوەڕهێنان بە شێوە کوێرانەکەی، شتێکی پەسەند نەبوو. هەروەها دوای رۆشنگەری هەموو لێکدانەوە کۆنەکان بۆ دنیا، پاشەکشەیان کرد و لێکدانەوەی فیزیایی یاخۆ سروشتی (واتە لێکدانەوەکانی گالیلۆ و دیکارت و کیبلەر و بە تایبەتیش نیوتن)، شوێنی گرتەوە. لەو کاتەدا هۆشیاری مەسیحی ئەوروپایی دووچاری گەورەترین قەیران بوو، قەیرانێک هێندەی نەمابوو لە ڕووی دەروونییەوە لە ناوی بەرێت، بەڵام زۆر بە هێز و سەر سەلامەتی لێی دەرچوو. بەڵگەش بۆ ئەمە ئەو شارستانییەتە مۆدێرنەیە کە لە پاریس و بەرلین و رۆما و لەندەن و نیویۆرک و ئەمستردام و ستۆکهۆڵمدا، دەدرەوشێتەوە. ئەو قەیرانەی نامکوژێت، زیندووم دەکاتەوە و بە هێزم دەکات و هانم دەدات. بەمجۆرە هۆشیاریی

ئەوروپایی دەستی کرد بە کۆنترۆڵکردنی سروشت و جیهان، دوای ئەوەی لە گەورەترین ململانێ لەگەڵ خۆیدا سەرکەوتنی بەدەست هێنا. بێگومان بۆ ئەوروپاییەکان کارێکی ئاسان نەبوو، دەستبەرداری فەرمایشتەکانی باوو باپیران و قەشە و پیاوانی ئاینییان بن و لەبری ئەوانە قسە و بۆچوونی فیزیاناس و کیمیاناس و بایۆلۆجیست و فەیلەسووفەکان ئەزبەر بکەن. هەروەها شتێکی ئەوەندە ئاسان نەبوو، واز لەو بیر و باوەڕو شتانە بهێنن کە چووبووە خوێنیانەوە و ساڵەها بوو ئەقڵ و بیرکردنەوەی کۆنترۆڵ کردبوون.

**بۆچی پرۆژەی رۆشنگەری عەرەبی شکستی هێنا؟**

تاکە عەرەبێک کە بەشداری لەم پێشەنگا مەزنەدا کردبێت، توێژەری فرەنسی "عەبدولوەهاب موئەدەب" بوو. ئەم پیاوە نووسەر و شاعیر و مامۆستای ئەدەبی بەراوردکارییە لە زانکۆی (نانت). بەشداریکردنی "موئەدەب" بە توێژینەوەیەکی دوور و درێژ بوو، لەبارەی رۆشنگەری لە وڵاتانی عەرەبیدا. لای خۆشییەوە خاتوو "ئان شینگ" لێکۆڵینەوەیەکی لەبارەی هەلومەرجی رۆشنگەری لە وڵاتی چین پێشکێش کرد. هەروەها چەند توێژەرێکی دی وتار و لێکۆڵینەوەیان سەبارەت بە چۆنیەتی گواستنەوەی رۆشنگەری بۆ وڵاتانی هندستان و یابان و کیشوەری ئەفریقیا و ئەمەریکای لاتین خستە ڕوو. کۆی ئەم باس و لێکۆڵینەوانەش کراوەتە کتێبێکی قەوارە گەورە و لە پەڕاوێزی پێشەنگاکەدا دەفرۆشرێت. رۆشنگەری دیاردەیەکی گەردوونییە و پێوەندی بە تەواوی مرۆڤایەتییەوە هەیە. دوای شۆڕشی فرەنسی لە خۆرئاواوە گوازرایەوە بۆ ناوچەکانی تری جیهان. لە هەندێ شوێندا سەرکەوتنی بەدەست هێناو شوێن پێی خۆی کردەوە، بەڵام لە هەندێ جێگەی تردا شکستی هێناو نەیتوانی هیچ کاریگەرییەک جێ بهێڵێت، بێگومان ئەمەش پێوەندی بە هەلومەرج و

تایبەتمەندیی مێژووی ئەو شوێنانەوە هەیە. بەڵام ئاشکرایە کە ئەم پرۆژەیە لە جیهانی ئیسلامیدا شکستی هێنا، یاخۆ نەیتوانی لەسەر زەمینی کولتووری و ئەقڵییەتی دەستەجەمعیدا، بە قووڵی ڕەگ دابکوتێت و شوێنی خۆی بکاتەوە. بەڵگەشمان بۆ سەلماندنی ئەوە، تەشەنەسەندنی زۆر و بەهێزی بزاوتە ئسووڵییەکانە لە سەرتاسەری جیهانی ئیسلامیدا.

لەبەر ئەوە "عەبدولوەهاب موئەدەب" لێکۆڵینەوەکەی ناودەنێت: (ئیسلام و ڕۆشنگەری- پرۆسەیەکی بێ ئەنجام). تێیدا باس لەوە دەکات کە ڕۆشنگەری وەک بزاوتێکی فکری دوای هێرش و پەلامارەکەی "ناپلیۆن پۆناپارت" بۆ سەر میسر لە ساڵی ١٧٩٨دا، داخڵ بە جیهانی ئیسلام بوو. ئەم هەڵمەتەی "ناپلیۆن" شۆکێکی گەورەی لە خۆرهەڵاتی عەرەبیدا دروست کرد و موسڵمانانی لە خەونی غەفڵەتزەدەیی خەبەر کردەوە. بەڵام بابزانین بۆچی؟ لەبەرئەوەی موسڵمانان تا ئەو کاتە وەکی (أهل الكهف) لە خەوێکی قووڵ و درێژدا بوون. سەروەختێکیش لەگەڵ ئەو لەشکرکێشییەدا بە ئاگا هاتن، بۆیان دەرکەوت بە بەراورد لەگەڵ ئەوروپاییەکاندا چەند دواکەوتوون. ئیتر جیهانی ئیسلامی نەیاندەتوانی بەو ئاسانییەی جاران لافی ئەوە لێ بدەن کە هەموو حەقیقەتی ڕەها لای ئەوانە، دوای ئەوەی بۆیان دەرکەوت مەسیحییەکان لە بوارەکانی زانست و تەکنۆلۆجیا و هەموو شتێکدا بۆریان داونەتەوە. بە ڕاستی ئەو بێداربوونەوەیە زۆر قورس و دژوار بوو. بەو پێیەی یاسای مێژوو (لانی کەم لە ساتەوەختی ئیبن خەلدوونەوە)، باس لەوە دەکات کە هەموو کات دواکەوتوو لاسایی کەسی پێشکەوتوو دەکاتەوە، ئەوا موسڵمانان کەوتنە لاساییکردنەوەی ئەوروپاییەکان. بەمجۆرە ئەو بزاوتە بەناوبانگە دەستی پێ کرد بە ناوی (کۆمەڵ و ڕێکخراوەکان) لەناو ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا، ئەمەش لەسەر دەستی سوڵتان "مەحموودی دووەم" و ١٨٠٨- ١٨٣٩" عەبدولمەجیدی یەکەم"دا بوو ١٨٣٩- ١٨٦١. بەڵام بەر لەمانیش والی میسر "محەمەد عەلی پاشا" ١٨٠٥- ١٨٤٩. سەرسام

بوو بە شارستانییەتی خۆرئاوا. لێرەوە رۆشنبیرانی موسڵمان هەوڵیان دا هاوولاتییانیان قەنەعات پێ بهێنن کە رۆشنگەری ئەوروپایی لەگەڵ ترادسیۆنی ئیسلامیدا ناکۆک نییە، بۆ ئەمەش پشتیان بەو تیۆریایەی "ئیبن عەرەبی" بەست ١١٦٥- ١٢٤٠. کە بەسەر بیر و باوەڕ و ئاینەکانی تردا تا ئەوپەڕی کراوەیە. ئەم تیۆریایەشی لەو چەند دێرە شیعرە بەرز و جوانەدایە کە لە کەلەپووری ئیسلامیدا کەم وێنەیە و فێندەمێنتالیستەکانی سەر بە گرووپی تەوحید و جیهاد، لەسەر پێگەکانی ئەنتەرنێت تەکفیری دەکەن و بە نابەجێ دەیدەنە قەڵەم. شیعرەکە دەڵێت:

دڵی من بۆتە هەڵگری هەموو وێنەیەک
مێرگی ئاسکەکان و کڵێسای رەبەن
خانووی بتەکان و کەعبەی تایف
لەوحەکانی تەورات و قورئان

بە بۆچوونی "عەبدولوەهاب موئەدەب" ئەم چەند دێرە شیعرە وا دەکەن بڕواهێنان بە قورئان ببێتە باوەڕهێنانێکی ڕێژەیی، ئەویش لە ڕێی بەخشینی راستگۆیی بە تەواوی ئاین و بیر و باوەڕەکانی تر، لەوانەش بیر و باوەڕی بت پەرستی! ئەم کرانەوە سەیرەی "ئیبن عەرەبی" کە ڕەنگە بە ئەقڵدا نەچێت، موسڵمانی ئسووڵی لە ناخەوە تووشی شۆک دەکات و رای دەچڵەکێنێت، بەلام بڕوابوون بە (یەکەتی بوون) بەو شێوازەی "ئیبن عەرەبی"، وا دەکات بە ئاسانی لەگەڵ فەلسەفەی رۆشنگەریدا پێک بێین، ئەو فەلسەفەی رۆشنگەرییەی "سپینۆزا" و "ڤۆلتێر" و "رۆسۆ" و زۆربەی فەیلەسووفانی ئەوروپا باوەڕیان پێی هەبوو. ئەمەش هانی زۆرێک لە موسڵمانە رۆشنگەرەکانی دا بۆ ئەوەی پەیامی ماسۆنییەت قبووڵ بکەن، وەکی ئەوەی میر "عەبدولقادری جەزائیری" ١٨٠٧-١٨٨٣،، یەکێک لە خوێندکارە مەزنەکانی "ئیبن عەرەبی" کردی. "موئەدەب" پێیوایە هەندێک لە

زانایانی موسڵمانی وەک "محەمەد عەبدە" ١٨٤٩– ١٩٠٥، توانییان لەسەر زەمینی ئیسلامدا حورمەت بۆ ئەقڵ بگێڕنەوە، دوای ئاوابوون و دابڕانێکی دوور و درێژ! لە ڕاستیدا "محەمەد عەبدە" و کەسانێکی تری وەک ئەو ئەم کارەیان بەو مەبەستە کرد، تا بە ڕووی هەڕەشە و مەترسییە شارستانییەکانی ئەوروپادا بووەستنەوە و بتوانن بەم کارەیان پردێکی پێوەندی لە نێوان کەلەپووری ئیسلام و فەلسەفەی ڕۆشنگەریدا دروست بکەن. لەم سەرو بەندەدا کار گەیشتە ئەوەی موفتی وڵاتی میسر بڵێت: (هەرکاتێک ناکۆکی لە نێوان ئەقڵ و ئیمان لەسەر مەسەلەیەک دروست بوو، ئەوا دەبێت دوا قسە بۆ ئەقڵ بێت و ئەو بڕیار بدات). ئەم هەڵوێستە بوێر و ئازایانەی موفتی، کۆنسێر ڤاتیڤەکانی جیهانی ئیسلامی زۆر جارس کرد و بە بەکرێگیراوی بەریتانیایان دایە قەڵەم!

"ئیبن روشد"یش بەر لە هەشت سەدە هەر هەمان هەڵوێستی هەبوو، بەڵام بێ ئاکام بوو، چونکە سەرەنجام و بە درێژای سەردەمی داوەشان و تاریکی لە تەواوی جیهانی ئیسلامیدا (نەقڵ) بەسەر ئەقڵدا سەرکەوت و ئەو قسەیە بوو بە باو کە دەڵێت: (من تمنطق فقد تزندق!). بەمجۆرە فەلسەفە مانای کوفر و دەرچوون لە ئیسلامی دەگەیاند.

لەلایەکی ترەوە "محەمەد عەبدە" ڕێگەی دا بەوەی پەنا ببرێتە بەر بیدعەکاری، ئەگەر هاتوو بەرژەوەندی گشتی تێدا بوو (بیدعە ئەو داهێنانە تازەیە کە لە ئەوروپاوە دێت). هەروەها فتواگەلێکی بوێرانەی تری دەرکرد کە ڕێگە بە سوود و قازانجی ناو بانکەکان دەدات و ڕەوایەتی بە دانان و نووسینەوەی دەستووری حوکمڕانی دەدات، ئەمەش یەکەم جار بوو شتێکی وا لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا ڕوو بدات. وەکی دەزانین پێشتر لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا، سوڵتانە فەرمانڕەواکان بە شێوەیەکی زۆر ستەمکارانە و بە پێی ویست و ئارەزووی خۆیان حوکمڕانییان دەکرد. جێی وەبیرهێنانەوەیە بە ماوەیەکی زۆر بەر لە "محەمەد عەبدە" یەکێک لە

فەقێکانی شاری قاهیرە بە ناوی "زرقانی"یەوە ١٧١٠، دان بەوەدا دەنێت کە شتێکی سەیر نییە گەر بێتو یاساکان لەگەڵ ئەو هەلومەرجە تازانەدا خۆیان بگونجێنن کە دێنە پێش. ئەمەش مانای وایە کە شەرع و یاسا دانان نابێت تا هەتایە نەگۆڕێن و وەکی خۆیان بمێننەوە. پاشان لە دوای مردنی "محەمەد عەبدە" بزاوتی ڕۆشنگەری ئەقڵانی لەسەر دەستی "قاسم ئەمین" بەردەوام بوو. ئەم منەوەرە لە نێوان ساڵانی ١٨٩٨و ١٩٠٠دا، دوو کتێبی بە چاپ گەیاند کە بانگەشە بۆ ئەوە دەکەن ژن ئازاد و سەربەست بێت و لە ژیانی ڕۆژانەدا تێکەڵ بە پیاوان بێت و شان بەشانی ئەو لە پەروەردە و فێرکردن و بەرەو پێشبردنی کۆمەڵە و دامالینی بالاپۆشیدا بەشدار بێت! بەلام فێندەمێنتالیستەکان سەدەیەک دوای ئەوە دەیانەوێت ژنان بگێڕنەوە بۆ بالاپۆشی، ئەمەش نەک هەر لە ولاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا، بگرە تەنانەت لێرەش لە فرەنسادا.. کەواتە بزانە بزاوتی ڕۆشنگەری چ پاشەکشەیەکی کردووە و دووچاری چ شکستێک بووە.

پوختەی بۆچوونەکانی "قاسم ئەمین" ئەوە بوو: (ئازادی ژن بە مانای ڕزگاربوونی لە بالاپۆشی و بەهرەمەندبوونی لە ئازادی و یەکسانی تەواو وەکی پیاوان). کەس هەیە هەنووکە لە هەندێ ولاتی عەرەبی و ئیسلامیدا بوێرێت قسەی وا بکات؟ دوای "قاسم ئەمین" شێخ "عەلی عەبدولڕازق" دێت ١٨٨٨– ١٩٦٦. خاوەنی کتێبی ئیسلام و بنەچەکانی حوکمڕانی ١٩٢٥. لەم کتێبەدا "عەلی عەبدولڕازق" باس لەوە دەکات کە لە ڕابردوودا بە هیچ جۆرێک چەمکی دەوڵەتی ئیسلامی ناوی نەهاتووە و باس نەکراوە. سیستەمی خەلافەتیش لەوپەڕی شکۆ و دەسەلاتیدا لە سەردەمی ئەمەوی و عەباسییەکاندا، فۆرمێکی نوێی حوکمڕانی نەهێنایە ئاراوە، بگرە ئەو فۆرمەی خواست کە لە بیزەنتی و فارسەکان مابووەوە. موسڵمانان ئەم سیستەمی حوکمڕانییەشیان بۆیە لەو شارستانییەتانەی بەر لە خۆیان خواست، چونکە تواناکارییان لە ڕووی بەڕێوەبردن و سەربازییەوە

سەلماندبوو، ئەمانیش (واتە موسڵمانان) بەبێ هیچ کێشەیەک پەیڕەوییان کردووە و کاروباری وڵاتیان پێ رایی کردووە. لەمەوە "عەلی عەبدولڕازق" دەگاتە ئەو بەرەنجامەی کە بڵێت: (ئەگەر موسڵمانان لە سەرەتادا لاسایی فارس و بیزەنتینییەکانیان کردبێتەوە، ئەی بۆچی ئێمە لەمڕۆدا ڕێ بە خۆمان نەدەین لاسایی ئەوروپاییەکان بکەینەوە لەو شتە چاکانەی دایان هێناوە؟!). مانای ئەم قسەیەی ئەوەیە کە بڵێت: (ئێمە پێویستمان بە دەوڵەتێکی مۆدێرنە لەسەر شێوازی ئەو دەوڵەتە ئەوروپاییەی بەرهەمی سەردەمی رۆشنگەرییە).

هەروەها شێخ "عەلی عەبدولڕازق" پێیوایە ئەوەی لە ئەزموونی "محەمەد"دا (د.خ) گرینگە، توانای سەربازی و دەسەڵات نییە، بگرە ئەو هیدایەتە رۆحی و مۆراڵییەیە کە لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێت. چونکە ئیسلام پەیامێکی یەزدانییە، نەک سیستەمێک بۆ حوکمڕانیکردن. واتە ئیسلام ئاینە نەک دەوڵەت. دواجار پێویستە ئاین لە دەوڵەت جیابکرێتەوە، بۆ ئەوەی دەوڵەتێکی مۆدێرن بۆ سەرجەم هاووڵاتییان دروست بکەین، نەک تەنیا بۆ شوێنکەوتووانی یەک ئاین و یەک ئاینزا.

دوای "عەلی عەبدولڕازق" گەورەترین بیریاری رۆشنگەری دێت لە سەدەی بیستەمدا کە "تەها حسێن"ە. "تەها حسێن" لەنێوان ساڵانی ١٨٨٩ بۆ ١٩٧٣دا ژیاوە و پێیوایە میسر لە ڕێی شاری ئەسکەندەرییەوە، بەشداری لە دروستکردنی کولتووری گریکی واتە ئەوروپاییدا کردووە. لە بەرامبەریشدا هاووڵاتییانی میسر لەو رۆڵە گەورەی فەلسەفەی یۆنانی ئاگادار دەکاتەوە کە لە دروستبوونی رۆشنبیری عەرەبیدا گێڕاویانە، بەتایبەت لە سەردەمی کلاسیکیدا (سەردەمی رەشید و مەئموون و.. هتد). کەواتە بۆچی بە شێوەیەکی زۆرەملێیانە بکەوینە جیاکردنەوەی کولتووری ئەوروپایی لە کولتووری ئیسلامی؟ بۆچی پێمان وایە شوورای مەزنی چین لە نێوانماندایە، لە کاتێکدا هەردووکمان یەک ناوەڕۆکین و بۆ زیاد لە جارێک تێکەڵ بە یەکتر

بووین. "تەها حسێن" بەم بۆچوونانەی دەیویست ڕەوایەتی بدات بە سوود وەرگرتن لە فەلسەفەی رۆشنگەری و هەماهەنگی کردنی ئیجابی لەگەڵ مۆدێرنەی ئەوروپاییدا. بەڵام فێندەمێنتالیستەکان ئەم بۆچوونانەی ئەمیشیان پێ قبووڵ نەکراو کەوتنە نەفرەتکردنی و بە خیانەت و بە کرێگرتەیی تاوانباریان کرد. سەروەختێک لە چلەکانی سەدەی رابردوودا "جان کۆکتۆ" سەردانی وڵاتی میسری کرد وتی: (کێشەی تەها حسێن ئەوەیە ئەوەی ئەو دەیبینێت، زۆر زیاترە لەوەی میسرییەکان بتوانن تەحەمولی بکەن. تەها حسێن زۆرە بۆ میسر و عەرەب، وەک چۆن ئیبن عەرەبی و ئیبن روشد و ئیبن خەلدوون و ئەبو عەلای مەعەڕی، زۆر بوو بۆیان).

چوار هۆکار:

لێرەدا پرسیارێک دێتە پێش: بۆچی تەواوی ئەم هەوڵانە شکستیان هێنا و نەیانتوانی ئەقڵی عەرەبی و موسڵمانان رۆشن بکەنەوە؟ بۆچی ئەم پرۆسەیە نەیتوانی (واتە پرۆسەی رۆشنگەری)، لە سەردەمی تاریکی و سەدەکانی ناوەڕاست قوتاریان بکات و لەو پەتای داخرانەوە بەرەو کرانەوە و رۆشنگەری و قەڵەمبازی مەعریفی گەورەیان بەرێت؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا "عەبدولوەهاب موئەدەب" دەڵێت: «هەلومەرجی کۆمەڵگەی ئیسلامی لە ئێستا پێمان دەڵێت کە رۆشنگەری نەک هەر هیچی نەکرد، بگرە مایەی نائومێدیش بوو، واتە رۆشنگەری نەیتوانی سەرکەوتوو بێت و لە قووڵاییدا رەگ دابکوتێت.. ئەوەتا ئێمەش تا ئێستاش لە هەموو جێیەکدا هەژموونی ستەمی سیاسی و دەمارگیری ئاینی و قەیرانی ئابووری و سستی گەشەسەندن و تەشەنەسەندنی ئەقڵیەتی خورافی و تاریکی دەبینین، ئەم حاڵەتەش توێژێکی بەرفراوانی میللەتی گرتووەتەوە و تەنانەت رۆشنبیرانیشی لێ بەدەر نین. لە کاتێکدا تەواوی ئەم شتانە لە ئەوروپادا

نەمــاون و رۆشـنگەری توانیــویەتی چارەســەریان بکات. جــوانی و مــەزنی پرۆژەی رۆشنگەریش لە ڕووی فیکری و سیاسییەوە لێرەدایە».

ئێمـە لێرەدا دەتوانین دەستنیشـانی هۆکارگەلێک بکەین کە بووە مایەی شکست پێـهـێنانی پرۆژەی رۆشـنگەری لە جـیـهـانی ئیـسـلامـیـدا و لە بەرامـبـەریشـدا هـەڵکشـانی تەوژمی ئسـوولیی ئیـسـلامی کـە بەشـێـوەیەکی سـەرتاسـەری کۆنترۆڵی کایەکانی کردو ئاسۆکانی لێ داخستین. هۆکاری یەکەم: ئەو سیاسـەتی مۆدێرنیزەکردنەی لە سـەردەمـانی "مـحـەمـەد عـەلی" پاشـاوە گیرایە بەر، تـەنیا گرینگی بە گواسـتنەوەی تەکنۆلۆجـیا و ئامێرە تەکنەلۆجییەکان دەدا و ئەو فەلسـەفە قووڵەی فـەرامۆش کردبـوو کە لە پشت ئەو تەکنۆلۆجیایەوە وەسـتابوو. واتە ئەوان پێیان وابوو دەکرێت تەکنۆلۆجیا بگوازرێتـەوە، بەڵام لە هـەمـان کـاتدا دەسـتبـەرداری ئەو شـتـانەش نـەبین کە باوەڕمـان پێیانە. بەو پێـیەی یابانییـەکان ئەمـەیان کرد و بەسـەر رووسـیـادا سـەرکـەوتن، ئەویش لە ڕێی بەکارهـێنانی تەکنۆلۆجـیـای ئـەوروپایی لەگـەڵ پاراسـتنی کەلەپوور و داوونـەریتی خۆیاندا، ئەوا ئێـمـەی عـەرەبیش پێـمـان وابوو دەبێت لاسـاییی یابانیـیـەکـان بکەینەوە لەوەدا، بۆ ئەوەی جـەوهـەر و رەسـەنایەتی خـۆمـان لـە دەست نەدەین. بەڵام ئـەوەمـان لە یاد چـوو کـە ئەم هەڵوێستـەی یابانییـەکان، دواجـار بووە مـایەی دروسـتـبوونی فـاشـیـزمـێکی مـیلیتـاری. گـومـانی تێـدا نیـیـە چاندنی رۆشنگەری لە کـۆمـەڵگەیەکدا کـە سـوودی لە دەسکەوتە مـادی و گـەشــە ئابووریـیـەکـانی تـەکنۆلۆجـیـا وەر نەگرتبێت، کارێکی زەحمەتە. بەڵام دەوڵەتێک تەنیا بە خـواستی تەکنۆلۆجیا و ئامرازەکانی، ناگاتە ئەوەی کە رۆشنگەری لە واقیعی خۆیدا چێ کردووە و رۆشنگەری لەوێدا سـەرکەوتنی بەدەست هێناوە. راسـتە بوونی تەکنۆلۆجـیـا مـەرجێکی گرینگ و پێویسـتـە، بۆ سـەرخسـتنی پرۆژەیەک لەو جۆرە، بەڵام هـەموو شتێکیش نییە و تەنیا هـەر ئەوە بەس نییە.

هۆکاری دووەم: شکستی پرۆژەی رۆشـنگەری لە جیـهـانی ئیسـلامیدا بە

گشتی دەگەڕێتەوە بۆ ترس لە بیر و بۆچوونی رادیکالانە. بەڵام ئەم ترسە بۆچی؟ لەبەرئەوەی فیکر داوای دابڕان لە رابردوو دەکات و هەوڵ دەدات بۆ خۆ جیاکردنەوە لە کەلەپووری موقەدەس و پیرۆز. لەم مەسەلەیەشدا تەنیا فەیلەسووفانی ئەوروپا بوێرییان نواند و توانییان دابڕانێک لەگەڵ میراتی مەسیحدا دروست بکەن. بەڵام رۆشنبیرانی ئێمە ئەو بوێری و ئازایەتییەیان نەبوو. نەک هەر ئەوەندەش بگرە کارێکی وایان بە جۆرێک لە خیانەتکردن لە مێژووی خۆیان و شوناسی کۆگەلی دەدایە قەڵەم. لەبەر ئەوە رێگەیان بە خۆیان نەدا سەرکێشییەک بکەن، کە بەرەنجامەکانی نادیار بێت. بەمجۆرە لە ناوەڕاستی رێگەدا وەستان، هەربۆیە تا ئێستا هیچ شتێک لە دنیای ئێمەدا یەکلایی نەبووەتەوە و وەکی خۆیەتی. هۆکاری سێیەم: پێوەندی بەو پەرچەکردارە توندوتیژەی رێکخراوی ئیخوان موسلیمینەوە هەیە کە لە کۆتایی سالانی بیستی سەدەی رابردوودا، بەرامبەر بە شارستانییەتی خۆرئاوا نواندیان. ئەم رێکخراوە سەنگەرێکی گەورەیان لەوانە گرت کە لایەنگری کرانەوە و رۆشنگەری بوون، بەتایبەت: (محەمەد عەبدە، عەلی عەبدولڕازق، تەها حسێن و سەرجەم رووناکبیرانی رێنیسانسی ئیسلامی). دوای ساڵی ١٩٧٣ پارە و پوولێکی زۆری نەوت هات و ئەمەش تەکانێکی گەورەی دایە بەر بزاوتە ئسوولی و پۆپۆلیستەکان. ئەمانە زۆر بە توندی کەوتنە پەلاماردانی نوێنەرانی رۆشنگەری فیکری لە جیهانی ئیسلامیدا، ئەم شالاوە بەجۆرێک بوو کە مرۆڤ نەیدەتوانی لە هەندێ کۆوار و رۆژنامەدا، بە ئاشکرا ناوی کەسێکی وەک "تەها حسێن" بهێنێت.

هۆکاری تری شکستی رۆشنگەری لای ئێمە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تەقینەوە دیموگرافییەی رووی دا و ژمارەی دانیشتوان بێشومار زیادی کرد. تێکڕای ئەم هۆکارانە وایان کرد فیکری رەخنەیی زیندەبەچاڵ بکرێت و سەردەمی لیبرالی بۆ ماوەی نیو سەدە کلۆم بدرێت.

سەرچاوە: پاشکۆی رۆشنبیری رۆژنامەی (النهار)- ٢٠٠٦/٣/٢٥

## كاروانی ڕۆشنگەری فرەنسایی لە تۆرگۆوە بۆ ڤۆڵتێر

پێویستە بزانین ئەو کەفوکوڵەی بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆشنگەری لە ئارادا بوو، ماوەیەکی زۆر لەگەڵ ئەرسۆدەکسییەتی ئاینی و سیاسیدا خۆی گونجاندبوو. بەو مانایەی یەکەمین دەستەی فەیلەسووفانی ڕۆشنگەری لە سەرەتادا نەکەوتنە شەڕی دەستەویەخە لەگەڵ پیاوانی ئاینی و فەرمانڕەوا ستەمکارەکان.. خەڵکانێکی زۆری ئەو سەردەمە ستایشی ئەو پێشکەوتنەیان دەکرد کە زانست و تەکنەلۆجیا و مێژوو لەو ماوەیەدا بەدییان دەهێنا، بەبێ ئەوەی ئەو هەولانە بەدژایەتیکردنی ئاین یاخۆ جەوهەری ئاین بدەنە قەڵەم.

ڕاستە فەیلەسووفانی ڕۆشنگەری بانگەشەی جێبەجێکردنی میتۆدی ڕەخنەیی ئەقلانییان دەکرد و ئەنجامدانی هەندێک ریفۆرمی ئابووری و سیاسییان بەکارێکی پێویست دەزانی و تەنانەت داوای لێکبووردن و پێکەوە هەڵکردنیان لە بواری کاروباری ئاینیشدا دەکرد، بەڵام بەبێ ئەوەی ئەمە ئەوە بگەیەنێ ئەوان ویستیان تێکو پێکدانی ئەو دەستەڵاتە بووبێت کە لە ئارادا بوو، یاخۆ ڕاماڵینی بیروباوەڕی تەقلیدی بووبێت.

باشترین وتەبێژی ڕەسمی فەیلەسووفانی ڕۆشنگەری لەو قۆناغەدا، کەسێک بوو بەناوی "تۆرگۆ" (١٧٢٧ – ١٧٨١) کە ئابووریناس و سیاسەتمەدارێکی بەناوبانگی فرەنسی بوو.. "تۆرگۆ" دواتر بوو بە وەزیر لە حکوومەتی فرەنساییدا، بەڵام پاش ئەوەی داوای هەندێ چاکسازی کرد و ئەم پرۆسەیەش لە بەرژەوەندی چینە بالآ دەستەکانی ناو کۆمەڵگەی فرەنساییدا نەبوو، پۆستەکەی لەدەست دا.

سەرەتا "تۆرگۆ" خۆی تەرخان کرد بۆ خوێندنی تیۆلۆجیا و پێوەندیکردن بە پیاوانی ئاینی ناو کلێساوە. بۆیە تا ئەو وەختەی لە ساڵی ١٧٥٠ زانکۆی سۆربۆنی تەواو کرد، بە خوێندنی تیۆلۆجیاوە خەریک بوو.. بەو پێیەی سۆربۆن لەو قۆناغەدا زانکۆیەکی ئاینی بوو، کۆلێجی تیۆلۆجیای مەسیحیش لە سەروو تەواوی کۆلێجەکانی ترەوە بوو، لەبەرئەوەی بەپێی ئەو بۆچوونە کۆنەی بەر لە شۆڕشی فرەنسایی لە ئارادا بوو، تیۆلۆجیا بە دایکی هەموو زانستەکانی تر و پیرۆزترینیان دادەنرا..

ڕەنگە لەمڕۆدا ئێمە پێمان ئەستەم بێت کە لە سۆربۆندا ئسووڵی شەریعەتی مەسیحی و زانستە ئاینییەکان خوێندراوە و لە ئێستادا ئەو بابەتانەی تێدا بەدی ناکەین.. عەلمانییەتی بێ ئەندازەی سۆربۆن و دوورکەوتنەوەی زۆری لە هەموو ئەو شتانەی پێوەندی بە ئاینەوە هەیە، وامان لێ دەکەن نەتوانین بەئاسانی بڕوا بکەین بەوەی کە سۆربۆن ڕۆژێک لە ڕۆژان مەڵبەندی کۆنسێرڤاتیڤ و فێندەمێنتالستەکان بووە!

هەر چۆنێک بێت ساڵی ١٧٥٠ "تۆرگۆ" لە سۆربۆن و بەزمانی لاتینی دوو وتاری پێشکێش کرد، یەکەمیان بەناوی تایبەتمەندییەکانی دەسەڵاتی مەسیحی و سوودمەند بوونی ڕەگەزی مرۆڤایەتی لەو مەسەلەیە.. دووەمیشیان بریتیی بوو لە پێشکەوتنە یەک بەدوای یەکانەی مرۆڤایەتی تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ بەدەستی هێناون. پێکەوە گرێدانی ئاینی مەسیحی و پێشکەوتن لەو کاتەدا کەسی دووچاری سەرسڕمان نەدەکرد، چونکە زۆرینەی خەڵک پێیان وابوو ئاین لەگەڵ پێشکەوتن و ڕۆشنگەریدا ناکۆک نییە، ئەوە تەنیا فەیلەسووفەکان بوون ئەوەیان پێ کارێکی مەحاڵ بوو.

سەرەتا "تۆرگۆ" پێی وابوو مەسیحییەت ڕووناکییەکی نوێیە و ڕووناکییەکە هەزار جار لە ڕووناکی ئەدەب و فەلسەفە مەزنترە، لەبەرئەوەی ڕووناکی مەسیحییەت ڕووناکییەکی یەزدانییە نەک ئینسانی.. بەڵام تەنیا دوای سێ ساڵ (واتە ساڵی ١٧٥٣)، "تۆرگۆ" دەستی دایە جیاکردنەوەی

ڕۆشنگەری لە ئاین! داخۆ دەبێت چی ڕووی دابێت؟ ئەوەی ڕووی دا ئەوە بوو "تۆرگۆ" چون کەسانی تر، کەوتە ژێر کاریگەری بیر و بۆچوونی فەیلەسووفەکان و هاوکات بەچاوی خۆیشی ئەو کارە دەمارگیرانەشی دەبینی کە فێندەمێنتالیزمی کاتۆلیکی ئەنجامی دەدان..

لێرە بەدواوە کلێسای جێ هێشت و ڕووی کردە بڕواهێنان بە ئاینی سروشتی (واتە ئەقڵانی) کە لە کتێبە نوێیەکەیدا (چەند پەیامێک لەبارەی تولێرانس)، بانگەشەی بۆ دەکرد.. بەمجۆرە "تۆرگۆ" دەستبەرداری قەناعەتەکانی پێشووی خۆی بوو، بۆ نموونە لەم بارەیەوە دەڵێت: (دەترسم ململانێیەکی بەردەوام لەنێوان خورافە و ڕۆشنگەریدا دروست بێت، لێرەدا مەبەست لە خورافات بیر و باوەڕی کۆی کۆمەڵگەیە لەو سەردەم و قۆناغەدا، کە بیر و باوەڕی زۆربەی زۆری پیاوانی ئاینیش بوو.. هەروەها "تۆرگۆ" لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: (ئاین کە لەبەر ڕۆشنایی ڕووناکی ئەقڵدا وەک شتێکی ناڕاست و هەڵە دێتە پێش چاو و لەبەردەم بەرەوپێشچوونی ئەقڵدا خۆی پێ ناگیرێت، شایستەی ئەوە نییە ببێتە پێوەرێک بۆ دەستوور و یاسادانان).

ئەو گۆڕانەی تەنیا لە ماوەی سێ ساڵێکدا (١٧٥٠- ١٧٥٣) بەسەر فیکری "تۆرگۆ" دا هات، پێ دەچێت بۆ ئێمە بەڕاستی مایەی سەرسڕمان بێت، بەڵام وەکی پڕۆفیسۆر "ڕۆلان مۆرتی" باسی دەکات و ئێمە لێرەداو لە ئامادەکردنی ئەم نووسینەدا پشتی پێ دەبەستین، حاڵەتێکی دەگمەن و تایبەت نەبووە.. واقعی حاڵی ئەو سەردەمە بەمجۆرە بوو، مەسیحییەکان مانایەکی مەسیحی و ئەرسۆدەکسی (واتە ئسوولی) یان بە بەر چەمکی ڕۆشنگەریدا دەکرد، بەڵام زۆربەی نووسەران و مەزنە فەیلەسووفەکان دەیانویست ڕۆشنگەری لە ئاینزای کاتۆلیکی جیا بکەنەوە، بەتایبەتی کە کاتۆلیکییەت قەڵای سەختی دەمارگیری ئاینی بوو.

بەمجۆرە درەنگ یان زوو دەبوو شەڕی نێوان ئەو دوو لایەنە تاو بسێنێ..

مەسیحییەکان لەو سەردەمەدا پاوانی سیستەمی خوێندنی فرەنسایان کردبوو، لە خوێندنگا ئامادەییەکان و زانکۆکاندا و ئامادەش نەبوون لەو کایەدا ڕازی بن بەوەی فەیلەسووفەکان ببنە رکابەرییان. کێبڕکێی ئەو دوو ئاقارە بەو مەبەستە بوو، تا کۆنترۆڵی ئەقڵی زۆرینەی خەڵک بکەن و بەو ئاڕاستەیەیاندا بەرن کە خواست و ویستی خۆیان بوو.

فیندەمێنتالستەکان ئەودەمەی بینییان فەیلەسووفەکان بانگەشە بۆ فیکرێکی نوێ دەکەن و ئەو کارەش هەڕەشە لە مەشرووعیەتی مێژوویی ئەوان دەکات و دەسەڵاتی ئەوان بەسەر گیان و ئەقڵی مرۆڤایەتییەوە دەخاتە مەترسییەوە، هەستیان بە مەترسییەکی گەورە کرد. دەتوانین بڵێین قەڵەمبازی گەورە لە نێوان سالانی (١٧٥٠-١٧٦٠) دا ڕووی دا و لەو ماوەیەدا، ڕۆشنگەری دەستی کرد بە دژایەتیکردنی کڵێسا و تەنانەت بەدژایەتیکردنی خودی مەسیحییەت خۆشی..

وەک ئاشکراشە مەسیحییەت لە سەروو ڕەخنەوە بوو، چونکە ئاینی خوا بوو.. بەڵام ئەو وەرچەرخان و گۆڕانە هەروا لە ناکاو و بێ کێشە ڕووی نەدا. قارەمانە سەرەکییەکانی ئەم وەرگۆڕانە، واتە: (ڤۆڵتێر و دیدرۆ و مۆنتسکیۆ و... هتد)، خۆیان بۆ شەڕێکی ئاشکراو ڕوون ئامادە کرد لەگەڵ ئاینی مەسیحیدا کە بەدرێژاییی سەدان ساڵ لە ئەقڵیەتی دەستەجەمعیدا ڕەگی داکوتابوو.

لەم شەڕەشدا تەرازووی هێز ناهاوسەنگ بوو، لەبەرئەوەی فەیلەسووفەکان کەمایەتی بوون (واتە تەنیا دەستەبژێرێکی ڕۆشنبیر بوون، ئەمە لە کاتێکدا زۆربەی گەل لەگەڵ پیاوانی ئاینیدا بوون..). هەر بۆیە فەیلەسووفەکان بەشێوەیەکی شێلگیرانە هەنگاویان دەنا، بۆ نمونە "ڤۆڵتێر" زۆربەی کتێبەکانی بەناوی خۆیەوە بڵاو نەدەکردەوە و لەگەڵ بڵاوبوونەوەیاندا، حاشای لێ دەکردن و سوێندی دەخوارد کە ئەو نووسینانە پێوەندییان بەوەوە نییە..!

هەرچی "دیدرۆ"شە ئەوا لە چەکمەجەی کتێبخانەکەیدا دەیشاردەوە بۆ ئەوەی تەنیا دوای مردنی بڵاو بکرێنەوە، چونکە زوڵم و ستەمی مەسیحییەکان بێ ئامان بوو.. سەرەڕای ئەوەش پێویستە جیاوازی بکەین لەنێوان ئەو بەرهەم و نووسینانەی بەئاشکرا بڵاو دەکرانەوە، لەگەڵ ئەو نامە و تێکستانەی تەنیا ئاراستەی هاوڕێ دڵسۆز و نزیکەکان دەکران.. لە پەیڕەوکردنی ئەم ستراتیجییەدا "ڤۆڵتێر" زۆر لێهاتوو بوو. ئەو کاتێک نامەیەکی بۆ هاوڕێیەکی باوەڕپێکراوی دەنارد بێ هیچ سڵەمینەوەیەک، باسی ورد و درشتی بیر و بۆچوونی خۆیی بۆ دەکرد، بەڵام سەروەختێک بۆ خەڵکانی ئاسایی دەنووسی حسابی خۆی دەکرد و شێوازێکی ناڕاستەوخۆی بەکاردەهێنا. لە هەر دوو حاڵەتەکەشدا دەبینین "ڤۆڵتێر" باسی لە ڕۆشنگەری کردووە.

لێرەدا دەبێت باس لەوەش بکەین کە "ڤۆڵتێر" تەنیا لە دوای ساڵی ١٧٦٤ توانی هێرشێکی توند بکاتە سەر فێندەمێنتالیزمی ئاینی، واتە لە پازدە ساڵی کۆتایی ژیانیدا ئەو پرۆسەیەی دەست پێ کرد. ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە چەندە ئەو مەسەلەیەی بەهێند وەرگرتووە و چەندەش لە دەرەنجامەکانی ترساوە.

با لێرە بەدواوە بەدوور و درێژی باس لەو کتێبانەی بکەین کە بەناوی خۆیەوە بڵاوی کردوونەتەوە.. "ڤۆڵتێر" چەمکی ڕۆشنگەری بۆ تەعبیرکردن لە سەردەمەکەی خۆیی و بۆ دژایەتیکردنی سەدەی پێشووتر (واتە سەدەی حەڤدەم) بەکارهێناوە. ڕاستە ئەو ستایشی چێژی ئەدەبی سەدەی حەڤدەمی دەکرد بەتایبەتی ئەدەبی "راسین کۆرنی"، بەڵام سەبارەت بە ڕۆحی فەلسەفی و ئەقڵانی، سەدەی هەژدەمی پێ لە پێشتر بوو.

لە نامەیەکی تایبەتیدا بۆ خانمێکی ئۆرستۆکراتی کە لە گرووهی فەیلەسووفانەوە نزیک بوو ناوی "مەدام دوبیلن"ە دەنووسێت و دەڵێت: (خانمەکەم کەم تا زۆر ڕۆشنگەری لە برەوسەندندایە، بۆیە دەبێت ڕێگا

بدەین پیرەمێردەکان لە خەڵوەتگا تاریکەکانی خۆیاندا بمرن!).. لە نامەیەکی تریدا بۆ "دارجنتال"ی هاوڕێی دەنووسێت: (گوناهی من نییە ئەم سەدەیە ڕۆشنە و تەنانەت ئەقڵ پەلی کێشاوەتە ناو ئەشکەوت و ناوچە ئەنگوستە چاوەکان!).. لە شوێنێکی تردا دەڵێت: (پێموایە ڕۆشنگەری بەهەموو لایەکدا بڵاو دەبێتەوە، بەڵام ڕۆشنگەران وەکی پێویست لەناو خۆیاندا کۆک نین و پێوەندییان ساردوسڕە، ئەمە لە کاتێکدا تا هەنووکەش ئاگری دەمارگیری بڵێسە دەدات).

سەبارەت بەوەش کە بۆچی کتێبەکانی بەناوی خۆیەوە بڵاو ناکاتەوە، بەتایبەت ئەوانەی لە دژی فێندەمێنتاڵستەکان دەینووسێت، بۆ "دالا مپێر"ی هاوڕێی دەنووسێت: (نابێت هەرگیز ناوی نووسەرەکان ئاشکرا بکەین، چونکە گرینگ ئەوە نییە کێ حەقیقەت دەڵێت و لە کوێوە دێت، بگرە گرینگ ئەوەیە بووترێت).

پاشان سەبارەت بە سەدەکانی ناوەڕاست و دادگاکانی پشکنین دەڵێت: (ئەوە بەرهەمی دزێوترین ئەقڵیەتی خورافی بوو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا و تەنیا ماوەیەکی کەمە لەو تاریکییە قوتارمان بووە، بەڵام تا ئێستا هەموو شـتـێـک ڕووناک نەبووەتەوە). لەلایەکی ترەوە زۆر بەتوندی دژایەتی ئەو بڕیارەی ڕاگری کۆلێجی تیۆلۆجیای زانکۆی سۆربۆن دەکات کە دژایەتی فەلسەفە دەکات و داوا لە پاشاکانی ئەوروپا دەکات بە بەهانەی ئەوەی مەترسی بۆ سەر ئاین هەیە، سەرکوتی بکەن و ڕێگری لێ بکەن. "ڤۆڵتێر" دەڵێت: (فەلسەفە ئەو چراوگەیە دەبێت ڕێگەی مرۆڤایەتی ڕۆشن بکاتەوە و هیچ لایەنێکیش وەکی دادگاکانی پشکنین، ئەم مەشخەڵەی بۆ سووتاندنی بیریاران بەکار نەهێناوە). بەواتایەکی تر فەلسەفە بەهۆی بیر و بۆچوون و بیرکردنەوەی تایبەتەوە، هیچ کەسێکی نەکوشتووە و بڕیاری پاکتاوکردنی هیچ گرووپێکیشی نەداوە.. فەلسەفە خوێنی خەڵکی بەهەدەر نەڕشتووە و بێ پەرواش هیچ کەسی بە کافر نەداوەتە قەڵەم، بگرە لەپێناو زانینی ڕاستی

و ناڕاستی قسە و کردەوەکاندا هەموو کات گەڕاوەتەوە بۆ ئەقڵ و لۆجیک و بەڵگەی سەلمێنەر..

فەلسەفە بەردەوام دانی بە فرە بۆچوون و بیر و باوەڕەکاندا ناوە، تا ئەو ئاستەی "ڤۆڵتێر" لەم بارەیەوە قسە بەناوبانگەکەی خۆی کرد و ئەم وتەیەشی بووە مایەی دامەزراندنی فەلسەفەی دیموکراسی لە خۆرئاوادا.. ئەو دەستەواژە بەناوبانگەشی بەمجۆرەیە: (ڕەنگە لەگەڵ تۆدا ناکۆک بم و هاوڕات نەبم، بەڵام لەپێناو دەربڕینی بیر و بۆچوونەکانتدا ئامادەم خۆم بەکوشت بدەم).

## ڤۆڵتێر
## سەرمەشقی ڕۆشنگەریی ئەورووپایی

مێژووی فیکر کەسێکی وەهای بەخۆیەوە نەدیوە، هێندەی "ڤۆڵتێر" هەموو ژیانی خۆی بۆ دژایەتیکردنی دەمارگیری ئاینی تەرخان کردبێت. هەر کاتێکیش ڕق و دەمارگیری ئاینی سنووریان بەزاند و توندڕۆکان کەوتنە بڵاوکردنەوەی گەندەڵی لەسەر زەوی، خەڵکی لە هەموو شوێنێکی دنیادا پەنای بۆ دەبەن. "ڤۆڵتێر" لەپێناو لێکبووردن و پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی ئاین و ئاقارە جیاوازەکاندا، بەردەوام بێ هیچ دوودڵی و وەڕسبوونێک کتێبەکانی خۆی دەنووسی. ڕەنگە هەر لەبەر ئەم هۆیە بووبێت "نیچە" یەکێک لە کتێبەکانی خۆی پێشکێش دەکات و دەنووسێت: (پێشکێشە بە ڤۆڵتێر، یەکێک لە مەزنە ئازادیخوازانی ڕۆحی مرۆڤایەتی).

"ڤۆڵتێر" بە نووسین و تیۆریزەکردن دانەکەوت، بگرە هاتە ناو گۆڕەپانی شەڕەوە لەپێناو بەرگریکردن لەو کەسانەی بەهۆی فیکر و بیر و ڕایانەوە دەچەوسانەوە.. هەرچەندە ئەو خۆی کەسێک بوو پشتاوپشت کاتۆلیکی بوو، بەڵام بەرگری لە پرۆتستانت مەزهەبەکان دەکرد و چەند جارێکیش لەپێناو ئەم مەسەلەیەدا، ژیانی خۆی خستووەتە مەترسییەوە.

دواتر لەسەر ڕێبازی "ڤۆڵتێر" مەزنە ڕۆشنبیرانی فرەنسای وەک "ڤیکتۆر هۆگۆ و ئەمیل زۆلا و جان پۆڵ سارتەر" و دەیەهای تری وەک ئەوان لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا، داکۆکییان لە مافی سەربەخۆیی جەزائیر کرد. ئەو ڕۆشنبیرانە لەو کاتەدا و لەپێناو هەقیقەتدا، دژی سیاسەتی وڵاتەکەی خۆیان وەستانەوە. وەک چۆن پێشتر "ڤۆڵتێر" لەپێناو بەرگریکردن

لەو کـــەســـــانەی تـەنـیـــا لـەبەرئـەوەی ســـەر بـە مـــەزهـەبـێـکـی تر بـوون دەچەوسێنرانەوە، دژی ئاینزاکەی خۆی وەستایەوە.

''ڤـۆڵـتـێـر'' بـەو پـێـیـەی پـیـاوێکی زۆر دەوڵەمـەند بوو، دەیـتـوانـی بەتەنـیـا و ئاسوودە بێ ئەوەی دووچاری مەترسی و ڕق بێت و ڕووبەڕووی تەنگوچەڵەمە بێتەوە، بۆ خۆی بژی و دەرباسـیی هیچیش نەبێت، بەڵام هـەر زوو درکی بەوە کــرد کــە گــەر بێت و بێــدەنگ بێت لە ئاست ئەو تاوانـانەی کــاتـۆلیکە دەمـارگیـرەکان بەنـاوی ئاینی مـەسـیـحـیـیـەوە ئەنجـامی دەدەن، ئەوا خـۆی لە چاکـتـریـن و بەنرخـتـرین شـتـێک دادەمـاڵێ (کە ڕۆشـنبـیـر لەوانی تـر جـیـا دەکاتەوە)، ئەویش برێتییە لە داکۆکیکردن لە کێشەکانی هەق و عەدالەت.

یەکێک لە گـرینگـتـرین ئەو مـەسـەلانەی بەرگـری لێ کـردووە، کـێـشـەی خـێزانێکی پرۆسـتـانتی بـوو کە ناسـرابوون بە ''کالاس'' و لە شـاری (تۆلۆز) دەژیان.. ''جان کالاس''ی باوک بەوە تاوانبار کرا کە ''ئەنتوان''ی کوڕی لەبەر ئەوە کوشـتـووە، گوایە ویسـتوویەتی ئاینزای خۆی بگۆڕێ و ببێتـە کەسێکی کاتۆلیکی. لە بەرامبەر ئەم کارەدا تەواوی خەڵکی شـاری (تۆلۆز) ڕاپەڕین و کردیان بە هەرا. ئەو سـەردەمـە فرەنسـاییـیـەکان زۆر توندڕۆ بوون و داوای ئەوەیان دەکرد، ''جـان کالاس'' یان بدرێتـە دادگا یاخۆ دەسـتبـەجێ سەری لە لاشەی جیا بکرێتەوە.

دادوەرانیش نـاچار لەژێر پـاڵـپەســتـۆی زۆری خــەڵک و هـەست و ســۆزی کـاتۆلیک مـەزهـەبەکانـدا فـەرمـانـێکی بەپەلەیان دەرکـرد، بە ئەشکەنجـەدانی و تێکشکاندنـی ئێسکوپروسکی، تـا ئەو کـاتەی دان بـەو تاوانەیدا دەنێت کـە نەیکردووە. کـاتێک ئاگـریان کـردەوە تـا بیـسـووتێنن (تەواو وەکـی ئەوەی لە سەردەمی دادگاکانی پشکنیندا ڕووی داوە)، لێیان پاڕایەوە ئەو کەسێکی بە ساڵاچووەو، تکا دەکات بەرلەوەی بیخەنە ناو ئاگرەکەوە بیکوژن.

پاشان دوای چەند هەفـتەیەک بۆیان دەرکـەوت ''کالاس'' بێ تاوانە، بەڵام لە ترسـی ئەوەی ئابڕوویان نەچێ، دەســەڵاتدارانـی ســەرەوە بـۆ کـپکردنەوەی

مەسەلەکە و بەرگرتن لە بڵاوبوونەوەی، دەستیان خستە کارەکە. سەرەڕای ئەم هەوڵەش، هەواڵەکە هەر بڵاو بووەوە و کاتێک ئەم هەواڵە گەیشتە "ڤۆڵتێر" کەللەیی بوو. ئیتر لە تەواوی ئەوروپادا (نەک تەنیا فرەنسا)، دەنگی نارەزایی لە دژی فێندەمێنتالستە کاتۆلیکییەکان بەرز بووەوە.

لەو ساتەوەختەدا "ڤۆڵتێر" لەو پەڕی ناوبانگ و شکۆمەندی خۆیدا بوو، بۆیە هەر دوای ئەوەی بە وردی لە دۆسێی ڕووداوەکەی کۆڵییەوە، دادگای ناچار کرد سەرلەنوێ دادگاییەکە بکەنەوە. سەرەنجام بێ تاوانی "جان کالاس" دەرکەوت و هەموو تێگەیشتن کە ئەو بوو بە قوربانی دەمارگیری مەزهەبیی کوێرانە.. لە سەروبەندی ئەم کێشەیەدا، "ڤۆڵتێر" کتێبە بەناوبانگەکەی خۆی (پەیامێک لەبارەی لێکبووردن)ی نووسی. با بزانین ئەم بیرمەندە چۆن چۆنی ئەو مەسەلەیە دەخاتە بەر باس و بەشێوەیەکی هەمەلایەن لێی دەکۆڵێتەوە، بەمەش بزووتنەوەی فیکری ڕۆشنگەری و لێکبووردن لە هەموو شوێنێکی ئەوروپادا بڵاو دەکاتەوە.

"ڤۆڵتێر" دەڵێت: (ئەگەر پێتان وایە باوەڕ نەبوون بە ئاینی زۆرینە تاوانە، ئەوا ئێوە بەم کارەتان دژی باو و باپیرانی مەسیحی خۆتان دەوەستنەوە، کاتێک ئەوان لەناو ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیدا لە کەمایەتییەک زیاتر نەبوون، بگرە بەم کارەشتان پاساو بۆ ئەو ئەشکەنجەدان و چەوساندنەوەیە دەهێننەوە کە لەو کاتەدا هەبووە)، بەڵام دەزانم ئەوان لە وەڵامدا دەڵێن: (لەنێوان ئەو قۆناغە و قۆناغی ئێستاماندا جیاوازی زۆرە. هەموو ئاین و ئاینزاکانی تر مرۆڤ خۆی دروستی کردوون، جگە لە مەزهەبی کاتۆلیکی نەبێت کە خوا دروستی کردووە).

بەڵام ئەگەر وامان دانا ڕاست دەکەن، ئایا دەبێت ئاینەکەمان لە ڕێگای ڕق و کوشتن و ئەشکەنجەدان و تیرۆرەوە زاڵ و باڵادەست بێت؟ مادامەکی ئاینی مەسیحی ئاینێکی یەزدانییە، ئیتر بۆ مرۆڤ نییە دەستی تێ بخات و بەناوی ئەوەوە حوکم بدات. ئەگەر خوا خۆی ئەم ئاینەی دروست کردووە،

ئەوا هەر خۆشی دەتوانیت بەبێ پاڵپشتی ئێوە بیپارێزێت.. ئێوە دەزانن دەمارگیری جگە لە کەسانی یاخی و دووڕوو، کەسی تر بەرهەم ناهێنێت.. چ هەڵبژاردنێکی نەگریسە؟!

ئێوە دەتانەوێت لە ڕێگەی جەلادەکانەوە پشتیوانی ڕێبازی خوا بکەن و ڕۆشنی بکەنەوە، لە کاتێکدا هەر جەلادەکان بوون دامەزرێنەری ئاینەکەیان کوشت کە مەسیحە. سەرەڕای ئەوەش هەموو زۆر باش دەزانن مەسیح لە ژیانیدا جگە لە چاکە و لێبووردن و دان بە خۆداگرتن، ڕێگەی بە هیچی تر نەداوە و تەواوی ئینجیلیش شاهیدی ئەو ڕاستییەیە..

دوای ئەوە بە ماوەیەکی کەم فێندەمێنتالستە کاتۆلیکییەکان ناشیرینییەکی تریان نواند کە هیچی لەوەی پێشتر کەمتر نەبوو، ئەویش ڕووداوێکە بە چیرۆکی "دولابار" بەناوبانگە و ئەمەش پوختەکەیەتی: (لە یەکێک لە شارۆچکەکانی فەرەنسادا ڕووداوێکی سەیر قەوما.. بەیانییەک کە خەڵکی ئەو شارۆچکەیە بە ئاگا دێن، دەبینن ئەو خاچەی لەسەر پردی شارەکە هەڵواسراوە لایەکی بڕاوەتەوە. تەواوی خەڵکەکە ترسیان لێ دەنیشێت، چونکە ئەوە مانای لەناوبردنی پیرۆزترین شتەکانی مەسیحییەت بوو کە خاچەکەی مەسیح بوو. خەڵک لەو سەردەمەدا زۆر بە توندی پابەندی ئاین و ترادسیۆنی خۆیان بوون. قەشەی ئەو شوێنە داوا لە خەڵکەکە دەکات کۆ بنەوەو بە ڕێوڕەسمێکی ئاینی بکەونە ڕێپێوان، تا دەگەنە سەر پردەکە و لەوێ ڕووبکەنە خواو داوای لێبوردن بکەن.

قەشە لەژێر خاچەکەدا وەستاو ڕووی کردە خەڵکەکە و وتی: ئەوانەی ئەم کارەیان کردووە شایستەی ئەوەن لەم دنیا و لەو دنیاش ئەشکەنجە بدرێن و تۆڵەیان لێ بکرێتەوە. هاوکات لەگەڵ ئەوەدا بۆیان ئاشکرا بوو کە پەیکەرەکەی مەسیح لە گۆڕستانەکەدا پیسایی پێدا کراوە و شێوێندراوە.. بەم کارە خەڵکی شارۆچکەکە ئەوەندەی تر تووڕە بوون و کۆمەڵێ گەنجی هەرزەکاریان بەم کارە تاوانبار کرد کە لەناو خەڵکیدا بێزراو بوون و

هەڵسوکەوتیان مایەی شەرمەزاری بوو. ئەمانە سەر بە چاکترین بنەماڵەی ناوچەکە بوون و هەموویان کوڕی کاتۆلیکییەکان بوون. هەروەها هیچ کێشەیەکی مەزهەبی و ئاینییان نەبوو، ئەوەندە نەبێت گەنج بوون و وەک هەر گەنجێکی هاوتەمەنی خۆیان پەرۆشی خۆشی و ڕابواردن بوون. دوا خەمیشیان ئەوەبوو بچن بۆ کڵێسا و ڕێوڕەسمە ئاینییەکان جێبەجێ بکەن.

لەناو ئەو گەنجانەدا کوڕێک هەبوو ناوی "جان فرانسوا لۆڤیڤەر" بوو کە پێیان دەوت "دۆلابار". ئەم کوڕە کەسێکی بێ دایک و باوک و هەتیو بوو، بۆیە پووری (کە سەرۆکی کڵێسا) بوو لەو خانووەی کەوتبووە پشتی کڵێساکەوە بەخێوی دەکرد. خەڵکی ئەو شارۆچکەیە بەهۆی هەندێ کێشەی کۆنەوە کە هیچ پێوەندییەکی بە ئاین و باوەڕدارییەوە نەبوو، دەیانویست تۆڵە لە خێزانی "دولابار" بکەنەوە و ئەو بە تاوانباری ئەو کارە بزانن. بۆیە هەموویان چاویان خستە سەر ئەو و گومانیان لێ پەیدا کرد. ئیتر تۆمەتی جنێودان و کفرکردن یان گاڵتە پێکردن و سووکایەتی پێکردنی شتە پیرۆزەکانیان دایە پاڵی.

ئەگەر چی لێکۆڵینەوەکان دەریانخست ئەو لەو شەوەی خاچەکەی تێدا شێوێنراوە لەسەر پردەکە نەبووە، بەڵام خەڵکەکە هەر سووربوون لەسەر تاوانبارکردنی. بەو جۆرە تۆمەتێکی درۆیان بۆ هەڵبەست.. پاش ئەوەی ژوورەکەشیان پشکنی چەند کتێبێکی قەدەغەکراویان تێدا دۆزییەوە، نموونەی ئەو کتێبانەی باس لە غەزەل و ئافرەت و سێکس دەکەن، سەرباری فەرهەنگی فەلسەفی "ڤۆڵتێر".. هەروەها سەر هەڵنەبڕینی ئەویان لەو کاتەی ڕێوڕەسمێکی ئاینی بە بەردەمیدا تێپەڕیوە، بە بەڵگەی بێ باوەڕی "دۆلابار" نیشان دا..

دەرهەق بەم کارانە فێندەمێنتاڵستە توندڕۆکان داوای پارچە پارچەکردن و سووتاندنیان کرد، چونکە مانەوەیان لەسەر زەوی بە مەترسییەک دەزانی بۆ پیسکردنی پاکییەتی مەسیح. خەڵکی سەریان لەم سزایە سڕما کە لەگەڵ

قەبارەی تاوانەکەدا ناگونجێت، لەبەرئەوەی ئەو یاسا باوەی "لویسی شازدە" لەو سەردەمەدا دایڕشتبوو (١٦٦٦)، تەنیا سزاکەی داخکردنی لچی ئەو کەسە بوو کە جنێو بە ئاینی مەسیحی بدات. ئەمە ئەگەر حەوت جار نەک یەک جار جنێو بدات یاخۆ پیرۆزییەکان بشێوێنێ.

بەڵام پێدەچوو فێندەمێنتالستە توندڕۆکان ئەوەیان بە هەلێکی گونجاو زانیبێت، بۆ ئەوەی حسابی خۆیان لەگەڵ فەیلەسووفانی ڕۆشنگەریدا یەکلایی بکەنەوە کە ئەو سەردەمە بیر و بۆچوونەکانیان زۆر بەخێرایی لەناو خوێندەوارانیدا بڵاو دەبووەوە. ڕاوێژکاری دادگا کەسێک بوو لەش و لارێکی ڕەق و تەقی هەبوو، دەنگ و میزاجی زۆر توندڕۆیانە بوو پێیان دەوت "باسکیێ"، ئەم پیاوە سەر بە توندڕۆترین توێژی فەندەمێنتالستەکان بوو، توێژەی جانسینییەکان کە پەرلەمانی پاریسیان کۆنترۆڵ کردبوو.

"باسکیێ" لە کاتی دادگاییکردنەکەدا هێرشێکی توندی کردە سەر بیر و باوەڕی فەیلەسووفەکان، بەتایبەتی "ڤۆڵتێر" کە بەناو ناوی هێنا و باسی کرد. پوختەی قسەکانی ئەو پیاوە ئەمە بوو: (لەمڕۆ بەدواوە دەبێت دەرسێکی وای ئەو کافرانە بدەین بیریان نەچێتەوە). هەروەها داوای کرد سزایەکی توندی ئەو هەرزەکارەش بدەن کە خۆیشی نەیدەزانی دوای ئەو هەموو ڕق و کینەی بەرامبەر بەو هەیانە چی بەسەر دێت، بەڵام سەرەنجام وەکی مەڕ ڕایان کێشا بۆ قەسابخانە و لە بەرچاوی خەڵکدا پارچە پارچەیان کرد. ئەمەش بەر لەوەی بە شمشێر سەری لە لاشەی جیا بکەنەوە.

دەگێڕنەوە و دەڵێن "دۆلابار" تا ئەو کاتەشی سەری لە لاشەی کراوەتەوە، چاو و لێوەکانی هەر جووڵاونەتەوە. ئەم ڕووداوە ئەمەندە ترسناک بوو، سەری پیاوی سپی دەکرد. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە فەندەمێنتالیستەکان لە هەر کوێیەک بن، وەک یەکن و دەتوانن دزێوترین کارە نا مرۆڤانە و دڕندەکانی خۆیان ئەنجام بدەن.

"ڤۆڵتێر" کاتێک ئەم هەواڵەی بیست تۆقی و ترسێکی قووڵ دایگرت.. ئەمە

یەکەم جار بوو "ڤۆڵتێر"ی سەرمەشقی ڕۆشنگەری، تووشی ترسێکی ڕاستەقینە بێت. تا ئەو ئاژاوەیە هێور بووەوە، ماوەی سێ مانگێک ماڵەکەی خۆی جێ هێشت و لە بەرچاو ون بوو. ڕاستییەکەی "ڤۆڵتێر" چوو بۆ لای پرۆتستانتەکانی تر کە لەو لای سنوورەوە بوون، بۆ ئەوەی چیی تر دەستی "برایانی کاتۆلیک" نەیگاتێ. لەو کاتەدا بیری لەوە دەکردەوە گرووپی فەیلەسووفەکان لە پاریسەوە بانگ بکات بۆ ئەوەی شوێنێکی ئارام و دوورەدەست هەڵبژێرن و تێیدا بژین، چونکە چیی تر پاریس ئەو جێگەیە نەبوو بۆ ڕۆشنگەران گونجاو بێت.. بۆیە پێشنیازی کرد بچنە لای دیکتاتۆری ڕۆشنگەری "فردریکی دووەم"ی پادشای پروسیا.

وەک دەزانرێت ئەم پادشایە هاوڕێی "ڤۆڵتێر" بوو، بەپێچەوانەی "لویسی پازدە"ی پاشای فرەنساوە پشتگیری لە بیروڕای تازە دەکرد. "ڤۆڵتێر" پێی وتن: (دەتوانین لەوێ سەنتەرێکی لێکۆڵینەوەی بچووک دروست بکەین و بەئاشکرا دژایەتییەتی فیکری فێندەمێنتالستەکان بکەین). "دیدرۆ" کە سەرۆکایەتی گرووپی (ئینساکلۆپیدیاییەکانی) دەکرد لە پاریس، ئەم داواکارییەی ڕەت کردەوە. بەو بیانووەی ناتوانێت ژن و منداڵەکانی جێ بهێڵێت و لێیان جیا بێتەوە و وای بەباش زانی، هەر لە پاریس و لە شوێنی خۆیەوە کار بکات و بەردەوام بێت. "دالمبیر" و ئەوانی تریش هەمان هەڵوێستیان وەرگرت...

"ڤۆڵتێر" بە دەنگێکی بەرز بیری دەکردەوە و دەیوت: (پێنج شەش فەیلەسووف و چاپخانەیەکم بەسە، دڵنیاش بن لەوەی دەتوانین لەم دوو سێ ساڵەدا شۆڕشێکی گەورە لە ئەقڵی خەڵکدا بەرپا بکەین). لە ڕاستیدا بۆچوونەکەی "ڤۆڵتێر" زیاد لە پێویست گەشبینانە بوو، لەبەرەوەی یەکلاییکردنەوەی یەکجارەکی لەگەڵ فێندەمێنتالیزمی مەسیحیدا، تەنانەت پاش مەرگی خۆشی پتر لە سەدەیەکی خایاند. ئەوە ڕاستە ڕۆشنگەری لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەدا لەسەر ئاستی ناوەندە ڕۆشنبیرییەکانی

پاریس سەرکەوتنی بەدەست هێنا، بەڵام پرۆسەی یەکلاییکردنەوە لەسەر ئاستی میلیی سیاسی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا بە ئەنجام گەیشت.

ئیتر لەو کاتەدا کاتۆلیکە ڕاسترەوە فرەنسییەکان بۆیان دەرکەوت، ململانێکردن لەگەڵ ئەو ژینگە کولتوورییەدا بێ سوودە و بیر و باوەڕەکانی ڕۆشنگەری و ئەقڵانییەت و مۆدێرنە، بوون بە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگر و بەریان پێ ناگیرێت.. بەمجۆرە "ڤۆڵتێر" دوای مەرگی خۆی سەرکەوت و بوو بە مەشخەڵێکی داگیرساو بۆ سەرجەم نەوەکانی ئاینده.

## دابڕانی ئەبستمۆلۆجی

## لە نێوان رینێیە دیکارت و گاستۆن باشلاردا

ڕەنگە ئەم ناونیشانە مایەی سەرسڕمان بێت و ئاسایی وەرنەگیرێت. ئاخر دەبێت پێوەندی چی بێت لە نێوان فەیلەسووفێک لە نیوەی یەکەمی سەدەی حەڤدەمدا ژیابێت، لەگەڵ فەیلەسووفێک کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا ژیابێت؟ پێوەندی چییە لە نێوان دوو فەیلەسووفدا کە ماوەی نێوانیان سێ سەدە بێت؟ دوای ئەوەش "دیکارت" هەرگیز بۆ یەک جار چییە لە ژیانیدا باسی دابڕانی ئەبستمۆلۆجی نەکردووە. ئەم چەمکە زۆر تازەیە و لە سییەکانی سەدەی ڕابردوودا لەسەر دەستی "گاستۆن باشلار" هاتە ئارا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت بڵێین "دیکارت" بە هەردوو ماناکەی: مانای مێژوویی و مانای ئاسایی (مانای مێژوویی کە قۆناغە زەمەنییەکان لێک جیادەکاتەوە و بە مانای ئاساییش ئەوەیە کە زانینی گشتی لە زانینی زانستیی ورد جیا دەکاتەوە)، دابڕانێکی ئەبستمۆلۆجی دروست کردووە..

"دیکارت" بە بەراورد لەگەڵ "ئەرستۆ" و ڕێبازی قوتابخانەییەکان کە بەدرێژایی سەدەکانی ناوەڕاست کۆنترۆڵی ئەوروپایان کردبوو، دابڕانێکە و یەکەمین فەیلەسووفێکیشە کودەتایەک لە دژی "ئەرستۆ" دەگێڕێت و لەو کارەشیدا سەرکەوتوو دەبێت.. ئەو بەم کارەی، سەرەتای قۆناغێکی تازەی لە مێژووی فکری ئەوروپایی بە تایبەتی و مرۆڤایەتی بە گشتی دامەزراند. هەر بۆیە مێژوونووسانی فەلسەفە، مێژووی نوێگەری فەلسەفی بە دەرکەوتنی ئەو دەست پێ دەکەن، چونکە قۆناغی پێش هاتنی "دیکارت" شتێکە و قۆناغی پاش ئەویش شتێکی ترە.. بەر لە هاتنی ئەو فەلسەفەی

"ئەرستۆتالیسی" باڵادەست بوو، دوای ئەوە فەلسەفەی "دیکارت"ی دێتە پێشێ و شوێن بەو لەق دەکات. هەروەها "دیکارت" لە ڕۆژگار و سەردەمی خۆیدا زانینی خۆڕسکی لە زانینی زانستی جیا کردەوە، بەمجۆرەش دابڕانێکی ئەبستمۆلۆجی دروست کرد، بە سێسەد ساڵ بەر لە هاتنە ئارای ئەم وتەزایە.

"دیکارت" بە هۆی گومانی مەنهەجییەوە، کەوتە شەنوکەوکردنی کۆی ئەو شتانەی لە ناو خێزان و قوتابخانە و چوار دەورەکەیدا پێی گۆش کرا بوو، لەم پێناوەشدا باجێکی قورسی دا. ئەو پێی وابوو مرۆڤ لە تەمەنی منداڵی و لە قوتابخانەدا دەکەوێتە ژێر کاریگەری تەواوی چواردەورەکەیی و مامۆستاکانی، واتە بەشێوەیەکی سلبی ئەو شتانە وەردەگرێت کە پێی دەوترێت، لەبەرئەوەی لەو قۆناغەدا مرۆڤ بکەر نییە، بگرە کەسێکی کار لێکراوە. هەموو ئەو شتانەی پێی دەوترێت بە قەناعەتەوە وەریان دەگرێت و کەمترین گومانیان لێ ناکات و ڕاست و ڕەوانیش ئەزبەریان دەکات، چونکە پێیوایە ناشێت گەورەکان هەڵە بکەن و بە هەڵەدا بچن. بەمجۆرە زانیاری ڕاست و هەڵە لە مێشکیدا کەڵەکە دەبن، بێ ئەوەی بتوانێت لێکیان جیا بکاتەوە، بەڵام کاتێک ئەم مرۆڤە گەورە دەبێت، ئەوا مافی خۆیەتی بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە لە خۆی بڕوانێت، بۆ ئەوەی کۆی ئەو ڕا و بۆچوونانەی پێی دراوە بژاریان بکات و باشەکانیان هەڵگرێ و ئەوانی تریشیان توور بدات[1].

زۆرجار و بەتایبەتی لە ساتە وەختی دابڕانە مێژووییە مەزنەکاندا، مرۆڤ ناچارە هەر چییەک فێری بووە دەستبەرداری بێت، بۆ ئەوەی سەرلەنوێ هۆشیاری خۆی دروست بکاتەوە، ئەمەش بە پرۆسەی مێشک داشۆرین

١. "هنری گۆهێ"ی گەورە مێژوونووسی فەلسەفە لە فەرەنسا کتێبێکی تایبەتی بۆ تاوتوێکردنی ئەم مەسەلەیە لای "دیکارت" تەرخان کرد، بڕوانە:
Henri Gouhier: Essais dur Des Cartes, paris, 1973

دەچێت. سەردەمی گۆڕان و وەرچەرخانە چارەنووسسازەکان، پێویستی بە هۆشیارییەکی نوێ هەیە کە بتوانێت خۆی لەگەڵ پێودانگە تازەکاندا بگونجێنێت، هەر بۆیە ناچار دەبێت خۆی لەو هۆشیارییە کۆنە جیاکاتەوە کە بە کەڵک نەماوە. ئەم پرۆسەی دابڕانەش هەر وا و بێ خوێن بەربوونێکی زۆر ناچێتە سەر، چونکە مرۆڤ بە ئاسانی ناتوانێت دەستبەرداری هەموو ئەو شتانە بێت کە بە درێژاییی چەندین ساڵ لەگەڵیاندا ژیاوە. گەورەترین بەڵگەیەکیش بۆ سەلماندنی ڕاستیی ئەو قسانە ئەوەیە کە "موتەنەبی" ی شاعیر دەڵێت:

خلقت الوفا رجعت الي الصبا

لفارقت سيبي موجع القلب باكي

ئەگەر دابڕان لە پیری ئەم هەموو نرخەی بوێت، ئەی دەبێت دابڕان لەگەڵ منداڵی و سەردەمی گەنجێتیدا چۆن چۆنی بێت؟

دابڕانی ئەبستمۆلۆجی هەموو کات دابڕانێکی دەروونی و ویژدانیی قورس و گرانی لەگەڵدایە. بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە لە میللەتانی ئەورووپا ڕووی دا، کاتێک ناچار بوون لە سەدەی حەڤدەمدا لەگەڵ ترادسیۆنە دۆگماکەی خۆیاندا دابڕانێک دروست بکەن و لێی جیا ببنەوە. سەبارەت بەم دابڕانە گەورەیە، بیریاری فرەنسی "پۆل هازار" کتێبێکی بە ناوبانگی نووسی کە چەند جارێک چاپ کرایەوە بە ناوی (قەیرانی هۆشیاریی ئەورووپی)[2]. ئەم دابڕانەش هاوشانی ساتەوەختی دیکارتیزم بوو، واتە سەدەی حەڤدە و هەژدەی گرتەوە و سەرەنجامیش شۆڕشی فرەنسی لێ کەوتەوە. دۆزینەوە جوگرافی و زانستی و مێژووییەکان، زەمینەیان لەبەردەم ئەم پرۆسەیەدا خۆش کرد و بەشداربوون لە ڕامالینی جیهانبینی کۆن و هێنانە ئارای جیهانبینییەکی نوێ لەسەر دار و پەردووی ئەوەی پێشوو.

---

2. Paul hazard: Lacrice dela conscience europeenne, paris, 1935

دەتوانین بڵێین ئەم دابڕانە لە نیوەی یەکەمی سەدەی حەڤدە و لەگەڵ "دیکارت" و "گالیلۆ" دا دەستی پێ کرد، بەڵام دوای تێپەڕبوونی سەدەیەک (واتە لە سەردەمی نیوتن و کانت)دا، سووری خۆی تەواو کرد و شوێن پێی خۆی قایم کرد. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو دابڕانە ئەبستمۆلۆجییە، پرۆسەیەکی دژوار و تاقەت پڕووکێن بووە. میللەتان بەمجۆرە تازە دەبنەوە و تۆز و غوباری چەندین سەدە لە خۆیان دەتەکێنن و گۆڕانکارییەکی وەهایان بەسەردا دێت، وەکی ئەوەی سەرلەنوێ هاتبنە ناو دنیا. زۆرجار ئەم دابڕانە گەورانەش، لە کەسانی مەزن و دەگمەنی وەک "رینێیە دیکارت"دا بەرجەستە دەبن. ئەو مرۆڤە مەزنانە سەرەتا بە شێوەیەکی فەردی و لە ناخی خۆیاندا دابڕان ئەزموون دەکەن، بەر لەوەی میللەتەکەیان لەسەر ئاستی دەستەجەمعی تاقی بکەنەوە.. ئەو کاتەی مرۆڤێکی بلیمەت دەتوانێت بەشێوەیەکی سەرکەوتوو دابڕان لە ناو خۆیدا دروست بکات، بە ئاسانیش دەتوانێت ئەم پرۆسەیە بگوازێتەوە دەرەوەی خۆی و لەسەر زەمینەی واقیع جێبەجێی بکات. بەمجۆرە پێکەوە گرێدانێک لە نێوان بواری تایبەتی و بواری گشتی یان لە نێوان تاکەکەس و گرووپدا دروست دەبێت. کەسایەتییە مەزنەکان دەتوانن میللەتەکانیان بە ئاڕاستەیەکی تردا بەرن و پەنجەرەیەکی نوێیان بەڕوودا بکەنەوە.

لێرەدا و لەبەردەم چرکەساتی "دیکارت" دا ئێستێک دەکەم، بۆ ئەوەی وەسفی ئەو قەیرانە ناوەکییە بکەم کە تێیدا ژیاوە، بەر لەوەی بتوانێت دابڕانێکی وا دروست بکات و گورزی خۆی بوەشێنێت. وەک دەزانرێت "دیکارت" شەوێکیان سێ خەوی تۆقێنەری وا دەبینێت، هێندەی نامێنێت ئەقڵی لە دەست بدات و دێوانە بێت، بەڵام دوا سات فریای خۆی دەکەوێت و دەست بە دۆزینەوە مەزنەکەی خۆی دەکات. زۆر لە نووسەران و لێکۆڵیاران باس لەو شەوە بەناوبانگە دەکەن (شەوی ١٠ی تشرینی دووەمی ١٦١٩)[٣].

3. Jacques maritain: le songe de Descartes, paris, 1932.

ئەمە ئەوە ئاشکرا دەکات کە دامەزرێنەری ئەقلانییەتی ئەوروپایی، تا ئەو ڕادەیەی ئێمە پێمان وایە ئەقلانی نەبووە و ناچار بووە لە سەرەتادا و لە ناخی خۆیدا شەڕێکی سەخت بکات، بەر لەوەی بگاتە دڵنیایی. کارێکی هەروا ئاسانیش نییە مرۆڤ ڕووبەڕووی خۆی بێتەوە یان لەگەڵ خۆیدا بکەوێتە شەڕەوە. لەم بارەیەوە لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (وتارێک لەبارەی میتۆد)، "دیکارت" دەنووسێت و دەڵێت: (من وەک ئەوانە وا بووم کە بە تەنیا ڕێگەیەکی تاریک و دەیجوور تەی دەکەن، یان بەسەر تاڵە موویەکی باریکدا دەڕۆن و هەموو کاتێک ئەگەری بەربوونەوەیان هەیە، بەربوونەوە بۆ قولاییەکی بێ بن و بێ ئامان).

لەو کاتەدا "دیکارت" بڕیاری دا دەستبەرداری هەموو بیر و بۆچوونەکانی ڕابردووی بێت و بۆ یەکەمین جار ببێتە دیکارتیزم. بڕیاری دابێت بە خۆی و جیهان وەک خۆی چۆن هەیە، ئاوا ڕووبەڕووی بێتەوە. ئەمە وای کرد "دیکارت" بۆ یەکەم جار هەست بکات لەسەر زەمینێکی پتەو وەستاوە، چونکە لەوەوبەر گومان تا سەر ئێسقان سمیبووی.. ئەم پرۆسەیەشی (واتە پرۆسەی دابڕان لە ڕابردوو)، بەدروستکردنی خانوویەکی تازە لەسەر دارو پەردووی خانوویەکی کۆن چواندبوو. ئاشکرایە لای هەمووان، ئێمە ئەو کاتە دەتوانین خانوویەکی نوێ بنیات بنێین کە خانووە کۆنەکەمان ڕووخاندبێت. ئەگەر چی ئەستەمە ئەو ماڵە کۆنە بڕووخێنین کە تێیدا لەدایک بووین و گەورە بووین و ساتێکی خۆشی تەمەنمان لەوێدا بەسەر بردووە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا کاتێک دێت دەبێت بە ناچاری دەست لەو خانووە هەڵگرین و بەجێی بێڵین. ئەویش لەبەرئەوەی بەکەڵکی دانیشتن نایەت، یاخۆ لەبەرئەوەی کۆن بووە و وای لێ هاتووە خەریکە بەسەریەکدا دابڕمێت. هەر بۆیە چاکتر وایە پەلە لە ڕووخاندنیدا بکەین و تا کات بەسەر نەچووە فریا بکەوین. "دیکارت" ئەمەی بەشێوەیەکی زۆر جوانتر لە کتێبی (ڕامانە میتافیزیکاییەکان)دا ڕوون کردووەتەوە و دەڵێت: (دواجار بۆم دەرکەوت من

له سەرەتای تەمەنمدا بڕێکی زۆر بیر و بۆچوونی هەڵەم کراوە بە مێشکدا و وەهاشم وەرگرتبوو کە ئەوانە ڕاست و دروستن و جێی گومان نین، بەڵام دواتر بۆم دەرکەوت هەموو ئەو شتانەی لەسەر ئەو پرەنسیپانە بنیاتم نابوو شتی بێ بناغەن و ناکرێت قەناعەتیان پێ بکەم). بۆیە بڕیارم دا خۆم لەو بیر و بۆچوونانە قوتار بکەم و سەرەتایەکی تازە دەست پێ بکەم.

ناچار بووم کارێکی لەو جۆرە بکەم، گەر نیەتی ئەوەم هەبێت شتێکی تۆکمە و کۆنکرێتی لە بواری زانستدا بنیات بنێم. بەڵام کارێکی وەها لەو ساتە وەختەدا، بەڕادەیەک بۆ من گران و تاقەت پڕووکێن بوو کە نەمدەتوانی بەرەنگاری بمەوە یان شان بدەمە بەری. هەر بۆیە ماوەیەکی زۆر چاوەڕێم کرد، تا لە ڕووی دەروونی و فیکرییەوە پێگەیشتم و کامڵ بووم. چاوەڕوانی زۆرم کرد و هەستم کرد لەوە زیاتر هەڵناگرێت، چونکە تەمەن دەڕۆیشت و پێ دەچوو ئەو هەلەم لەدەست بچوایە گەر لەوە زیاتر چاوەڕوانیم بکردایە.. ئەوەتا ئەمڕۆ هەست دەکەم ئامادەباشیی تەواوم تێدایە بۆ ئەوەی بەو کارە هەڵبستم، بە تایبەتی کە خۆم لە هەموو کێشە و سەرقاڵییەکانی تر دزییەوە و دڵی خۆشم خاڵی کرد لە گشت حەز و ئارەزوویەک.. ئێستا تەنیاییەکی هێمن و بەختەوەر دەگوزەرێنم و وەها حاڵەتێکیش یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی، دەست بە گەورەترین پرۆژەی ژیانی خۆم بکەم. لەبەر ئەوە بڕیارم دا سەرلەبەری بیر و بۆچوونەکانی ڕابردووم واز لێ بێنم و سەرەتایەکی تازەش دەست پێ بکەم[4].

ئەڵبەتە بیریارێکی مەزنی وەک "دیکارت"، تەنیا لە پێناو وێرانکردندا ناکەوێتە تێکوپێکدانی بیر و بۆچوونەکانی ڕابردووی، چونکە ئەو نە نهلیستییە و نە تێکدەرەو نە ڕقی لە خۆشی و لە مرۆڤایەتییە. بە پێچەوانەوە ئەو بۆیە دەیەوێت دەستبەرداری ئەو بیر و بۆچوونانە بێت، لەبەرئەوەی

4. valery: les pages immorte llesde Descartes, paris, 1941.

هەڵەن و بەربەستن لە بەردەم ئەوەی واقیع بەشێوەیەکی ڕاست و دروست و وەکی خۆی ببینێت. پاشان ئەو توانای ئەوەی نییە شتێکی ئیجابی لە بواری فیکردا بنیات بنێت، بەر لەوەی ئەو شتانە تێکوپێک نەدات کە ناڕاستن و بە هۆی تەمبەڵی و نەزانی و حوکمی زەمەنەوە، بوونەتە بار و ڕەگیان داکوتاوە. ئەمەش بارودۆخی فەلسەفەی سکولاستی بوو کە بە درێژاییی سەدەکانی ناوەڕاست و تا هاتنی "دیکارت"، لە ئەوروپادا باڵا دەست بوو. ئەم فەلسەفەیەش لە تەواوی خوێندنگاکانی ئەوروپادا، بە زمانی لاتینی بە خوێندکاران دەوترایەوە. "دیکارت"یش لە قوتابخانەیەکی بەناوبانگی ناوچەی خۆیان ئەم فەلسەفەیەی دەخوێند. شایەنی باسە کاتێک "دیکارت" کەوتە دابڕان لەگەڵ ڕابردووی خۆیدا، سەرلەبەر دەستبەرداری هەموو بیر و بۆچوونەکانی پێشووی نەبوو، بگرە هەندێک شت لە فەلسەفەکەیدا مانەوە، بەڵام دوای ئەوەی گۆڕانیان بەسەردا هات و ئاڕاستەیەکی تازەیان وەرگرت.

ئەوەی لێرەدا گرینگە بەلای ئێمەوە باسی لێ بکەین ئەوەیە کە بنیاتنانی شتی نوێ لەسەر پاشماوەکانی ڕابردوو، وەکی خۆی کارێکی سەرکەوتوو نابێت. بنیاتنان دوای کێشمەکێش و ململانێی توند لەگەڵ ڕابردوودا دەست پێ دەکات و تەنیا لە ڕێی ئەم ململانێیەشەوە، حەقیقەتێکی نوێ دێتە ئارا. ئەمەش تەواو لەگەڵ ئەو قسەیەی "باشلار"دا یەک دێتەوە، بەڵام لای ئەو بە شێوەیەکی کاملتر و ئاشکراتر دەردەکەوێت.. لەبەرئەوەی "باشلار" سێ سەدە دوای "دیکارت" هات و لەو ماوە درێژەشدا، زانست پێشکەوتنی گەورەی بە خۆیەوە بینی. بەمجۆرە دەکرێت نەوەی نوێ سوود لە ئەزموونی مێژوویی دوور و درێژی پێشینان ببینن و پەند لە تاقیکردنەوەی ئەوان وەربگرن. بۆ نموونە "باشلار" لەوەدا لەگەڵ "دیکارت" دا هاوڕایە کە دەڵێت: (پێویستە جیاوازی لە نێوان زانینی خۆڕسک و زانینی زانستیدا بکەین. هەروەها هەردووکیان پرۆسەی گومانکردن لە هەستەکانمان بە کارێکی پێویست دەزانن، لەبەرئەوەی ڕەنگە لە هەر ساتەوەختێکدا بە هەڵەماندا

بەرن و وامـان لێ بکـەن پێمـان وا بێت ئێمـە لە هەمـوو شـتێک بـە ئاگاین لە کاتێکدا پێچەوانەکەی ڕاستە).

وەک ئاشکرایە "رینییە دیکارت"ی دامەزرێنەری ئەقڵانییەتی ئەورووپی، پێی وابوو دەبێت هەمـوو بیـر و بۆچوونەکـان گومـانیـان لێ بکرێت و بەر لەوەی ڕاست و دروسـتـیـیـان نەسـەلمێنین بـاوەڕیان پێ نەکـەین. تـەنانـەت ئەو داوای ئەوەی لێ دەکردین گومان لە نزیکترین و بەنرخترین ئەو شـتـانە بکـەین کـە هـەمـــانە، بـۆ ئەوەی بـە باشـی هـەڵیـــان بســـەنگێنین و لـە هـەمـــوو گـــەرد و گـواڵێکیـان پاک بکـەینەوە.. هیـچ ئایدیایەک بەر لەوەی گومـانی لێ نەکرێت و تاقی نەکرێتەوە، نابێت باوەڕی پێ بـهێنین. "دیکارت" بەم کارەشی دەیویست ئاسـتێک بۆ کەلەپـووری "ئەرسـتۆ تالیس" دابنێت، چونکە وەک دەزانرێت لەو سـەردەمەدا هـەر کـەسێک ئەوەی بەس بوو نموونە بە "ئەرسـتۆ" بهێنێتەوە، بۆ ئەوەی خەڵکی بێ هیچ چەند و چوونێک بڕوا بە قسەکانی بکەن.

بـەڵام "دیکـارت" ئـەم کـــارەی پێ پەســـەند نـەبوو. لـەم ســـەروبەنـدەشــدا جـیـاوازیی سـەرەکی لە نێـوان "باشـلار" و "دیکـارت" دا ئەوە بوو، "باشـلار" نەیدەتوانی بڕوا بەبوونی ئەقڵێکی سەرمەدی و نەمر بکات کە لە سەروو کات و شـــوێنەوە بێت، وەک ئەوەی "دیکـارت" پێی وابوو، چونکە ئەقـڵ خـــۆشی مێژووی هـەیە و پابەندە بە هەلومەرج و تواناکانی ئەو سـەردەمەوە. هـەروەها "باشـلار" نەیدەتـوانی بڕوا بە بـوونی بیـر و بۆچوونی خـۆڕسک یان ئـەزەلی بکات کـە دەکـەوێتـە پێش هەمـوو ئەزمـوونی بەریەککەوتنێک لەگەڵ واقـعدا، وەک ئەوەی "دیکارت" باوەڕی پێی هـەبوو. لەبەر ئـەم هۆیە و هۆکـارگـەلێکی تریش، "باشـلار" داوای دەکـرد ئەبسـتـمـۆلۆجـیـایەکی تر، جـیـاواز لە ئەبستمۆلۆجیای "دیکارت"ی بهێنرێتە ئاراوە.

ئەمـــە لە گـــەورەیی "دیکارت" کـــەم نـاکـــاتەوە، بەڵام بەڵگەی ئەوەیە کـــە ڕەگەزگەلێکی فەلسەفەکەی ئەو مردوون و چاکتر وایە دەستبەرداریان بین، ئـەمـــــەش لـە پێنـاو ئـەوەی زانسـت هـەنگـاوێکی تر بـەرەو پێش بـەرین.

پرۆسەیەکی واش برێتییە لە دابڕان بە مانای پڕاوپڕی وشەکە. سەروەختێک کەلەپووری ڕابردوو چەق دەبەستێ و توانای بەردەوامێتی خۆی لە ڕێی هێز و شکۆی مـێـژوویـیـەوە بە دەست دێنێت، لەو کـاتەدا دابڕان دەبێـتـە پرۆسـەیەکی ناچاری. ئەمـەش یاسـای هەمـوو شـتـەکـانی ناو بـوونە و هەر فـەلسـەفـەیەکیش چەند گەورە بێت و بەهرەی خـاوەنەکەی هەرچەندە بێت، نـاتوانێت تـا سـەر بەردەوام بێت.. ئـەم قـسـەیە فـەلسـەفـەی گـەورە فەیلەسـووفانی وەک "ئەرستۆ و دیکارت و کانت و هیگڵ و مـارکس و.. هتد"، دەگرێتەوە.

بەڵام بێگومـان ئەمـە ئەوە ناگـەیەنێت کـە تـەواوی فـەلسـەفـەی ئەم فەیلەسـووفانە کۆتاییـیان هاتووە و بە کـەڵکی هیچ نایەن، نا هەرگیز. ئێمـە تەنیـا دەمـانەوێت بڵێین شـتـە ئیجابییەکـانیان مـاون و بوونەتە بـەشێک لە میراتی فیکری مرۆڤایەتی.. لێرەدا جێی خۆیەتی باس لەوە بکەین کە واقیع بەردەوام بەو شـتـە نوێیانەی بەرچاومـان دەخـات و فـەیلـەسـووفانی پێـشـوو پەییـیـان پـێ نەبردووە، دووچاری سـەرسـڕمـانمان دەکـات. هەر ئەمـەشـە وا دەکات بەردەوام فەلسەفەی نوێ بێتە ئارا. بۆیە ئەوانەی لە ناو سیستەمێکی فـەلسـەفی دیاریکراودا گـیر دەخۆن و دەرگـە لەسـەر خـۆیان دادەخـەن، دەبنە کـەسـێکی دۆگـمـا و لە بزاوتی ژیان و فـیکر دادەبڕێن. لە پای ئـەمـەدا بوو "باشلار" چووەوە بە گژ فەیلەسووفانی سەردەمەکەی خۆیدا و بە میسالییەت و دابڕان لە بزاوتی زانست و جووڵەی واقیع تاوانباری کردن..

"باشـلار" داوای دەکـرد فـەلسـەفـەی (نـەرێ) بهـێنرێتـە ئارا، واتە ئەو فەلسەفەیەی بە بەردەوامی ئێستا ڕەت دەکاتەوە لە پێناو ئەوەی شتێکی نوێ بدۆزێتـەوە، یاخـۆ شـتـێکی نوێ سـەرباری شـتـەکـانی پێـشـوو بخـات. ئەم فەلسەفەی (نەرێ)یەش ئیجابییە نەک سلبی بێت، چونکە فەلسەفەی (ئەرێ) و ملدان بە واقیـع، نابێـتـە مـایەی جووڵاندنی شـتـەکان و پێشکەوتن. تەنیـا فەیلـەسووفە گێرەشـێوێنەکـان دەزانن چۆن بڵێن (نا) و تەنیـا ئەوانیش دەبنە

مایەی بەرەو پێشچوونی مرۆڤایەتی. هاوکات "باشلار" داوای دروستکردن و هێنانە ئارای (ئەقڵانییەتێکی پراکتیکی) دەکرد کە سەرچاوە لە توێژینەوەی زانستی و ئێمبرقیەوە بگرێت.. لەبەر ئەوە "باشلار" توانی ببێتە "دیکارت و کانت"ی سەردەمی نوێ، چونکە تیۆریایەکی وای هێنایە ئارا کە لەگەڵ گەشەی زانستیی سەردەمەکەی خۆیدا دەگونجا. هەر کاتێک زانست قەڵەمباز بدات و بچێتە پێش، پێویستمان بە فەلسەفەیەکی نوێ دەبێت. هەر فەیلەسووفێک پێشکەوتنی زانست بە هێند وەرنەگرێت و پرۆسەیەکی وا لە بەرچاو نەگرێت، خۆی لە جووڵەی سەردەم دادەبڕێنێ و بە دەستی خۆی خۆی پەراوێز دەخات. "باشلار"یش زیاد لە هەر کەسێکی تر پەی بەو مەسەلەیە بردووە و ئەو پێی وا بوو فەلسەفە دوای هاتنە ئارای تیۆریای ڕێژەیی "ئەنیشتاین" و تیۆریای میکانیکی نابێت وەک خۆی بمێنێتەوە، چونکە دوای "ئەنیشتاین" دابڕانێک لە ڕەوتی زانستدا دروست دەبێت و بەم پێیەش پێویستە هاوشان بەوە لە بواری فەلسەفەشدا هەمان دابڕان ڕوو بدات. هەر ئەمەش بوو "کانت" لە سەردەمی خۆیدا کردی، کاتێک پەی بە گرینگترین ئەو دەرەنجامانە برد کە لە مەزنترین ڕووداوی هاتنە ئارای تیۆریای کێشکردن و میکانیکی "نیوتن" بوو.

لێرەدا قسەکردن جێ دێڵم بۆ یەکێک لە گەورە ئەبستمۆلۆجییەکانی فرەنسا و مامۆستای هەموو فەیلەسووفەکان لە "فۆکۆ" وە بۆ "بۆردیۆ"، تا تیۆریاکەی "باشلار" و دەستکەوتەکانی ئەومان بۆ باس بکات. واتە واز دێنم "جۆرج کانجێلم"ی خوێندکاری "گاستۆن باشلار" قسە بکات. "کانجێلم" ساڵی ١٩٦٥ وەک مامۆستای فەلسەفەی زانست لە زانکۆی سۆربۆن جێی "باشلار"ی گرتەوە[5]. بابزانین "کانجێلم" لەبارەی ئەبستمۆلۆجیای "گاستۆن باشلار"، واتە فەلسەفەی زانست دەڵێت چی؟ ئەو (واتە کانجێلم)

---

5. bourdieu: lemetier du sociologue , paris pp 119-124, 1968.

(ئەبستمۆلۆجیای باشلار)، لەم سێ تەوەرە سەرەکییەی لای خوارەوەدا کۆ دەکاتەوە:

١- ئەولەویەتدانی تیۆریی بەهەڵە:

لە سەرەتادا هەڵە هەبوو نەک ڕاست، هەڵە هەبوو نەک حەقیقەت. بە واتایەکی تر حەقیقەت لە کۆتایی ململانێکردنی لەگەڵ هەڵەدا دەردەکەوێت. حەقیقەت شتێکی پێشوەخت و پێدراوێکی ئامادەکراو نییە. بە واتایەکی تر: کاتێک سەرنجی واقیعی بابەتی دەدەین، دەبینین حەقیقەت دابڕاو نییە لە هەڵە، بگرە لەژێر داروپەردووی هەڵەدایە یاخۆ دەوری بە تۆڕێک لە هەڵە تەنراوە. هەموو لێهاتوویی ئێمەش لەوەدایە، چۆن بتوانین ڕووبەڕووی ئەو هەڵانە ببینەوە و پەی بەو حەقیقەتە بەرین کە لەوێدایە. ئەمەش پێچەوانەی ئەو دیدگا میسالییە باوەیە کە پێی وایە، حەقیقەت بە تەنیا لە لایەکەوە هەڵەش لە لایەکی تر. هەر لەبەر ئەوە "گاستۆن باشلار" دەڵێت: (ناکرێت مەعریفەیەکی زانستی ڕاست و دروست پێک بهێنین، تەنیا لەسەر دار و پەردووی مەعریفەیەکی نا ڕاست نەبێت). ئەمەش گەورەترین بەڵگەیە لەسەر ڕادەی ئەو ململانێ توند و تیژەی دژ بە ناڕاستی هەیە، لە پێناو گەیشتن بە ڕاستیدا. حەقیقەت لە ڕێی ململانێکردن لەگەڵ واقیعدا بە دەست دێت و هەروا بە ئاسانی خۆی نادات بە دەستەوە.

٢- بەکەمزانینی ئەو مەعریفەیەی لە ڕێی هەست و مەزەنەوە دەستمان دەکەوێت:

مەعریفەیەکی لەم جۆرە تەنیا سوودێکی هەیە ئەویش ئەوەیە دەبێت لە ناوی بەرین. مەعریفەی زانستی لە ڕێی مەزەنەوە یان خۆ بەخۆ دروست نابێت، بگرە لە ڕێی ئەزموون و پراکسیس و بەکارهێنانی ئامرازەکانی پێوانەی زانستییەوە دەستەبەر دەبێت. ئەمەش تاکە مەعریفەیە کە دەشێت متمانەی پێ بکەین و لێی دڵنیا بین.. ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە مەزەندەکردن

هەندێک جار کەڵکی نییە، بەڵام ناکرێت پەنای بەردەوام بەرینە بەر و پشتی پێ ببەستین. مەزەندەکردن تەنیا یەکەمین قۆناغە و دوای ئەوە دەبێت وازی لێ بێنین.

٣- تەنیا لە ڕێی واقیعەوە دەتوانین لە واقیع تێ بگەین:

بەو مانایەی دەبێت یەکەم جار مافی قسەکردن بدەینە دەست واقیع خۆیی و خەون و خۆزگەکانی خۆمانی نەکەینە بەر. ئەو کات دەتوانین لە نهێنییەکانی واقیع و جەوهەری ناو واقیع خۆی بگەین. لەبەرئەوەی زۆر لە کەسانی سەرکێش و جادووباز لەمە بێ ئاگان و بە هێندی وەرناگرن، ئەوا لە ناسینی واقیعدا دەکەونە هەڵەوە و دواجار زەرەرمەندی گەورەش دواجار هەر خۆیان دەبن و مایە پووچ دێنەدەر. واقیع هەروا بە ئاسانی خۆی نادات بە دەستەوە و بەپێی خواست و ئارەزووی ئێمەش ناگەڕێت، بگرە بە پێی لۆجیکی تایبەتی خۆی و یاسا ناوەکییەکانی خۆی دەجووڵێت.. هەر بۆیە دەبێت ئێمەش بەم پێیە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، بۆ ئەوەی لە دواییدا دووچاری نائومێدیی نەبین. ئەڵبەتە ئەمەش مانای ئەوە ناگەیەنێت کە گۆڕینی واقیع کارێکی مەحاڵە یان ناتوانین هیچ شتێک لە بەرانبەریدا بکەین، بگرە دەمانەوێت بڵێین گۆڕان دوای تێگەیشتن لە بنیاتی واقیع و توانستەکانی دێتەبەر.. ئەوانەی گۆڕانکاری ڕاستەقینە دروست دەکەن، ئەوانەن کە دەزانن چۆن چۆنی مامەڵە لەگەڵ واقیعدا دەکەن و هەوڵی ئەوە نادەن نە واقیع ڕەت بکەنەوە نە بازی بەسەردا بدەن و فەرامۆشی بکەن.

ئەم کارە ئەو کەسانە دەیکەن بەر لەوەی هەوڵی گۆڕینی واقیع بدەن، پەی بە ڕێساکانی واقیع دەبەن و ڕادەی قورسی و گرانی ئەو کارە دەزانن. بۆ ئەوەی ئەم سێ پرەنسیپە ئەبستمۆلۆجییە تەفسیر بکەین، یاخۆ کەمێک بە درێژی باسیان لێ بکەین، ئەوا لێرەدا دەڵێین: (ئامانجی زانست وەدەرنانی هەڵەیە و جێ لەقکردنە بە نەزانی). ئەڵبەتە ئەمە شتێکە هەموومان کۆکین

لەسەری و براوەتەوە، بەڵام زۆربەی فەیلەسووفانی بەر لە "باشلار" پێیان وا بوو هەڵە بە تەنیا ڕووداوێکی لاوەکییە و هیچی تر! کەچی "باشلار" تایبەتمەندی ئەویش ئا لێرەدایە، پێیوایە هەڵە شتێکی سەرەکییە و ڕۆحی مرۆڤایەتیش سەرچاوەیەکی بە بڕشتە بۆ هەڵەکردن. هەڵەش بە تەنیا وەزیفەیەکی سلبی نییە وەک تیۆریای ئایدیالیستی و ئەبستراکتی پێیان وابوو، بگرە هەندێ جار ڕۆڵی ئیجابیشی هەیە. واتە دەکرێت هەندێ جار هەڵە ڕۆڵێکی ئیجابی ببینێت لە بەرهەمهێنانی زانیندا!

هاوکات بە بۆچوونی "باشلار" نەزانین بریتیی نییە لە نەبوونی مەعریفە، بەقەد ئەوەی زەمینەیەکە لێیەوە ئەگەری سەرهەڵدانی مەعریفە لە ئارادایە. سەرەتا هەڵە و نەزانین هەبوو، دواتر ڕووناکی زانین هات بۆ ئەوەی در بە شەوەزەنگی جەهل و نەزانین بدات. ئەو هەقیقەتانەی ئەمرۆ دەستگیرمان دەبێت، ڕۆژێک وەک کۆمەڵە هەڵەیەک کەڵەکە دەبن و سەرلەنوێ پێویستمان بەوە دەبێت نەیانهێڵین. بەم پێیە دەتوانین باس لە دیالەکتیکی ڕاست و هەڵە، جەهل و زانست ڕووناکی و تاریکی بکەین.

لە هەر قۆناغێکدا نەزانین زیادی کرد و گەیشتە ئەو پەڕی، لەو کاتەدا زانست وەک پەرچە کردارێک سەر دەردێنێت. زانست بریتییە لە دروستکردنی دابڕانێک لەگەڵ ئەو چەمک و دەستەواژانەی بەسەرچوون و کەڵکیان نەماوە، ئەم دابڕانەش لە ڕێی مشتومڕ و ململانێی ناوەخۆییەوە دروست دەکات، لەبەر ئەوە "باشلار" زیاد لە هەر کەسێکی تر جەخت لەسەر چەمکی (ئافەرۆزکردن) دەکاتەوە، بەو سیفەتەی ئەمە هەڵوێستێکی سەرەکییە و خەسڵەتی هەموو زانا ڕاستەقینەکانە. ئەڵبەت مەبەستم ئافەرۆزەکردنی ئەو هەڵە باو و تیۆریا بێ بناغانەیە کە بە هۆی حوکمی ڕۆژگار و کێش و قورسایییانەوە ماونەتەوە و لە ئارادان. لەم پێناوەدا "باشلار" کتێبێکی تایبەتی تەرخان کرد بۆ (فەلسەفەی نەرێ). ئەو فەلسەفەیەی سازش ناکات و بەردەوام نارازییە و هەوڵی ڕەتکردنەوەی هەڵە

و نەزانین دەدات. تەنیا بەم میتۆدەش دەتوانین بکەوینە دژایەتیکردنی شتە باوەکان و پەی بە حەقیقەتیش بەرین.. حەقیقەت هەروا بە ئاسانی بە دەست نایەت و باجی دەوێت، هەندێک جار باجی قورس و گرانیشی دەوێت. ئەمە کرۆکی تێڕوانینی "باشلار"ە بۆ حەقیقەت و زانست کە تێڕوانینێکی زانستی و ئەزموونگەریشە. تێڕوانینێکە دەرەنجامی مومارەسەکردنی زانستە بە فیعلی، نەک تەنیا لە ڕێگەی تیۆرێکی ئەبستراکتەوە بێت، وەک ئەوەی ئەو ئایدیۆلۆجیستانە دەیکەن کە لە خۆیانەوە قسە فڕێ دەدەن.

"باشلار" بە فیعلی و بە شێوەیەکی عەمەلی لە لابورەکانی فیزیاناسی و کیمیاناسیدا، مومارەسەی زانستی دەکرد و دوای ئەوە ڕێی دەدا بە خۆی کە فۆرمەلەی پرەنسیپە ئەبستمۆلۆجییەکان بکات. هەر لەبەرئەوەش میتۆدەکەی ئەو سەرکەوتنی بەدەست هێناو لە سەرجەم کایە زانستییەکانی تردا و بە تایبەتیش لە بواری زانستە مرۆڤایەتییەکاندا، دەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو. پاشان "باشلار" دەڵێت: «واقیع بوونی پێش زانست ناکەوێت و ناشکەوێتە دەرەوەی زانست.. ئەو واقیعە ئاساییە ڕاستەوخۆیەی بە چاوی خۆمان دەیبینین و پەی پێ دەبەین، واقیعی ڕاستەقینە یاخۆ زانستی نییە. واقیعی ڕاستەقینە ئەوەیە کە زانست دروستی دەکات یاخۆ زانست لە لابورەکاندا دای دەڕێژێت و یاساکانی هەڵدەهێنجێت. ناکرێت تەواوی واقیع کۆنترۆڵ بکەین یان ورد و درشتی تاوتوێ بکەین، واتە ناتوانین بە یەکجاری واقیع تەفسیر بکەین. هەرگیز توانای ئەوەمان نابێت دوا قسە لەسەر واقیع بکەین، بگرە تەنیا ئەوەمان بۆ دەکرێت کە لێی نزیک بینەوە یان مەعریفەیەکی سەرەتاییمان لە بارەیەوە هەبێت».

سەبارەت بەم مەسەلەیە "گاستۆن باشلار" کتێبێکی لەژێر سەردێری (وتارێک لەبارەی مەعریفەی نزیکخەرەوە)دا نووسی واتە مەعریفەیەک نزیکمان بخاتەوە لە واقیع. ئەڵبەتە تیۆری و فەلسەفەیەک چەند گەورەش بێت، توانای ئەوەی نییە دوا قسە لەسەر واقیع بکات، بۆیە بەردەوام

تیۆریای زانستی تازە لەبارەی واقیع دێتە ئارا و سەر هەڵدەدات.

هەر تیۆریایەک بۆچوونێکی نوێمان سەبارەت بە واقیع بەردەست دەخات و بە تیۆریای پێش خۆیدا دەچێتەوە، بۆ ئەوەی لە حەقیقەتێکی زانستیمان نزیک بخاتەوە. بەمجۆرە و تا مرۆڤ لە ژیاندا مابێت زانست بەکراوەیی دەمێنێتەوە. لێرەوەیە داهێنان و دۆزینەوە زانستییەکان بەردەوامن و کۆتاییان نایەت.. هەر دۆزینەوەیەکی تازەش، زیاتر لە حەقیقەتی واقیع و تەفسیرکردنی واقیع یان تەفسیرکردنی مادە و گەردیلە و ناوەڕۆکی گەردوون نزیکمان دەخاتەوە. ئەگەر هەڵێنجانی واقیع شیاو بووایە، ئەوا پێشتر فەلسەفەکەی "ئەرستۆ" یاخۆ فەلسەفەی "دیکارت" یان "کانت" یاخۆ "هیگڵ" ئەوەیان دەکرد.. لەبەر ئەوە "باشلار" دەڵێت: (حەقیقەت ئەو هەڵەیەیە کە بەردەوام ڕاست دەکرێتەوە!).

لەم سەروبەندەشدا "باشلار" جەخت لەسەر ئەو پرەنسیپە ئەبستمۆلۆجییە سەرەکییە دەکاتەوە کە دەڵێت: (پێویستە هەر کاتێک خود هەنگاوێکی مەعریفی بڕی، بەشێوەیەکی ڕەخنەگرانە بگەڕێتەوە لای خۆی و ڕەخنە ئاڕاستەی خۆی بکات). جیاوازی نێوان توێژەری زانستی و وتاربێژی ئایدۆلۆجیش لێرەدایە. توێژەری زانستی هەر ئەوەندەی لە توێژینەوەکەیدا ماوەیەک چووە پێش، ئێستێک دەکات و بیر لەوە دەکاتەوە بگەڕێتە دواوە، بۆ ئەوەی چاوێک بەو کارەدا بخشێنێت کە کردوویەتی و هەڵەکانی ڕاست بکاتەوە و دەستکاری هەندێک دەستەواژە بکات، هەروەها ئەو بیر و بۆچوونانەش ڕوون بکاتەوە کە گران و تەلیسماوی دێنە پێش چاو. توێژەری زانستی شەرم ناکات لەوەی دان بە کەموکوڕی و هەڵەکانی خۆیدا بنێت، لە کاتێکدا ئایدیۆلۆجیست شتێکی لەو جۆرەی پێ قبووڵ نییە و کەموکوڕی لە کارەکانی خۆیدا نابینێت.

ئەم پێداچوونەوە ئەبستمۆلۆجییە بەخودا، دەبێتە مایەی بەرەو پێشچوونی فیکر و توێژینەوەی زانستی. ئەمەش تەعبیرە لە بوونی

عەقڵییەتێکی شێلگیر و زەینێکی ڕوون. زۆرێک پێیان سەیر بوو چۆن چۆنی پیاوێکی ئەقڵانی وەکی "باشلار"، پرۆژە زانستی و ئەبستمۆلۆجییەکەی خۆی دەخاتە ژێر سایەی دەروونشیکارییەوە، بەڵام ئەوانە بێ ئاگابوون لەوەی کە بۆچوونی "باشلار" بۆ ئەقڵانییەت، جیاوازە لە بۆچوونی سەردەمی ڕۆشنگەری و فەلسەفەی پۆزەتڤیزم. ئەم جۆرە تێڕوانینەی سەردەمی ڕۆشنگەری و فەلسەفەی پۆزەتڤیزم بۆ ئەقڵانییەت کە لە هەردوو سەدەی هەژدە و نۆزدەدا لە ئارادا بوو، زیاد لە پێویست گەشبین بوو. هەروەها پێیوابوو ئەقڵ تەواو جیاوازە لە نا ئەقڵ و دەتوانێت بە یەکجاری و لە ڕێی پێشکەوتنی بەردەوامییەوە، هێزی خورافات و خەیاڵ و ناڕاستی لەناوبەرێت.

بەڵام تایبەتمەندیی "باشلار" لەوەدایە کە پەی بە پێوەندی دیالەکتیکی نێوان ئەقڵ و نائەقڵ و ڕاستی و هەڵە برد. "باشلار" بۆ یەکەم جار و دوای هەر یەک لە "نیچە و فرۆید"، درکی بەوە کرد خەیاڵ بەو ڕادەیە زیانبەخش نییە و ئەقڵی پۆزەتڤیش بە هەڵەدا چووە کە دەیەوێت بە تەواوەتی نەیهێڵێت و لەناوی بەرێت، چونکە پێکهاتەی دەروونیمان لە (ئەقڵ و خەیاڵ، هەست و نەست) پێک دێت و خەون و خەیاڵیش بە سەرچاوەیەکی بە بڕشتی گریمانە مەزنەکان و هەڵە گەورەکان و دۆزینەوە زانستییەکان دەمێننەوە.. "باشلار" دەیزانی لە ناخماندا چاوگێکی لە بن نەهاتوو هەیە بۆ بەرهەمهێنانی هەڵە و وێنەی خەیاڵی مەزن و فەنتازیای ئەفسووناوی. هاوکات پێی وابوو هەڵە نیشانەی لاوازی نییە، بگرە بەڵگەی بەهێزییە. واتە "باشلار" ئەو پرۆژە پۆزەتڤستییەی بەلاوە پەسند نییە کە دەیەوێت خەیاڵ لەناوبەرێت. ئەو پرۆژە پۆزەتڤستییە شارستانییەتی تەکنۆلۆجی خۆرئاوای هێنایە ئارا، بەڵام لە هەمان کاتدا بووە مایەی دروستکردنی ئەقڵانییەتێکی ئامێری و ماتماتیکی سارد و سڕ. ئەم ئەقڵە خاڵییە لە ویژدان و خەیاڵ و خواستی ئینسانی. ئەم ئەقڵە ئەقڵی قازانج و زیان و ئەقڵی ئەو کۆمپانیا سەرمایەدارییە

زەبەلاحانەیە کە چاویان تێر نابێت..

"باشـلار" دەیەوێت لە ڕێگەی ئیـعـتـرافکردن بە دوو ڕەهـەندی سـەرەکی ئینسـانـی وەک: (ئەقڵ و خـەیاڵ و مـادە و ڕۆح)، هاوسـەنگی بۆ مـرۆڤ بگەڕێنێـتـەوە، بەڵام هـەرچی پۆزەتڤـیـزمـە دەخـوازێت مـرۆڤ تـەنیـا کـورت بکاتەوە بۆ ئەقڵ و مادە و ژمـارەی بانکی و.. هتد. "باشلار" ئەم ئاڕاستەیەی بە هـەڕەشـەیەک دەزانی بـۆ سـەر داهاتووی شـارسـتـانیـەت و هـەر ئەم ئەقـڵانیـیـەتە ئامـێـرخـوازە هەلپـەرسـتـەش بوو، ڕەخنەگرانی مـۆدێرنە لە قوتابخـانەی فرانکفۆرتەوە بۆ "یۆرگن هاپرماس" و تا "میشیل فۆکۆ" کەوتنە سـەرکۆنـەکردنی، (ئەڵبـەتـە دەبێت لێرەدا ئەو جـیـاوازییـە گەورەیـە لە نێوان فـۆکـۆ و هاپرمـاسـدا هـەیە سـەبارەت بـە هەڵسـەنگاندنی مـۆدێرنـە لە بەرچاوبگرین)[٦]. شایەنی باسە ڕەخنەگرتن لە پرۆژەی مۆدێرنە لە "مارکس و نیـچـە و فـرۆید"ەوە دەسـتـی پێ کـرد. هـەر شـارسـتـانیـیـەتێک نەتوانێت هاوسـەنگییـەک لە نێوان ئەقڵ و ویژدان یان لە نێوان مادە و ڕۆحدا دروست بکات، شارستانییەتێکی ناتەواوە و کەموکوڕی تێدایە..

6. didier Eribon: michel Foucault et ses contem gallimard, porains 1993.

## سەرەتایەک لەبارەی ڕۆشنگەریی ئەڵمانییەوە

لە بەراییەکانی سەدەی بیستەمدا "شەکیب ئەرسەلان" پرسیارە بەناوبانگەکەی خۆی کرد: (بۆچی مسوڵمانان دواکەوتن و میللەتانی تر پێشکەوتن و بەرەوپێش چوون؟). من لێرەدا ئەم پرسیارە هەڵدەگێڕمەوە، بۆ ئەوەی بگەمە هەمان بەرەنجام. بڕوا ناکەم تا ئەم ساتەوەختەش ڕۆشنبیرانی ئێمە، سەرەڕای ئەو هەموو هەوڵ و تەقەللایە بۆ نوێکردنەوەی فیکری عەرەبی و ڕەخنەگرتن لە کەلەپوور و پێداچوونەوە بە ڕابردوو.. هتد، وەڵامی پرسیارەکەی "شەکیبی ئەرسەلان"یان دابێتەوە. هۆکەشی ئەوەیە ئێمە بۆ ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە، پێویستە لە یەک کاتدا هۆکاری پێشکەوتنی میللەتانی تر و دواکەوتوویی خۆمان بزانین.

بەڵام تائێستا سەرباری هەندێک هەوڵی جدی و دڵسۆزانە لێرە و لەوێ، لە هیچ یەک لەو هەوڵانەماندا سەرکەوتوو نەبووین. من پێمـوایە هۆی سەرنەکەوتن هەر بەتەنیا ناگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ئازایەتی بۆ شۆڕبوونەوە بە ناخی شتەکاندا، بگرە پێوەندی بەوەوە هەیە کە بەهرە و سەلیقەی زانستی و فەلسەفیمان نییە تا بەو ئەرکە هەڵبستین.

پێویستە لە وتنی ئەم ڕاستییە شەرم نەکەین و لە سەرلەنوێ گەڕانەوە بۆ ناو پۆلەکانی خوێندن لە ڕوو دانەمێنین، بۆ ئەوەی فێری شێوازی بیرکردنەوەی زانستی بین بە سەرجەم میتۆد و تێرم و کەرەستەکانییەوە، چونکە تەنیا ئەوە لەبارێدایە دەستنیشانی نەخۆشییەکانمان بکات و ئەو دەردەشمان بۆ چارەسەر بکات کە بە دەستیەوە دەناڵێنین. ئەوەتا ئێمە تا هەنووکە نە بۆمان دەستنیشان دەکرێت و نە چارەسەریش کراوە. بگرە بەم

دواییـیانـه خـراپتـر بووه، بەتایبـەت پاش کـاره تیـرۆرسـتـییـەکـانی یازدەی سێپتەمبەر و ئەو ڕووداو و گۆڕانکارییانەی بەدوایدا هـاتن.

هـەرچۆنێک بێت مـەبەسـتی من لە ڕانانی مـێژووی ڕۆشنگـەریی ئەورووپی، تەنیـا تێگەیشتن نیـیـە لـە نهێنیی پێشکەوتن و باڵادەسـتی ئەوان، بگرە بۆ ئـەوەیە بـزانین چـۆن چۆنـی بیــریاران لە چرکـــەســاتێکی مـــێــژوویــیـــدا بەرپرسـیـارێتی خـۆیان بەرامـبـەر بـە گەل و نەتەوەکـەیان لە ئـەسـتۆ گرتووە و چۆنیش توانیویانە دەست بخەنە سەر پەتاو نەخۆشییەکانی میللەتەکانیان.

پاش شــەڕی سی ســاڵە (١٦١٨ - ١٦٤٨) ئـەو شــەڕە نـاوەخــۆیـیــیــە ترسناکەی شار و گوندەکانی ئەڵمانیای بەسـەر یەکدا و ڕووخاو بە هـەزاران کەسی لە دانیشـتوانەکەی لەناوبرد، حاڵی نەتەوەی ئەڵمـانی لە حـاڵی ئێمـە چاکـتـر نەبـوو. بەڵام لەگەڵ ئـەوەشـدا فـیکری ئەقـڵانی یاخـۆ ڕۆشـنگەری، لە دوای ئەو جەنگە و لەسەر داروپەردووی ئەو شەڕە هاتە ئارا.

ڕەنگە هـەندێک بڵێن ئەمـە دووفـاقـیـیـەتێکی سـەیرە.. نەخـێـر، دووفـاقـێتی نییـە.. لـەبەرئەوەی بە داخـەوە میللـەتان کـاتێک تێ دەگەن و حـاڵی دەبن کـە باجێکی گـەورە بدەن. ئەم قسـەیە بۆ تاکەکـەسیش ڕاسـتـە.. دەبوو ملیـۆنەهـا مـرۆڤ ببنە قـوربانی شـەڕێکی مەزهـەبی بێئـامـان، بۆ ئەوەی فەیلـەسووفـانی ئەڵمـان بوێرن تاکە پرسیـارێک لە پیـرۆزییـەکانی خۆیان بکەن، واتـە پرسـیـار ئاڕاسـتەی ئەو تیـۆلۆجیا مـەسـیحـییە تەقلیدییە بکەن کە سەدان سـاڵ بوو، وەکی میراتی لە باو و باپیرانیانەوە بۆیان مابووەوە!

ڕۆشنگەری لە ئەڵمانیـادا کـەی دەسـتی پێ کـرد؟ لە کۆتایی سـەدەی حـەڤدە و لەسـەر دەسـتی "لایبنتز" (١٦٤٦ - ١٧١٦) هاتە ئـاراوانە هـەر دوای شـەڕی سی سـاڵە دەسـتی پێ کـرد. وا دیارە مـرۆڤ تا ئاگرەکە نەگاتە بەر ماڵەکـەی ناکەوێتە خـۆی.. ئەوکات دەکەوێتە پرسـیـارکـردن و دەڵێت: ئەوە بۆچی ڕووی دا؟ بۆچی کـاتۆلیکی و پرۆتسـتـانتـەکان کە هـەردووکیان سـەر بەیەک ئاین و خاوەنـی یەک کتێب و یەک زمانن، کـەوتنە لەتوپەتکردنی یەکتـری؟ ئایا بەدەر

لەم شێوە تەقلیدییە توندڕۆیەی بووە مایەی ئەو مەرگەساتە، ڕێگەیەکی تر شک نابەین بۆ تێگەیشتن و حاڵیبوون لە ئاین؟

لەو چرکەساتەوە ڕۆشنگەری وەکی بزاوتێکی مێژوویی تازەپێگەیشتوو فۆرمەلە بوو، لەگەڵ فۆرمەلەبوونیشدا کەوتە شەڕێکی قورس و درێژخایەن لەگەڵ هێزە داخراو و دۆگماتیستەکانی تیۆلۆجیای مەسیحی. پاش ئەوەی ئەوروپا ئەو شەڕەی لەگەڵ خۆیدا یەکلایی کردەوە، توانی قەڵەمبازێکی گەورە بدات و ئەمەش وای لێ کرد بۆڕی تەواوی میللەتانی دنیا بداتەوە.

ڕاستە ڕۆشنگەری ئەڵمانی لە سەرەتایدا بزاوتێکی جەماوەری نەبوو، بگرە تەنیا تایبەت بوو بە مامۆستایانی زانکۆ و زانایان و گەورە فەرمانبەرانی دەوڵەت و خەڵکانی ڕۆشنبیر.. ئەوەش ڕاستە کە زۆربەی خەڵک هەر چاو لە دەستی پیاوانی کڵێسا بوون، بەڵام لە ڕێی کردنەوەی قوتابخانە و زانکۆ و دەرچوواندنی ڕۆژنامە و بڵاوکردنەوەی زانین و زانیاری لە ڕێی کتێبی چاپکراوەوە بەڕێژەیەکی زۆر و لەسەر ئاستێکی بەرفراوان ڕۆشنگەری تەشەنەی سەند. ئیتر ڕۆشنگەری بەرەبەرە دەستی بە بڵاوبوونەوە کرد، تا گەیشتە توێژێکی بەرفراوانی گەلی ئەڵمانیا. ئەم پرۆسەیە لای میللەتانی تری ئەوروپاش ڕووی دا.

بێگومان لە سەرەتادا ڕۆشنگەری ئەڵمانی پاشکۆ و پاشبەندی ڕۆشنگەری فەرەنسی و ئینگلیزی بوو، واتە لەلایەک قوتابی فەلسەفەی "دیکارت" بوون و لەلایەکی ترەوە خوێندکاری زانستی "نیوتن" و فەلسەفەی "جۆن لۆک" بوون. ئەڵمانەکان: (ڕوون و ئاشکرایی میتۆد و گومان و شەنوکەوکردنی مەسەلەکانیان)، لە "دیکارت"ەوە وەرگرت.

"دیکارت" پێی وابوو نابێت هیچ ڕاو بۆچوون و وتەزایەک بەڕاست بزانین، تەنانەت ئەگەر هی "پاپا" و "مارتن لۆتەر"یش بن، بەرلەوەی ڕەخنەیان لێ نەگیرێ و تاوتوێ نەکرێن و بەشێوەیەکی ئەقڵانی نەپشکنرێن. لە دوای هاتنی "دیکارت"ەوە ئیتر هیچ دەسەڵاتێک سەروو دەسەڵاتی ئەقڵ ناکەوێت،

بەتایبەت لەو مەسەلانەی پێوەندییان بەکاروباری دنیایی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە هەیە. زانستی "نیوتن"یش بووە بەرزترین نموونەی هەموو زانینێکی ورد، لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا.

ئەی "نیوتن" ئەو یاسایانەی بۆ نەدۆزینەوە کە جڵەوی گەردوون دەکەن؟ ئەی ئەو یاسا سەرمەدییانەی بۆ نەدۆزینەوە کە ئاڕاستەی تەنە فیزیاییەکان و هەسارەکان دەکەن؟ ئیتر چ زانستێک لە سەروو زانستی ئەوەوە هەیە؟ بەمجۆرە ئەوروپاییەکان مەنهەجییەتی "نیوتن"یان لە بواری گەردوون و فیزیاوە، گواستەوە بۆ ناو بوارەکانی تر. مادامەکی ئەو میتۆدەی ئەو لە بواری گەردوون و فیزیادا توانای خۆی سەلماندبێ، ئەی کەواتە بۆچی لە بواری فەلسەفە و سیاسەت و تەنانەت ئاکار و ئاینیشدا نەیسەلمێنێت؟

لەو کاتەوە فیکری ئەوروپی بووە پاشکۆی فیکری زانستی فیزیایی، ئەمەش بووەتە خەسڵەتێکی فیکری خۆرئاوا و تائێستاش لەگەڵیدایە. لە "دیکارت" و "کانت"ەوە تائێستا، ناکرێت فەلسەفە لە پێشکەوتنی زانست جیا بکەینەوە. لەبەر ئەوە هەندێک دەڵێن، گەر "نیوتن" نەبوایە ئەوا "کانت" نەدەبوو! ڕەنگە هەبن بڵێن: خۆ فەیلەسووفانی سەدەکانی ناوەڕاست وەکی "تۆمای ئەکوینی و ئیبن ڕوشد و فارابی و.. و.."، ئەوانیش ئەقڵانی بوون و لە هەوڵی ئەوەدا بوون فەلسەفەی "ئەرستۆ" لەگەڵ بیروباوەڕی ئاینیدا بگونجێنن. ئەمە ڕاستە، بەڵام ئەقڵانییەتی ئەوان لە بنەڕەتدا بەرەو ژیانی تێڕامان ئاڕاستە کرابوو، بەو پێیەی ئەو ژیانە باڵاتر و سەنگینترە لە ژیانی ئەم دنیایە. مەعریفەی ڕاستەقینە بەلای ئەوانەوە، ئەو مەعریفەی تیۆرییە بوو کە ئامانجی ئەوە بوو لە حەقیقەتی سەرمەدی و ئیلاهی تێ بگات.

ئەمەش بۆ ئەوە نییە تا لە گرینگیی ئەوان و دەستکەوتەکانیان کەم بکەینەوە کە بۆ سەردەم و ڕۆژگاری خۆیان شتێکی گەورە بوو، بەڵام لە سەرەتای سەردەمی ڕۆشنگەرییەوە ئیتر ئەقڵانییەت بووە شتێکی (پراکتیکی و بەرچاو و زانستی) و بە ئاڕاستەی تێگەیشتن لە ژیانی ڕۆژانە و واقیعی

ماتریال و پێکهاتەی کۆمەڵگە کاری دەکرد. ئامانجی ئەم ئەقڵانییەتە بوو بە چاککردنی جیهان و گۆڕینی. نەک هەر ئەوەندەش بگرە هەوڵی دا لەڕێی ئەقڵی مرۆڤەوە، جڵەوی مێژوو بکات.

جیاوازی نێوان ئەقڵییەتی سەدەکانی ناوەڕاست و ئەقڵییەتی مۆدێرنیش لێرەدایە. گواستنەوەش لەم ئەقڵییەتەوە بۆ ئەوی تر شکۆمەندی ئەوروپای دروست کرد. کۆمەڵگاکانی ئێمە لەبەرئەوەی تائێستا نەیانتوانیوە ئەم هەنگاوە بنێن، بۆیە بەردەوام بەدەست کێشە و قەیرانەکانیانەوە دەناڵێنن.

فەیلەسووفانی ڕۆشنگەری لە ئەڵمانیا هەر لە "لایبنتزەوە تا لیسینگ و کانت و فیختە و هیگڵ"، تێگەیشتن قوتارکردنی ئەڵمانیا لە دەست پەتای توندڕۆیی و دەمارگیری، تەنیا دوای ئەوە دەبێت کە خوێندنەوەیەکی ئەقڵانی یاخۆ ڕۆشنگەری بۆ ترادسیۆنی ئاینی خۆیان بێتە ئارا. ئەم خوێندنەوە تەئویلییە نوێیەش دژ بە ناوەڕۆکی ئاین نییە، واتە دژی ڕۆحانییەتە پاک و بێگەرد و ئەخلاقییاتە میسالی و ترانسندتالییەکەی نییە، بگرە دژ بە لێکدانەوە تاریک و دەمارگیرییەکانی ئاینی مەسیحییە.

ئەو فەیلەسووفانە پێیان وابوو ئەم جۆرە لێکدانەوەیە بەرپرسیارە لە تەواوی نەهامەتی و مەرگەساتەکانی ئەڵمانیا، لەبەرئەوەی خەڵک دەکات بەگژی یەکتریدا و پاساو بۆ کوشتن و قەتڵ و عام و تیرۆر دەهێنێتەوە. کەواتە ئیتر کاتی ئەوە هاتووە خۆمان لە دەست ئەو تەفسیرە قوتارکەین، گەر ئەڵمانیا دەیەوێت جارێکی تر نەکەوێتە ناو دۆزەخی شەڕی ناوخۆوە و گەر دەخوازێت بە کاروانی ئەو نەتەوە ڕۆشنگەرانە بگاتەوە کە لە بواری ئەقڵ و زانستدا پێشی کەوتن و بۆڕیان دایەوە کە مەبەست هەردوو نەتەوەی فەرەنسایی و ئینگلیزی بوون.

بەمجۆرە ئەڵمانیا دواتر توانی لەو نەهامەتییانە دەرچێ و برینەکانی سارێژ بکات و ڕێگای گەشە و پێشکەوتن بگرێتەبەر، بەڵام ئاخۆ کێ ئەم ڕێگەیەی لەبەردەمدا کردنەوە؟ ئەڵبەتە فەیلەسووفەکانی، ئەو فەیلەسووفانەی

له بەرامبەر میللەتەکەیاندا بەرپرسیارێتی مێژوویی خۆیان له ئەستۆ گرت و هەندێ جاریش ژیانی خۆیان خستە مەترسییەوە، بەتایبەت کە بەبێ هیچ پێچ و پەنایەک ڕاستییەکانیان بە گەلی ئەڵمانی دەوت. بەڵێ ڕۆشنبیر ڕۆڵی لە ڕابوونی گەل و نەتەوەکەیدا هەیە و ڕۆڵیشی لە ڕۆڵی سیاسەتمەدار گرینگترە، چونکە لانی کەم ئەوە ڕۆشنبیرە پێش سیاسەتمەدار دەکەوێت و ڕێگەی بۆ ڕووناک دەکاتەوە.

## هیگڵ و ڕۆشنگەری

"هیگڵ" وەک زۆربەی زۆری فەیلەسووفانی سەردەمی خۆی، بەقۆناغی ڕۆشنگەریدا گوزەری کردووە.. لەو ئان و زەمانەدا دەبوو هەموو بیریارێکی جدی گەر بۆ تەنیا ساتێکیش بووە لە ژیانیدا، ڕووبەڕووی مەسەلەی ئاینی بێتەوە. تەنانەت گەورەترین مەسەلەیەک لەو قۆناغەدا بەلای فەلسەفە و فەیلەسووفەکانەوە، مەسەلەی پێوەندی بوو بە مەسیحییەتەوە یان ڕوونتر بڵێین بە بۆچوونی تەقلیدییەوە. هەر کەسێک کە بەناخی فیکری ئەوروپادا ڕۆچووبێت و سەرنجی پەرەسەندنی مێژووی فیکری ئەوروپایی دابێت، ئەوە دەزانێت.

بەڵام ئێستا بارودۆخ لە ئەوروپادا بەڕادەیەک گۆڕاوە کە لەوانەیە فەیلەسووفەکانی تەواوی تەمەنی خۆیان لە توێژینەوە و تێفکریندا بەخەرج بدەن، بەبێ ئەوەی تەنیا وشەیەک لەبارەی ئاینەوە بڵێن، چونکە ئەم مەسەلەیە کە بەر لە دوو سەدە لە ئێستا فەیلووسەفانی پێش خۆیانی خەریک کردبوو، بۆ ئەمان هێندە جێی گرینگی پێدان نییە.

لە ڕاستیدا فەلسەفە وەکی "هیگڵ" دەڵێت: «زادەی سەردەم و ڕۆژگاری خۆیەتی، بۆیە دەبێت ئەو بۆچوونە لە مێشکی خۆماندا بسڕینەوە کە دەڵێت فەیلەسووف قسەگەلێکی ئەبستراکتی گشتگیر دەکات و باز بەسەر هەموو سەردەمەکاندا دەدا و پێوەندی بە هیچ سەردەم و ڕۆژگار و کۆمەڵگەیەکی تایبەت و دیاریکراوەوە نییە.. ئەم جۆرە فەلسەفاندنە گەر هەشبێت کەسی پێ ڕازی ناکرێت و ئەو فەیلەسووفەی کێشە سەرەکییەکانی سەردەمەکەی خۆی چارەسەر نەکات، ئەو کێشانەی بۆ کۆمەڵگەکەی جێی ترس و

نیگەرانییە، نە فەیلەسووفە و نەشایستەی ئەو ناوەشە».

هەر چۆنێک بێت "هیگڵ" لە تەمەنی بیست و پێنج ساڵیداو کاتێک لە ساڵی ١٧٩٥ کتێبی (ژیانی یەسووع)ی نووسی، ڕووبەڕووی مەسەلەی ئاینی بووەوە.. لەم کتێبەدا کە دەستبەجێ نەیوێرا بڵاوی بکاتەوە، دەبینین وێنەیەکی مێژوویی واتە ئەقڵانی سەبارەت بە دامەزرێنەری ئاینی مەسیحی دەخاتە ڕوو. "مەسیح" بەو جۆرەی "هیگڵ" تێی گەیشتووە وەکی مامۆستایەکی ئەخلاقی بەشێوە کانتییەکەی دێتە پێش چاو، زیاد لەوەی کەسایەتییەکی ئەفسانەیی یاخۆ بان مێژوویی بێت.

لێرە بەدواوە "یەسووع" وەکی ئەوەی کتێبە تەقلیدییەکان وێنای دەکەن، پیاوێک نییە لێرەو لەوێ بە موعجیزە دروستکردنەوە خەریک بێت یاخۆ کەسێک بێت بە تەلیسم و نهێنی تەوق درابێت، بگرە بوو بە کەسێک کە وانەی ئازادی ناوەکی و کەرامەتی ئینسانی دەدات، وەک هەر فەیلەسووفێک لە فەیلەسووفانی ڕۆشنگەری و بگرە بەشێوەیەکی تۆکمەتر لەوانیش.

ساڵێک دوای ئەوە "هیگڵ" کتێبێکی گرینگی تری لەبارەی ئاینەوە بڵاوکردەوە، بەناوی (دۆگماتیستی ئاینی مەسیحی). لەم کتێبەشدا کە تا لە ژیاندا مابوو بڵاو نەکرایەوە، دەکەوێتە ڕەخنەگرتن لە هەمان ئەو بیر و باوەڕانەی مەسیحییەت کە پێشتر "ڤۆلتێر" ڕەخنەی ئاراستە کردبوون، بەڵام ئەو میتۆدەی "هیگڵ" لەم بوارەدا پەیڕەوی دەکات، لە مەنهەجییەتی "ڤۆلتێر" جیاوازە و میتۆدێکی ناوەخۆییە زیاد لەوەی دەرەکی بێت. بۆ نموونە "ڤۆلتێر" لە پێگەیەکی دەرەکی و پێچەوانەوە ڕەخنەی لە ئەرسۆدەکسییەتی مەسیحی (واتە فێندەمێنتالیزم) دەگرت، بەڵام دەکەوێتە ڕەخنەگرتن لە هەمان ئەو بیر و باوەڕانەی مەسیحییەت کە پێشتر "ڤۆلتێر" هەندێ جار ئەم مەنهەجییەتەی پەیڕەو دەکردو زۆربەی کاتەکانی تر لە ناوەوەڕا پێ بەپێ و بەشێوەیەکی دیالەکتێتی لەگەڵ بیر و باوەڕی مەسیحییەتدا دەڕۆیشت، بۆ ئەوەی گرینگی مێژوویی مەسیحییەت یاخۆ ئەو ڕۆڵە چارەنووسسازەی

دەستنیشان بکات کە لە ساتەوەختێکی دیاریکراودا گیراویەتی.

پاشان ئەوە نیشان دەدات کە چۆن چۆنی بە ئاراستەیەکی پێچەوانە ڕۆیشتووە و لە ڕەوتی ئاسایی خۆی لایداوە، واتە بە تێپەڕینی کات ئەوەی ئەقلانییە لە ئاینی مەسیحیدا دەبێتە حاڵەتێکی دۆگماتیستی و ئەرسۆدەکسی و مەسیحییەت دەگۆڕێت بە سرووت و ڕێوڕەسم و داوودەزگایەک کە هەموو مانا جەوهەری و سەرەکییەکانی سەرەتای دەستپێکردنی خۆی دەدۆڕێنێت. بەواتایەکی تر ئاینی مەسیحی دەبێتە چوارچێوەیەکی کۆنکریتی و دادەبەزێتە نزمترین ئاستی خۆی، هەربۆیە دەبێت ئاینی ڕاستەقینە خۆی. لە مانە دابماڵێت، بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە لای مانا زیندووەکانی و بچێتەوە سەر چاوگە سەرەکییەکانی خۆی.

ئاینی مەسیحی بەتێپەڕبوونی کات و بەهۆی ململانێی نێوان ئینسانەکان و خواست و ئارەزووەکانیانەوە، لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی مێژوودا بوو بە ئایدۆلۆجیایەکی دەسەڵاتخوازی سەرکوتکەر. هەر ئەمەشە "هیگڵ" بە دۆگماتیستی ناوی دەبات.. بەڵام دواتر لەوە تێگەیشت کە گەربێت و ئاین لە دۆگماتیستی و سرووت و ڕێوڕەسمەکانی بەتاڵ بکرێتەوە، ئەوا بەهیچ شێوەیەک وەکی ئاین نامێنێتەوە! لەبەر ئەوە "هیگڵ" لە بەردەم دووڕیانێکدا بوو، یان ئەوەیە بەتەواوەتی دەستبەرداری ئاینی دۆگماتستی بێت لە پێناو ئەقڵانییەتێکی فەلسەفی ڕادیکاڵیدا، یاخۆ وا بکات فەلسەفە هاوشانی ئاین بێت و لەگەڵیدا هەڵ بکات. بەڵام هەڵکردن و پێکەوە ژیانێکی وا دروستکراو قورس دەهاتە پێش چاو، بەتایبەت پاش ئەوەی "هیگڵ" دەستی دایە ڕەخنەگرتن لە بیر و باوەڕی مەسیحییەت. هەر ئەمەش وای کرد هەندێک بەوە تاوانباری بکەن کە زمانێکی دووفاقی بەکارهێناوە، زمانی فەیلەسووفەکان و زمانی تیۆلۆجیستەکان.

بەڵام داخۆ تۆ بڵێی تەنیا هەقیقەتێکی ئەقڵانی بۆ هەمووان لە ئارادا بێت؟ یاخۆ دوو حەقیقەت هەن، یەکێکیان بۆ فەیلەسووف و توێژی ڕۆشنبیران،

ئەوی کەشیان بۆ سەراپای خەڵکی؟

لەم ڕوانگەیەوە و لەژێر زەبری پێداویستی مێژوویيدا، ئاینی مەسیحی دەستی بەگۆڕان کرد و بووە ئاینێکی چەوسێنەر و تەواو ناکۆک بە جەوهەر و ئەو مەبەستانەی لە سەرەتادا لە پێناویدا هاتبوو.. بەمجۆرە دەتوانین لە هۆکاری هاوپەیمانێتی و دەست تێکەڵکردنی درێژخایەنی کڵێسای مەسیحی، لەگەڵ سیستەمی فیوداڵی و ستەمی سیاسی تێ بگەین. هەرچەندە ئینجیل باس لەوە ناکات کە دەبێت لەگەڵ دەوڵەمەندا دژ بە هەژار و لەگەڵ دەسەڵاتدار و خاوەن هێزدا لە دژی بێ دەسەڵاتان دەست تێکەڵ بکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کڵێسا بەو کارە ڕازی بوو، تەنانەت شەرعییەتیشی پێدا و هەوڵی دا خەڵکانی سادە و ساکاریش قەناعەت پێ بکات.. ڕۆڵی سەرکوتکەرانەی ئاینیش لێرەدایە.

بێگومان بیرو بۆچوونێکی لەم جۆرە بۆ ئەو کاتە، مەترسیدار و هەروەها بەلای زۆربەی زۆری هاوولاتییانەوە مایەی قبوولکردن نەبوو. بۆیە "هیگڵ"یش تا لە ژیاندا مابوو ئەو نووسینانەی بلاو نەکردەوە و دەستنووسەکانی لای خۆی هەڵگرت و دوای مردنی لە چاپ دران.

ئەو دەیزانی ئەو بیر و بۆچوونانە کاتیان نەهاتووە و گەلی ئەڵمانیاش قبووڵیان ناکات، لەبەرئەوەی ئامادەیی ئەوەی تێدا نەبوو یاخۆ ڕوونتر بڵێین دەرەقەتی ئەو بۆچوونانە نەدەهات و دەستی بەسەریاندا نەدەشکا. ئەمەش گەورەترین بەڵگەیە لەسەر ئەوەی گۆڕینی ئەقڵییەت، پرۆسەیەکی دژوار و ترسناکە و لەپڕێکدا ڕوو نادات.

هەر بۆیە ئەوەی زۆر وەڕسم دەکات، پەلەپرووزێی هەندێک ڕۆشنبیری عەرەبە بۆ گۆڕان یان بازدان بەسەر قۆناغەکاندا! من دەڵێم پێویستە گۆڕانکاری پلە بە پلە و قۆناغ بە قۆناغ ئەنجام بدرێت. کەی قۆناغی یەکەممان تەواو کرد، ئەوسا هەنگاو بەرەو قۆناغی دووەم بنێین.. دەبێت ئەوەش بزانین کە "فێختە"ی مامۆستای "هیگڵ" بەجۆرێک لە جۆرەکان و

لانی کەم لە سەرەتایدا، بەهۆی ڕووبەڕوو بوونەوەی لەگەڵ تیۆلۆجیستەکاندا باجـێکی زۆری دا و سـاڵی ١٧٩٩ لە زانکۆی (یینا)، یەکـێک لە زانکۆ زۆر کراوە و لیبراڵییەکانی ئەو سەردەمەدا دەرکرا..

پیاوانی ئاینـی "فێختـە" یان بە ئیلحـاد و بـێ باوەڕی تاوانبار کرد و لای دەسـەڵاتـی باڵای وڵاتیش شکاتیان لـێ کـرد، بەڵام ئەمانـە بۆچی ڕوویان دا؟ لەبەرئەوەی دەرهـەق بەئاینی مـەسـیحی لێدوانێکی ئەقـڵانی دا و بێگومـان ئەوەش زۆر لەسـەرو و تێگەیشتن و بیرکردنەوەی ڕای گشـتییـەوە بوو. بەڵام ئەگەر بەراورد بکرێت بەو شتانەی "هیگڵ" لەوکاتەدا بەنهێنی لە سـویسـرا دەینووسی، ئەوا شتێکی ئەوتۆ نەبوو..

با ئێستا گوێ بگرین بزانین لەوکاتەدا "فێختە" وتوویەتی چی: (سیستمی ئەخلاقی کاراو زیندوو خودی خوا خۆیەتی، بۆیە ئێمە جگە لەوە پێویستمان بە عەقیدەیەکی تر نییە.. لە ئەقڵدا هاندەرێک نییە هانمان بدات بۆ دەرچوون لەم سیستەمە ئەقڵانییەی تەواوی گەردوون پابەندن پێیەوە. پێویستمان بەوە نیـیـە باوەڕ بەبوونی بوونەوەرێکی تایبـەت بکەین کـە هۆکـارێک بێت بۆ دەرەنجـام.. کەواتە تێگەیشـتنی ڕاست و دروست ناگـات بە ئاکـامـێکی لەم جۆرە، لەبەرئەوەی تەنیا فەلسەفەی هەڵە ئەوە دەکات).

ئەم قسـانە لادان بوو لەو تێگەیشتنە باوەی لەو کاتـەدا بۆ مـەسـیحـییـەت هـەبوو. هـەر لەبـەرئـەوەش پیـــاوانـی ئاینـی و دەســـەڵاتداران کـــەوتنە سـەرکـۆنەکـردنی "فـێـخـتـە" و لە زانکۆ دەریان کـرد، چونکە بۆچوونی ئەو سـەبارەت بە یەزدان، جـیاواز بوو لـەو دیدگا مـەسـیـحـییـە تەقلیـدییـەی لە دێرزەمانەوە لە ئارادا بوو..

بێگومــــان لەم ڕووەوە "هـیگڵ" زۆر زیاتر پێی لـێ هـەڵدەبڕێ و دوورتـر دەڕوات.. جـێی باسـە "هیگڵ" نووسـینەکـانی سـەردەمی گـەنجـیـەتی ئەو نووسـینانەی تەنیـا لە پاش مـردنی ئاشکرا کـران و بڵاوبوونەوە- و تایبـەت بوون بە ڕەخنەگرتن لە بیر و باوەڕە ئاینی و سیاسـییـەکان، زۆر ڕادیکاڵتر

بوون لەو نووسینانەی لە تەمەنی پیریەتیدا نووسینی، واتە لەو قۆناغەدا ئەزموونی پەیدا کردو زۆر بە وریاییەوە ئەگەر نەشلێین بەترسێکی زۆر لە سزادان، باسی لەو مەسەلانە دەکرد.

"هیگڵ" لە سەرەتای گەنجێتیدا نامەی ئاگرینی بۆ "شیلینگ و هۆڵدەرلین"ی هاورێی دەنارد و باسی لە ڕق و بێزاری خۆی دەکرد، لەدەست کۆلێجی تیۆلۆجیای پرۆتستانتی و شێوازی وتنەوە و فێرکردنی ئاین لەو کۆلێجەدا.. لەو نامانەدا ئاواتەخوازی ئەوەبوو فەلسەفەی نوێ لە ئەڵمانیادا واتە فەلسەفەی "کانت و فێختە" کە فەلسەفەی ئەقڵ و ڕەخنەی ئازادی بوو، سەربکەوێت.. بەڵام تیۆلۆجیست و قەشەکانی کڵێسا بێزاریان دەکرد و رقێکی گەورەی لێیان بوو.

ئەوەی ڕاستی بێت "هیگڵ" لە ژیانیدا هەرگیز ئەوانەی وەکی لیژنەیەکی دەستەجەمعی یان وەک ڕێکخراوێک لە چوارچێوەی کڵێسادا خۆش نەویستووە، بگرە لە خۆیان و کاردانەوەکانیان دەترسا و بە هەڕەشەیەکی دەزانین بۆ سەر ئازادیی فیکر و بیروڕای ئازاد.

ئەوەی زۆر "هیگڵ"ی بێزار دەکرد و پێی ناڕەحەت بوو، تەقەللای پیاوانی کڵێسا بوو بۆ کۆنترۆڵکردنی فەلسەفەی کانتیزم و بەکارهێنانی لەپێناو بیر و باوەڕە بەسەرچووەکانیاندا.. لەبەرئەوەی فەلسەفەی "کانت" لە ئەڵمانیادا سەرکەوتنی بەدەست هێناو ئەستێرەی بەختی لە درەوشانەوەدا بوو، بۆیە هەر کەسە و لای خۆیەوە هەوڵی دەدا لێی نزیک بێتەوە و بۆخۆیی پاوان بکات، تەنانەت وای لێ بکەن لەگەڵ بیر و بۆچوونە تایبەتییەکانی خۆیاندا بیگونجێنن.. ئەمەش چارەنووسی هەموو شتێکە کە لە مێژوودا سەرکەوتن بەدەست دێنێت و ئەستێرەی بەختی لە درەوشانەوەدا دەبێت.

## ڕەخنەگرتن لە ڕۆشنگەری

من لەوانە نیم کە ڕقیان لە شارستانییەتی خۆرئاوایە یاخۆ ورد و درشتی ئەو شارستانییەتە ڕەت دەکەنەوە، چونکە من تەمەنی خۆم لە ناساندنی ئەو شارستانییەتە و خستنە رووی ئاقارە فیکری و فەلسەفییەکانیدا سەرف کردووە، بەڵام سەرسامبوون بەم شارستانییەتە مانای ئەوە نییە هەموو شتێکیمان قبووڵ بێت. مۆدێرنە نە شتێکی پیرۆزە و نە لە ئاسمانیشەوە دابەزیوە، بگرە برێتییە لە ئەزموونێکی ئینسانی کە باش و خراپی تێدایە. بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە بریق و باقی ئەم دیاردەیە لە سەرەتادا بە شەوارەمان دەخات و توانای بینینی کەموکورتییەکانیمان نابێت. مەگەر تەنیا دوای مانەوەی ماوەیەکی درێژ و خوێندن لە وڵاتانی ئەوروپادا بتوانین، پەی بە ڕووە دزێو و تاریکەکانی مۆدێرنە بەرین.

بۆ ئەوەی بە ئینساف بین، پێویستە بڵێین خۆرئاوا دوو خۆرئاوایە نەک یەک خۆرئاوا. لەلایەک خۆرئاوایەکی چاوچنۆکمان هەیە کە خواستی فراوانخوازی و کۆنترۆڵکردنی دنیای هەیە، لەلایەکی تریش خۆرئاوایەکی پرۆتۆستی ئازادیخوازمان هەیە کە بەردەوام لە دژایەتیکردنی ئەو نموونەیەی سەرەوەدا بووە لە سەردەمی کۆلۆنیالی و پۆست کۆلۆنیالیدا. ئەمڕۆکەش بەهەمان شێوە خۆرئاوا بەسەر دوو بەرەدا دابەش بووە. بەشێکیان داکۆکی لە بەجیهانیبونی سەرمایەداری بەربەری دەکات و بەشێکی تریشیان لە دژایەتیکردنی ئەو ڕەوتەدایە و بانگەشە بۆ بەجیهانیبوونێکی مرۆڤ دۆستانەتر دەکات کە تێیدا دادپەروەری هەبێت و هەست بە مەینەتیی میللەتانی هەژار و نەدار بکرێت.

لەو ڕێپێوان و خۆپیشاندانانەشدا کە دژ بە سەرانی بەجیهانیبون

سازدران، لێره و لەوێ کوژراو و بریندار هەبوون. کەواتە کارێکی ناڕەوایە خۆرئاوا وەک یەک پێکهاتەی کەڕوکاس سەیر بکەین و تەنیا ئەو ڕووە ئیمپریالییە کۆلۆنیالییەی ببینین کە بەردەوام و بێ هیچ هۆکارێک دژایەتیمان دەکات.. بێگومان ئەوەی لە فەلەستیندا ڕوو دەدات ناهەقییەکی گەورەیە و نابێت هیچ شارستانییەتێک لە ئاستیدا بێدەنگ بێت، بەڵام تەنانەت لەم مەسەلەیەشدا دەنگی ناڕەزایی هەیەو لێرەو لەوێ ڕێپێوان بەمەبەستی داکۆکیکردن لە مافی زۆرلێکراوان (واتە فەلەستینییەکان) ڕێک دەخرێت. خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی پاریس چاکترین نموونەیەکە. کەواتە ویژدانی زیندوو هەر ماوە و نەمردووە.

بەڵام بێگومان کێشەیەک لە شارستانییەتی خۆرئاوادا هەیە و هەندێک دەیگێڕنەوە بۆ پاشەکشەکردنی بەها ڕۆحی و ئاینییەکان و زاڵبوونی فەلسەفەی مادی بێباوەڕی، بەسەر هەموو شتێکدا. ئەڵبەتە نابێت ئەم بۆچوونە بە سووک سەیر بکەین و بێ هیچ پشکنین و تاوتوێکردنێک بە ڕەجعی و دواکەوتوو ناوزەدی بکەین. چونکە وەها بۆچوونێک چەندین کەسایەتی فیکری گرینگ لەناو خۆرئاوادا باوەڕییان پێیەتی و باسی لێ دەکەن، نموونەکانیان وەک "پۆل ڕیکۆر"ی فەیلەسووف یان "جان دۆلیمۆ"ی مێژوونووس و... هتد. وەک دەشزانرێت "ڕیکۆر" لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی نێوبانگێکی زۆری هەیە و "دۆلیمۆ"ش بە یەکێک لە گەورە مێژوونووسانی فرەنسا ئەژمار دەکرێت و هەریەکەشیان، باوەڕ و ئیمانی خۆیان بەئاشکرا باس دەکەن و نایشارنەوە. کارێکی لەم جۆرەش لە وڵاتانی خۆرئاوادا ئاسان نییە، بەتایبەت کە ئایدیۆلۆجیایەکی ئیلحادی کۆنترۆڵی کایەی ڕۆشنبیری و فیکری و ڕاگەیاندنی کردووە..

ئەوانەی هەڵگری ئەم بیر و بۆچوونانەن دڵگرانن لەوەی ئەو سەرکەوتنانەی شارستانیەتی خۆرئاوا لەسەر ئاستی زانست و تەکنۆلۆجیا بەدەستی هێناوە، پێ بەپێی سەرکەوتن و بەرەوپێشچوونی لایەنی ئەخلاقی

و بەها ڕۆحییەکان نەبووە. هەر لەم سەروبەندەدا بیرمەندگەلێکی تر هەن پێیان وایە شارستانییەتی خۆرئاوا لە سەرەنجامی گەشەی خۆیدا، گەیشتووەتە بنبەست و ئێستا بەئاشکرا هەست بە قەیرانی مانا و بەها دەکرێت. تەنانەت هەندێک لە ئەوروپاییەکان ڕوویان کردووەتە ئاینەکانی خۆرهەڵاتی دوور بەتایبەت ئاینی بوودی.

ئەم دیاردەیە بەڕادەیەک لەناو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی فرەنساییدا تەشەنەی کردووە کە بووەتە مایەی نیگەرانی ڤاتیکان و کڵێساکانیش بەمەترسی دەزانن! هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، خۆرئاوا دوای ئەوەی تێکڕای بیر و باوەڕە تەقلیدییەکانی لەبەر یەک هەڵوەشاند و تێروپڕ بوو لە ژیانی بەرخۆری مادی، ئیتر هەستی بە تینوویێتی ڕۆحی و بوونی مانا (مانای ژیان و بوون) کرد. بۆیە لە هەموو شوێنێکدا کەوتە سۆراخکردنیان و ئەمەش شتێکی سروشتییە، چونکە دوای تێربوونی مادی پێویستیمان بە تێربوونی ڕۆحانیش دەبێت.. مرۆڤ لەبارەی چارەنووسی خۆی لەم دنیایەدا پرسیار دەکات و هەست دەکات پێویستی بەمانایەک هەیە بۆ ئەوەی شتەکانی بۆ تەفسیر بکات و دڵنیایی پێ ببەخشێت.

تێڕوانینی مادی بێ باوەڕیی بۆ سەردەمانی خۆی و وەک پەرچەکردارێک لە بەرامبەر دەمارگیری فێندەمێنتالستی مەسیحی لەسەر وەختی دادگاکانی پشکنیندا شتێک بوو پەسەند دەکرا، بەڵام لە ئێستا بە بنبەست گەیشتووە و توانست و پاساوی مانەوەی خۆی لەدەست داوە. دواجار ئەوەی ئەو بە مرۆڤی ئەوروپایی دەڵێت لەمە تێپەڕ ناکات: (تۆ وەکی ئاژەڵێک وای لە جەستە و هەندێک وەزیفەی ئۆرگانی دروست بوویت، کەواتە تێریان کە و مەسەلەکە کۆتایی دێت!.. پێویستە تا دوا چرکە خۆت لەناو لەزەت و ئارەزووەکاندا نوقم کەیت، چونکە دوای ئەوە دەمریت و لەناودەچیت و دوای مردنیش ژیانێکی تر لە ئارادا نییە. کەواتە تا زووە دەست بە کاربە و هەلی ژیان لە کیس مەدە..) بەمجۆرە خەڵک بەشێوەیەکی هێستریانە کێبڕکێیانە

لەسەر پارەوپوول، تا بەشێوەیەکی هێستریانەش بکەونە سەرفکردنی. بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونەی ئێمەوە، ڕۆشنگەری لە سەرەتاکانیدا بە بێ باوەڕی دەستی پێ نەکرد. ئەگەر چی ئاقارێکی توندڕۆ و مادی تێدا بوو، بەڵام ئاقارێکی بچووک و لاوەکی بوو.

هەرچی ئاقاری سەرەکی بزاوتی ڕۆشنگەریشە، ئەوا تا ئەوپەڕی ئیماندار و ئەخلاقی بوون و کەسانی مەزنی وەک "جان جاک ڕۆسۆ" و "ئیمانویل کانت" کە تەواوکاری "ڕۆسۆ" بوو هەمان ڕێچکای ئەویشی گرتەبەر، ترۆپکی ئەقڵانییەت و ڕۆشنگەری ئەورووپایی بوو.. "ڕۆسۆ" لە لووتبەرزی و کەللەڕەقی بێ باوەڕەکان زۆر پەست بوو. جارێکیان فەیلەسووفانی ڕۆشنگەری لە سالۆنی (بارۆن دولباک) کۆببووبوونەوە و هەندێکیان دەستیان کرد بە گاڵتە پێکردنی بیر و باوەڕە ئاسمانییەکان، "ڕۆسۆ" لەوێدا هەڕەشەی ئەوەی لێ کردن کە گەر بێتو قسەیەکی تر لە دژی یەزدان بکەن، ئەوا دەڕوات و ئەو شوێنە جێ دێڵێت! وەک دەشزانرێت "ڕۆسۆ" لە گەرمەی سەردەمی ڕۆشنگەریدا هەستا و دەستەواژە بەناوبانگەکەی خۆی ڕاگەیاند: (زانستمان بەبێ ئەخلاق و شارستانییەتمان بەبێ ویژدان ناوێت!). ڕۆشنگەریش گەر لەسەر بەهای دادپەروەری و یەکسانی و ڕێزگرتنی حەقیقەت دانەمەزرابێت، ئەوا پوولێک ناهێنێت.

بەڵام جێی داخە ئەوەی ڕووی دا، ئەوەبوو کە باڵی ئیلحادی توندڕۆ لەناو ڕۆشنگەری ئەورووپایی لە سەدەی نۆزدەوە سەرکەوت و هەر ئەویش ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەرپرسیارە لە پەیدابوونی بزاوتگەلێکی وەسەنی وەک نازیزم و فاشیزم لە سەدەی بیستەمدا.. بەمجۆرە پرۆژەی مۆدێرنە لە بنەما ئازادیخوازە سەرەتاییەکانی جیابووەوە و تەنیا بوو بە پرۆژەیەکی هەلپەرستی ساردوسڕ کە ئامانجی پەلهاوشتن و چەوساندنەوە بوو، بەبێ ئەوەی تێر ببێت و سنوورێک حەز و پاوانخوازییەکانی بۆ هەبێت. گەر ڕۆشنگەری لە بەها ئەخلاقی و ڕۆحانییە بەرزەکان لای نەدایە، هەرگیز

سەرکێشی کۆلۆنیالی و جەنگە جیهانییەکان نەدەقەومان و جیهانیش بەسەر دوو بەرەدا دابەش نەدەبوو: بەرەیەکی تێروپڕ و بەرەیەکی هەژار و برسی.

بەپێی ئەو بۆچوونە ئیلحادییە پەتییە مادامەکی مادە هەموو شتێکە لە بووندا، کەواتە بەها ڕۆحی و ئەخلاقییەکان هیچ مانایەکیان نییە. بەشێکی سەرەکی قەیرانی ژیاری خۆرئاواش دەگەڕێتەوە بۆ ئەم خاڵە.. گەر بهاتایە ڕۆشنگەری ئیمانی یان ئەخلاقی لەسەر شێوەی "ڕۆسۆ" و "کانت" سەرکەوتوو بوایە، ئەوا شارستانییەتی خۆرئاوا نەدەگەیشتە ئەو ئاستەی ئێستا لە (خودپەرستی و داوەشان و لێکترازان). تەنانەت گەر تا ئێستاش شتێکی ئیجابی تێدا مابێت، ئەوا فەزڵی ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جۆرە بیرمەندانە.

لێرەوە ئێمە لاقرتێی ڕۆشنگەری و نا ئەقڵانییەتی خۆرئاوا ناکەین، بگرە قسەی ئێمە لەسەر ئەوەیە خۆرئاوا ناپاکی دەرهەق بە ڕۆشنگەری و ئەقڵانییەت و ئەو ئاقارە مرۆڤدۆستانەیە کردووە کە بیرمەندە مەزنەکانی سەرەتاکانیان داڕشت. بێگومان ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە خۆرئاوا خیانەتی لە پرانسیپەکانی "جان جاک ڕۆسۆ" و "ئیمانوێل کانت" کردووە و لێی لاداون. سەبارەت بەم مەسەلەیەش "عەلی عیزەت بیگۆڤیچ"ی سەرۆکی بۆسنە دەڵێت: (خۆرئاوا ناپاکی دەرهەق بە هیوا و ئاواتەکانی ئێمە نەکرد، بە قەد ئەوەی خیانەتی بەرامبەر بە بنەما تایبەتەکانی خۆی کرد!)

لێرەوە ئێمە لە چاوی ئەوانەوە دادگایی خۆرئاوا ناکەین کە دەکەونە دەرەوەی ئەو شارستانییەتە (ئیتر عەرەبی بێت یان ئیسلامی، ئاسیایی بێت یان ئەفریقیایی)، بگرە لەڕێی ئەو پرەنسیپانەوە دادگایی دەکەین کە ئەم شارستانییەتەی لەسەر دروست بووە و ڕۆژ تا ئێوارە باسیان دەکات، بەڵام دواجار خیانەتی بەردەوامیشیان لێ دەکات! قەیرانی ترسناکی مۆدێرنەی خۆرئاواش لێرەدایە و دووفاقی و دووڕوویشی لێرەدا کۆبووەتەوە.

هەر لەبەرئەوەشە ئەم شارستانییەتە بەشێکی زۆری ڕاستگۆیی خۆی لەدەست داوە و لە چاوی گەلانی تردا کاڵ بووەوە. گەر ئەو لێکترازانە توندە

لەنێوان پرەنسیپەکانی ڕۆشنگەری و پراکتیزەکردنەکانی لە سەرزەمینەی واقیع ڕووی نەدایە، ئەوا شارستانییەتی خۆرئاوا دەبووە نموونەیەک کە تەواوی میللەتانی دنیا چاویان لێ دەکرد.. "کاستۆریادیس"ی فەیلەسووف دەنووسێت و دەڵێت: (ئەو نموونە بەرزە کامەیە کە سەرمایەداریی لیبرالیزم پێشکێشی جیهانی دەکات؟ ڕەنگە نموونەی ئەو کۆمەڵگە دەوڵەمەندانەیان پێشکێش بکات کە خاوەنی سامانێکی بێشومارن و هێزێکی تەکنۆلۆجی و سەربازی وەهاشیان هەیە کە نموونەی لە مێژوودا نییە، بەڵام دواجار هەموو ئەمانە بەس نین بۆ ئەوەی نموونەیەکی شارستانی ئازادیخوازانە دروست بکەن و بەکەڵکی مرۆڤایەتی بێت).

ئەوەی ڕاستی بێت کۆمەڵگە خۆرئاواییەکان نموونەیەک دەخەنە بەردەمی جیهان کە لێی هەڵبێن نەک شوێنی بکەون و لاسایی بکەنەوە، چونکە ئەم کۆمەڵگەیانە تەواو خاڵین لە هەموو ماناو دەلالەتێکی ئینسانییانە.. تەنیا بەهایەکیش تێیاندا بالادەست بێت (پارە و بۆرسە و دۆلار)ە. دوای ئەوەش شۆرەت و نێوبانگ پەیداکردن لە ڕێی میدیاکان و تەلەفزیۆن و.. هتد. لە بەرامبەر نەبوونی مانا و بەهادا ئەوا سەرلەنوێ بەها ئاینییەکان دێنەوە ناو گۆڕەپانەکە، بۆ ئەوەی جێگەیەک بۆ خۆیان بکەنەوە و شوێنێک بۆ خۆیان بگرن. بەکورتییەکەی مۆدێرنە لەو کاتەوەی بووەتە ئایدیۆلۆجیایەکی خۆرئاوایی لەخۆبایی و هیچ ڕەخنە و پێداچوونەوەیەک پەسەند ناکات، ئیتر لەوە کەوتووە ببێتە بزاوتێکی ئازادیخوازانە لەپێناو مرۆڤایەتیدا.

کاتێک ئەمە باس دەکەین بێ ئاگاش نین لەوەی "کانت" هەمیشە جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە: (سەردەمی ئێمە سەردەمی ڕەخنەیە و هەموو شتێک بەرلەوەی پەسەند بکرێت یان ڕەت بکرێتەوە، دەبێت ڕەخنە ئاژن بکرێت. بەڵام دواتر خۆرئاوا وەرگۆڕا بۆ ئایکۆنەیەک و هەموو جۆرە ڕەخنەیەکی ڕەت دەکردەوە کە لێی بگیرێت، بەتایبەتی گەر ئەو ڕەخنەیە لە ڕۆشنبیرانی جیهانی سێیەمەوە بێت.

بەشی سێیەم

# دیاردەی فێندەمێنتالیزم

## پەتای فێندەمێنتالیزم

لە کاتێکدا کێشەی فێندەمێنتالیزم و فێندەمێنتالیستەکان تەواوی جیهانی گرتووەتەوە، ناچارم بەوەی بگەڕێمەوە بۆ دواوە تا ببینم چۆن چۆنی ئەورووپا کێشەی خۆی لەگەڵ فێندەمێنتالیزمی مەسیحیدا یەکلایی کردووەتەوە. من لای خۆمەوە لە زیاد لە شوێنێکدا وتوومە، کێشەی فێندەمێنتالیزم کێشەی سەرەکییە و سەرچاوەی هەموو کێشەکانە. هەربۆیە ڕۆشنبیرانی عەرەب یاخۆ ئیسلامی دوای بەسەرچوونی ماوەیەکی زۆر نەبێت، ناتوانن دەستنیشانی بکەن و چارەسەری بۆ بدۆزنەوە.

ئەم مەسەلەیە تەواوی تواناکانی ئێمەی دەوێت، بەدرێژاییی ئەم سەدەیە یان لانی کەم تا ناوەڕاستی ئەم سەدەیە. کێشەگەلێکی وەها هەن لە ماوەیەکی کورتخایەندا چارەسەر ناکرێن، بۆیە دەبێت لەمە بەئاگا بین. هەندێ کێشە هەن قەوارە و گەورەییيان بەڕادەیەکە، چارەسەرییان لەسەروو توانای نەوەیەکەوەیە. واتە پێویستمان بەچەندین نەوە هەیە، تا چارەسەری بکەن و بنەبڕ بکرێت. بەڵام ئەمە بەهانە نییە بۆ ئەوەی ئێمە دەستەوەستان بووەستێن لەئاست ئەوەی هەنووکە ڕوو دەدات، لەبەرئەوەی هیچ کێشەیەک خۆبەخۆ چارەسەر ناکرێت، بگرە دەبێت بیرمەندان لە تەواوی کایە و بوارەکاندا قۆڵی لێ هەڵکەن و ڕووبەڕووی ببنەوە.

گەر بێتو لە ئەزموونی ڕۆشنگەری ئەورووپایی بڕوانین، دەبینین ئەزموونێکی قورس و دژوار بووە. ئەزموونی ڕۆشنگەری سێ سەدە و بگرە چوار سەدەی لە دوای یەکی خایاند: (لە مارتن لۆسەرەوە بۆ ئیراسم، لە هیگڵەوە بۆ نیچە و تا سپینۆزا و جۆن لۆک و ڤۆڵتێر و دیدرۆ و ڕۆسۆ و

کانت و.. هتد). تەواوی فەیلەسووفانی ئەورووپا وزە و تواناکانی خۆیان بۆ بنەبڕکردنی ئەو پەتا ترسناکە سەرف کرد کە دووچاری هەموو ئاینێک دێت، ئەویش پەتای دەمارگیری و تاریکخوازی فێندەمێنتالیزمە.

**ئەم شەڕە جەنگی ملیۆنێک موسڵمانە:**

لە چەندین وتاری پێشووتردا قسەم لەسەر هەندێک لەو شەڕانە کردووە و زیاد لە جارێک سەرسامیی خۆم بە گەورەترین ئەو سەرکێشییانە نیشان داوە کە مێژووی فیکری ئینسانی بەخۆیەوە بینیویەتی، ئەویش سەرکێشیی ڕۆشنگەری یاخۆ قوتاربوون لە دۆگماتیستی ئەرسۆدەکسی بووە. لەو وتارانەی پێشوودا وتبووم: ئەمە شەڕی داهاتووە، شەڕی موسڵمانانە، شەڕی ملیارێک کەسە. بەڵام پێشبینیم نەدەکرد هەروا زوو ببێتە کێشەیەک جێ بایەخی شەش ملیار کەس بێت، واتە تەواوی دنیا پێیەوە سەرقاڵ بن.

بەمجۆرە فێندەمێنتالیزم پەلوپۆی هاویشت و گەورەبوو، تا وای لێ هات هەموو دنیای گرتەوە. ئێمە ژمارەیەکی کەمی ڕۆشنبیرانی عەرەب بووین کە لەلاوە و بەبێ دەنگی شەڕێکمان دەکرد و هەنووکەیش درێژە بەو شەڕەی خۆما دەدەین، بەڵام لە بارودۆخێکی دژوار و ناهاوسەنگدا ئەو کارە دەکەین. ئێمە لەسەر نووکی پێ دەڕۆیشتین، نەبادا هەرایەک دروست بێت و نەبادا ببینە مایەی دروستکردنی کاردانەوەیەکی سەرشێتانەی، داخرانێکی مێژوویی دوور و درێژ. لەگەڵ ئەوەشدا لەدەست تۆمەت و پروپاگەندە و جۆرەها دژایەتیکردن و پاڵپەستۆ بۆ هێنان ( کە لێرەدا پێویست بە باسکردنیان نییە)، قوتار نەبووین.

پێشتر وتوومە و ئێستاش زیاد لە هەر کاتێکی تر سوورم لەسەر ئەوەی کە هەر ڕۆشنبیرێکی عەرەب کێشەی فێندەمێنتالیزم بە کێشەی سەرەکی ڕۆژگاری ئەمرۆمان نەزانێت، نە ڕۆشنبیرە و نەشایستەی ئەو ناوەیە. چونکە ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە بەکێشەی میللەت و نەتەوەکەیەوە سەرقاڵە و گەر

هاتوو خۆی بە شتە لاوەکییەکانەوە خەریک کرد و مەسەلە سەرەکییەکانی پشتگوێ خست، ئەوا مانای وایە لە دەرەوەی بازنەکەدایە.

سەرجەم بیریارە مەزنەکان و بەدرێژاییی مێژوو، بیریاری یەک تاکە کێشەیەک بوون. شەو و ڕۆژ بە داڵغەی ئەو مەسەلەیەوە بوون و شەوانە بەو خەمەوە چاویان لێک ناوە و لەگەڵیشیدا بەخەبەر هاتوون. ئەمە بەلای ئەوانەوە کێشەی سەرەکی و چارەنووسساز بووە. ڕەنگە جۆری ئەم کێشەیە لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر بگۆڕێت، بەڵام کێشەیەکی سەرەکی هەیە کە وەکی خۆی دەمێنێتەوەو فەیلەسووفانی پلە یەک نەبن، ناتوانن کەشفی بکەن یاخۆ مەزەندەی بکەن.

پێم سەیر بوو چۆن بەشێکی زۆری ڕۆشنبیرانی عەرەب وەکی پێویست، بایەخ بەم کێشەیە نادەن و کەم تا زۆر بەکێشەیەکی نابینن! سەرەڕای دڕندایەتی ئەو شەڕەی فێندەمێنتالیستەکان لە جەزائیر و سوودان و ئێران و میسر و ئەفغانستان و.. هتد، لە دژی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕۆحی سەردەمە تازەکان دەستیان داوەتێ. هەرچەندە ئەوانە کەلێنێکی گەورەیان کردووەتە ناو یەکڕیزی نیشتمانی گەل و پشێوی و نائارامییان دروست کردووە، بەڵام ڕۆشنبیرە جەسوورەکانی ئێمە بەردەوام چاوپۆشییان لەم بزووتنەوەیە کردووە، بە بەهانەی ئەوەی ئەمە بزووتنەوەیەکی میللییە یان تەعبیر لە میللەت دەکات! تەنانەت تا ئەم ساتەوەختەش هەستیان بە گرینگیی دژایەتیکردنی فێندەمێنتالیستە ئەرسۆدەکسییەکان نەکردووە، بەتایبەتی دژایەتیکردنیان لەسەر زەمینەی خۆیان، مەبەستم زەمینەی ترادسیۆنی ئاینی و چۆنیەتی تێگەیشتن لە ئاین و تاوتوێکردنیەتی.

دەبوو لە بری خوێندنەوەی کلۆمدراو (تەنانەت تیرۆریستانەش) کە دۆگماتیستەکان لەبارەی ترادسیۆنی ئیسلامی دەیخەنەوە پێش چاو، خوێندنەوەیەکی نوێمان لەمەڕ ترادسیۆنی ئیسلامی پێشکێش بکردایە، وەکی ئەوەی فەیلەسووفانی ڕۆشنگەری ئەوروپایی لەگەڵ ترادسیۆنی

مەسیحیدا ئەنجامیان دا. گەر بهاتبایە و ئەو فەیلەسووفانە لەگەڵ خۆیاندا بیانوتایە، مادامەکی زۆربەی زۆری میللەتانی ئێمە فێندەمێنتالستن یاخۆ لە تەفسیرکردنی ئایندا شوێن پێی فێندەمێنتالیستەکان هەڵدەگرن و لەسەر ئێمەش پێویستە شوێن میللەت بکەوین و خۆمان بدەینە دەست ئەو چارەنووسە، ئەوا هیچ جۆرە گەشە و پێشکەوتنێک لە ئەوروپادا رووی نەدەدا و ئەوروپا بە نەزانی و دواکەوتوویی دەمایەوە و تا ساتەوەختی ئێستاش، بەدەست شەڕی ناوەخۆ و مەزهەبییەوە گیرۆدە دەبوون. دڵسۆزی بۆ میللەت مانای ئەوەیە میللەت لە بۆچوون و تێڕوانینە چەوتەکانی قوتار بکەین، لەو بڕیارە پێشوەختانە ڕزگاری بکەین کە سەدان ساڵە هەن و ڕەگیان داکوتاوە.

جیاوازی نێوان ڕۆشنبیر و پیاوی بازاڕی لێرەدایە، لەگەڵ ڕێزم بۆ پیاوی بازاڕی کە ناتوانێت هەلومەرجی خۆی بگۆڕێت. فەیلەسووفانی ڕۆشنگەری بەمجۆرە لە ئەرک و پەیامەکەیان گەیشتبوون و بەهیچ جۆرێک نەکەوتنە ختووکەدانی میللەت، بگرە بەجدی ڕووبەڕوو بوونەوە و ڕاستییەکانیان پێ وتن. هەر بەمەش توانییان گەلەکانیان لە دواکەوتوویی و داوەشان ڕزگار بکەن و بیانگەیەننە ئاستی شارستانی و مەدەنییەت و پێشکەوتن.

### ڕۆشنگەری:

بەڵام داخۆ دەبێت مانای چەمکی ڕۆشنگەری چی بێت؟ چۆن چۆنی لە سەدەی هەژدەمدا سەری هەڵداو شەوی ئەنگوستەچاوی فێندەمێنتالیزم، بە چ شێوەیەک لەبەردەمیدا ڕەوییەوە؟ ڕەنگە نەتوانین لە تاکە وتارێکدا وەڵامی هەموو ئەم پرسیارانە بدەینەوە، بەڵام هەوڵ دەدەین لە هەندێکیان نزیک بینەوە. سەرەتا با هەوڵی ڕوونکردنەوەی چەمکی ڕۆشنگەری بدەین.

لە کتێبەکەیدا لەبارەی سەردەمی ڕۆشنگەری لە ئەوروپا، مێژوونووسی سویسرایی ''ئۆلدێتش ئم هۆف'' پێیوایە چەمکی ڕۆشنگەری لە زمانی

ئینگلیـزیدا تـەنیـا لە سـەدەی نۆزدەمـدا هاتە ئارا، ئەگـەرچی ئەم چەمکە پێـشـتـر هەبووە. وەکی ئاشکرایە هـەندێ جـار دیاردەیەک پێش ناونانی دەکەوێت. کـاتێک چەمکی ڕۆشـنگەری بەدەرکـەوت، لـەگـەڵ چەمکێکی تر کـە چەمکی سـەردەمی ئەقڵە کەوتە کێبڕکێ و ململانێ.

بۆ نموونە فـەیلەسـووفی ئـەمـەریکایی "بارکلی" بەشـێـوەیەکی شـاعـیرانە، کەوتە باسکردنی سـەردەمی ڕۆشنگەری و لەم بارەیەوە دەڵێت: (ڕووبارێک لە نوور و ڕۆشنایی هروژمی بۆ هێناین و سـەرباری کەند و کۆسپی کۆیلایەتی و سـیـحـر و جـادوو، هـات و جـێگەی خـۆی کردەوە). هـەروەها بیرمـەندێکی ئینگلیـزی تر دەڵێت: «ئەم سـەدەیە ڕۆشنگەرە، زیاد لەوەی لە سـەدەکـانی پێشـوودا چاوەڕێی لێ دەکرا». هەرچی "بوب"ی شـاعـیریشـە، ئەوا بزاوتی فـەلسـەفی و زانستی سـەردەمـەکەی خـۆی لەم دەسـتـەواژەیەدا کورت کردەوە کە دەڵێت: «سـروشت و یاساکانی سروشت ون و نادیار بوون.. تا لە پڕێکدا یەزدان وتی با نـیوتن ببێت و ئـەوە بوو هات! ئـیـتـر هـەمـوو شـتـێک ڕووناک بووەوە.. بەمـجـۆرە ڕووناکی لە خـۆرئاواوە لـە ئەوروپا و لە تەواوی جیـهـاندا هـەڵهات نەک لە خـۆرهـەڵاتەوە، ئەمـەش پێچەوانەی جـووڵەی ئاسـایی خـۆرە). واتە بۆ یەکـەم جـار ڕۆشنگەری لە ئینگلتـەرای لیبـراڵیـیـەوە سـەری هـەڵدا، دواتر بە فـرەنسـا و ئـەڵمـانیـا و وڵاتانی تر گـەیشت. ڕۆشنگەری بە فـرەنسی واتە: (زیرەکی، زانین، ڕەوانیـی فـیکر)، پاشـان بـووە نیـشـانـەو سـومـبلی تەواوی ئەو ڕۆژگارە.

فـەیلەسـووفـەکـان پێـیـان وابوو بـەتەنیـا ڕۆشنگەریی ئەقـڵی سـروشـتی لەباریدایە، مـرۆڤـایەتی بەرەو پێشکەوتنی زانسـتی و دانایی و شـارسـتـانی بـەرێت. سـاڵی ١٧٥٠ و لـە ئـەوجـی سـەردەمی ڕۆشنگەریدا، یەکـێک لـە فـەیلەسـووفـەکان دەڵێت: (بۆ دواجـار هـەرچی تاریکیـیـە کۆتایی هـات و ئاوا بوو، ئـەوەتانێ لـە چوارلاوە ڕووناکی داپـۆشـیـوین چەند قـەشـەنگە ئەم ڕووناکییە و چەندێ جوانە پێشکەوتنی مرۆڤایەتی!).

ڕۆشنگەری بەمانا ئەڵمانییەکەی تەنیا لە ساڵی ١٧٨٠ دا بەدەرکەوت، واتە کاتێک ''کانت'' بەرهەمە مەزنەکانی خۆی دەنووسی و پاشان ئەم چەمکە لە سەدەی نۆزدەمدا چەسپی. لێرە بەدواوە یەکێک لە بیرمەندانی ئەڵمانیا دەستی کرد بەقسەکردن، لەبارەی ئازادیی فیکر و ڕۆژنامەوانی و لەم بارەیەوە دەڵێت: «ئەوانە بۆ ئەقڵ وەک ڕۆشنایی وەهان بۆ هەر دوو چاو». هەروەها ''هێردی'' کە لە سەدەی هەژدەمدا ژیاوە، لە وەسفکردنی سەردەم و ڕۆژگاری خۆیدا دەڵێت: «ئەمە سەردەمی ڕۆشنی ئێمەیە و لەناو تەواوی سەردەمەکانی تردا لە هەموویان درەوشاوەترە».

سەبارەت بەچەمکی ڕۆشنگەریش لە ئیتاڵیادا دەتوانین بڵێین تازەیە و لە سەدەی بیستەمدا نەبێت، نەبووە ئاقارێک لەو وڵاتەدا. ئەوەی ڕاستی بێت باشووری ئەورووپا بە بەراورد بە باکور لە ڕۆشنگەریدا دواکەوت. هەربۆیە ناکرێت ئیتاڵیاو بەتایبەتیش ئیسپانیا و پورتوگال، بێنینە ئەو ئاستە ژیارییەی وڵاتانی وەک ئینگلتەرا و فرەنسا و ئەڵمانیا و هۆڵەندا پێی گەیشتن.

ئەگەرچی ئیتاڵیا لە پەنجا ساڵی ڕابردوودا، توانی خۆی بگەیەنێتە ئاستی ژیاریی وڵاتانی پێشکەوتوو. لە دواییشدا ئیسپانیا و هەروەها پورتوگالیش تەکانیان دایە خۆیان، سەرەڕای ئەوەی فێندەمێنتالیزمی کاتۆلیکی لە وڵاتی ''فرانکۆ و سالازار'' (واتە لە ئیسپانیا و پورتوگال) زۆر بەهێز بوو، بەڵام لە بیست ساڵی ڕابردوودا مۆدێرنە و دیموکراسی لەو دوو وڵاتەدا سەرکەوتنیان بەدەست هێنا.

ئەڵبەتە لێرەدا من سویسرای وڵاتی ''جان جاک ڕۆسۆ''م لەبیر کرد، ئەو وڵاتە جوانەی ڕۆڵێکی گەورەی لە ئەقلانییەت و ڕۆشنگەریدا گێڕا. هەروەها سوێد و دانیمارک و نەرویجیشم لەیاد کرد و نەدەبوو لەبیرم بچن. ئەمەیە ڕۆشنگەری کە بەرچاوی ڕووناک کردەوە، بەڵام دەمارگیرە فێندەمێنتالیستەکان هەوڵی زۆریان دا تا تاریکی بەردەوام بێت و نەزانین و

نەفـــامــیش درێژەی هەبێت. ئەوانـە ڕقــێکی بێ سنووریان لـە ڕۆشنگەری هەبوو.

**ئەوروپا و تیرۆری ئاینی:**

ئێستـا ئەم پرسـیـارە دەکەم و دەڵێم: (ئایا یەک ڕۆشنبیری ئێمە دەتوانێت بڵێت ئەم سـەردەمـەی تێیدا دەژین، سـەردەمێکی ڕۆشنگەرانـەیە؟). ئەڵبەتە مـەبەسـتم سـەردەم و ڕۆژگـاری عـەرەبی و ئیسـلامـیـیـە، نـەک سـەردەمی ئەوروپی. لەبەرئەوەی ئێمە لە ڕووی کاتەوە هاوسـەردەمی ئەوروپاین، نەک لە ڕووی عـەقڵی و فـیکرییـەوە. کێ دەتوانێت قـسـەی وا بکات؟ نەخێـر، ئەمـە سـەردەم و ڕۆژگـاری تاڵیـبـان و تەواوی ئـەو هۆردوانەیە کـە بەرەو مـێـژوو دەکشێن. بەکورتییـەکـەی ئێمـە لە خـۆئامـادەکردنداین بۆ سـەردەمێکی ڕۆشنگەریی عەرەبی ئیسلامی لە داهاتوودا.

ڕاستـە ئێمـە وەها ڕۆژگارێک بەچاوی خـۆمـان نابینین، بەڵام هیچ گومـان لەوەدا نییـە کە بەڕێوەیە و پێم وا نییـە زۆریش لێمـانەوە دوور بێت. درەنگ یان زوو ئەم شـەپۆل و تەوژمـەی ئێسـتـا دەنیشـێـتـەوە و بەنیـشـتنەوەشی ڕووناکـیـیـەکی نوێ هـەڵدێت، ڕووناکـیـیـەک مـاوەیەکی دوور و درێژ (بەر لە چەندان سـەدە) لە چاوەڕوانیـدا بووین. گـەورەترین شـەوەزەنگ و تاریکی دوایین تاریکییـە، واتە ئەو سـاتەوەختـەیە کە ڕاسـتـەوخـۆ دەکـەوێتـە پێش کازیوە و بەرەبەیان. بۆ ئەوەی نموونەیەکی پراکتیکی بۆ سەلماندنی ڕاستی و دروستی ئەم قسەیە بخەینە ڕوو، هێندە بەسە ئاوڕ لەو سـەدەیە بدەینەوە کە ڕاستـەوخۆ بەر لە سەردەمی ڕۆشنگەری ئـەوروپا لە ئارادا بوو، واتە سەدەی حەڤدەم.

سەدەی حـەڤدەم سەدەیەکی تیۆلۆجی ترسناک بوو.. ئەو سـەردەمـە بوو کە ئاقـاری دژ بە ڕیفـۆرمی ئاینی تێدا باڵادەست بوو. ئەو سـەردەمـەی دادگـایی "گـالیلۆ"ی کرد و "دیکارت"ی ناچار کرد لە فرەنسا هەڵبێت و "سـپـینۆزا"ی

تۆقاند.. سەدەی حەڤدەم سەردەمی شەڕە مەزهەبی و ناوەخۆییەکان بوو کە ئەورووپای گرتبووەوە. ڕۆژگاری تیرۆری ئاینی بوو کە هیچی لە تیرۆری تالیبان و تەواوی فێندەمێنتالیستەکانی ئەمڕۆ کەمتر نەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا هێندەی نەبردو تەنها دوای بیست ساڵ جەنگێک لەنێوان ڕۆشنگەران و تاریکخوازاندا بەرپا بوو، سەرەنجامیش لە بەرژەوەندی ڕۆشنگەری شکایەوە. واتە لە بەرژەوەندی هاتنە ئارای تەفسیرێکی نوێ بۆ ئاین کۆتایی هات. ڕێگای ڕزگاریش لێرەدایە، بەگەلاڵەکردنی تێگەیشتنێکی دی بۆ ترادسیۆنی ئاینی، جیاواز لەو تێگەیشتنەی کۆنەخوازان لە هەوڵی ئەوەدان قەناعەتمان پێ بکەن بەوەی ئەوە تەنیا تەفسیرێکی گونجاو و پەسەندە.

بەمجۆرە ئەوروپا بەسەر خۆیدا زاڵ بوو، توانی ئەو گرێ کوێرە مێژووییەش بکاتەوە کە بریتیی بوو لەو پێکدادان و ململانێ خوێناوییەی نێوان ئەقڵی تیۆلۆجی و ئەقڵی زانستی یاخۆ فەلسەفی. مەترسی ئەم پێکدادانە لەنێوان تیۆلۆجیای سەدەکانی ناوەڕاست و مۆدێرنەدا، هیچی لە خۆپیاکێشانی ئەو فڕۆکە خۆکوژییانە کەمتر نییە کە خۆی دا بەهەردوو تاوەری بازرگانی جیهانی لە شاری نیویۆرک!

من لای خۆمەوە و زیاد لە جارێک باسم لە هەڕەشە و مەترسی تیۆلۆجیای سەدەکانی ناوەڕاست یاخۆ فیقهی سەدەکانی ناوەڕاست کردووە، ئەو تیۆلۆجیایەی ڕێ بەهەموو نەزان و کاڵ فامێک دەدات فتوای تەکفیر و حەرامکردن و کوشتن و سەربڕین بدات.. هەروەها باسم لەوە کردبوو کە لەبەریەک هەڵوەشاندنی ئەو فیقه و تیۆلۆجیایە، پێویستییەکی هەنووکەییە بۆ سەرجەم کۆمەڵگەی عەرەبی و ئیسلامییەکان. ئەم کۆمەڵگایانە ناتوانن بەرەو پێش بچن، تەنیا بە لەبەر یەکهەڵوەشاندنی ئەقڵیەتی سەدەکانی ناوەڕاست نەبێت، چونکە گەر وا نەکەین ئەوا کۆسپ دەخاتە بەردەم هەنگاوەکانمان و وامان لێ دەکات لە هەموو جووڵەیەکیدا هەست بەگوناه و تاوانێک بکات. هەروەها ئەوەتا لە ئێستادا و لە بەرامبەر ئەوانی تردا، بۆ

ئێمە بووەتە مایەی شەرم و شوورەیی و رووگیری. بەڵام لێک شێتاڵکردنی ناچارمان دەکات بەوەی بچینە ناو شەڕێکی بێ ئامانەوەو هەرچی جارێکیش سەنگ و قورسایی کەم بێتەوە، توندتر پەلامار دەدات.

بەبێ لە بەرچاوگرتنی مەسەلەی دەمارگیریی ئاینی و ئەو شەڕە مەزهەبییانەی بەدرێژاییی دوو سەدە ئەوروپایان پەرتپەرت کرد، ناتوانین لە سەردەمی ڕۆشنگەری تێ بگەین. چەمکی (لێکبووردن)یش هەر لە سەرەتاوە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە هاتە ئارا، واتە کێشەی هەڵکردن و پێکەوەژیان لەنێوان هەردوو ئاینزا سەرەکییەکەی مەسیحییەتدا (ئاینزای کاتۆلیکی و ئاینزای پرۆتستانتی). واتە پێویستە ڕۆشنگەری بخەینە ناو سیاقە مێژووییەکەی خۆیەوە، تا وەک خۆی بیناسین و بە ڕووە ڕاستەقینەکەی ئاشنا بین.

هاتنەئارای ڕۆشنگەری لەپێناو خواستێکی گرینگی وەک بەدەستهێنانی ئازادیی بیروڕا و ویژداندا بوو، هەروەها بۆ ئەوەبوو مرۆڤ مافی ئەوەی هەبێت لێکدانەوەی جیاوازی بۆ تێکستە پیرۆزەکانی هەبێت. کاتێکیش ململانێی نێوان پیاوانی ئاینی و فەیلەسووفەکان دەستی پێ کرد، هەر پێوەندی بە مەسەلەی (لێکبووردن)ەوە هەبوو، چونکە زانایانی ئاینی مەسیحی پێیان وابوو بڕواهێنان بە هەندێک بیر و باوەڕی ئاینی مەرجێکی سەرەکییە بۆ ئەوەی مرۆڤ لەو دنیا ڕزگاری بێت و سەرفراز بێت. هەر کەسێکیش بڕوای بەو عەقیدانە نەبێت، ئەوا کافرە و چارەنووسی دۆزەخە. بۆیە پێویستە دژایەتی ئەو جۆرە کەسانە بکرێت و بەهەموو شێوازێک تەنگیان پێ هەڵبچنرێت، هەروەها نابێت لەگەڵ ئەو کەسانەدا نەرمی بنوێنین و لێبووردەبین، لەبەرئەوەی ئەوانە دەکەونە دەرەوەی بازنەی عەقیدەی خواناسییەوە.

بەمـجـۆرە چەمکی لێکبـوردن لای فێندەمـێنتـالیسـتـەکان هیـچ واتایەکی نەبوو. بەلای ئەوانـەوە لێکبوردن بریتی بوو لەوەی ئەمـڕۆ بە بیر لێ نەکراوە یاخـۆ بەوەی ئەسـتـەمـە بیـری لێ بکەینەوە ناوی دەبـەین. لەو هەلومـەرجـەدا هیچ مەسیحییەک نەیدەتوانی لە خواست و ویستی فەیلەسووفەکان لەبارەی لێکبوردن تێ بگات چۆن دەکرێت لێکبـوردەبین لەگەڵ کەسێکدا، هەقیقـەتی ئیـلاهی رەت بکاتەوە؟ ئایا کەسـێکی وا مـافی ئەوەی هەیە بژی و لە ژیاندا بمێنێ؟ مەبەستی فێندەمێنتالیستەکانیش تەنیا فەیلەسووف و بێ باوەڕەکان نەبوو، بگرە مـەبەسـتیـان ئەو کـەسـانەش بوو کـە شـوێن ئاینزاکـانی تر و ئاینەکانی تر کەوتبوون جگە لە ئاینی مـەسیحی. بۆ نموونـە شوێنکەوتووانی ئاینزاکـانی کاتۆلیکی لە فرەنسـا، کەمینـەی پرۆتستـانت مـەزهـەبەکـانیـان بەکافر و گومڕا دەدایە قەڵەم کە ناشێت لێکبوردەبن لە بەرامبەریاندا.

ئەگـەرچی پرۆتستـانتـەکان وەک کـاتۆلیکییـەکـان باوەڕیان بە "مـەسـیح" هـەبوو، جگە لە (ئینجیل)یش کتێبێکی تریان شک نەدەبرد!.. بەڵام لە چەند مـەسـەلەیەکی تردا (لاوەکی نەک بنەڕەتی)، لـە کاتۆلیکییەکان جیاواز بوون (وەک ئەو جیاوازییەی لەنێوان شیعە و سوننەدا دەیبینین). لـە ئیسلامدا ئەم دوو مەزهـەبە لەسـەر خوا و پێغەمبەر و قورئان هاوڕان و لەسـەر مەسـەلەکانی تر ناکۆکن. ئەمەش مانای وایە فێندەمێنتالیست کەسێکە لەو مەسـەلانەدا کە پێوەندییـان بەکـاروباری ئاین و عـەقـیـدەوە هـەیە، توانـای قـبـووڵکـردنی هـیـچ جۆرە جیاوازییەکی نییە.

لێـرەداو بۆ ئەوەی لەم حـاڵـەتە تێـبگـەین، پێـویسـتـە دەست بکەین بە شـیکردنەوەیەکی دەروونیی کارەکتـەری فێندەمێنتالیسـتی ئەرسـۆدەکسی. کـەسی ئسـووڵی (بەپێـچـەوانەی ئەوەی ئێـمـە پێمـان وایە)، کـەسـێکی زۆر بەخـتــەوەرە و بێـئـەندازەش ئارام و دڵنیـایە. ئەو خـۆی بەکـامـەرانتـرین بوونەوەری خـوا دەزانێت لەسـەر زەوی، بەڵام بۆچی؟ بێگومـان لەبەرئەوەی پێیوایە (هەقیقەتی ڕەها، هەقیقەتی پیرۆز، ئەو هەقیقـەتەی دواین هەقیقەتە)

لەلای ئەوە.

بۆیە زۆری پێ سەیرە خەڵکانێک هەن دان بەم حەقیقەتەدا نانێن، یاخۆ دەستبەجێ باوەڕی پێ ناهێنن و پەیرەوی ناکەن. مرۆڤی ئسووڵی ئەم حاڵەتە بە ئابڕووچوونێک دەزانێت، لەبەرئەوە کوشتن و پاکتاوکردنی هەموو کەسێک (کە بڕوای بەو عەقیدە ئیلاهییە نەبێت)، بەکارێکی شەرعی دادەنێت. سڵ نەکردنەوەی فێندەمێنتالیستەکان لە کوشتن و بڕین، لێرەوە سەرچاوە دەگرێت. بۆ نموونە ئەوانە کاتێک سواری فڕۆکەیەک دەبن گۆشاوگۆش ئەو خانمە شۆخ و شەنگانە سەردەبڕن کە خزمەت بە موسافیرەکان دەکەن! یان هەندێک جار لە جەزائیر مامۆستایان و ڕۆشنبیران وەک بەرخ لەبەرچاو منداڵەکانیان لەتوکوت دەکەن. تەنانەت ژن و منداڵ و تەواوی خێزانێک سەردەبڕن، بێ ئەوەی ئەو کارە هێندەی تۆزقاڵێک ویژدانیان ئازار بدات.

بەڵام دەبێت بپرسین بۆچی؟ چونکە ئەوانە پێیان وایە فتواکان جێبەجێ دەکەن و حوکمی یەزدان لەسەر زەوی دەچەسپێنن. گەر بێتو مەسەلەکان لەسەر ئەم ئاستە قووڵە تاوتوێ نەکەین، ئەوا هەرگیز تێ ناگەین لەوەی لە ئێستادا چی ڕوو دەدات و هۆکاری چاوقایمی و ئازایەتیی ئسووڵییەکان چییە کە دەتوانن تاوانی گەورە ئەنجام بدەن و ژیانی مرۆڤ بەسووک سەیر بکەن.

ئەوەی خاوەنی هەقیقەتی ئیلاهی بێت مافی هەموو شتێک بەخۆی دەدات و پێویستە ئاستی بەرگریکردنیشی لەو حەقیقەتە ئیلاهییە، بگاتە ڕادەی قوربانیدان بەخۆی یاخۆ کوشتنی خەڵکانی تر لەو پێناوەدا. لە هەر دوو حاڵەتەکەشدا ئەو شەهیدە و خواوەندیش لێی ڕازییە. بۆ ئەم جۆرە کارانە فتوای ئاینی گرەنتییەکی شەرعی و دڵنیاییەکی زۆر گەورەن، بۆ مرۆڤی فێندەمێنتالیست. بێ بوونی ئەوەش ناتوانێت تیرۆر بکات، یاخۆ بەهۆی ئەو تاوانە نامرۆڤانەیەی ئەنجامیان دەدا، دەبووە دێوانەیەک و ئەقڵی لەدەست دەچوو.

لەبەرئەوەیە دەڵێین لەبەر یەک هەڵوەشاندنی تیۆلۆجیای سەدەکانی ناوەڕاست (یاخۆ فیقهی سەدەکانی ناوەڕاست)، پێداویستییەکی هەنووکەییە لە ئێستادا و بۆ ئایندەش. چونکە تا ئەو تیۆلۆجیا تاریکە باڵادەست بێت بەسەرئەقڵیەتی ملیۆنەها کەسدا، نە چارەسەری کێشەکان دەکرێت و نە ڕزگاریشمان دەبێت. واتە بە پشتیوانی خواو تا ئەو کاتەی خوا خۆی ویستی لەسەر بێت، کوشتن و بڕین بەناوی خواوە درێژەی دەبێت.

ئەگەر ئەوروپاییەکان بەدرێژایی سێ سەدە لە خەباتدا بوون لەپێناو ڕزگاربوون لە ئسوولیەتی مەسیحی، ئەوا دەبێت ئێمە چەندمان بوێت؟ پێویستە بزانین پێکدادان لەگەڵ تیۆلۆجیای ئسوولیدا لە کۆتایی سەدەی حەڤدەمەوە و لە ساتەوەختی "سپینۆزا"وە دەستی پێ کرد. تەنیا ئەو کاتەش ئەوروپاییەکان سەرکەوتنیان بەدەست هێنا کە کۆڕی بەناوبانگی کڵێساکان لەژێر ناوی (ڤاتیکانی دووەم)دا لە ساڵی ١٩٦٢ – ١٩٦٥ بەسترا. ئەمەش مانای وایە ئەوروپا بەدرێژایی سێ سەدە گیرۆدەی کێشەی فێندەمێنتالیزم بوو، دوای ئەوە توانی چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە.

بەڵام ئایا دەکرێت ئێمەش ماوەی سێ سەدساڵ چاوەڕێ بین، بۆ ئەوەی چارەی مەسەلەیەکی وەها بکەین؟ بێگومان نا. بەڵام ئەو کەسەش بەهەڵەدا چووە کە پێیوایە لە ڕۆژ و دوو ڕۆژێکدا، کێشەی فێندەمێنتالیزم لای ئێمە کۆتایی دێت. ئەمە مەسەلەیەکی گەورەیە و پێوەندی بە هۆشیاریی ملیارێک مرۆڤەوە هەیە. لانی کەم ڕەنگە تا ناوەڕاستی سەدەی بیست و یەک بخایەنێت. هەرچیش پێوەندی بە "ئوسامە بن لادن" و "مەلا محەمەد عومەر" و هاوشێوەکانیانەوە هەیە، ئەوا بەلانی کەمەوە پێویستمان بەهەزار ساڵ هەیە.

ڕەنگە هەندێک بڵێن: (بەڵام دەستتێوەردانی دەرەکی و کاریگەریی بەجیهانیبوون کە لە چوارلاوە تەوقی داوین، وا دەکەن ئەو پرۆسەیە زووبەزوو بگاتە ئەنجام). ئەمە ڕەنگە وابێت. واتە لە خودی موسڵمانانەوە

سەرچاوە بگرێت، چونکە دواجار کێشـەکە کێشـەی ئەوانە. بەڵام بۆچی دەڵێم کێشـەکە خەتەرناک و مـەترسـیدارە و مـاوەیەکی درێژ دەخـایەنێت؟ بێگومـان تەنیـا لەبەر ئەوە نییـە کە بەراورد دەکەم بەوەی لە ئەوروپا ڕووی دا و ئەوەی دەشـێت لـە داهـاتوودا لای ئێـمـە ڕوو بدات، (دەشـزانم فـەیلەسـووفـەکـانی ئەوروپا نـەوە دوای نەوە، چ کـۆشـشـێکیـان کـرد لـەپێناو کـۆتـاییـهـێـنان بە فێندەمێنتـالیزمی مـەسیحی)، بگرە لەبەرئەوەیە من درک بەڕادەی مەترسـیی بەرەنگاربوونـەوەی ناسنامـەیەکی ترادسـیـۆنی ڕەگـوڕیشـە داکـوتراو دەکـەم، وەهـا کارێکیش سـەختترین پرۆسـەیەکە و ئەرکێکی تاقەتپڕووکێنە.

لەم سەروبەندەدا دەستەواژەیەکی "فردریک نیچە"ی فەیلەسووفی ئەڵمانیم دێتـەوە یاد کـە دەڵێت: (قـورسـترین جـۆرەکانی خـزمـەتکردن، خـزمـەتکردنی هـەقیـقـەتە). کێ دەتوانێت ڕووبەڕووی خـۆی و هـەقیـقـەتە قـووڵەکـانی ناخی خـۆی بێتەوە؟ بـەڵام لەگەڵ ئـەوەشـدا سـاتەوەختـی هـەقیـقـەت بۆ مـوسـڵـمـانان نزیک بووەتـەوە. هـەمـوو بەڵگەکان ئـامـاژە بۆ ئەوە دەکـەن، ئێـمـە لـە هـەرێمی هـەقیـقـەتە مـەزنەکان نـزیک بووینـەتەوە. پێویسـتـە بزانین لە سـاڵانی داهـاتوودا مێـژوویەتی تێکسـتـە پیرۆزەکـان هێدی هێدی دەردەکەوێ، بەدەرکـەوتنیشـیـان زەمین لەرزەیەکی فـیکری ڕوو دەدات. بەجـۆرێک مێـژووی ئێـمـە بـەدرێژاییی سـەدان سـاڵ شتی وەهـای بەخۆیەوە نەبینیبێت.

خـــۆشـی لەوەی تـا ئەو کـــاتە دەژی، بـۆ ئـەوەی بـەچـاوی خـــۆی ئـەو ڕۆژە ببـینێت. هـەمـوو ئەو بزاوتـە ئـسـوولێـیـەی ئـەمـڕۆ لە گـەڕدایـە، دوایـن هـەوڵە و پەلەقـاژێی سـەرەمـەرگە، بۆ کۆسـپ خسـتنەبەردەم ئەو گـۆڕانکارییـە فیکرییـە مەزنەی لە مردن زیاتر لێی تۆقیوە.

لەبەرئەوەی وەهـا ڕووداوێک بەو ئەندازە گـەورە و گرینگە، ئەوا کارەکتـەری دەسـتـەجـەمـعی ئێـمـە تا ئێسـتا دژی دەوەسـتێتـەوە. ئەمـە لانی کـەم یەک لەو شـیکردنـەوانـەیە کـە سـەبارەت بـە دیاردەی ئـسـوولێـیـەت (ئەو دیـاردەیەی هـەنووکـە لـە ئارادایە) دەیخـەینەڕوو. بۆیە وتم ئەو گـۆڕانـە هێـدی هێدی و لە

سـەرخـۆ ڕوو دەدات، چونکە گەر بێتـو هەقیـقەت لەناکاودا یان پێکڕا خـۆی نیشـان دای، ئەوا لە جێی خۆتدا دەتکوژێت! ڕۆشنبیران دەتوانن بچنە ژێر بـاری کـــارێکـی وا، بەڵام زۆربـەی زۆری خـــەڵک دەبێت مـــاوەمـــاوە ئـەو هەقـیــقـەتەیان پـێ بدرێت، وەک چۆن دەرمـان بە نەخـۆش دەدرێت. ئەوەی بەدرێژاییی چەندین سـەدە لەسـەر قـەناعـەتێکی ڕەها ژیابێت، ناتوانێت لە مـاوەی شـەو و ڕۆژێکدا دەستبـەرداری بێت و بیگۆڕێت. تەنانەت ڕەنگە وەها کارێک کارەکتەری دەستەجـەمعی ڕاتەکێنێت و کاردانەوەی سـەختگیـرانەی لێ بکەوێتەوە، بەجۆرێک لـە ئێستادا کەس نەتوانێت بەرپرسـیارێتی ئەو کارە بگرێتە ئەستۆ.

پێویستە خـۆرئاوا لەمە تێ بگات و زیاد لە پێویست لە حـوکمدانـی بەسـەر مـوسڵمانانـدا ڕەق نەبێت، چونکە موسـڵمانان دامـاو و بێچارەن، بەتایبـەتی دوای ئەوەی زۆر لە ڕەوتی پێشکەوتن و شـارستانیەت دواکـەوتن. هـاوکات لە هەمـوو ڕوویەکەوە لە هـەلومـەرجێکی نـاهـەمـوار و تراجـیـدیدا دەژین. بۆیە بە ڕۆشنبـیـرانـی خـۆرئاوا و هـەروەهـا بە سـیـاسـەتمەدارانیـشـیـان دەڵێم: (زۆر سـەرتان سـڕنەمـێنێ لەوەی لە ئێـمـە ڕوو دەدات، گـاڵتـەمـان پێ مـەکـەن و لاقرتێمـان مـەکـەن لـەسـەر ئەوەی لەناو کـێشـەی فێندەمـێنتـالیزمـدا نوقم بووین).

خـۆرئاواییـیەکانیش وەک ئێمـە بەدەست فێندەمێنتالیزمی مـەسیحییەوە گیرۆدە بوون، دوای سـەردەمانێکی زۆریش نـەبێت ڕزگـارییان نەبوو. دەتوانن کـەم یان زۆر بگەڕێنەوە دواوە، تـائاسـتی ئەو شـەڕە دژوارانە ببـینن کـە فـەیلەسـووفـەکـانیـان لە سـەدەی هـەژدە و نـۆزدە و تەنانـەت تاسـەدەی بیسـتـەمیش کردیان. (سـەبارەت بـە سـەدەی بیسـتـەم، بڕوانە قـەیرانی مۆدێرانە La Crisa Moderniste کە لە سـەرەتاکانی ئەو سـەدەیەدا و بەهـۆی پراکتیزەکردنی میتۆدی مێژووییەوە بەسـەر ئینجیلدا هاتە ئارا. لەسەر ئەو مـەسـەلەیە مـەسـیحییـەکان بوون بە دوو بەشەوە، بـەشێک فێندەمێنتالیزمی

دۆگماو بەشێکیان لیبرالّیی رادیکالّ). بەلّێ بیریارە ئازادیخوازەکانی ئەوروپا گەورەترین شەڕیان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بەرپا کرد، شەڕ لەپێناو ئازادکردنی ئەقلّ لە کۆت و پێوەندەکانی. بەلّێ ئەو هەولّەی ئەوان گەورەترین سەرکێشییە لە مێژووی فیکری مرۆڤایەتیدا. سەرکێشیی سەرکەوتن و زالّبوون بەسەر فێندەمێنتالیزمدا. بەلاّم کارێکی وا لە شەو و ڕۆژێکدا ڕووی نەدا.

بۆیە پێیان دەلّێین: (دەرفەتی ئەوەمان بدەنێ بۆ ئەوەی کێشەکانمان لەگەلّ خۆماندا و لەگەلّ مێژووماندا، لەگەلّ کەلەپوور و فێندەمێنتالیزمدا چارەسەر بکەین). نازانین بۆ کوێ بچین؟ هێندە کێشە و گرفت لەسەر شانمان کەلّەکە بووە، نازانین لە کوێوە دەست پێ بکەین؟ ئێمەش میللەتانێکین خوازیاری ئازادی و ڕووناکین، بەلاّم برسی و سەرکوتکراوین و کەرامەتمان ژێرپێ خراوە. تەنیا سەیرێکی گەلی ئەفغانستان بکەن کە ئاوارە و دەربەدەری ڕێگەوبانەکان بووە، بۆ ئەوەی لە ئاستی تراجیدیا و نەهامەتییەکانمان تێ بگەن.

لەم مەسەلەیەشدا هەر تەنیا ئەفغانستان وا نییە، گەلانی ئیسلامی (بەعەرەبی و غەیرە عەرەبیشەوە) برسی و نەدارن. ئەوان هەموویان ئسوولّی و توندڕەو نین و ڕقیان لە شارستانییەت و ڕۆشنگەری نییە، وەک هەندێک جار میدیاکانی خۆرئاوا باسی لێ دەکەن، بگرە لەناو ولاّتانی ئیسلامیدا وزە و توانای جوان و گەورە هەیە و چاویان بڕیوەتە داهاتوو. هەزاران لاوی کوڕ و کچ هەن کە نەفێندەمێنتالیستن و نەتوندڕۆن، هەر ئەوانەشن ئومێدی دواڕۆژن.

لێرەوە دەکرێت بلّێم: (ناکرێت لە کێشەی فێندەمێنتالیزم یان توندڕۆیی تێ بگەین، تەنیا بەوە نەبێت کە بیخەینە ناو دیدگای بەراوردکارییەوە). لەم بارەیەوە مەسەلەیەکم بەبیر دێتەوە کە لێرەدا باسی دەکەم: لە سەدەی هەژدەدا مەسیحییەکی فرەنسی دەچێتە ولاّتی چین، دەبینێت میللەتێکی

ڕێکوپێک و هەڵسوکەوت جوان لەگەڵ خەڵکیدا لەوێ دەژین. ئەوەی جێی سەرسوڕمانی زۆری دەبێت، ئەوەیە چۆن چۆنی میللەتێک ئینجیلی نەخوێندبێتەوە و تەنانەت ناوی یەسووعی مەسیحیشی نەبیستبێ، دەتوانێت وەها مرۆڤانە بگوزەرێنێ! هەقیقەتی کێشەی فێندەمێنتالیزم لێرەوە دەست پێ دەکات، بۆیە خوێندنی مێژووی ئاینی بەراوردکاری لە سەرجەم خوێندنگە ئامادەییەکان و زانکۆکانی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا، هەنگاوی یەکەمە لەپێناو نەهێشتنی ئسووڵییەتدا.

ئەو جۆرە خوێندنە، ڕێژەیی هەموو ئەو کەلەپوورانەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە خۆیان وەک (ڕەها و پیرۆز و باڵادەست) نیشان دەدەن. هەروەها هەموان ناچار دەبن ئایدیای پێکەوەژیانی نێوان کەلەپووره ئاینییە جیاجیاکان قبوول بکەن. بەو پێیەی هەر ئاینێک هەوڵێکی جدییە بۆ گەیشتنە موقەدەس، بەڵام نابێت ئاینێک ئەو موقەدەسە بۆ خۆی پاوان بکات یان خۆی بە تاکە کەلەپوورێکی ڕاست و دروست و بێخەوش نیشان بدات و وا بزانێت، تەواوی کەلەپووره ئاینییەکانی تر لە ڕێ لایانداوە و دەستکاری کراون و هەڵبەستراون و.. هتد.

چەمکی (لێکبوردن) ناتوانێت لەسەر زەمینی جیهانی ئیسلامی سەوز بێت، گەر بێتو خوێندنی مۆدێرنانەی ئاین جێگەی ئەو خوێندنە تەقلیدییە ئسووڵییە نەگرێتەوە کە سەدان ساڵە ماوەتەوە و تا ئەمڕۆش بەردەوامە. کەواتە ئەرکێکی قورس و گرانمان لە ڕێدایە، ئەرکێک کە فڕۆکە و کەشتییە بارهەڵگرەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا چارەسەری ناکەن.

گومانی تێدانییە سەرکەوتنی سەربازی یاخۆ سیاسیی بەسەر لەشکری زەبەلاحی ئسووڵییەکاندا و چاوشکاندنیان لە داهاتوودا کاریگەریی خۆی دەبێت، بەڵام لە ئێستاوە ناتوانین پێشبینیی ئەوە بکەین کە داخۆ قەوارە و ئاستی ئەو کاریگەرییانە چۆن دەبێت. دەتوانین هەر ئەوەندە بڵێین کە بۆ یەکەم جارە کێشەی فێندەمێنتالیزم دەبێتە کێشەیەکی جیهانی و تەنیا

پێوەندی بە جیهانی ئیسلامییەوە نییە، بگرە خۆرئاواشی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە. ئەمەش بۆخۆی ڕووداوێکی گرینگە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، ئەم حاڵەتەش بەتایبەتی لەو کاتەدا بەدەرکەوت کە بزووتنەوەی تاڵیبان پەیکەرەکانی بووزایان لە بامیان تەقاندەوە، ئەو پەیکەرانەی بەلای گەلانی هندی و چینی و یابانی و.. هتد، پیرۆزیی خۆیان هەیە و بەچاوی ڕێزەوە سەیر دەکرێن.

بەمجۆرە فێندەمێنتالیزمی ئیسلامی بەرەو ڕووی تەواوی گەلانی جیهان وەستایەوە، ئەم کارەش وا دەکات زوو بەزوو لەبەر یەک هەڵوەشێت و لاواز بکرێت، بەڵام مەسەلەکە کۆتایی نەهاتووە و یەکلایی نەبووەتەوە. یەکلاییش نابێتەوە تا ئەو وەختەی خوێندنەوەی ڕۆشنگەرانە بۆ کەلەپووری ئیسلامی، بەسەر ئەو خوێندنەوە فێندەمێنتالیستەدا سەرنەکەوێت کە تێکەڵ بە خوێنمان بووە و بەدەمارەکانماندا دێت و دەچێت. لێرەوە دەردەکەوێت کە جەنگی فیکری هیچی لە شەڕە سیاسی و سەربازییەکان کەمتر نییە.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی چەمکی فێندەمێنتالیزم و ئاشکراکردنی ڕادەی دەسەڵاتی بەسەر خەڵکدا و ڕۆچوونی بەناخی کۆمەڵگەدا و نموونەیەکی تر لە مێژووی فرەنسا بەرچاو دەخەم. "بوسوێ" (Bossuet) گەورەترین بیریاری ئسوولّیی کاتۆلیکی فرەنسا بوو لە سەدەی حەڤدەمدا، ئەم پیاوە ڕەوایەتییەکی تیۆلۆجی دا بە سیاسەتەکانی "لویسی چواردە" کە دەیویست مەزهەبی پرۆتستانتی لە فرەنسادا نەهێڵێت، بەڵام بابزانین بەهانەی "بوسوێ" بۆ ئەم کارە چی بووە؟

ئەو پێی وابوو بیروباوەڕی مەسیحی لە فۆرمە کاتۆلیکییەکەیدا بەدرێژاییی ڕۆژگار وەک خۆی دەمێنێتەوە و ناگۆڕێت و بۆ هەموو کات و شوێنێک دەگونجێت. ئەمەش پێچەوانەی مەزهەبی پرۆتستانتییە کە زیاد لە جارێک گۆڕانی بەسەردا هاتووە و گەشەی کردووە. گەشەکردنی یان گۆڕانی بەتەنیا بەڵگەی ئەوەن، کەوا مەزهەبێکی بێ باوەڕییە و

دروستکراوی دەستی مرۆڤ خۆیەتی، ئەمە لە کاتێکدا مانەوەی مەزهەبی کاتۆلیکی وەکی خۆی لە سەرەتایەوە تا ئەمڕۆ، بەڵگەی ئەوەیە کە بیر و باوەڕێکی سەرلەبەر ئیلاهییە. کەواتە چۆن دەبێت کەلەپووری ئینسانی و کەلەپووری ئیلاهی لەیەک ئاستدا دابنێین؟ چۆن دەبێت زەندیقە پرۆتستانتییەکان و ئیمانداره ڕاستەقینە کاتۆلیکییەکان، بەیەک چاو سەیر بکەین؟

هەربۆیە "بوسوێ" فەتوای دا بەسەرکوتکردن و لەناوبردن و شاربەدەرکردنی پرۆتستانتەکانی فرەنسا. ئەوەی نەکوژرا و دەستبەرداری بیر و باوەڕەکەی نەبوو، بەنهێنی وڵاتی جێ هێشت و ڕووی کردە وڵاتانی تری وەک: (ئەڵمانیا، هۆڵەندا، ئینگلاند، کەنەدا). لە ئەنجامی ئەمە کۆچێکی بە کۆمەڵی سەدان هەزار کەسی ڕووی دا. تائێستاش فرەنسییەکان ئەم کارە بەپەڵەیەکی ڕەش دەزانن، لە مێژووی خۆیانداو شەرمی لێ دەکەن و لێی پەشیمانن. وەکو ئاشکرایە "ڤۆڵتێر"ی مەزنە ڕابەری ڕۆشنگەری، تەواوی تواناکانی خۆی لە دژی فێندەمێنتالیستەکان خستەگەڕ.

ئەی ئەمێستا فێندەمێنتالیستە ئیسلامییەکانی وەک تالیبان و غەیری تالیبان چی دەڵێن؟ ئەمانیش هەمان قسەی "بوسوێ" دەکەنەوە (بەتەنیا جیاوازییەکەوە)، ئەویش ئەوەیە تاکە عەقیدەی ئیلاهی عەقیدەی خۆیانە نەک بیر و باوەڕی "بوسوێ" و شوێنکەوتووانی! لەبەر ئەوە من هاوڕام لەگەڵ ئەو وتارەی بیریاری ئیتاڵی "ئەمبرتۆ ئیکۆ" کە بەم دواییانە لە (لۆمۆند) دا بڵاو کرایەوە. "ئیکۆ" لەو وتارەیدا داوای لە موسڵمانان کردبوو سەرنج لە ئەزموونی فێندەمێنتالیستە مەسیحییەکانی ئەوروپا بدەن، چونکە گەر وا بکەن ئەوا تێ دەگەن کە لە دەرەوەی ئەوانیش خەڵکانێکی تر هەن، بەتوندی بڕوایان بەوە هەیە هەقیقەتی ڕەهای ئیلاهی لای ئەوانە.

کەواتە دیدی بەراوردکاری زۆر پێویستە بۆ ئاشکراکردنی ڕێژەیی تەواوی کەلەپوورە ئاینییەکانی مرۆڤایەتی، سەرەڕای گرینگی و مەزنیی

هەریەکەیان، بەڵام بڕوابوون بەوەی هەقیقەتی ڕەها تەنیا لای ئێمەیە، ڕاستەوخۆ دەبێتە مایەی ستەمکاری و توندڕۆیی کوێرانە و سڕینەوەی هەموو فکرێکی تر. سەرەنجامیش ئەوەی لێی دەکەوێتەوە شەڕ و ماڵوێرانی و خوێنڕشتنە. میحنەتی گەورەی تاڵیبان و سەرجەم بزاوتە ئسووڵییە هاوچەرخەکانیش لەوەدایە. بەڵێ هۆشیاری ئیسلامی لای خۆیەوە پێی ناوەتە ناو قەیرانێکی گەورەوە کە هیچی لە قەیرانی هۆشیاری بەر لە سێ سەدەی مەسیحییەت لە ئەوروپا کەمتر نییە، قەیرانێکی وەهاش بەم زووانە کۆتایی نایەت.

## کۆتایی فێندەمێنتالیزمی ئیسلامی!

کتێبێک بەزمانی فرەنسی و بەهیچ زمانێکی تر شک نابەم، شان بدات لە شانی ئەم کتێبەی "جیل کیبل" و وەک دیاردەیەکی مەزن تاوتوێی فێندەمینتالیزم بکات و لێکدانەوەی بۆ بکات.. شایەنی باسە "کیبل" هەر لە زووەوە لێهاتوویی فیکریی خۆی سەلماند، بەتایبەتی لەو کاتەوەی کتێبی (پێغەمبەر و فیرعەون لێکۆڵینەوەیەک لەبارەی ڕەگوڕیشەی بزووتنەوەی فێندەمێنتالیستەکان)ی لە ساڵی ١٩٨٤ دا بەچاپ گەیاند. دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٨٧ (گیتۆکانی ئیسلام)ی بڵاو کردەوە و لە ساڵی ١٩٩١ کتێبی (تۆڵەی یەزدان)ی بەچاپ گەیاند. مەبەست لە (گیتۆکانی ئیسلام) ئەو گەڕەک و شوێنانەیە لە دەوروبەری شاری پاریس و لیۆن و مەرسیلیا و شارەکانی تری فرەنسا و ئەوروپا کە پەنابەرانی موسڵمانی تێدا نیشتەجێن.

کتێبەکەی تریشی (تۆڵەی یەزدان) باس لە گەڕانەوەی سەرلەنوێی ئیمانداری تەقلیدی دەکات بۆ ناو ژیان، ئەوە لە کاتێکدا پێمان وابوو مرۆڤایەتی لە سەردەمی مۆدێرنە و عەقلانییەت و پیشەسازی و تەکنۆلۆجیادا ئەو مەسەلەیەی تێپەڕاندووە. "جیل کیبل" لەم کتێبە تازەیەیدا (جیهاد)، توانیویەتی بگاتە ئاستێکی باشی لێکدانەوەی مەسەلەکان و وەک پێویستیش، دەستی بەسەر بابەتی کتێبەکەیدا شکاوە. ئەوەش وامان لێ دەکات بڵێین تەواوی لێهاتوویی و شارەزایی خۆی لێرەدا چڕ کردووەتەوە، تا ئەم کتێبە قەوارە گەورەیەی پێ بەرهەم بهێنێت، کتێبێک کە نزیکەی پێنجسەد لاپەڕەیەک دەبێت.

''کیبل'' لە دووتوێی لاپەڕەکانی ئەم کتێبەدا سەرنجێکی هەمەلایەنی زۆربەی زۆری ئەو بزاوتە فێندەمینتالیستییانە دەدات کە لە سەرتاسەری جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا بڵاوبوونەتەوە. دەکرێت بڵێین لەم کتێبەدا هیچ شتێکی لەبیر نەچووە. ئەوەتا باس لە بزووتنەوەکانی (التکفیر والهجرة) و جیهاد و کۆمەڵی ئیسلامی لە میسر دەکات. هەروەها بەشێوەیەکی ورد و شێلگیرانە باس لە پێوەندییە سلبی و ئیجابییەکانی ئەو بزووتنەوانە دەکات، بەدەزگای ئاینیی ڕەسمییەوە کە برێتییە لە (ئەزهەر). لەگەڵ ئەمانەشدا دێتە سەرباسی بەرەی ئینقازی ئیسلامی لە جەزائیر و بزووتنەوەی فێندەمینتالیزم لە وڵاتی ئوردون و پێوەندیی بە سیستەمی پاشایەتیی لەو وڵاتەدا. هەروەها باس لە بزووتنەوەی فێندەمینتالیزم لە پاکستان و تورکیا و مالیزیا و ئێران و سوودان و فەلەستین و.. هتد، دەکات.

دوای ئەوە ''جیل کیبل'' لە ڕێی تێزێکی تۆکمە و کۆنکرێتییەوە شتەکان پێکەوە دەبەستێتەوە. ڕەنگە ئەمە بەلاتەوە پەسەند بێت یان پەسەندی نەکەیت، بەڵام ناکرێت گومان لە ڕاستیی ئەو بۆچوونانەی یاخۆ لەو توانا زانستییەی بکەیت کە ئەو تێزەیەی بەرهەم هێناوە. تایبەتمەندیی ئەم کتێبەشی لەوەدایە کە لە کاتی لێکدانەوەکانیدا میتۆدی سۆسیۆلۆجی پەیڕەو دەکات..

''کیبل'' تەنیا بەوەندەوە ناوەستێت بەشێوەیەکی تیۆریی ئەبستراکت بیروڕا و بۆچوونی فێندەمینتالیستەکان بخاتە ڕوو، بگرە هەموو ئەوانە دەبەستێتەوە بەو هەلومەرجە دیموگرافی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەی لە هەر وڵاتێک لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا لە ئارادایە. پێموایە لەم ڕووەوە ''کیبل'' سوودی لە مەنهەجییەتی ''پییر بۆردیۆ'' و تێرم و زاراوەکانی ئەو وەرگرتووە، بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەیەکی ورد لەبارەی هەلومەرجی بزووتنەوە فێندەمینتالیستەکان لە هەر وڵاتە و بەجیا پێشکێش بکات و پاشان بەراوردیان بکات بەو هێزە عەلمانی و سیاسیانەی لەو

کۆمەڵگایانەدا هەن. بەم پێیە لێکۆڵینەوەی ئەو لە دیاردەی فێندەمینتالیزم، زۆر جار واقیعی و عەقڵانی دێتە بەرچاو و دەتوانێت قەناعەت بە خوێندکارانی بکات.

ئاشکرایە زیادبوونی بێحەد و حیسابی ژمارەی دانیشتوان دوای شەستەکان و پاشان بڵاوبوونەوەی بێکاری و هەژاری، هەموو ئەمانە بوونە مایەی سەرهەڵدانی بزاوتە فێندەمینتالیستەکان. تێزەی سەرەکیی ئەم کتێبەی "جیل کیبل" بەمجۆرەیە: ئەو بزووتنەوە ئوسوولیانەی لەماوەی چارەکە سەدەی ڕابردوودا لە کۆمەڵگە عەرەبی و ئیسلامییەکاندا شوێن پێی خۆیان قایم کرد و سەرکەوتنی جەماوەریی گەورەیان بەدەست هێنا، لە ئێستادا ئەستێرەی بەختیان لە ئاوابووندایە و بەرەو دواوە دەچن. بەڵام ئاخۆ هۆکاری ئەمە چی بێت؟

هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو هاوپەیمانییەی لەنێوان ئەم توێژە کۆمەڵایەتییانەدا هەبوو، بۆرژووازییەتێکی ئیماندار لە شارەکان لەگەڵ ئەو گەنجانەی بەدەست هەژاری و نەبوونییەوە دەیاننالاند. هەروەها ئەو توێژەش بوون لە هەشتاکان و نەوەدەکاندا توانییان، ئەو جەماوەرە بێشومارە لە دەوری بزاوتە فێندەمینتالیستەکان کۆبکەنەوە و توانیشیان کەم تا کورتێک ئەو بزاوتانە لە کورسیی دەسەڵات نزیک بکەنەوە. وەک ئەوەی لە میسر دوای تیرۆرکردنی "ئەنوەر سادات"، یاخۆ لە جەزائیر دوای سەرکەوتنی (FIS) لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩١ - ١٩٩٢ ڕووی دا. بەڵام دوای ئەوەی هەندێک کەسی توندڕۆ بەتایبەت لە گەنجە هەژار و دەستکورتەکان پەنایان بردە بەر کاری تیرۆریستی و تەقاندنەوە، بۆرژووازەکان لەو کارانەیان سڵەمینەوە و هێدی هێدی لێیان دوورکەوتنەوە.

بەمجۆرە ئەو بزووتنەوەیە بوو بە دوو بەشەوە، بەشێکیان توندڕۆ و شەڕەنگێز کە دەیویست بە هەر ڕێگایەک بووە بگاتە دەسەڵات، لەگەڵ باڵێکی میانڕەودا کە کەم تازۆر بەرژەوەندی و ئابووری و گوزەرانێکی باشی

هەبوو، نەیدەویست لە دەستیان بدات و سەرکێشییەک بکات کە سەرەنجامی دیار نەبێت.

بە بۆچوونی "جیل کیبل" ئەم کەرتبوونە بووە ڕێگر لەبەردەم ئەوەی بزووتنەوە ئسوولییەکان ئامانجەکانیان بەدیی بهێنن و بگەنە دەسەڵات. بەکورتییەکەی ئەو دەیەوێت بڵێت؛ (دابەشبووانی فێندەمینتالیزم بەسەر دوو باڵی میانڕەو و توندڕەودا، ئەو بزووتنەوەیەی زۆر لاواز کردووە) لەم سەروبەندەدا تەنیا بزووتنەوەی ئوسوولیی ئێرانی توانی بگاتە دەسەڵات، لەبەرئەوەی توانی هەموو چین و توێژەکان (هەر لە بۆرژووازییەتی شارەکانەوە تا ئەو نەدار و هەژارانەی نیشتەجێی گەڕەکە مىللییەکانی شارەکانن و تەنانەت توێژی ڕۆشنبیرە عەلمانییەکانیش)، هەر هەموویان لەژێر سەرکردایەتیی "خومەینی"دا کۆ بکاتەوە. ئەمەش بۆ خۆی موعجیزەیە، لەبەرئەوەی کەم ڕووی داوە سەرکردەیەکی کاریزمی توانیبێتی لانی کەمی تەواوی کۆمەڵگە لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە.

سەرکردەی تەواوی بزووتنەوە ئسوولییەکانی وڵاتانی عەرەبی لە هەوڵی ئەوەدا بوون هەمان ئەزموونی "خومەینی" لە وڵاتانی خۆیاندا دووبارە بکەنەوە، بەڵام هیچیان سەرکەوتوو نەبوون. دوای بیست ساڵ حوکمڕانیی ئاینی لە ئێران، دەبینین سەرەتاکانی دابەشبوون و لێکترازان لەنێوان ئەو چین و توێژانەدا دەستی پێ کردووە کە "خومەینی" توانی لە ساتەوەختی شۆڕشە جەماوەرییەکەیدا یەکیان بخات. دواجاریش ئاشکرا بوو کە حوکمڕانیی پیاوانی ئاینی لە ئێران مایەی نائومێدییە، هەر بۆیە تەواوی ڕۆشنبیرە عەلمانییەکان و بەشێکی زۆری چینی هەژاران لەو پڕۆژەیە جیابوونەوە. بەتایبەتی کاتێک بێ هیوا بوون و هەلومەرجی مادییان باشتر نەبوو. هەروەها بەشێکی زۆری چینی ناوەند کە "کیبل" بە بۆرژووازییەتی ئیماندارى شارەکانیان ناودەبات و (بریتین لە بازرگانەکانی ناو بازاڕ)، ئەوانیش لەو پڕۆژەیە تەکینەوە..

سەرەنجامی حوکمی دیسپۆتیزمی و سەرکوتکارانەی پیاوانی ئاینی، گەورەبوون و بەرفراوانبوونی باڵی ڕیفۆرمیستەکانی لێ کەوتەوە. تا کار گەیشتە ئەوەی "محەمەدی خاتەمی" بۆ پۆستی سەرۆکایەتیی هەڵببژێردرێت و کاندیدی باڵی موحافیزکارەکانیش لە بەرامبەریدا شکست بهێنێت. پاشان ئەو بۆچوون و دروشمە دۆگماو پەڕگیرانە کاڵ بوونەوە، بەڕادەیەک لاوانی ئێران دوای تاوانەکانی ١١ی سێپتەمبەر وەک هاوسۆزی نیشاندانێک بۆ گەلی ئەمەریکی، ڕژانە سەر شەقامەکان و ڕێپێوانیان ساز کرد. بەر لە دە ساڵ لە ئێستا کێ بەبیریدا دەهات شتی وا لە ئێراندا ڕوو بدات؟

"جیل کیبل" پێی وایە دەسەڵاتگرتنە دەست لە وڵاتی ئێران و سوودان لەلایەن فێندەمینتالیستەکانەوە، شتێکی زۆر چاک و بەسوود بوو بۆ بزاوتی ئازادیخوازیی دیموکراسی لە وڵاتانی ئیسلامیدا. بەڵام ئەمە چۆن؟ ئەمە بەو مانایە کارێکی باش بوو کە توانی خراپی و نالەباریی فێندەمینتالیستە توندڕۆکان ئاشکرا بکات و ئەو وەهمە گەورەیەش نەهێڵێت کە لە سەرەتاوە لە دەوریان هەڵچنرابوو.. فێندەمێنتالیستەکان لەبەرئەوەی بە زمانی ئەو فەرهەنگە ئاینییە کۆنە قسەیان دەکرد کە لەسەر ئاستی میللی بەچاوی ڕێزەوە سەیری دەکرێت و بە شتێکی پیرۆزی دەزانن، ئەوا توانیبوویان خۆیان وەک ڕزگارکەری میللەت و تاکە چارەسەری کێشەکان نیشان بدەن..

ئەمانە توانییان لە سەرەتادا ملیۆنەها کەس مۆبێلێزە بکەن، بەڵام بەگرتنەدەستی دەسەڵات و ئەوەی لەناو خۆیاندا بەیەکتریان کرد و دواتر بەرامبەر نەیارەکانیشیان ئەنجامیان دا و دوای ئەوەش فرتوفێڵیان لە بواری سیاسیدا وەک هەر حیزبێکی سیاسیی تر پەیڕەو کرد، هەموو ئەمانە بوونە مایەی ئەوەی ئەو قودسییەتەیان نەمێنێت و هەقیقەتیان ئاشکرا بێت.

بەکورتییەکەی پڕۆژەی فێندەمینتالیزم شکستێکی گەورەی هێنا، لە چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵدا. لەبەر ئەم هۆیەش ئێمە لە ئێستادا، چووینەتە قۆناغی (پاش فێندەمینتالیزم) زۆر کەس بەگژ ئەم تێزەی "کیبل"

دا چوونەوە و پێیان وابوو زیاد لە پێویست گەشبینیی پێوە دیارە، تەنانەت هەندێکیان کەوتنە گاڵتەپێکردنی دوای ئەوەی ڕووداوە تیرۆریستەکەی ١١ی سێپتەمبەر ڕووی دا و پرسییان: (ئەی لێکۆڵیاری مەزن، کوانێ پاشەکشە و کاڵبوونەوەی فێندەمینتالیزم؟ ئەزیزم ئەوەتا تائێستایش فێندەمینتالیزم لە هەڵکشاندایە و تۆش دەڵێیت بەرەو لەناوچوون دەچێت.. ئەم قسانە ڕاست نین، برۆ و تێزەکانت بگۆڕە یان لانی کەم دەستکارییان بکە).

نەیارانی "کیبل" پێیان وابوو ڕووداوی ١١ی سێپتەمبەر، سەرلەبەر تێزەی سەرەکیی کتێبەکەی ئەو بەدرۆ دەخاتەوە. پێموایە ئەوانەی ئەو ڕەخنانە ئاڕاستەی "کیبل" دەکەن ڕاست دەکەن و لە هەمان کاتیشدا بەهەڵەدا چوون. ڕاست دەکەن ئەگەر مەبەستیان ئەوە بێت کە پاڵنەر و وزەیەکی مێژوویی لەپشت بزاوتە ئسوڵییەکانەوە هەیەو تا هەنووکەش ئەو سەرچاوەیە وشکی نەکردووە و هەر ماوە، بەڵام لەوەدا بەهەڵەداچوون ئەگەر پێیان وابێت ناوبانگیی بزاوتە ئوسوڵییەکان خراپ نەبووە، بەهۆی ئەو تاوان و کارە تیرۆریستییانەوە کە لە ماوەی چارەکە سەدەیەکدا لە ناوەوە و دەرەوەدا ئەنجامیان داوەو تائێستاش لەسەری بەردەوامن. هەربۆیە درەنگ یان زوو دەبێت باجی نەک هەر ئەخلاقی، بگرە باجی سیاسیی ئەو تاوانانەیان بدەن.

ئەو قسانەی "جیل کیبل" فەلسەفەی "هیگڵ" و تێڕوانینەکانی بۆ مێژوو بیر دەهێنێتەوە چونکە "هیگڵ" پێیوابوو مێژوو هەندێک جار لە دەرگاکانی پشتەوەی، یاخۆ لە بەدترین گۆشەکانییەوە ڕەوت دەکات و لەو کاتانەیشدا هەرچی ڕق و چەپێنراوەکانی ناخییەتی دەتەقێنێتەوە و لەدەست دەردەچێت. بەڵام خۆ تا هەڵە نەبێت ڕاستی ئاشکرا نابێت و خراپە نەبووایە بە چاکە ئاشنا نەدەبووین.. ئەگەر بزاوتە توندڕۆکان نەگەیشتنایەتە کورسیی دەسەڵات و ماوەیەک حوکمڕانییان نەکردایە، تائێستاش گیرۆدەی وەهمی ئەوان دەبووین یاخۆ جەماوەری جیهانی عەرەبی و ئیسلامی بەداخی ئەوانەوە بوون و بڕوایان بەڕاستی و دروستیی چارەسەرەکانی ئەوان دەهێنا.

کەواتە دەبوو ئەو باجە گەورە بدرێت بۆ ئەوەی شتەکان ڕوون و ئاشکرا بن. هەر دەبوو بەقۆناغی فێندەمینتالیزمدا تێبپەڕینایە، تاکو ئەو وەهمە گەورانە بڕەوینایەتەوە و ڕێگەی داهاتوومان لەبەردەمدا بکرایەتەوە. بەم پێیە "جیل کیبل" ڕاست دەکات کە دەڵێت: ئێمە پێمان ناوەتە ناو قۆناغی پاش فێندەمینتالیزم.

"کیبل" دوا بەشی کتێبەکەی (جیهاد)، بەم نەفەسە گەشبینە نووسیوە و تێیدا باس لەوە دەکات کە بەناچاری ئاراستەی گەلانی ئیسلامی ڕووەو دیموکراسی دەچێت. ئەویش دوای کۆتاییهاتنی ئەو تەوژمی ئوسووڵییە تەکفیری مۆدێرنەی دەکرد. بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە سەرکردەی گرووپە فێندەمینتالیستەکانیش وازیان لە قەناعەتەکانی ڕابردووی خۆیان هێناوە و هەنووکە باس لە مافی مرۆڤ و دیموکراسی دەکەن، تەنانەت قبووڵیانە مامەڵە لەگەڵ ئەو ڕۆشنبیرە عەلمانییانەیشدا بکەن کە تا دوێنێ بەکوفر و ئیلحاد تاوانباریان دەکردن.

هەندێک لە سەرکردە ئسووڵییەکان هەست دەکەن توندڕۆیی و کاری تیرۆرستی، بەبنبەست گەیشتووە و ئەو ئەندامە توندڕۆیانەش مایەی هەڕەشە و مەترسین بۆ سەر تەواوی بزاوتی ئیسلامی، لەبەر ئەوە هەندێک لەوانە ناچاربوون لە ڕێی پەیڕەوکردنی چەند چەمکێکی شارستانیی خۆرئاواوە نێوبانگی خۆیان باش بکەن و سیمایان جوان بکەن. تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی هەندێکیان داوای ئەوە بکەن خوێندنەوەیەکی ڕۆشنگەرانە بۆ ئیسلام بکرێت! هەنگاوێکی لەم جۆرەش مایەی دڵخۆشییە و پێشوازی لێ دەکرێت، بە مەرجێک ڕاستگۆیانە بێت و تەنیا پرۆسەیەکی تاکتیکی یان سیاسی نەبێت.

لای خۆمەوە پێمـوایە بەم زووانە ئاقارێکی عەقڵانیی ڕۆشنگەر لە سەرتاسەری جیهانی ئیسلامیدا سەر هەڵدەدات و لە سەرەتادا وەک پەرچەکردارێک دەبێت، دژ بەو ڕەوتە فێندەمێنتالیزمە تاریکخوازەی

بەدرێژاییی چارەکــە ســەدەیەک بـەرۆکی گــرتبــووین.. هـەر واش بووە دوای هـەمـوو تاریکیـیـەک ڕووناکی دیت، بەڵام مـەسـەلەکـە هـەر وا ئـاسـان نیـیـەو لەماوەی شەو و ڕۆژێکدا سەر ناگرێت.

ئەزموونی ڕۆشـنگەریی ئەوروپایی بۆی سەلماندین شـەڕکردن لەگەڵ خودی خـۆتدا قورسـترین و تاقەتپڕووکێنترین جـۆری شـەڕە.. وا سـەرەتای شـەڕی خودی عەرەبی ئیسلامی لەگەڵ خودی خۆیدا دەستی پێ کردووە یان خەریکە دەست پێ دەکات کـە بێگومـان گرینگترین شـەڕی سـەدەی بیـست و یەکەم دەبێت، ئیـتـر لە دوای ئەمــەوە ڕابوونی ڕاسـتـەقـینە ڕوو دەدات کـە ڕابوونی عەرەبیی ئیسلامییە و ئەم پڕۆسـەیەش بەهەڵهاتنی ئەو خۆرەتاوە دەچێت کە لە دێرزەمانەوە چاوەڕوانی دەکەین.

## فێندەمێنتالیزم لە خۆرهەڵات و خۆرئاوا

زانستی ئەنسرۆپۆلۆجیا و لە پێشیشیانەوە "کلۆد لێڤی شتراوس"، ڕۆڵیان هەبوو لە کەمکردنەوەی بایەخ و گرینگیی ژیاری خۆرئاوا. "شتراوس" دوای شەڕی دووەمی جیهانی و تاوان و دزێوییەکانی ئەو شەڕە (لەوانەش هۆلۆکۆست)، بەشێوەیەکی ڕێژەیی لە شارستانییەتی خۆرئاوای دەڕوانی و بەمجۆرە تێرمی شارستانی بەسەر هەموو سیستەمێکدا دادەبڕی، ئیتر سەرەتایی بوایە یاخۆ پێشکەوتوو. زۆرێک لە خۆرئاواییەکان کەوتنە ڕەخنەکردنی ئەو دیدگا ڕێژەییەی بۆ شارستانییەتەکان و پێیان وابوو ئەم کارەی "شتراوس"، جۆرێکە لە تۆڵەکردنەوە لە شارستانییەتی خۆرئاوا کە لە قۆناغی فاشیزم و نازیزمدا لە پرەنسیپەکانی ڕۆشنگەری لایدا.

ئەگەر لە چوارچێوەی ئەم دیدگا ڕێژەگەراییەوە سەیر بکەین، ئەوا دەبێت سیستەمی تاڵیبان وەک شارستانییەت سەیر بکەین و لە ڕیزی سیستەمی سویسرایی و هۆڵەندی و ئەوروپیدا دایبنێین!! بەڵام خۆشبەختانە دامەزرێنەری بنیاتگەری لە فیکری ئەوروپایی هاوچەرخدا، دواجار لەم بۆچوونانەی پاشگەز بووەوە و ئێستا دان بەهەندێ خەسڵەت و تایبەتمەندی ژیاریی مۆدێرندا دەنێت، وەک: (ئازادی تاکەکەسی و تۆلێرانسی ئاینی و پلورالیزمی فیکری و سیاسی و... هتد).

شایەنی باسە زۆرێک لە نووسەرانی فێندەمێنتالیزم لە وڵاتانی عەرەبیدا، بیروڕاکانی "شتراوس" و "فۆکۆ" و قوتابخانەی فرانکفۆرت و تەنانەت "هایدگەر" و "نیچە"یان بەکارهێناوە، بۆ ئەوەی بۆچوونەکانی خۆیانی پێ پشتڕاست بکەنەوە و وەک یەکێک لە دەرکەوتەکانی شارستانی نەک تەواوی

شارستانی لێی بڕوانن. تەنانەت ئەوەندە زیادەڕۆییان لە ڕەخنەکانیان کرد، تا ئەو ڕادەیەی سیفەتی شارستانییان لە خۆرئاوا سەندەوە و کەوتنە سڕینەوە و تەکفیرکردنی بیر و باوەڕ و دنیابینیی خۆرئاواییەکان.

ئەم بۆچوونانە لەگەڵ هەڵکشانی چەپی پەرگیر لە کولتووری خۆرئاواو عەرەبیدا، ڕەواجیان پەیدا کرد. بەڵام دوای ئەوەی مەترسی ئەم بۆچوونانە بۆ هەموو لایەک ئاشکرابوو، ئەم قۆناغە بەرەو کاڵبوونەوە و کۆتایی دەچێت. هەنووکە هەمووان کۆکن لەسەر ئەوەی کە جیاوازی لەنێوان شارستانییەت و بەربەرییەت، تۆلێرانسی ئاینی و دەمارگیری کوێرانە، ستەمکاری سیاسی و سیستەمی دیموکراسیدا هەیە.

دوای ئەوەی پرۆسەی پاکتاوی ڕەگەزی و مەزهەبی لە چەند ناوچەیەکی جیهاندا ڕووی دا، هیچ کەس سەدەکانی ناوەڕاست و سەردەمی مۆدێرنە، یاخۆ تێگەیشتنی تاریکخوازی کۆن بۆ ئاین لەگەڵ تێگەشتنی ڕۆشنگەری و ئەقڵانیدا، لە یەک تادا دانانێت. لەم گۆشە نیگایەوە تێرمی پێکدادانی شارستانییەتەکان، ماناو مەبەستی خۆی لەدەست دەدات. چونکە ئەو ململانێیەی هەنووکە لە ئارادایە، لەنێوان شارستانییەتی مۆدێرنە وەک گشتێک لەگەڵ فێندەمێنتالیستە توندڕۆ و پەرگیرەکاندایە لە هەر جێیەک بن. کەواتە ململانێ لەنێوان ژیارە جیاجیاکاندا نییە، بگرە ئەوەی هەیە ململانێیە لەنێوان شارستانییەتێکی گەردوونی و مرۆڤدۆستانە لەلایەک، لەگەڵ نەفامی و ئەو تاریکخوازە قین لە دڵانەی چاویان بە پێشکەوتنی مرۆڤایەتی هەڵنایەت لەلایەکی ترەوە.

بەم پێیە شارستانییەت هەر بەتەنیا خۆرئاوای ئەورووپی و ئەمەریکی ناگرێتەوە، بگرە برێتییە لە سەرجەمی ئەو توێژە ڕۆشنگەرانەی خواستیان پێشکەوتن و بەرەو پێشچوونە لە جیهانی ئیسلامی و ئاسیا و ئەفریقیا و ئەمەریکای لاتین و.. هتد. بەمجۆرە تەنانەت لەناو خودی خۆرئاوادا، هێزگەلێک دەبینین کە داخ لە دڵ و چاویان بەو شارستانییەتە هەڵنایەت.

مەبەستم لەو هێزانەش ڕاستیی توندڕۆی ڕەگەزپەرستە کە پێیوایە میللەتانێک هەن بۆ شارستانییەت دروست بوون وەک گەلانی ئەوروپایی، میللەتانێکی تریش هەن بۆ نەفامی و دواکەوتوویی خوڵقاون، ئەوانیش میللەتانی ئیسلامی و عەرەبین. کەواتە ئەوەی هەیە کێشە و ململانێی فێندەمێنتالیستەکانە لەگەڵ یەکدیدا، نەک ململانێ و پێکدادانی شارستانییەتەکان بێت. بۆ نموونە ئەو وەزیرە ئیتاڵییەی وێنە کاریکاتیۆرییەکانی کردبوو بە سنگییەوە، هیچی لەو فێندەمێنتالیسانە کەمتر نییە کە لە خۆرهەڵاتدان. خۆشبەختانە "سلڤیۆ بیرلسکۆنی" ئەو وەزیرەی لە پۆستەکەی لاداو لە کابینەکەیدا جێی نەکردەوە.

لێرەوە ئاشکرا دەبێت ئەو ململانێیەی هەنووکە لە ئارادایە لەنێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوادا و تەنانەت لەنێوان جیهانی ئیسلامی و خۆرئاوادا نییە، بگرە لەنێوان ڕۆشنگەران و دەمارگیرانی هەموو کۆمەڵگەیەکدایە. بەمجۆرە تێزەکانی "بێرناردلویس" و "سامویێل هنتنگتۆن" لەبارەی ململانێی شارستانییەتەکان شکست دێنێت، لەبەرئەوەی ئەم ڕەهەندەیان بە هێند نەگرتووە.

بەڵام لێرەدا جێی خۆیەتی بڵێین ڕێژەی نەزانین و دەمارگیری لە وڵاتانی ئیسلامیدا، زۆر زیاترە لەوەی لە جیهانی خۆرئاوادا هەیە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تائێستا بزاوتی ڕیفۆرمی ئاینی و ڕۆشنگەری فەلسەفیمان بەخۆمانەوە نەبینیوە، وەکو ئەوەی بەدرێژاییی چوار سەدەی ڕابردوو لە ئەوروپادا ڕووی دا. ئەمە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە و نکوڵی لێکردنی هیچ سوودێکمان پێ ناگەیەنێت. بەپێچەوانەوە کارێکی وا دەبێتە مایەی ئەوەی هەر بەدواکەوتوویی بمێنینەوە، لەبەرئەوەی ناهێڵێت شتەکان وەکو خۆیان ببینین و ئەمەش وا دەکات ئەرکە گرینگ و سەرەکییەکانمان بیرچێتەوە.

من دەزانم ئەم قسانە زۆرێک لە کەسانی خۆ بە شتزان و سۆفستائییەکان

له کـایـەی عــەرەبی و ئیـسـلامـیـدا جـارِس دەکـەن، بەڵام نـاچارم لەپێناو هەقیقـەتدا و هـەروەها لەپێناو بەرەوپێشچـوونی گەلانی عەرەبی و ئیسـلامیدا باسـیـان بکەم.. ئەوەی دەربـایـسی گــەل و مــیللـەتی خــۆیەتی، بیــریاری ڕەخنەگری قسـە لـە ڕووە، نەک ئەو بیریارانەی خـەریکی ڕووپـامـاییکردنن و دنەی ڕۆحی دەمارگیری و شۆڤێنیزم دەدەن.

بەڵام داخــۆ ئەمــە ئەوە دەگـەیەنێت کـە هـیچ کـەمـوکـوڕی و هەڵەیـەک لە شارسـتانییەتی خۆرئاوادا نییە؟ ئایا ئەمـە مانای وایە مۆدێرنە موقـەدەسە و نابێت ڕەخنە لە کەموکوڕییەکانی بگرین. پێویستە دان بە دەسکەوت و لایەنە پۆزەتڤییـەکانیدا بنێین، لە ڕیزی پێشـەوەشدا ئـازادی بیرکردنەوەو ڕەخنە و ڕادەربڕین. بێگومـان دەتوانین لـەگـەڵ ئەمـانەشـدا باس لە دەوڵـەتی یاسـا و دامودەزگاش بکەین، نەک دەوڵەتی بەرتیل و گەندەڵی.

هـەروەها دەتوانین شتگەلێکی تر باس بکەین کە کۆمەڵگەکانی ئەوروپا لێی بەهرەمـەندن و کۆمـەڵگە عەرەبی و ئیسلامـییـەکانیش لێی بێ بەشن. لەوانە: بیــمــەی کـۆمــەڵایەتی و تەندروسـتـی و یەکـسـانـی نێـوان هـاووڵاتیـان و جێهێشـتنی قۆناغی تایفـەگەری و دەسـتـەگەری و مـەزهـەبی کە تا ئێـسـتاش گەلانی ئێمـە بەدەسـتیـانەوە دەناڵێنن و هەڕەشـە لە یەکـەتیی نیشـتمـانییـان دەکات. ئەم ڕستـانە لە پای ئەو شتـە ترسناکانەدا دەنووسـم کە هـەنووکە لە عێراقدا ڕوو دەدات. ئەوەی ئەم دەسکـەوتە گرینـگ و بەنرخانـە نەبینێت، یان نابینایە یاخۆ خۆ بەزلزانێکە هیچ خێرێک ناداتەوە!

خــۆ ئـەگــەر وا نـەبێت، هـەزاران کــۆچـبــەر هـەوڵ نـادەن خــۆیان بـگـەیـەنـنـە لێوارەکـانی ئەوروپا، تەنانەت ئەگەر سـەریشیـان تێدا بچێت و نوقـمی دەریا بن. گەر وا نـەبوایە سـەدان ڕۆشنبیری عەرەب و موسـڵمـان ژیانی تاراوگەیان لە لەندەن و پـاریس هـەڵنـەدەبژارد، بۆ قـوتاربوون لەدەست ئەو سـتـەمکاری و دەمارگیرییەی لە سـەردەمی عوسـمـانییەکانەوە هـەیە و تا ئەمڕۆ بەردەوامە.

بێگومـان بەئـاسـانـی دەتوانین ڕەخنە لە کەمـوکـوڕییەکانی شـارسـتـانییـەتی

خــــۆرئاوا بگرین، بەتایبـــەت ئەوەی پێـــوەندی بە هاوجنســـبـــازی و پەرگـیـریکردنەوە هەیە، لە بەرەڵڵایی و تێـرکـردنی حـەز و ئارەزووەکـان. ڕەخنـەیەکی لـەم جـــــۆرە بە بۆچـوونی مـن ڕەوایە، بەڵام نـابێت کـــــۆی شـارسـتـانیـەتی خـۆرئاوا بۆ دیاردەیەکی لـەم جۆرە کورت بکەینـەوە، چونکە ئەمـــە شـــتـێکی لاوەکی و پەراوێزە. ئێـــمـــە دەتـوانین ڕەخنـەی زۆر توندتر ئاڕاسـتـەی ئەو شـارسـتـانییـەتە بکەین، ئەویش خـودپەسـەندی و داخـرانە بەسـەر خـوددا. هەروەهـا دەکرێت سـەرزەنشـتـی ئەوەشی بکەین کـە داوا لە مـوسـڵـمـانـان دەکـات، لە مـاوەی چـوار سـاڵدا ئەوە بکەن کـە ئەو لە چوار سـەدەدا بـەدەسـتی هێناوە! ئاشکرایە گـۆڕینی پڕۆگـرامـی خـوێندن یاخـۆ نوێکردنەوەی بیـرکـردنەوە بەگـشـتـی لە شـەو و ڕۆژێکدا ڕوو نادەن، بگرە پێویستمان بەکاتی زۆرتر و زیاتر هەیە.

## فێندەمێنتالیزمی مەسیحی لە خۆرئاوا

کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی خۆرئاوا پێیانوایە، بزاوتە فێندەمێنتالیستە پەرگیرەکان شتێکە تەنیا تایبەتە بە جیهانی عەرەبی و ئیسلامی، بەڵام بۆچوونێکی وا هەرگیز ڕاست نییە و بۆ ئەوەی لەمەش دڵنیا بین هێندە بەسە، چاوێک بەمێژووی دوور و نزیکدا بخشێنین.. دادگاکانی پشکنین لە سەرەتای سەدەی سیازدەوە لە ئەوروپای مەسیحیدا دامەزران و تا سەدەی هەژدە بەردەوام بوون، ئەم دادگایانە ئەوپەڕی دەسەڵاتی خۆیان لە ئیسپانیای کاتۆلیکی پەرگیردا مومارەسە کردووە. بە بڕیاری ئەو دادگایانە موسڵمانەکانی ئەو وڵاتە دەرکران، تەنانەت دوای ئەوەی لەژێر پاڵەپەستۆدا بوونە مەسیحی و دەستبەرداری ئاینی خۆیان بوون.

دژایەتیکردنی بیریاران و زانایانیش لە سەدەی سیازدەوە بەردەوام بوو تا سەرەتاکانی سەدەی بیستەم و تەنانەت ڤاتیکان لێژنەیەکی تایبەتی بۆ قەدەغەکردنی کتێب دروست کرد[1]، ئەرکی ئەو لێژنەیە سانسۆرکردنی ئەو کتێبە فەلسەفی و زانستییانە بوو کە گومانی ئەوەیان لێ دەکرا، لە بیر و

---

١. لە سەدەی شەشەمدا ڤاتیکان نوسینگەیەکی تایبەتی بۆ قەدەغەکردنی کتێب دروست کرد و تا ساڵی ١٩٦٥ ئەم نوسینگەیە لەسەر کارەکانی خۆی بەردەوام بوو، ئەمەش مانای وایە ڤاتیکان ڕێگری لە مەسیحییەکان کردووە ئەو کتێبانە بخوێننەوە کە زیان بە ئەقڵ دەگەیەنن یاخۆ مەترسییان بۆ سەر بیر و باوەڕ هەیە. هەربۆیە زۆربەی کتێبە فەلسەفی و زانستییەکان خرانە لیستی کتێبە قەدەغەکراوەکانەوە، بەڵام لە دوای هاتنی مۆدێرنە و پاشەکشەکردنی سەدەکانی ناوەڕاست ئەو سانسۆرە هەڵگیراو ئیتر کەس لەم ڕووەوە پەیڕەوی بڕیارەکانی ڤاتیکانی نەدەکرد، جگە لە هەندێک مەسیحی ئەرسۆدەکسی و توندڕۆ نەبێت.

باوەڕی مەسیحیی ئەرسۆدەکسی لایاندابێت..

بەمجۆرە کتێبەکانی (گالیلۆ و دیکارت و سپینۆزا و جان جاک ڕۆسۆ و ڤۆڵتێر و.. هتد)، بەر ئەو شالاوە کەوتن. لەو کاتەدا زۆربەی فەیلەسووفەکان کتێبەکانیان لە هۆڵەندا چاپ دەکرد، لەبەرئەوەی وڵاتێک بوو لەو ڕۆژگارەدا ئازادیی زیاتری تێدابوو، پاشان بەنهێنی دەبرایە فرەنسا. مێژوونووسی هاوچەرخی ئەمەریکی "ڕۆبێرت دارنتۆن"[٢]، چەندین لێکۆڵینەوەی لەبارەی ئەم مەسەلە گرینگەوە (مەسەلەی کتێبی قەدەغەکراو و چۆنیەتیی ڕەوانەکردنی بۆ فرەنسا بەشێوەیەکی نهێنی لە سەدەی هەژدەمدا) بڵاو کردووەتەوە. دەتوانین بڵێین فێندەمێنتالیزمی مەسیحی دوو قۆناغی سەرەکی هەبووە، قۆناغی سەدەکانی ناوەڕاست و قۆناغی سەدە نوێکان.. لێرە بەدواوە هەوڵ دەدەین بەدوور و درێژی باس لە هەردوو قۆناغەکە بکەین.

---

٢. بۆ شارەزابوون لە چۆنیەتی قەدەغەکردنی کتێب لە ئەوروپای کۆندا، کتێبەکانی مێژوونووسی ناسراو "ڕۆبێرت دارنتۆن" گرینگی خۆیان هەیە. بۆ نموونە بڕوانە: (بڵاوکردنەوە و یاخیبوون، هەلومەرجی ئەدەبیاتی نهێنی لە سەدەی هەژدەمدا)، خانەی بڵاوکردنەوەی گالیمار.

Robert Darnton: Editiou et Sedih ou: L'uniuers de, lilterature clan destine au xviiie Siecle. Gall imard 1991.

## سەدەکانی ناوەڕاست و دادگاکانی پشکنین

دادگــا بەدناوەکــانی پشکنین وەک نموونەی ترۆپکی دەمــارگــیــری و ناڵێکبوردەیی باسی لێ دەکرێت، ئەم دادگـایانە لە سـەرەتاکانی سـەدەی سـێزدەیەم و بە بڕیارێکی پاپا گرینواری نۆیەم لە ساڵی ١٢٣٣ دامـەزران. ئامـانجیش لێی دژایەتیکردنی هەمـوو جـۆرە لادانێک بوو لە بیـر و باوەڕی ڕەسمی و مەسیحی. لە سەرجەم ناوەندەکانیدا پیاوانی ئاینی بەو کارە ڕاسپێردرابوون و هەریەک لەوان بەرپرسـیار بوون لەوەی چاودێری ئەو کەسانە بکەن کە گومانیان لێ دەکرا. بەمجـۆرە و تەنیا لە ڕێی گومان لێکردن یاخۆ قسەی دەرو دراوسێوە، خەڵکی پەلکێشی دادگاکانی پشکنین دەکران.

سەرەتا دەستیان دەکرد بە لێپرسینەوەی گومان لێکراوەکە بۆ ئەوەی دان بەتاوانەکەیدا بنێت، گەر هاتوو ئیعترافی نەکرد ئەوا هەڕەشەی سزادانیان لێ دەکرد. لەو کاتەشدا زۆریان خۆیان پێ نەدەگیرا و ناچار دانیان بەتاوانەکانیاندا دەنا و داوای لێخۆشبوونیان دەکرد. هەندێک جار پەشیمانبوونەوەیان لێ قبووڵ دەکرا و ئازاد دەکران، بەڵام گەر گومانی ئەوەیان بکردایە کە لە تۆبەکردنەکەیاندا درۆ دەکەن و ڕاستگۆنین، ئەوا دەیانخستنە بەردەم سزایەکی جەستەی توند بۆ ئەوەی بەیەکجاری بڕووخێن. خۆ ئەگەر ئەو کەسە هەر سوور بووایە لەسەر بۆچوونەکانی خۆیی و پەشیمانی نیشان نەدایە، ئەوا ئاگریان بۆ دەکردەوەو دەیانسووتاند. خەڵکێکی زۆر بەم شێوە دڕندانەیە کوژران و ئەمەش بووە پەڵەیەک بەناوچاوانی سەدەکانی ناوەڕاستەوە.

هەندێک پێیـان وایە ژمـارەی ئەو قـوربـانیـیـانەی لەو قـۆنـاغـەدا بە ئاگـر سووتێنراون دەیان و بگرە سەدان هەزار کەس دەبن، لە بەناوبانگترینیشیان ریفۆرمسـتی بەناوبانگی چیکی "جان هۆس"ە[٣]، ئەم قەشـەیە بەدڵسـۆزی و خواپەرستی و ڕەوشت بەرزی بەناوبانگ بوو.

هەروەها خـاوەنی پلەوپایەیەکی بەرزی ئەکـادیمیش بـوو، بەو پێـیـەی لە سـەرەتای سـەدەی پازدەدا ڕاگـری زانکۆی پراگ بـوو. بەڵام پیـاوانی ئایـنی ڕقــیـــان لێ هـەڵگرت، لەبەرئەوەی پەردەی لە ڕووی ئـەو دەســتــدرێژییــە ناوڕەوایانە هەڵماڵی کە کڵێسا دەیکردە سەر خـەڵکی و کڵێسـاش ئەوەی بەلادان لە بنەماکانی ئاینی مەسیحی دایە قەڵەم. هەروەها سەرنجی بۆ لای ڕەفـتـاری هەندێک قـەشـە و مـەتران ڕاکـێـشـا کـە ئەرکی ڕاسـتـەقـینەی سـەرشـانیان جێبەجێ ناکەن، بگرە تەنیا گرینگی بە بەرژەوەندیی تایبەتی خـۆیان دەدەن و خـەڵکی سـادە و سـاکـاریش هەڵدەخـەڵەتێنن. کـڵـێـسـای کـاتۆلیکی ئـەم قـسـانەی "هـۆس"ی بە هەڕەشـەیەک دەزانی بۆ سـەرخـۆی، هەربۆیە فەتوای تـەکفیرکردنی دەرکرد. ئەگەرچی دوای بانگهێشتکردنی بۆ دادگا دڵنیایان کردەوە کە هیچی لێ ناکەن، بەڵام چاوبەستیـان لێ کرد و هەر هەمان ڕۆژ (واتە لە بەرواری ٦ی تەمووزی ١٤١٥)دا، دەستگیریان کرد و ئاگـریـان تێـبـەردا. دەبێت بزانین کـە ناوەڕۆکی ئینجـیل شـتـێکە و پراکتیزەکردنیشی لەسـەر زەمینەی واقیع شتێکی ترە. لانی کەم ئەمە لەو قۆناغە ئەنگوستەچاوەی ژیانی مەسیحییەتی ئەورووپیدا وابوو.

هەر لە گـرینگتـرین و بـەناوبـانگتـرین ئـەو کـەسـانەی هـێنرانە بەردەم

---

٣. جـان هـۆس: قـەشـەیەکی لە خـواترس و ڕاگـری زانکۆی پراگ بـوو. سـەدەیەک بـەر لە "مارتن لوتەر" دەستی بە ڕیفۆرمی ئاینی کرد، بەڵام وەکی دەوترێت پێشوەختی کاتی خۆی هات هەربۆیە سەرکەوتوو نەبوو، سەرەنجامیش کوژرا. بەڵام هەرچی "لۆتەر"ە لەکاتی خۆیدا هات و توانی سەرکەوتوو بێت. دەتوانین بڵێین پێوەندییەکی توندوتۆڵ لەنێوان بیر و بۆچوونە چاکسازییەکانی "جان هۆس" و "لۆتەر"دا هەیە.

دادگـاكـانی پشكنین، فـەیلەسـووفی ئیـتـاڵی "جـۆردانۆ برۆنۆ"[٤] و زانای بەناوبانگ "گالیلۆ" و تەنانەت "كۆپەرنیكۆس"یش بوو كە باسی سوورانەوەی زەوی بەدەوری خۆردا دەكرد و توانی زۆر بە وریایی خۆیەوە، لە دەستیان قوتار بێت و ئەو كتێبەی باسی لە تیۆریا تازەكەی دەكرد، بڵاوكردنەوەی دواخست بۆ دوای لە دنیا دەرچوونی! بەڵام چارەنووسی "جۆردانۆ برۆنۆ" جیاواز بوو، ئەو پیاوە دوای ئەوەی ماوەیەک بوو بە قەشە وازی هێنا و خووی دایە فەلسەفە و كەوتە پەیڕەوكردنی تیۆریاكەی "كۆپەرنیكۆس".

ئەم تیۆریایەش لەبەرئەوەی پاپاو فێندەمێنتالیزمی مەسیحی قەدەغەیان كردبوو، گومانیان لێ پەیداكرد و كەوتنە ڕاوەدوونانی. بۆیە ناچار بوو ئیتاڵیا جێ بهێڵێ و ڕوو بكاتە فرەنسا و سویسرا و ئینگلستان و ئەڵمانیا و لە زانكۆكانی ئەو وڵاتانەدا، وەكو مامۆستایەک كار بكات و ئەمەش ناوبانگێكی زۆری بۆ پەیدا كرد.

دوای ساڵانێكی زۆر لە ئاوارەیی و دوورە وڵاتی، مەیلی گەڕانەوەی دەكرد بۆ ئیتاڵیا و گەورە بازرگانێكی شاری ڤینیسیا داوای لێ كرد تا بگەڕێتەوە و لەوێ منداڵەكانی فێری خوێندن بكات و بەدڵنیاییەوە بژی. بەڵام دەستبەجێ و لەگەڵ گەڕانەوەیدا دایە دەست دادگاكانی پشكنین لە ڤاتیكان و ئەوانیش زمانیان بڕی و سووتاندیان. ئیتر "جۆردانۆ برۆنۆ" بوو بە نموونەی قوربانیدان لەپێناو ڕاستی و ئازادیی فیكردا و لە مێژووی ئەورووپاشدا بوو بە سەمبولێک.. فێندەمێنتالیستە كۆنەپەرستەكان

٤. جۆردانۆ برۆنۆ (١٣٧١ – ١٤١٥): فەیلەسوفێكی بەناوبانگی ئیتاڵیە. لە سەرەتادا قەشە بوو، بەڵام دواتر وازی لە خوێندنی تیۆلۆجیا هێنا و دەستی بە خوێندنی فەلسەفە كرد. "برۆنۆ" بڕوای بە تیۆریاكەی "كۆپەرنیكۆس" هەبوو، دەربارەی سوڕانەوەی زەوی بەدەوری خۆردا. هەرچەندە لەو سەردەمەدا ئەو بۆچوونە لەلایەن كڵێساوە قەدەغە كرابوو. بۆ ماوەی هەشت ساڵ زیندانی كرا، بەڵام كڵێسا هەر بەوەندەوە نەوەستاو بە تۆمەتی كوفركردن زمانیان بڕی و سووتاندیان!

لەناوچوون، بەڵام ناوی ئەو لەسەر لاپەڕەکانی مێژوو هەر دەدرەوشێتەوە.

زانای بەناوبانگ "گالیلۆ" هەمان چارەنووسی دەبوو، گەر لە دواساتدا فریای خۆی نەکەوتایە و دەستبەرداری تیۆریا بەناوبانگەکەی نەبوایە. لە بەرامبەردا ڤاتیکان چاوپۆشی لێ کرد و حوکمی لە سێدارەدانیان بەسەردا جێبەجێ نەکرد، بەڵام دواتر ڕەوانەی فلۆرەنسایان کردو لە یەکێک لە گەڕەکەکانی ئەو شارەدا دەستبەسەریان کرد، بۆ ئەوەی لەژێر چاودێری خۆیاندا لێکۆڵینەوەکانی ئەنجام بدات.

دوای تێپەڕبوونی زیاد لە سێسەد ساڵ بەسەر دادگاییکردنەکەیدا، کڵێسای کاتۆلیکی دانی بەوەدانا کە ناهەقی بەرامبەر بە "گالیلۆ" کردووە! پرۆسەی سووتاندنی دادگاکانی پشکنین تا سەدەی حەڤدەم و تەنانەت سەدەی هەژدەش هەر بەردەوام بوو. نێڵەی ئاگری ئەو دۆزەخە تەنیا ئەو کاتە خامۆش بوو کە سەردەمی ڕۆشنگەری دەستی پێ کرد و ڕۆژگاری تاریکی و بیرتەسکی بەسەرچوو.

هەر سەبارەت بەو مەسەلەیە با نموونەیەکی تر بەرچاو بخەین. لە ئەوجی سەردەمی ڕۆشنگەریدا ڕووداوێکی بەناوبانگ لە کەسێک ڕووی دا کە ناوی "لابار" بوو[٥]، ئەم کوڕە هەرزەکارێکی نۆزدە ساڵان بوو، لەبەرئەوەی خاچێکی شکاندبوو دەستیان بڕی و زمانیان قرتاند و دواجار سووتاندیشیان. "ڤۆڵتێر" ئەم ڕووداوەی قۆستەوە و هێرشێکی توندی کردە سەر فێندەمێنتالیستە مەسیحییەکان.

هەروەها لە جنێڤیش "میشێل سێرڤیە"ی فەیلەسووفیان بەزیندوویی سووتاند، بە تۆمەتی گومانکردن لە عەقیدەی (باوک، کوڕ، ڕۆحی پیرۆز) کە لە عەقیدە سەرەکییەکانی ئاینی مەسیحییە. تەنیا گومانکردن لە ڕاستیی

---

٥. جان فرانسوا لابار (١٧٤٧ – ١٧٦٦): لە سەدەی نۆزدەمدا پێیان وابوو "لابار" یەکێکە لە قوربانییەکانی زوڵم و ستەمی فێندەمێنتالیزمی مەسیحی.

ئەو عەقیدەیە، بەس بوو بۆ ئەوەی ببێتە خۆراکی ئاگر و لەم سەروبەندەشدا نە زانست و ئینسانییەت و نە فەلسەفەکەی، بەهانایەوە نەهاتن و شفاعەتیان بۆ نەکرد.

لە ئیسپانیاش کاتێک لە ساڵی ١٤٩٢ شانشینی غەرناتە خۆی دا بەدەستەوە (کە دوایین دەوڵەتی ئیسلامی بوو لە ئیسپانیا)، بەڵێنی ئەوەیان بە موسڵمانان دا کە لە بەرامبەر ملکەچکردنیان بۆ دەسەڵاتی تازە ڕێگەیان پێ دەدەن سرووتە ئاینییەکانی خۆیان ئەنجام بدەن، بەڵام هەر زوو لەو بەڵێنەی خۆیان پەشیمان بوونەوە و کەوتنە ڕاوەدوونانیان. ئەوەبوو شاژنی بەناوبانگی ئیسپانیا "ئیزابیل"، سەرپشکی کردن لەنێوان ئەوەی یان دەبنە مەسیحی یان دەبێت وڵات بەجێ بهێڵن.

زۆرێک لەوانە بۆ پاراستنی ژیانی خۆیان بوونە مەسیحی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر وازیان لێ نەهێنان و چاودێرییان دەکردن و بەگومان بوون لێیان، چونکە پێیان وابوو بە نهێنی و لەژێرەوە خەریکی ئەنجامدانی سرووتە ئیسلامییەکانی خۆیانن. بۆیە تاوانباریان کردن بەلادان لە بیر و باوەڕی مەسیحییەت و کەوتنە سزادانیان. چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە و بەو جۆرە زۆر سەرکەوتوو نەبوو، بۆیە بڕیاری دەرکردنی بەکۆمەڵیان لە ئیسپانیا درا[٦]. لە ساڵی ١٦٠٩-١٦١٠ نزیکەی ٢٧٥٠٠٠ کەس لە ئیسپانیا دەرکران و ڕوویان کردە وڵاتانی ئیسلامی وەک مەراکیش و تونس و جەزائیر و تەنانەت چوونە هەندێ لە وڵاتانی مەسیحیش. بەمجۆرە ئەم کێشەیە بەشێوەیەکی ڕادیکاڵی چارەسەر کرا.

---

٦. بۆ زیاتر ئاگاداربوون لەم مەسەلەیە خوێنەر دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ ئەم سەرچاوەیە:
جاکلین مارتان باجنودیز، دادگاکانی پشکنین، ئەفسانە و حەقیقەت- پاریس، ١٩٩٢، ل ٩٧.

INQUISITION, Jacqueline Martin- Bagnau dez. Mythes et realites, Paris, 1992.

## فێندەمێنتالیزمی مەسیحی و سەردەمە نوێکان

ئێستا دێینە سەر باسی ئەوەی لە دوای سەردەمی ڕێنسانس و ریفۆرمی ئاینی لە سەدەی شازدەمدا ڕووی دا. عادەتەن ئەم قۆناغە بە سەردەمە نوێیەکان ناونووس دەکرێت. ئەگەرچی لە ڕاستیدا ئەم سەردەمانە دوای دووسەد ساڵ واتە لە کۆتایی سەردەمی هەژدە و سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەدا نەبێت، سەرکەوتنیان بەدەست نەهێناو جێ پێی خۆیان نەکردەوە. دوای سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ریفۆرمی ئاینی و ڕێنسانس لە سەدەی شازدەمدا دووکەس دەبنە دوژمنی سەرسەختی ڕۆما و ڤاتیکان، ئەوانیش بریتی بوون لە "مارتن لۆتەر"[٧]ی پرۆتستانی و "ئیراسم"ی[٨] ڕابەری بزووتنەوەی ڕێنسانس. لەبەر ئەوە پاپا فەتوا بەناوبانگەکەی خۆی دەرکرد و "لۆتەر"ی تەکفیر کرد و ساڵی ١٥٢١ لە کڵێساش دەری کرد. ئیتر لەوکاتەوە جیهانی مەسیحی لە ئەوروپا بوو بەدوو بەشەوە، بەشێک کاتۆلیکی و ئەویتریان پرۆتستانتی و بۆ ماوەی دووسەد ساڵ جەنگ و شەڕوشۆڕێکی

---

٧. مارتن لۆتەر (١٤٨٣ _ ١٥٤٦): ڕابەری چاکسازی ئاینییە لە ئەڵمانیا و سەرتاسەری ئەوروپادا.. ئەم پیاوە توانی ستەمکاری مەسیحی لە ڕەگ و ڕیشەوە لەق بکات و ئاسۆی بیر و باوەڕێکی نوێ بکاتەوە کە شایستەی سەردەمی نوێ بێت، لەبەر ئەوە ئەڵمانەکان بەگرینگترین کەسێکی دەزانن لە مێژووی خۆیاندا. "لۆتەر" توانی ئاینزایەکی نوێ دابمەزرێنێت، ئەویش پرۆتستانتییەتە.

٨. ئیراسم (١٤٦٩ _ ١٥٢٦): ڕابەری ئاقاری هیومانستی سەردەمی ڕێنسانسە لە سەرتاسەری ئەوروپادا. ئەم بەماوەیەکی کورت پێش "لۆتەر" کەوتە ڕەخنەگرتن لە کڵێسا و پیاوانی ئاینی، تەنانەت هەندێک پێیان وایە لەم ڕووەوە "ئیراسم" مامۆستای "لۆتەر" بووە. لە گرینگترین کتێبەکانی (ستایشکردنی دێوانەیی)یە.

زۆر لەنێوانیاندا بەردەوام بوو.

ئەمە ئەو شەڕە ئاینییە بەناوبانگەیە کە دەیان و بگرە سەدان هەزار کەسی کردە قوربانی. ئەم شەڕە لەنێوان ساڵانی ١٥٦٢ – ١٥٩٨ لە فەرەنسا تاوی سەند و گەیشتە ئەوپەڕی، کاتێک کاتۆلیک مەزهەبەکان پەلاماری پرۆتستانتییەکانیان دا (کە کەمینەیەک بوون لە وڵاتدا)و قەتڵوعامیان کردن. گەورەترین تراجیدیاش قەسابخانەکەی (سانت بارتیلمی) بوو کە تەنیا لە ماوەی سێ ڕۆژدا پێنج هەزار کەسی تێدا کوژرا.

ئەوانەی قوتاربوون فرەنسایان بەجێ هێشت و ڕوویان کردە وڵاتانی تری ئەوروپا و جیهان. تائێستاش هەندێک لەو بنەماڵانە و دوای سێ سەدە مانەوەیان لە ئەڵمانیا و هۆڵەندا و سوید و ئینگلستان و تەنانەت کەنەداش، دەستبەرداری ناوە فرەنسییەکانی خۆیان نەبوون. ئەو ڕووداوە لە سەردەمی "لویسی چواردەمدا" بوو کە لەبەر هێز و دەسەڵاتی زۆری نازناوی پادشای خۆریان لێ نابوو. سەبارەت بەقەتڵوعامەکەی (سانت بارتیلمی)، لەم ساڵدا پاپا عوزرخوایی بۆ پرۆستانتەکان هێنایەوە و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆش ئیعترافی بەدەمارگیری و توندڕۆیی کاتۆلیکییەکان و ئەو تاوانە دڕندانەیە کرد کە لە دژی برا پرۆتستانتەکانیان ئەنجامیان داوە.

هەرچەندە ئەوانە هەموویان مەسیحین، بەڵام ناکۆکی مەزهەبی توند لەنێوانیاندا هەیە. شایەنی باسە پرۆتستانتەکان لەو وڵاتانەدا کە زۆرینەن هەمان ڕەفتاریان لەگەڵ کاتۆلیکەکاندا کردووە. کەواتە دەمارگیری و توندڕۆیی لە هەردوولاوە دێت نەک لەلایەکەوە.

لە کۆتاییەکانی سەدەی شازدەمدا کتێبەکانی هەریەک لە "مارتن لۆتەر"و "ئیراسم"، لە سەرووی لیستی کتێبە قەدەغە کراوەکاندا بوون. تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی لە گۆڕەپانە گشتییەکاندا سووتێنران و ئاگریان تێ بەردرا. لە سەدەی حەڤدەمیشدا کتێبەکانی "دیکارت" هەمان چارەنووسیان هەبوو، کاتێک کڵێسا "دیکارت"ی وەک پیاوێکی بێ ئیمان دایە قەڵەم. هەرچی

فـەیلەسـووفـێکی وەک "سـپـینـۆزا"شـە ئەوا لـە یەک کـاتـدا، زۆری بەدەست دەمارگیری یەهوودی و مەسیحییەوە چەشت.

یەکێک لە جوولەکە توندڕۆکان هەوڵی تیرۆرکردنی دا، بەڵام خۆشبەختانە خـەنجـەرەکـەی تـەنیـا پاڵتـۆ ئـەسـتـوورەکـەی بڕی و خـۆی بێ زیـان بوو. لە سـەدەی هـەژدەمیـشدا بەئـاشکرا شەڕی نێوان فەیلەسووفانی ڕۆشنگەری و ڕابەرانی فێندەمێنتالیزمی مەسـیـحی دەسـتی پێ کرد و شـەڕێکی قـورس و بێ ئامـان بوو، هەرچی چەکی فـیکری و نافیکری هـەیە تێیدا بـەکار هات و دواجار بە سەرکەوتنی ڕۆشنگەری کۆتاییی هات.

ئیتر لەوکاتەوە ئەوروپا کەوتە خۆیی و بەخێرایییەکی سەرسووڕهێنەر، لە ڕووی شارستانییەوە چووە پێش و توانی کۆنتڕۆڵی تەواوی جیهان بکات. بەڵام ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت کە هێزە فێندەمێنتالیستەکان بەئاسانی خـۆیان بەدەسـتـەوە داوە و گـۆڕەپانەکـەیان چۆڵ کـردووە، بگرە بەدرێژاییی سـەدەی نۆزدە و تـا بەرایییەکـانی سـەدەی بیسـتـەمیـش، بەردەوام دژایەتی هێـزە ڕۆشنـگەرەکـانیـان دەکـرد و لـە هـەوڵی ئەوەدا بوون کـۆسـپ و تەگـەرە بخەنە بەردەم ڕەوتی پێشکەوتن.

بەڵگەش بۆ ئەم قسـانە ئەوەیە کە بەسـەر قەشـە "ئەلفرێد لوازی"دا[9] هات. ئەم پیاوە بەهۆی بۆچوونە بوێرەکانییەوە تەواوی ئەو پلەوپایانەی لە زانکۆدا هەیبـوو لێی سـەندرایەوە. هەرچەندە "لوازی" پیـاوێکی ئاینی بڕوادار بوو، لەگەڵ ئەوەشدا فێندەمێنتالیستەکان ڕۆشنفکری و ئەقڵ ڕوونی ئەویان بۆ قـــووت نـەدەچوو. وەک ئاشکرایـە "ئەلفـــرێد لـوازی" ڕابـەری ئەو بـزاوتـە

٩. ئەلفـرێد لوازی (١٨٥٧ – ١٩٤٠): ڕابـەری تەفـسـیـری نوێی ئاینیـیـە لە فـەرەنسـا و هەروەها مامۆستای لێکدانەوەی ئینجیل بووە لە پەیمانگای کاتۆلیکی لە پاریس، بەڵام لێپرسراوانی ئەو پەیمانگایە بەتۆمەتی بێ باوەڕی لەسەر کارەکەی دەریان کرد، دوای ئەوەی وەکی مامۆستای مێژووی ئاینەکان لە کۆلێج دی فرانس کە باڵاترین دەزگای زانستییە لە فرەنسا و تەنانەت لەسەرو (سۆربۆن)یشەوەیە، دەستبەکار بوو.

بەناوبانگەی ناو فرەنساى دەكرد كە پێی دەڵێن مۆدێرنیزم (Le mod-ernisme)، هەروەها دەیویست میتۆدی مێژوویی بەسەر تێكستە سەرەكییەكانی ئاینی مەسیحیدا پراكتیزە بكات.

"لوازی" سەلماندی "عیسای كوڕی مریەم" تەنیا پێغەمبەرە و هەڵگری سیفەتی خوایەتی نییە. بەم قسەیەی دنیای لێ ڕاپەڕی، بۆیە ناچار پاریسی جێ هێشت و ڕووی كردە لادێ و لەوێ تەریك و گۆشەگیر مایەوە. پاشان لە ساڵی ١٩٠٨ پاپا بڕیاری تەكفیركردن و دەركردنی لە كڵێسادا دەركرد. سێ ساڵ بەر لەو بڕیارەش كتێبەكانی خرابووە سەروو لیستی كتێبە قەدەغەكراوەكان، بەڵام لە ساڵی ١٩٥٣ ئەو بڕیارە هەڵگیرا.

ئەوكات "پاپا بیۆسی دەیەم" بڕیاری تاوانباركردنی سۆسیالیزم و لیبرالیزم و دیموكراسی و مافەكانی مرۆڤ و تەواوی بیر و بۆچوونە نوێیەكانی دەركرد و هەموویانی بەكوفر دایە قەڵەم. بەمجۆرە سەرلەنوێ ململانێ لەنێوان مۆدێرنە و فێندەمێنتالیزمی مەسیحییەتدا دەستی پێ كردەوە و تەنیا لە ساڵی ١٩٦٢دا نەبێت ( كە كۆڕی بەناوبانگی كڵێساكان بەناوی ڤاتیكانی دووەمەوە بەسترا)، ئەم كێشەیە یەكلایی نەكرایەوە و كۆتایی پێ نەهات.

مەسیحییەكان ئیتر هەستیان بەوەكرد، ناتوانن تاسەر دژایەتی ڕۆژگار بكەن و گەر لەسەر ئەو توندڕۆییەی خۆشیان بەردەوام بن ئەوا هەموو شتێك دەدۆڕێنن. بەمجۆرە و بۆ یەكەم جار ئیعترافیان بە شەرعیەتی میتۆدی مێژوویی و نێو لێكدانەوەی تازە بۆ ئاین كرد. هاوكات سازشی تریان بۆ بۆچوون و دنیابینییەكانی سەردەمی تازە كرد. لێرەوە گەیشتنە دۆزینەوەی فۆرمێك بۆ پێكەوەژیان لەنێوان مەسیحییەت و مۆدێرنەدا، فۆرمێكی گونجاوی وا كە هەر لایەنەو مافی خۆی بدرێتێ، بەڵام هێشتا هێزی توندڕۆی وەها مابوو كە بڕیارە بوێرانەكانی كۆڕی كڵێساكانی ڕەت دەكردەوە و هەر سووربوو لەسەر هەڵوێست و پێگە تەقلیدییەكەی جارانی

خۆی. ئەمەش بووە مایەی ئەوەی ململانێ لەنێوان باڵی لیبراڵی نوێخواز و باڵی فێندەمێنتالیزمی دۆگماتستیدا سەر هەڵبدات، ئەم ململانێیەش تا ئەمڕۆ بەردەوامە. ئەگەرچی لیبراڵەکان سەرکەوتوو بوون لەو ململانێیەدا.

بەڵام دەبێت ئەوەش لەبیر نەکەین گەر پێشکەوتن و پەرەسەندنی کۆمەڵگە ئەوروپاییـــیـــەکـــان نەبوایە لە ڕووی زانســـتی و تەکنۆلۆجی و ئابووری و هەروەها بەرزبوونەوەی ئاستی گوزەران لەو وڵاتانەدا، ئەوا ئاقاری ئەقڵانی نەیدەتوانی بەسەر باڵی سەلەفی توندڕۆدا زاڵ بێت و سەرکەوتن بەسەریدا بەدەست بێنێت. بەمــجــۆرە دەبینین ئەم شـــەڕە لە ئەوروپادا (واتە شـــەڕی فێندەمێنتالیزم) تا بەلادا خرا، ماوەی سێ سەدەی خایاند. ئەمەش مانای وایە ئەو کێشـەیە چەندە قورس و گران و مەترسیدارە. دواجار ئەگەر ئەقـــڵانیـــیـــەت و ڕۆحی زانســـتی لە ناوەندێکی گـــەورە و بەرفـــراوانی مەسیحییەکانی ئەوروپادا بڵاو نەبووایەتەوە، ئەوا ئاقاری پێشکەوتن و ڕۆشنگەری سەرکەوتوو نەدەبوو.

## سپینۆزا و فێندەمێنتالیزم

"سپینۆزا" ساڵی ١٦٣٢ لە بنەماڵەیەکی جوولەکە و لە شاری ئەمستردامی پایتەختی هۆڵەندا هاتووەتە دنیاوە. دوای ئەوەی جوولەکەکان لەو سەردەمەدا دووچاری چەوساندنەوەیەکی زۆر دێن لەلایەن مەسیحییەکانەوە لە ئیسپانیا و پورتوگال، بنەماڵەکەی "سپینۆزا" پورتوگال جێ دێڵن و ڕوودەکەنە هۆڵەندا. هۆڵەنداش لە هەموو وڵاتە ئەوروپاییەکانی تر لیبراڵیتر و سنگ فراوانتر بوو بەرامبەر بە ئاینەکانی تر. لەبەرئەوە ڕێگەیان بەو ڕەوەندە جوولەکەیەی ناو ئەمستردام دا بۆ ئەوەی پەرستگا و خوێندنگای تایبەتیی خۆیانیان هەبێت و ڕێوڕەسم و سرووتە ئاینییەکانی خۆشیان جێبەجێ بکەن.

"سپینۆزا" پەروەردەی ترادسیۆنی جوولەکە بوو، تەوراتیشی بە زمانی ئەسڵی (واتە بە عیبرانی) خوێندبوو. تەنانەت ئامادەش کرابوو بۆ ئەوەی لە دوارۆژدا ببێتە حاخامێک! بەڵام بێ ئاگا بوون لەوەی دواتر لە هەموو ئەوانە هەڵدەگەڕێتەوە و فەلسەفە دەکاتە ئاینی خۆی.

جێی باسە "سپینۆزا" لە سەرەتادا گوێڕایەڵی پیاوانی ئاینی بوو. بەمەبەستی بەجێگەیاندنی سرووتە ئاینییەکانیش، لەگەڵ هاودینەکانیدا سەردانی (کنێس)ی دەکرد. پاشان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا دەستی کرد بە خوێندنی فەلسەفەی یەهوودی و بەتایبەتی کەوتە خوێندنەوەی کتێبەکانی فەیلەسووفی یەهوودیی عەرەبی "ئیبن مەیموون". "سپینۆزا" تینووی زانین بوو دەیویست هەرچی زووە فێر ببێت، بۆیە شتێکی چاوەڕوانکراو بوو کە درەنگ یان زوو خۆی لەو ترادسیۆنە یەهوودییە قوتار بکات کە دەیانویست

لەناویدا زیندانی بکەن، وەک ئەوەی سەرجەم ئاین و ئاینزاکان دەرهەق بە شوێنکەوتووانی خۆیان دەیکەن. حاخامە جوولەکەکان لە ڕووی سەختی و توندڕۆییەوە، هیچیان لە قەشە مەسیحییەکانی ئیسپانیا کەمتر نەبوو! بەڵام جوولەکەکانی ناو ئەمستردام نەیاندەتوانی لەو شارەدا بە تەواوەتی بەسەر خۆیاندا دابخرێن، چونکە کەم تا زۆر کاریگەرییە دەرەکییەکان دەستیان پێیان دەگەیشت و کاریگەرییان لەسەر جێ دەهێلآن.. بەتایبەت لەو سەردەمەدا هۆڵەندا پڕی بوو لە ئاین و مەزهەبی جۆرەوجۆر و دەوڵەتی هۆڵەندی ئازادییەکی زۆری دابووە هەموو ئاینەکانی ناو ئەو وڵاتە.

ڕاستە ئەو ئاینزا ڕەسمییەی باڵادەست بوو ئاینزای پرۆتستانتی بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا مەزهەبی کاتۆلیکیش ڕێگەی پێ درابوو. واتە کڵێساکانی ئەمانیش کراوە بوون و دەیانتوانی بەئاشکرا سرووت و ڕێوڕەسمە ئاینییەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن، بەڵام لەوکاتەدا ئازادیی مەزهەبی لە فەرەنسادا مەحاڵ بوو. بوونی فرە ئاینی و فرە مەزهەبی لە هۆڵەندادا، دەستی لە هێورکردنەوەی ئەو توندوتیژییە دۆگماتیستییە ئاینییە تاک مەودایەدا هەبوو کە زۆرجار لەو وڵاتانەدا هەیە کە خاوەن یەک ئاین و یەک ئاینزان و خۆیان وەکی هەقیقەتی ڕەها نیشان دەدەن.

لەو هۆکارانەی دەستی لە ئازادی فیکری "سپینۆزا"دا هەبوو، هامشۆکردنی قوتابخانەیەکی مەسیحی بوو لە شاری ئەمستردام. وەکی لێی دەگێڕنەوە "سپینۆزا" لەوێدا دەکەوێتە داوی خۆشەویستی کچی بەڕێوەبەری ئەو قوتابخانەیە، بەڵام کاتێک دەچێتە خوازبێنی نایدەنێ و دەست دەنێن بە ڕوویەوە. دواتر ئەم کچە دەبێت بە نسیبی پیاوێکی پرۆتستانت مەزهەب کە واز لە ئاینزاکەی خۆی دێنێ و دەچێتە سەر مەزهەبی کاتۆلیکی کە مەزهەبی ئاینی کچەکەیە، هەموو ئەمەش بۆ ئەوەی ئەو کچەی لە کیس نەچێت!

هەر لەو قوتابخانەیەدا "سپینۆزا" فێری زمانی لاتینی دەبێت کە لەو دەور

و زەمانەدا زمانی زانست بوو. ئەمەش دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخساند تا لە بەرهەمی فەیلەسووفە نوێیەکانی وەک "فرانسیس بیکۆن" (١٥٦١ – ١٦٢٦) و "تۆماس هۆبز" (١٥٩٦ – ١٦٥٠) ئاگادار بێت. وەک ئاشکراشە لەو سەردەمەدا لایەنگران و نەیارانی فەلسەفەی دیکارتیزم لە شەڕو ململانێیەکی توندا بوون لەگەڵ یەکتریدا، هۆڵەنداش مەڵبەندی بەپیتترین مشتومڕی فەلسەفی بوو.

زمانی لاتینی یارمەتی "سپینۆزا"ی دا بۆ ئەوەی لەو ترادسیۆنە تیۆلۆجییە بەرتەسکەی خۆی بچێتە دەرێ و هاوکات دەرگاکانی زانست و فەلسەفەی نوێشی بە ڕوودا کردەوە، بەڵام هامشۆی لەگەڵ ئەو ژینگە فەلسەفییانەدا وای لێ کرد ببێتە شوێن گومانی (کنێس)ی جوولەکە و جوولەکەکانی هۆڵەندا بەگشتی. جوولەکەکانی هۆڵەندا هەر هەموویان لە دەوری (کنێس) کۆ بووبوونەوە، چونکە ئەو دەیتوانی ڕێکیان بخات و یەکڕیزی و پێوەندیی نێوانیان بپارێزێت، هەروەها دەیتوانی بیر و باوەڕی تەقلیدی لە نەوەی کۆنەوە بگوازێتەوە بۆ نەوەی نوێ. "سپینۆزا" بەهۆی خۆخەریککردنی بە مەسەلە فەلسەفییەکانەوە، جارجارە نەبێت هامشۆی (کنێس)ی نەدەکرد. چەندێ زیاتریش لە فەلسەفەدا قووڵ بووایەتەوە، هێندە لە ئاین دوور دەکەوتەوە. ئەمەش سەرانی ئاینی جوولەکەی نیگەران کرد و بەر لە تەکفیرکردن و دەرکردنی لە ڕیزەکانی خۆیان، چەند جارێک ئاگاداریان کردەوە.

پێ دەچێت ئەم تەکفیرکردنەی زۆر ناڕەحەتی نەکردبێت، بگرە بەلای ئەوەوە ئامرازی ڕزگاربوون بووبێت تا لە دەست ئەرسۆدەکسییەتی ئاینی قوتاری بێت و بای باڵی خۆی بدات لەپێناو گەڕان بەدوای حەقیقەتدا، ئەویش تەنیا بە وزە و توانا تایبەتییەکانی خۆی. دوای ئەوەی لە ساڵی ١٦٥٦دا فەتوای تەکفیرکردنیان دەرکرد، مافی میراتی بنەماڵەکەی لە دەست دا و تەنانەت مانەوەی لە ئەمستردامیشدا زەحمەت بوو، بەتایبەت دوای

ئەوەی سەرانی ئاینی مەسیحی و جوولەکە لەو شارەدا ڕێکەوتن لەسەر دەرکردن و وەدەرنانی.

پێ دەچێت لەو کاتەدا دووچاری هەندێ کێشەی مادی بووبێت و خۆی فێری پیشەی چاویلکەسازی کردبێت بۆ ئەوەی بژی، بەڵام وەکی "کارل یاسبەرز" باسی دەکات ئەو کارە بەشی گوزەرانی نەکردووە و نەیتوانیوە لەسەری بژی، بگرە بەو یارمەتییانە ژیاوە کە لە هەندێ هاوڕێی پارەدار و دەوڵەمەندیەوە بەدەستی گەیشتووە.

ساڵی ١٦٦٠ ڕوو دەکاتە گوندێکی دەوروبەری شاری لایدن و بەرلەوەش چوار ساڵ لە گەڕەکەکانی ئەمستردامدا ژیاوە. لایدن مەڵبەندی مەسیحییە لیبراڵییەکان بوو، پاش ئەوەی بلیمەتییان تێدا بەدی کرد، پێشوازییان لێ کرد و گرتیانە خۆیان. ئەوانەی لەو سەردەمەدا لە هەموو چین و توێژەکانی مەسیحییەت ڕادیکاڵتر و ئازادتر بوون و بڕوایان بە عەقیدە و سرووتە ئاینییەکان نەبوو، بگرە تەنیا مومارەسەی دینداریی‌یەکی ناوکۆیی ئازادیان دەکرد کە لەسەر فیکر و ئاکار و ڕۆحانییەتێکی پاک و بێگەرد دامەزرابوو.. بۆیە ئاسایی بوو "سپینۆزا" لەگەڵیاندا هەڵبکات و بەنزیکترین کەسیان بزانێت. تا ساڵی ١٦٦٣ (بەرواری دەرچوونی یەکەمین کتێبی) لە لایدن مایەوە، ئەمەش تەنیا کتێبێکیەتی ناوی خۆی لەسەر بێت و ناونیشانەکەشی (پرەنسیپەکانی فەلسەفەی ڕینیە دیکارت). بڵاوبوونەوەی ئەم کتێبە لە شاری ئەمستردام بووە مایەی ناوبانگ دەرکردنی، چونکە تا ئەوکاتە چەند هاوڕێیەکی کەمی خۆی نەبێت کەسی تر نەیدەناسی. ساڵی ١٦٦٣ لایدنی جێ هێشت و ڕووی کردە لاهای کە لەو سەردەمەدا پایەتەختی هۆڵەندا یان لانی کەم مەڵبەندی بارەگای حکوومەتی ئەو وڵاتە بوو.

بە نیشتەجێبوونی لە لاهای، "سپینۆزا" کەوتە پێوەندی بەستن و نامەگۆڕینەوە لەگەڵ زانای مەزنی بواری فیزیا "هۆیگین" و "ئۆڵدینبێرگ"ی سکرتێری کۆمەڵەی پاشایەتی بەریتانی و ناوەندە سیاسییەکان. هەر لەم

سـەروبەندەدا لەگـەڵ "جـان دۆڤـیت"ی سـەرکـردەی حـیـزبی لیـبـراڵەکـان و فەرمـانڕەوای هۆڵەندا ئاشنایەتی پەیدا کرد. "دۆڤیت" مـووچەیەکی مانگانەی بۆ بڕییەوە تا بتوانێت لەسـەر توێژینەوە و تێڕامانە فەلسـەفییەکانی بەردەوام بێت.

لەوکاتەدا بۆ ماوەیـەک وازی لە نووسینەوەی کتێبـە سـەرەکییـەکەی (ئاکار) هێنا، بۆ ئەوەی خـۆی بـۆ نووسـینی ئـەو بابەتـانە تەرخـان بکـات کـە زیـاتر پێوەندییـان بە کێشە سیاسییـەکانەوە هەبوو.. سەرەنجامیش ئەوەبوو کتێبە بەناوبانگەکەی (وتـارێک لەبارەی تیـۆلۆجیـای سـیـاسی)، بەبێ ناوی خـۆی و بـەناوێکی خــوازراوەوە لـە چاپ دا.. بـۆ ئەوەی خــۆی لە دەســـتــدرێژی و ڕاوەدوونانی نەیارەکانی بپارێزێت، پەنای بردە بەر "جان دۆڤیت"ی هاوڕێی کـە لەو سـەردەمـەدا سـەرۆکی حکوومـەتی هۆڵەندا بوو. بەڵام تیـرۆرکـردنی "دۆڤـیت" و براکـەی لـە ناوچـەرگـەی "لاهای"دا لەلایـەن هەندێک ئاژاوەچیی دەمـارگـیـرەوە، "سـپـینـۆزا"ی کـەللەیی کـردو ئەو کـارە بۆ ئـەو نەهامـەتی و نشوستییەکی گەورە بوو.

دوای ئەوە زیاتر بەسـەرخۆیدا داخراو گۆشـەگیر بوو، تەواوی تواناکانی خـۆی تـەرخـان کـرد بۆ تەواوکـردنی کـتـێـبی (ئاکـار) و داڕشـتـنەوەی فـەلسـەفـەکـەی بۆ دواین جـار. لەبەر ئەوە داوایەکی زۆر گـەورەی یەکـێک لە ئەمیرەکانی ئەڵمانیـای ڕەت کردەوە، بۆ ئەوەی لە زانکۆی هایدڵبێرگدا وانە بڵـێتـەوە و لـە بەرامـبـەردا ژیانی زاهیـدی و ئاسـایی بەلاوە باشـتـر بوو. هەرچـەندە ئەڵمــانەکـان بەڵێنی ئازادی زۆریـان پێ دابوو لە کـاتی وتنەوەی وانەکانیدا، بەڵام ئەو لە وەڵامدا پێی وتبوون: (ئازادیی فەلسەفی سنووری بۆ نییـە، یان دەبێت زۆر ئازادانە بیـر بکەینەوە یان هەرگـیـز بیـرنەکـەینەوە)... سـاڵی ١٦٧٥ بەمـەبەسـتی چاپکردنی کـتـێبی (ئاکـار) ڕوو دەکـاتە شـاری ئەمستردام، بەڵام کە دەزانێت پیاوانی ئاینی لە خۆ ئامادەکردندان بۆ ئەوەی بە تۆمـەتی ئیلحـاد و بێبـاوەڕی فـەتوایەکی لـە دژ دەربکەن، کـتـێـبەکـەی لە

چاپخانه دەكێشێتەوە.

سـاڵی ١٦٧٧ و لە تەمـەنی چل و پێنج سـاڵی و پاش نیـوەڕۆی ڕۆژی یەک شـەممە، بە نەخـۆشی سـیل كە زۆر لە زووەوە تـووشی بووبوو كـۆچی دوایی دەكـات.. ئەگـەرچی "سـپـینـۆزا" تەمــەنی لە چل و پێنج سـاڵێک تێـپـەڕی نەكـردبوو، بەڵام مـێژوو وەكی یەكـێک لە گـەورە فـەیلەسـووفـانی دنیـا ناوی تۆمـار كرد. نیـو سـەدە دوای مـردنی یەكێک لـە تیۆلۆجیسـتە مـەسیـحییەكـان ئەم دەسـتـەواژەیەی نووسی، تا وەكی بەڵگەیەک لەسـەر گـۆڕەكـەی دابنرێت: (سپینۆزا لێرەدا نێژراوە، تف بكەنە سەر گۆڕەكەی!..).

جێی باسـە پیـاوانی ئاینی لە كـتێـبـەكەی (وتارێک لەبارەی تیـۆلۆجـیـای سیاسی) خـۆش نەبوون و یەكێكیان بەم جۆرە وەسـفی دەكات و دەڵێت: (ئەم كتێبە گەورەترین كوفرە لە مێژوودا! چونكە نووسـەرەكەی تێیدا سووكایەتی بە پێغـەمبەر و حەوارییەكـان دەكات). "سپینۆزا" پێیوایە هـەرگیـزا و هـەرگیز مـوعـجـیـزە ڕووی نەداوە و مـەحـاڵیـشـە ڕوو بدات، چونكە سـیـسـتـەمـێكی توندوتۆكمەی وا لە سروشتدا هەیە كەس لە دەستی دەرباز نابێت.

لە ڕاسـتیـدا "سـپینۆزا" سكانداڵی سـەردەمێک بوو، بەڵام هـاوسـەردەمـانی خـۆی تەنیـا وەک بـێ باوەڕێكی دەمـامكدار سـەیریان دەكـرد. تەنانەت دوای دووسـەد سـاڵ لە مـردنیـشی هـەر بە سكانداڵ سـەردەمـەكانی تریش مـایەوە. ئەمـە سـەرەڕای ئەوەی وشـەی یەزدان لە هـیـچ كـتێـبێكی فـەلسـەفی تردا بەو زۆری و بەردەوامـیـیـە دووبارە نـەبووەتەوە، وەک ئەوەی لە كـتێـبی (ئـاكـار)دا هـاتووە! بەڵام دوای ئەوەی هۆڵەندییـەكـان لە سـەنگ و قـورسـایی "سـپـینۆزا" گەیشـتن، پەیكەرێكیان لە بەناوبانگترین گۆڕەپانە گشتییەكان و لە نزیک ئەو خانووەی لە دوا ساڵەكانی تەمەنیدا تێیدا بوو بۆ دروست كرد.

پرۆفـیـسـۆر "جۆزیف مـۆرۆ" لە كـتێـبـەكەیدا كە ئێـمـە لە ئامـادەكـردنی ئەم كورتە باسـە مـێژوویـیـەدا لەبارەی ژیانی "سـپـینۆزا" سـوودمـان لێ بینیـوە، دەڵێت: (ئـەرنسـت ڕینان) لـەو وتارەیدا كـــە بـە بۆنـەی پەردەلادان لـەســـەر

پەیکەرەکەی سپینۆزا پێشکێشی کرد و ژمارەیەکی زۆری زانا و بیریار ئامادەی بوون، ستایشێکی گەرمی کرد و بەم چەند وشەیەش وتارەکەی کۆتایی پێ هێنا کە دەڵێت: ڕەنگە کەس لە نزیکەوە یەزدانی نەدیبێت وەکی ئەوەی لەوەوبەر سپینۆزا بینیویەتی!! ئەو مرۆڤەی بە ئیلحاد و بێ باوەڕی تاوانبار کرا، گومانی تێدا نییە لە زۆربەی زۆری پیاوانی ئاینی سەردەمی خۆی لە یەزدان واتە لە حەقیقەت- ەوە نزیکتر بووە).

"سپینۆزا" لە پاکی و سەر ڕاستی و زاهیدی لە ژیاندا، نموونەی بەرزی فیکری فەلسەفی بوو.. ئەو قسەیەی "ڕینان" جوانە و زۆر لە جێی خۆیدایە، لەبەرئەوەی کێشەی یەزدان خەمی گەورەی "سپینۆزا" بوو. ڕاستە تێڕوانینی ئەو بۆ یەزدان جیاواز بوو لە دیدگای تیۆلۆجی تەقلیدی، بەڵام تێڕوانینێکە شایستەی لێ قوڵبوونەوە و تێڕامانە. سەرەڕای ئەوەش بەرگریکردنی "سپینۆزا" وەکی فەیلەسووفێک لە ئازادی بیروڕا و فیکر و باوەڕ و بانگەشەکردنی بۆ جیاکردنەوەی ئاین و پیاوانی ئاینی لە سیاسەت و شکۆبەخشینی بە ئەقڵ و فیکری فەلسەفی، دواتر دەبنە یەکێک لە دەسکەوتە سەرەکییەکانی مۆدێرنەی خۆرئاوا.

## کڵێسا و زانست

(کڵێسا و زانست) کتێبێکی بەنرخی پرۆفیسۆر "جۆرج مینوا"یە و باس لەو کێشە و ململانێ ترسناکە دەکات کە لەنێوان فێندەمێنتالیزمی مەسیحی و مۆدێرنەدا هەبووە لە ئەوروپا.. نووسەری ئەم کتێبە ئەندامی سەنتەری نێودەوڵەتی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەیە، هەروەها یەکێکە لە پسپۆرە گەورەکانی فرەنسا لە بواری لێکۆڵینەوەی ئەقڵی ئاینیدا.. ئەم کتێبە لە دوو بەرگ پێکهاتووە، بەرگی یەکەمی باس لە هەڵوێستی کڵێسای مەسیحی و ڤاتیکان دەکات لە زانست، هەر لە "قەدیس ئۆگەستین"ەوە لە سەدەی چوارەمی زاینی تا "گالیلۆ" لە سەدەی حەڤدەم. لە بەرگی دووەمیشدا نووسەر باس لە هەمان کێشە دەکات لە "گالیلۆ"وە تا "پاپا یۆحەنا پۆڵسی دووەم". "یۆحەنا پۆڵسی دووەم" دژایەتی دۆزینەوە زانستییە نوێکان ناکات، کارێک کە پاپاکانی پێشوو بەدرێژاییی چەندین سەدە سەرسەختانە دژایەتییان دەکرد.

ئەم کێشە و ململانێیەش وەکی خۆی ئەمڕۆ لە جیهانی ئیسلامیدا دووبارە دەبێتەوە.. بۆیە سوودێکی زۆری دەبێت گەر ئاگامان لەوە بێت کە ئەم کێشەیە لە ئەوروپادا چۆن ڕووی داوە، بۆ ئەوەی پەندی لێ وەربگرین و دووبارەی نەکەینەوە. نووسەر سەرەتای بەشی یەکەمی کتێبەکەی بەمجۆرە دەست پێ دەکات: (لە قەشە پۆڵسەوە تا یۆحەنا پۆڵسی دووەم کە ماوەی دوو هەزار ساڵێک دەکات، کێشەی زۆر و زەوەند لەنێوان کڵێسا و فەیلەسووف و زانستخوازاندا ڕووی داوە! سەرەتا کڵێسا بەبیانووی بێ باوەڕییەوە زانستی گریکی و ئەرستۆ تالیسی وەلاوە نا، بەڵام دواتر و بەدرێژاییی

سەدەکانی ناوەڕاست تۆمائەکوینی توانی بیروباوەڕی ئاینی و فەلسەفەی ئەرستۆ لێک نزیک بکاتەوە. ئەم پێوەندییەش بەردەوام بوو تا ئەو کاتەی کۆپەرنیکۆس و گالیلۆ دەرکەوتن. بە هاتنی گالیلۆ شەڕێکی گەورە لەنێوان ڤاتیکان و زانستی نوێدا هەلایسا، هۆکاری ئەم شەڕەش ئەوەبوو زانستی نوێ تیۆرییایەکی تازەی هێناو باسی لەوە دەکرد کە زەوی بەدەوری خۆردا دەسووڕێتەوە نەک بە پێچەوانەوە).

لە پای ئەم ڕاگەیاندنە نوێیەدا "گالیلۆ" حوکم درا و تیۆلۆجیستە مەسیحییەکان، کەوتنە سەرکۆنەکردنی و بە کەسێکی گومڕا و هەڵگەڕاوە لە ئاینیان دایە قەڵەم و تەنیا ئەوکاتەش لە مردن ڕزگاری بوو کە لە هەڵوێستی خۆی پاشگەز بووەوە. بەڵام "جۆردانۆ برۆنۆ" کە سی ساڵ دوای "گالیلۆ" هات دەستبەرداری بۆچوونەکانی خۆی نەبوو، بۆیە ڤاتیکان دوای تەکفیرکردنی زمانیان بڕی و بەشێوەیەکی دڕندانە سووتاندیان. دوای کێشەی "گالیلۆ" لەگەڵ کڵێسا، شەڕێکی تر لەنێوان زانایان و پیاوانی ئاینیدا بەرپا بوو لەسەر چەمکی (گەردیلە). هەروەها دوای ئەوەی "داروین" تیۆریا بەناوبانگەکەی خۆی لەمەڕ پەرەسەندن ڕاگەیاند، شەڕی نێوانیان توندتر بوو.

هەر لە بەرگی یەکەمی ئەم کتێبەدا و لە درێژەی قسەکانیدا، سەبارەت بەم مەسەلەیە "جۆرج مینوا" دەڵێت: (پێوەندیی نێوان ئەم دوولایەنە بەردەوام دژوار و پڕ کێشە نەبووە.. بۆ نموونە کڵێسا بەردەوام باسی لەوە کردووە کە ناکۆکی لەنێوان ئیمان و ئەقڵدا نییە و تەنانەت هەندێ جاریش چەند زانایەکی گەورە و مەزنی پێگەیاندووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بڵێین زۆربەی کات پێوەندی نێوان کڵێسا و زاناکان ئاڵۆز بووە. توندبوونەوەی پێوەندییەکانی نێوانیشیان لە سەدەی نۆزدەمدا کە سەدەی دۆزینەوە زانستییە مەزنەکانە دەگاتە ئەوپەڕی. لەم قۆناغەدا زانستی نوێ لە هەر چوار لاوە تەوقی کڵێسا دەدات و کڵێساش زۆر بەتوندی دژایەتی هەموو

هەقیقەتێکی زانست و لۆجیک دەکات.. لە پای ئەم هەڵوێستە توندەشیدا باجێکی گەورە و گرانی دا و بە دژایەتیکردنی پێشکەوتن و کۆنەپەرستی تاوانبار کرا، ئەمەش بووە مایەی ئەوەی زۆربەی خەڵکی ئەوروپایان لێ بتەکێتەوە و کڵێساکان چۆڵ بن لە ئیمانداران و وەکی مۆزەخانەیان لێ بێت. بەڵام لە دوای ساڵی ١٩٦٠ کڵێسا درکی بە مەترسی ئەو کارە کرد و بڕیاری دا بەسەر زانستی نوێ و ڕۆحی ڕۆشنگەریدا بکرێتەوە. بەمجۆرە کەوتە پەسەندکردنی ئەو شتانەی ڕۆژگارێکی زۆر دژایەتی دەکردن.. لە بەرامبەر ئەم هەنگاوەدا باڵێکی دەمارگیر و توندڕۆی ئسووڵی، لە کڵێسا جیابووەوە و کڵێسایان بەوە تاوانبار کرد کە دەستبەرداری بنەما سەرەکی و موقەدەسەکانی بیر و باوەڕی مەسیحییەت بووە، بەڵام ئەمانە بە ژمارە کەم بوون و هێزێکی ئەوتۆیان نەبوو، بۆیە نەبوونە مایەی هەڕەشە و مەترسی لەسەر ئەو زۆرینەیەی بڕیاری کرانەوەیان دابوو).

لەم ماوەیەی دواییشدا پاپا "یۆحەنا پۆڵسی دووەم" داوای لێبووردنی کرد، لەو هەڵوێستە ناشارستانییەی کڵێسا لە سەدەی (١٧ و ١٨ و ١٩) لە زانستی تازەی وەرگرتبوو. دوای سێ سەدەش لە مردنی "گالیلۆگالی"، ئەو فتوایەی هەڵگرت کە ئەم پیاوەی پێ تەکفیر کرابوو. دواجار داوای ئەوەشی کرد دیالۆگ و هاریکاریکردنی یەکتری لەنێوان پیاوانی ئاینی و زانایان و ڕۆشنبیرە عەلمانییەکاندا دروست ببێت. ئەم هەڵوێستەی کڵێسا تەعبیرە لە کرانەوە و لەو کامڵبوونە فیکرییەی بەم دواییانە مەسیحییەتی ئەوروپایی پێی گەیشتووە.. بەڵام گەیشتن بەم ئاستە و ئیعترافکردن بە ناوەڕۆک و دەستکەوتەکانی فیکری سەردەمی نوێ، دوای ڕژانی خوێنێکی زۆر و شەڕ و شۆڕێکی بێ ئامان هاتە دی. ساڵی ١٩٨٥ "جان ماری لۆستجێر"ی قەشەی پاریس لە کتێبێکیدا دەنووسێت و دەڵێت: (هەنووکە هیچ کێشەیەک لەنێوان زانست و ئایندا نییە و پاش شەڕ و ململانێیەکی زۆر ئێستا ئیعتراف بەیەکتری دەکەن).

هەر لەو کتێبەدا دەیەوێت لە قەوارەی ئەو هەڵانە کەم بکاتەوە کە فێندەمێنتالیزمی مەسیحی دەرهەق بە زانستی نوێ ئەنجامی داوەو، تەنانەت لە جێگەیەکدا دەڵێت: (کڵێسا مەڵبەندی گۆڕانی زانستی ئەزموونگەرییە). ئەمە بۆچوونێکی دروست نییە و سەلماندنی لە ڕووی مێژووییشەوە کارێکی ئەستەمە. هەروەها دەڵێت: (هەرگیز کڵێسا کۆسپی لەبەردەم ڕەوتی زانستدا دروست نەکردووە.. سەیری پاسکاڵ بکەن کە لەیەک کاتدا ئیماندارێکی گەورە و زانایەکی مەزنیش بوو). بەڵام "پاسکاڵ" خۆی دەڵێت: (پاپا ڕقی لە زاناکانە و لێیان دەترسێت، لەبەرئەوەی ئەوان بەشێوەیەکی کوێرانە گوێڕایەڵی ناکەن!..).

ئەمە قسەکانی "لۆستجێر" بە درۆ دەخاتەوە و توندڕۆتر لە پاپا "یۆحەنا پۆڵسی دووەم" دەردەکەوێت. لێرەدا جێی خۆیەتی باس لە خاڵێکی گرینگی تر بکەین، ئەویش ئەوەیە مەسیحییەکانی خۆرئاوا تەنیا ئەوکاتە توانییان پێکەوە گونجانێک لەنێوان زانست و ئایندا دروست بکەن کە دەستبەرداری خوێندنەوەی ئەرسۆدەکسییانەی کتێبی پیرۆز بوون.. تەورات لەبارەی دروستبوونی جیهان شتێک دەڵێت و زانستی سروشتی شتێکی تر.. بەو پێیەی مەسیحییەکان لە سەردەمانی ڕابردوودا نەیاندەتوانی بە ئازادی تێکستە ئاینییەکان تاوتوێ بکەن، ئەوا بەر زانستی نوێ دەکەوتن و بەتوندی دژایەتییان دەکرد. لەو کاتەدا هۆشیاریی مەسیحی دووچاری قەیرانێکی ترسناک بوو کە پێی دەوترێت (قەیرانی هۆشیاریی ئەوروپی). مرۆڤی مەسیحی لە ئەوروپا لە سەدەی (١٧ و ١٨ و ١٩) و تا سەرەتاکانی سەدەی بیستەم لەنێوان باوەڕکردن بەوەی تێکستی ئاینی باسی دەکات، لەگەڵ ئەوەی زانستی نوێ قسەی لێ دەکات تێدا مابوو.

چونکە چۆن نەیدەتوانی دەستبەرداری دەقی پیرۆز بێت یان واز لەو تەفسیرە ئەرسۆدەکسییە بهێنێت کە بۆ دەقی پیرۆز دەکرا، ئەوا نەیدەتوانی باوەڕ بەو شتانەش بکات کە زانستە سروشتییەکان لەبارەی (دروستبوونی

گەردوون و سروشتی مادە و چۆنیەتی پەیدابوونی با و باران و بەفر و.. هتد)، باسیان دەکرد.

بەلام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەو مرۆڤە پێی وابوو لێکدانەوە زانستییەکان زۆر نزیکترن لە ئەقڵ و لۆجیکەوە، لەبەرئەوەی پشت بە ئەزموون و تێبینی ورد دەبەستن. ئەگەرچی قەناعەتێکی وەهاشی هەبوو، بەلام دەترسا لەوەی ئەگەر ئەمانەی قبووڵ کرد ئەوا ئیمانی بدۆڕێنێ و ئەوە دنیای لەدەست بچێت. ئەمە هەڵوێستێکی دژوار بوو. لێرەوە دەبێت ئەم مەسەلانە بگێڕینەوە ناو سیاقی خۆیان، تا لە هۆکاری ئەو قەیرانە ترسناکە حاڵی بین کە هۆشیاریی ئەوروپایی تێی کەوتبوو، لە ساتەوەختی دروستبوونی زانستی نوێ لەسەر دەستی "کۆپەرنیکۆس و گالیلۆ و کیبلەر و دیکارت و... هتد".

مرۆڤی ئەوروپایی دوای سێ سەدە لە ململانێ و کێشمەکێش، توانی لەم قەیرانە ڕزگاری بێت. ئەمەش هەمان ئەو قەیرانەیە لە ساتەوەختی ئێستادا هۆشیاریی ئیسلامی تێی کەوتووە. هەڵوێستی توندی فێندەمێنتالیزمی ئیسلامی لە مۆدێرنە و زانستەکانی، هیچ جیاوازییەکی نییە لە هەڵوێستی فێندەمێنتالیستە مەسیحییەکان لە سەردەمی "دیکارت، نیوتن، داروین"دا. تەنیا جیاوازییەک لەنێوان ئێمە و ئەواندا ئەوەیە ئەوان پێش سێ سەدە کەوتوونەتە ئەو قەیرانەوە، ئەو سێ سەدەیەش برێتییە لەو ماوە مێژووییەی لەنێوان کۆمەڵگە ئیسلامییەکان و کۆمەڵگە ئەوروپاییەکاندا هەیە.

بەلام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت دەبێت ئێمەش سێ سەد ساڵی تر چاوەڕێ بین، بۆ ئەوەی کێشەکانی خۆمان لەگەڵ فێندەمێنتالیزمدا یەکلایی بکەینەوە! ئەڵبەتە چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیە پێی دەچێت و ناتوانرێت لە ماوەی چەند ساڵێکدا ئەو کێشانە یەکلایی بکەینەوە کە مێژوویەکی دوور و درێژیان هەیە و سەردەمانێکە خەڵکی پێی ڕاهاتوون..

ئەم کتێبە گرینگەی "جۆرج مینوا" کە هەردوو بەشەکەی خۆی لە هەزار

لاپەڕە زیاتر دەدات، باس لە کۆمەڵێک بابەتی گرینگ دەکات. یەکێک لە بەشەکانی بەم ناوەوەیە: (گالیلۆ و کڵێسا و زانستی مۆدێرن). لێرەدا نووسەر باس لەو دابڕانە مەزنە دەکات کە لە سەدەی حەڤدەمدا، لەنێوان کڵێسا و زانستدا ڕوو دەدات. پاشان باس لەو وەرگۆڕانە گەورەیەش دەکات کە لەنێوان سالانی ١٦٨٠ - ١٧٢٠دا دروست دەبێت و چۆن چۆنی فێندەمێنتالیزمی مەسیحی ڕێگە نادات ڕەخنەی زمانەوانی و مێژوویی بەسەر تەورات و ئینجیلدا پراکتیزە بکرێت. کڵێسا هەر بەتەنیا دژایەتی زانستە سروشتی گەردوونییەکانی نەکرد، بگرە کەوتە دژایەتیکردنی زانستە مرۆڤایەتی و مێژووییەکان و تەواوی میتۆد و بەرەنجامەکانیشی ڕەت کردنەوە.

دوابەشەکانی تری ئەم کتێبە بریتین لە (کڵێسا لە سەدەی نۆزدە و بیستدا شەڕ لە دژی زانستی نوێ ڕادەگەیەنێ و بە ناڕاست و شێوێنەر تاوانباری دەکات). (کڵێسا دژ بە زانستی مۆدێرن، زانستێک بەناوی زانستی مەسیحی دێنێتە ئارا، بەڵام ئەم هەوڵەی سەرکەوتوو نابێت). (ململانێی توندوتیژی نێوان مۆدێرنە و دەمارگیری ئسوولی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەمدا). (سەردەمی دیالۆگ و کرانەوە). (سەردەمی مشتومڕە گەورەکان لەنێوان تیۆلۆجیست و زانا مۆدێرنەکاندا).

لە کۆتاییدا "جۆرج مینوا" قسەکانی بەمجۆرە کۆتایی پێ دێنێت: (لە سەدەی حەڤدەمدا لەنێوان کڵێسا و زانستدا دوو دابڕانی بنەڕەتی ڕووی داوە، نەک تەنیا یەک دابڕان). دەوروبەری ساڵی ١٧٢٠ "گالیلۆ" فیزیاناسی و گەردووناسی لە بۆچوونەکانی کڵێسا و ئینجیل جیا کردەوە.. لە ساڵی ١٦٧٠ "ڕیچارد سیمۆن" ڕایگەیاند کە دەکرێت جیاواز لەو خوێندنەوە تەقلیدییانەی ڕابردوو، خوێندنەوەیەکی تر بۆ تەورات و ئینجیل بکەین.. بەمجۆرە "سیمۆن" سەرەتاکانی ئەوەی داڕشت کە لەمڕۆدا پێی دەڵێین خوێندنەوەی مێژوویی و زمانەوانیی تێکستە پیرۆزەکان. ئەمەش

خوێندنەوەیەکە مێژوویيبوونی تێکستی پیرۆز ئاشکرا دەکات. ئەم کارەی "ڕیچارد سیمۆن" هیچی لە هەوڵەکانی "گالیلۆ" کەمتر نەبوو، لەبەر ئەوە کلێسا وەک "گالیلۆ" و "جۆردانۆ" دەستی کرد بە سزادان و دەرکردنی "ڕیچارد سیمۆن".

فێندەمێنتالیزمی مەسیحی پێی وابوو تێکست و بیر و باوەڕ و سرووتەکانی سەرمەدی و بان مێژوويين و هەرگیز گۆڕانیان بەسەردا نایەت. هەربۆیە کاتێک "ڕیچارد سیمۆن" وەکی دیاردەیەکی مێژوویی سەیری تەورات و ئینجیل کرد، ئەم کارەی بە تاوانێکی گەورە بۆ لە قەڵەم دراو کاتێکیش لە ساڵی ١٦٨٧ کتێبە بەناوبانگەکەی لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی ڕەخنەیی لەبارەی تەوراتەوە بڵاو کردەوە و دوای ئەوەش لە ساڵی ١٦٨٩ هەمان لێکۆڵینەوەی لەسەر ئینجیل بڵاوکردەوە، مەسیحییە ئیماندارەکانی سەردەمی خۆی دووچاری شۆکێکی گەورە کرد و ڕایچڵەکاندن، چونکە "سیمۆن" بەم کارەی تەفسیرکردنێکی زانستی بۆ تێکستە پیرۆزەکان هێنایە ئارا و شۆڕشێکی "کۆپەرنیکی" لەو بوارە زۆر هەستیار و ناسکەدا بەرپا کرد.

ئەم تەقەللایەش بووە سەرەتایەک بۆ تێگەیشتنێکی ئەقڵانی لە ئاینی مەسیحی لە ئەوروپا و هەروەها سەرەتایەکیش بوو بۆ سەردەمی مۆدێرن. سەردەمی ڕۆشنگەری کە ڕاستەوخۆ دوای ئەو دێت، تەنیا شتێک بیکات فراوانترکردنی ئەم ڕێبازەیە. ئەم شتەش تازە خەریکە لە جیهانی ئیسلامیدا ڕوو بدات، (بڕوانە هەوڵەکانی محەمەد ئەرکۆن و نەصر حامد ئەبو زێد و.. هتد). بێگومان کارەکانی ئەمان پەرچەکرداری توندی لێ دەکەوێتەوە، وەک ئەوەی کاتی خۆی لە بەرامبەر هەوڵەکانی "ڕیچارد سیمۆن"دا دروست بوو.

## دادگاكانی پشكنین تا ئێستاش له‌ پێش ده‌مماندایه‌

ئه‌وه‌ی پێیوایه‌ دادگاكانی پشكنین تایبه‌ته‌ به‌ پاپاكانی پێشووی ڕۆما و ڤاتیكان و سه‌ده‌ تاریكه‌كانی ناوه‌ڕاست، به‌هه‌ڵه‌دا چووه‌! له‌ سه‌ده‌كانی ناوه‌ڕاستدا بیریاران دووچاری ڕاوه‌دوونان ده‌بوونه‌وه‌، گه‌ر بهاتبایه‌ باسیان له‌ ئاین بكردایه‌، هه‌روه‌ها كتێبه‌كانیان ده‌خرایه‌ لیستی ڕه‌شه‌وه‌ و ڤاتیكان خوێندنه‌وه‌ و ده‌ستاوده‌ست پێكردنی یاساغ ده‌كردن. به‌مجۆره‌ كتێبه‌كانی "گالیلۆ و دیكارت و سپینۆزا" و سه‌رجه‌م فه‌یله‌سووفانی ڕۆشنگه‌ریيان قه‌ده‌غه‌ كرد كه‌ شكۆی شارستانییه‌تی مۆدێرنیان دروست كرد.

به‌ڵام خۆشبه‌ختانه‌ ئه‌و سه‌رده‌مانه‌ به‌نیسبه‌ت ئه‌وروپاوه‌ به‌سه‌ر چوون و كۆتاییيان هات، كه‌چی زۆر به‌داخه‌وه‌ – سه‌رده‌می دادگاكانی پشكنین له‌ جیهانی ئیسلامیدا تائه‌مڕۆ به‌رده‌وامه‌! به‌ر له‌ هه‌زار ساڵ موعته‌زیله‌كان بۆچوونی خۆیان سه‌باره‌ت به‌ قورئان خسته‌ڕوو، به‌ڵام دوای ئه‌وه‌ی خه‌لیفه‌ "مته‌وه‌كیل" ده‌سه‌ڵاتی گرته‌ ده‌ست، ئه‌م پرۆژه‌یه‌ له‌بار چوو. له‌و ڕۆژه‌وه‌ تا ساته‌وه‌ختی بڵاوبوونه‌وه‌ی (مێژووی قورئان) كه‌ له‌ نووسینی "تیودۆر نۆڵدكه‌" یه‌ و "جۆرج تامر" وه‌ری گێڕاوه‌ و پێشه‌كی بۆ نووسیوه‌، سانسۆركردن و گه‌مارۆدانی فیكر له‌ جیهانی ئیسلامیدا به‌رده‌وامه‌ و كۆتایی نه‌هاتووه‌. گه‌ر بهاتبایه‌ و تێزه‌ی موعته‌زیله‌كان له‌باره‌ی ده‌قی قورئانی به‌سه‌ر بۆچوونی حه‌نبه‌لییه‌كاندا سه‌ركه‌وتایه‌، ئه‌وا نه‌ده‌گه‌یشتینه‌ ئه‌و بنبه‌سته‌ فیكری و دۆگما عه‌قائیدییه‌ی ئه‌مڕۆ و كتێبه‌كه‌ی "نۆڵدكه‌"ش له‌باره‌ی مێژووی قورئان، له‌ به‌یروتی پایه‌ته‌ختی ڕۆشنگه‌ری عه‌ره‌بیدا قه‌ده‌غه‌ نه‌ده‌كرا. "مالک شبل" به‌مجۆره‌ له‌ كتێبه‌ نایابه‌كه‌یدا كه‌ به‌م

دواییانه له پاریس چاپ کرا لەبارەی تراجیدیای ئەقڵ له ئیسلامدا، باس لەم مەسەلەیه دەکات. کەواته کێشەکە کۆنه و تازه نییە، لەبەر ئەوه ڕووبەڕووبوونەوەی ئێجگار قورسه و تەنانەت له ساتەوەختی ئێستادا به مەحاڵ دەچێت.

بابزانین بۆچی کتێبەکەی "نۆڵدکە" لەبارەی مێژووی قورئانەوه قەدەغه کرا؟ لەبەرئەوەی یەکەمین کتێبه له مێژوودا که میتۆدی مێژوویی ڕەخنەیی بەسەر دەقی قورئاندا پراکتیزه دەکات. ئەم کتێبه به نیسبەت لێکۆڵینەوەی قورئانەوە، بریتییە لە شۆڕشێکی کۆپەرنیکی. گرینگیی کتێبەکش لەوەدایه که تەواوی ئەو کتێبه خۆرهەڵاتناسییانەی له دوای ئەمەوه نووسراون، هەموویان کردوویانەته سەرچاوه و خاڵی دەسپێکی خۆیان.

وەکی ئاشکرایه گەوره خۆرهەڵاتناسی فرەنسا "ڕێجیس بلاشێر" ساڵی ١٩٤٩ دوای دەست پێداهێنان و زیادکردنی هەندێ شت بۆی، پوختەی ئەم کتێبەی به زمانی فرەنسی چاپ کرد. بەڵام خوێنەری ئێمه دوای ئەوه بۆ ماوەی نیو سەده چاوەڕوان بوو، تا بتوانێت له تێزەکانی ئەم کتێبه مێژووییيه دانسقەیه ئاگادار بێت. کەچی دوای ئەم هەموو دواکەوتنه شەرم ئاوەره، دەیانەوێت ڕێگه به خوێنەران نەدەن چاویان به کتێبەکه بکەوێت و لێی به ئاگا بن!

ئایا "نۆڵدکە" کە ئەم کتێبەی نووسی، بۆ ئەوەی بوو ئیسلام تێکوپێک بدات؟ ئایا دەیویست ئاگری شەڕی مەزهەبی له لبنان و وڵاتانی تردا خۆش بکات؟ کردنی پرسیارێکی لەم جۆره مایەی گاڵتەجاڕی و ئابڕووچوونه! ئەی بۆ ناڵێین خۆرهەڵاتناسی کلاسیکی دەیویست مەسیحییەت تێکوپێک بدات، کاتێک هەمان میتۆدی مێژوویی ڕەخنەیی بەسەردا پراکتیزه کرد؟ لێرەدا دەبێت دان بەوەدا بنێین که مەسیحییه موحافیزکارەکان، پەرچه کردارێکی توندیان بەرامبەر ئەم لێکۆڵینەوه مێژووییيه ڕەخنەییيانه نیشان دا، کاتێک که بۆ یەکەم جار هاته ئارا.

پەرچە کرداری موسڵمانە هاوچەرخەکانیش، جیاوازییەکی نییە لەگەڵ پەرچەکرداری هاوتا مەسیحییەکانیان. مەسیحییەکان پراکتیزەکردنی میتۆدی فیلۆ لۆگیان بەسەر دەقە پیرۆزەکاندا، بەلاوە پەسند نەبوو. بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە "ڕیچارد سیمۆن" (٦٣٨ – ١٧١٢) یەکەمین کەس بوو ئەو میتۆدەی بەسەر تێکستە پیرۆزەکانی مەسیحییەتدا پراکتیزە کرد لەو بوارەشدا دوو کتێبی بەناوبانگی بەچاپ گەیاند، یەکەمیان بە ناونیشانی مێژووی ڕەخنەیی تەورات (١٦٨٠) و تێیدا شتگەلێکی لەبارەی تەورات کەشف کردبوو کە زۆر مەترسیدار بوو. بگرە هیچی لە دۆزینەوەکانی "نۆڵدکە" و قوتابییەکانی لەبارەی قورئان کەمتر نەبوو. کتێبی دووەمیشی بەناوی مێژووی ڕەخنەیی دەقی ئینجیلەوە بوو کە لە ساڵی ١٦٨٩ دا چاپ کراوە.

لەم کتێبەشدا شتی زۆر گرینگ و پێچەوانەی قەناعەتی باوی خەڵکی کەشف کردبوو. فێندەمێنتالیزمی مەسیحی دەستبەجێ کەوتە سانسۆرکردن و قەدەغەکردنی هەردوو کتێبەکە و کەوتنە هەڕەشەکردن لە خاوەنەکەی. هەموو ئەمانەش وایان کرد "ڕیچار سیمۆن" پاشگەز بێتەوە و بەشێک لە دەستنووسی کتێبەکانی لە شەوێکدا بەرێتە دەشتە چۆڵ و چەپەکەکانی ناوچەی نۆرماندی و ئاگریان تێ بەربدات. بەر لەمیش فەیلەسووفی هۆڵەندی "سپینۆزا" ناچار بوو کتێبە بەناوبانگەکەی (وتارگەلێک لەبارەی تیۆلۆجیا و سیاسەت)، بەبێ ناوی خۆی بلاو بکاتەوە. کڵێسای مەسیحی دوای تێپەڕبوونی سێ سەدە بەسەر مردنی "ڕیچار سیمۆن"دا، دانی بە ڕەوایەتی ڕەخنەی مێژوویی و پراکتیزەکردنی بەسەر کتێبی پیرۆز دانا. ئەمەش لە سەروەختی بەستنی کۆڕی بەناوبانگی کڵێسادا بوو، بەناوی (ڤاتیکانی دوو) لە ساڵی (١٩٦٢ – ١٩٦٥).

کەواتە دەبێت ئێمە چەندی تر چاوەڕێ بین تا پیاوانی ئاینی ڕێگەمان پێ بدەن، هەمان میتۆد بەسەر قورئاندا پراکتیزە بکەین؟ دوو سەد یاخۆ سێ

سەد ساڵی تر؟ نەخێر پێم وانییە چاوەڕوانیمان ئەوەندە درێژ بکێشێت، چونکە تا بێت مۆدێرنەی جیهانی پاڵەپەستۆمان بۆ دێنێت و داوای چارەسەرمان لێ دەکات. کۆنسێر ڤاتیف و ڤێندەمێنتالیستە ئیسلامییەکان، لەمڕۆ بەدواوە ناتوانن تێکستەکانیان بە هیچ شتێک تەلبەند بکەن و تەوقیان بدەن و بە توێژەرانی هەموو دنیاش بڵێن: (وریا بن قەرەی ئێرە نەکەون، چونکە ئەمە هێڵی سوورە!!).

ڕەنگە بەر لە تەقینەوەکانی نیویۆرک و واشنتۆن و مەدرید و لەندەن و بالی و شەرم شێخ و عەمان، ئەم قسەیە بیخواردایە، بەڵام ئێستا ئەوە ناکرێت و ئەستەمە بتوانین تا هەتایە بەر بە بزاوتی مێژوو بگرین. هەنووکە هەموو شت ئاشکرا دەبێت و هەقییەتی خۆی بەیان دەکات. مەبەستم ئەوەیە ڕۆژێک دێت مێژوویەتیی دەقی قورئانی ئاشکرا دەبێت، بەڵام ئەم پرۆسەیە لەسەرخۆ و بەشێوەیەکی شێلگیرانە دەبێت. چونکە ئەگەر لە پڕێکدا روو بدات، ئەوا جیهانی ئیسلامی دەهەژێت و زەمین لەرزەیەکی گەورە ڕوو دەدات. لەبەرئەمەیە "محەمەد ئەرکۆن" مۆجیاریمان دەکات کە پێویستە لەسەر زەمینێکی ترسناک و پڕ لە مینی وادا، وریا بین و بە شێنەیی هەنگاو بنێین.

ئەو هەقیقەتانەی هەزار ساڵە پەردەپۆشمان کردوون، ڕەنگە وەک بۆمبێک بە ڕوومـاندا بتەقێتەوە و تەڕ و وشک پێکەوە بسووتێنێت! بێگومان هەرشتێک ماوەیەکی زۆر بچەپێنرێت کە تەقییەوە زۆر خراپ دەتەقێتەوە. کەواتە ئەم کێشەیە لە پێش دەممماندایە، نەک لە دوامانەوە بێت. هاوکات "ئەرکۆن" سەرکۆنەی هەڵوێستی دواکەوتوانەی زانا ئاینییە هاوچەرخەکان دەکات و دەڵێت: (تەنانەت ڕەخنەی کۆنی فیلۆلۆگیش بەشێوازەکەی نۆڵدکە، لای ئێمە یاساغە و بە بۆچوونی پیاوانی ئاینی ئیسلامی دەچێتە خانەی بیر لێ نەکراوە، یاخۆ دەچێتە خانەی ئەوەی ئەستەمە بیری لێ بکرێتەوە).

"ئەرکۆن" پازدە ساڵ بەر لە دەرچوونی چاپی عەرەبی کتێبەکەی "نۆڵدکە"،

ئەم بۆچوونەی لە پێشەکی دووەمی کتێبەکەیدا (قراءات في القرآن)دا نووسیوە. کەواتە "ئەرکۆن" پێشبینیی شتێکی وای کردووە، بەرلەوەی ڕوو بدات. مێژووش پێشبینییەکانی بەدرۆ نەخستەوە، بگرە بە داخێکی زۆرەوە – تەواو سەلماندی. لە ڕاستیدا موسڵمانە موحافیزکارەکان ئەوانەی دووچاری دۆگمای ئەقڵی بوون، هەموو میتۆدێکی نوێ بەتایبەتیش میتۆدی مێژوویی، لە توێژینەوەدا ڕەت دەکەنەوە.

ئەوان پراکتیزەکردنی میتۆدێکی وا بەسەر کەلەپووری ئاینیدا ڕەت دەکەنەوە، بە بیانووی ئەوەی کە میتۆدێکی پۆزەتڤستییە و ڕەهەندی ڕۆحی و ئاینی ئەو کەلەپوورە بە هێند وەرناگرێت و حسابی بۆ ناکات. ئەوەی ڕاستی بێت ئەم میتۆدە ڕەهەندی ترانسیندنتالییانەی قورئان فەرامۆش ناکات، بەڵام بەشێوازێکی تر شرۆڤەی دەکات، ئەویش لە ڕێگای بەستنەوەی وەحی بە مێژووەوە. خۆرئاواییەکان ئەم شتەیان لەگەڵ کەلەپووری ئاینی مەسیحیدا کرد و نەشبووە مایەی پووکانەوەی مەسیحییەت لە خۆرئاوادا! بەپێچەوانەوە وای کرد ئەو کەلەپوورە نوێ بێتەوە و سەرلەنوێ بژێتەوە و تیلۆجیایەکی تازەش دروست بێت کە بتوانێت لەگەڵ ئەقڵ و زانست و مۆدێرنەدا هەڵبکات. بێگومان لە ئیسلامیشدا هەمان شت ڕوو دەدات، گەر ڕێ بدرێت میتۆدی مێژوویی بەسەردا پراکتیزە بکرێت.